





# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وه

## پووشپەڕی ٢٧٢٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# پێڕست:

١- خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتێکی چریکیی دە پازدە کەسی نییە، خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەک بۆ مافەکانیەتی.... ........................................................................................ خالید عەزیزی ..... ٥

٢- ئاسنی ساردکوتان......................................................................... زانیار حوسێنی ..... ١٢

٣- دیاردەی کۆچ.............................................................................. هەردی سەلیمی ..... ١٧

٤- خەڵکی ئێران بەتەنیان........................................................ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٢٠

٥- بژی تێرۆریزمی جیهانی و بمرێت تێرۆریزمی نێودەوڵەتی.................................................. دارسمە ..... ٢٥

٦- گرینگیی بەشدارینەکردن، پەیام و دەسکەوتەکانی.................................................... عەلی بداغی ..... ٢٨

٧- ڕێفۆرمخوازێکی گوێڕایەڵ........................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٣٢

٨- شانۆی هەڵبژاردن لە سێبەری "هامستەر"دا.................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٣٥

٩- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید خدر مووسەوی‌فەڕ).............................................. برایم چووکەڵی ..... ٣٩

١٠- "مناظرە"ی هەڵبژاردنەکان، ئاوێنەی بالانوێنی ڕێژیم.................................................. سمایل شەرەفی ..... ٤٢

١١- بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران، شانۆگەرییەکی چەندین ساڵە.............................. هێرۆ عەزیزی ..... ٤٥

١٢- دیپلۆماسیی بارمتەگیری ڕێژیمی ئێران.................................................... ئازاد مستۆفی ..... ٤٨

١٣- جێگەوپێگەی تەمبوور لە کولتووری یارساندا.............................................. سارۆ خوسرەوی ..... ٥٤

١٤- ئایەتوڵلاکانی تالان و کوشتن........................................................................ سمکۆ سەقزی ..... ٥٧

١٥- هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە قەیرانی ڕەواییدا.............................................. ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ٦٠

١٦- هەڵبژاردنی پێشوەختە و دیسان بایکۆتی پێشوەختەی خەڵک.............................. مەنسوور مروەتی ..... ٦٤

١٧- کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی)........................ سمایل شەرەفی ..... ٦٧

١٨- چەند پەیامی گرینگ لە ناخی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانەوە.................................. هەردی سەلیمی ..... ٧٢

١٩- بایکۆت بە تامی ڕێفراندۆم............................................................................ عەلی بداغی ..... ٧٥

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

٢٠- ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: سەرکەوتنی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی ٨ی پووشپەڕ ڕێفراندۆمێکی دی دژی کۆماری ئیسلامی بوو............................................... ٧٨
٢١- ئاگری ئیسماعیل نژاد: کانادا بە ئاگاداریی بریتانیا سپای خستۆتە نێو لیستی تیرۆرەوە و پێدەچێت بریتانیاش هەنگاوی هاوشێوە هەڵگرێ ............................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٨١
٢٢- مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان.......................... مێهدی مێهرپەروەر ..... ٨٥
٢٣-پرچی مێژوو، ئایەتی خۆشەویستی........................................................ سەلیم حەقیقی ..... ٨٩
٢٤- تۆتالیتاریزم لە نێو ماڵەکاندایە!........................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٩٢
٢٥- سەرکۆماری داهاتووی ڕێژیم کێیە؟..................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٩٦
٢٦- وەهمی دیکتاتۆر........................................................................... عەلی بداغی ..... ٩٩
٢٧- مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت......................
.......................................................................................: عەلی بداغی ..... ١٠٢
٢٨- سەرۆککۆمارێک بە دەنگی ٢٥٪ی خەڵکی وڵات................................................ هەردی سەلیمی ..... ١٠٩
٢٩- هەڵاواردنەکان لە ئێران (هەڵبژاردنەکان بۆ نموونە).................................. حەسەن قارەمانی ..... ١١٢
٣٠- پروپاگاندە بۆ هیچ!............................................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١١٥
٣١- کوێخای نوێ.................................................................................. مەنسوور مروەتی ..... ١١٩
٣٢- هێرۆ قەدیمی: شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ ڕاماڵینی تەواوی بەربەستەکانی کۆمەڵگە لە بەردەم ژنانە..............
................................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٢٢
٣٣- خوێ بە برینماندا مەکەن! ............................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٢٧
٣٤- د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: هەمیشە ئەو سەرکردانەی کورد کراونەتە ئامانج کە مەترسییان بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەبووە...................................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٣٠
٣٥- هەی بە هەرمێ بە هەرمێ، دەچم هەرمێت بۆ دێنم........................................... دارسمە ..... ١٣٨
٣٦- ئەستێرەی گەشی هەرمان (شەهید فەقێ ڕەسووڵی بێشاسب)............................ برایم چووکەڵی ..... ١٤١
٣٧- تیئۆرییەکانی ڕێبەری و پێداویستییەکانی دۆخی ئێستا................................. ئەلبورز ڕۆئینتەن ..... ١٤٤
٣٨- بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان............................ سمایل شەرەفی ..... ١٥٠
٣٩- ئارەزوو نەستانی: کێشەی گەورەی پرسی مافی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا نەبوونی زەمانەتی جێبەجێکردن و سزادانی لایەنی پێشێلکارە............................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٥٦
٤٠- بەیاننامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی تێپەڕینی ٣٥ساڵ بە سەر تیرۆری د. قاسملوودا........................................................................ کوردستان میدیا ..... ١٦٢
٤١- سیمای دێموکرات، دڵەڕاوکێیەکانی ڕێبەرێک............................................. کەریم پەرویزی ..... ١٦٧
٤٢- چۆن میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملوو بەرینە پێش؟............................. ئیبراهیم لاجانی ..... ١٧٠

٤٣- ڕێنسانسێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد................................................ شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٧٤
٤٤- حەسەن حاتەمی: لە شەڕی بەرفراوانی حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیلدا ئەگەری تێوەگلانی کۆماری ئیسلامیی زۆرە................................................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٨٠
٤٥- چەمکی سەربەخۆییخوازی لە ئەندیشەی شەهید دوکتور قاسملوودا............................ ناسر باباخانی ..... ١٨٤
٤٦- ترسی ڕێژیم لە قاسملوو................................................................ هەردی سەلیمی ..... ١٩٣
٤٧- چێشتی خۆش لە ئەنگۆڕێ‌را دیارە.................................................... مەنسوور مروەتی ..... ١٩٦
٤٨- پەیامی نوێ یان هەر پەیامە کۆنەکە!................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ١٩٩
٤٩- تیرۆری شێخ ئازاد شەهابی و بەرپرسیارێتیی ڕێژیم............................................................. ٢٠١
٥٠- جینایەتەکەی شاری سەقز................................................................ جاقل موکریانی ..... ٢٠٤
٥١- ئێران؛ دۆزەخی پەنابەران................................................................ هەردی سەلیمی ..... ٢٠٧



# خالید عەزیزی: خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتێکی چریکیی دە پازدە کەسی نییە، خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەک بۆ مافەکانیەتی




## ئاماژە:

**کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەشی فارسیی "کوردکاناڵ" سەبارەت بە چەندین پرس و بابەتی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی ئەم حیزبە قسەی کرد کە سەرنجتان بۆ پوختەیەک لە پرسیار و وەڵامەکانی ئەم دیمانەیە ڕادەکێشین:**

**کوردکاناڵ**: بەڕێز عەزیزی، ئێستا لە دنیادا باسی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ڕوسیە و ئوکراین هەیە، دەور و کاریگەریی ئێران لەسەر ئەو کێشە و شەڕانە چۆنە؟

**خالید عەزیزی**: لە جیهانی ئێستادا دوو شەڕی گەورە و ڕاستەوخۆ لە ئارادایە لە نێوان ئیسرائیل و حەماس و، ئوکراین و ڕووسیە. دەوری ئێران لەو دوو شەڕانەدا جیاوازییان هەیە، لە پێوەندی دەگەڵ فەلستین و ئیسرائیل، ڕێژیم هەوڵی داوە بە

ڕێگای هێزە نیابەتییەکانیەوە کاریگەریی هەبێ و جێگە و پێگەی ئیسرائیل لاواز بکات، بەڵام ئێران لەوەدا براوە نابێت. چوونکە کاتێک باس دێتە سەر دیالۆگ و دانیشتن بۆ چارسەری کێشەکە ئیدی ئێران ڕۆڵی نامێنێت و وەدەنرێت. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە ڕێژیم دەیهەوێ لە ناوچەکەدا دەوری زلهێزێک بگێڕێ و هەر لەم پێوەندییەشدا ڕاستەوخۆ چووەتە بەرەی ڕووسیە دژ بە ئۆکراین، جا بەو حاڵە من پێم وانییە ئێران وێڕای هەموو ئاژاوەنانەوەکانی براوەی ئەو شەڕانە بێت.

**کوردکاناڵ**: **ئێوە وەک وتەبێژی "حدکا" ڕێگا چارەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە لە چیدا دەبینن؟**

**خالید عەزیزی**: لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کۆماری ئیسلامی ئێران کارتگەلێکی زۆری بۆ یاریکردن هەیە و بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی بە تایبەت لەناوخۆ دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت، یەکێک لەو کارتانەی ڕێژیم بەرنامەی ناوکییە. من لەسەر ئەو باوەڕەم خۆ ئەگەر بۆمبی ئەتۆمیشی هەبێ ناتوانێ وا بەهاسانی بە دژی ئیسرائیل کەڵکی لێ وەربگرێت، کەواتە لەم پرۆژەیە وەک کردەیەکی بەرگر و بەرگێڕەوە دەڕوانێت و لە یارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کەڵکی لێ وەردەگرێت. یان کەڵکوەرگرتن لە هێزە نیابەتییەکان بۆ کێشە و ئاژاوەنانەوە بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیاز و بڵاوکردنەوە هەژمۆنیی خۆی. من پێم وانییە هیچ شەڕێک لە نێوان ئێران و ئیسرائیل یان ئەمریکا و هەر وڵاتێکی دیکە ڕوو بدات و ئەوەی هەیە کاردانەوە لە بەرامبەر هەڵوێستی یەکترە کە ئەمە تەنانەت لە بەستێنی دیپلۆماسیشدا لەو ٤٥ ساڵە بینیومانە. ئەوەی کە گرنگە و دەتوانێ شوێندانەر بێ خەباتی خەڵکی نێوخۆی ئێران و دانانی جێگرەوەیە بۆ ئەو ڕێژیمە.

**کوردکاناڵ**: **ماتەوزەی ڕووخان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئۆپۆزسیۆن لە چ قۆناغێکدان؟**

**خالید عەزیزی**: یەکێک لە فاکتۆرە هەرە گرینگەکان، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، بۆ؟ چوونکە کۆماری ئیسلامی لەوێدا کێشە خوڵقێنە، لەبەر شەڕی ئۆکراین و ڕەوشی تایبەتی جیهان، ئێستا چەند جەمسەری زاڵە و وا بەهاسانی ناتوانن بە دژی ئێران کۆک بن، کەواتە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕایە کە دەبێ خەڵکی نێوخۆ بیانهەوێ ئەو ڕێژیمە بگۆڕن، چاوەڕوانی ڕووخانی ڕێژیم بە شەڕ لەلایەن هێزی دەرەکییەوە کە زیاتر میدیا فارسەکان پرۆپاگەندەی بۆ دەکەن، خراپە. دەبێ هەموو هێزمان نەتەوەکانی ئێران بێ و هەوڵ بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی و لە هەمووی گرنگتر درووستکردنی ئاڵترناتیڤ بدەین.

**کوردکاناڵ**: **ئایا دەکرێ ئەو ڕێژیمە بە هێزی نێوخۆ بگۆڕدرێ؟ ئێمە لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان کوردستان، بەلوچستان و**

گیلان و زۆر شوێنی دیکەش هاتنە سەر شەقام؛ یان لە ڕەوتی نەورۆز لە ئیلامەوە هەتا ماکۆ خەڵک بە یەکگرتوویی و یەکێتی خۆیان سەلماند بەڵام مەزنشارەکان هەڵوێستی ئەوتۆیان نەبوو و زۆر بە کەمی بەشداربوون.

**خالید عەزیزی**: دەکرێ بە چەند گۆشەنیگاوە بڕوانینە ئەو پرسیارە، گۆڕان و ڕووخانی ڕێژیم هەر تەنیا بە خۆپێشاندان و درووشم و تووڕەیی ڕوو نادات، دەبێ ڕێکخستن، هاوئاهەنگی و بەرنامە و پلانی سیاسیت بۆ دواڕۆژ هەبێ، بزووتنەوەی ژینا بەتایبەت لە کوردستان جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند هەتا مەزنشارەکان بەتایبەت تاران نەیەتە نێو گەمەکە ئەگەری لاوازە ئەو ڕێژیمە تێکبچێت. ئێمە وەک کورد هەتا ئێستاشی دەگەڵ دابێ بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەدەری ئەو ڕەوت و خەباتە بووین و وەک هێمایەکمان لێ هاتووە. بەخۆشییەوە بەبەراورد لەتەک جاران بەردەنگی زۆریشمان لە دەرەوەی کوردستان بۆ پەیدا بووە. بەهەرحاڵ گۆڕانی سیستەم زۆرتر بۆ عەقڵانیەتی ئەو ڕێژیمە ناگەڕێتەوە بەڵکوو پەیوەستە بەوهەمووە کێشە و قەیرانانەی چ ئێستا و چ لە داهاتوودا دەیبێ.

**کوردکاناڵ**: بۆچی بزووتنەوەکە پەلی نەهاویشتە مەزنشارەکان؟ ئایا هەڵسوکەوتی خۆشبینانەی میدیاکانی لەندەن و واشنتۆن بوو؟ ئایا ئەو فۆبیا و ترس لە کوردستانە کە درووستیان کردبوو دەیهەویس لەنێو بچێ؟ یان تاقمێک بە دیاریکراوی "پەهلەوی" ڕەوتی بزووتنەوەی ژینایان گۆڕی؟

**خالید عەزیزی**: کاتێک خەڵک دەڕژێنە شەقامەکان و درووشم دەدەن لەوە بەدواوە ئیدی دەبێ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بێنە مەیدان و کاری خۆیان بکەن بە کورد و غەیرە کوردەوە، پێموابێ هەموومان غافڵگیر بووین، یان ئەو بەشە ئۆپۆزسیۆنەی لە دەرەوەن ئێستاش لە پرسی کورد، خەبات و مافەکانیان تێناگەن، ئەوانەی دیکەش نەیاتوانی پردێکی پێوەندی لەنێوان ئەو دوو ڕەوتە لێ بدەن. ئاکاری توندئاژۆیانەی ڕەوتی سەڵتەنەت و تەواویەتخوازی و تاکڕەوی و خۆپەرستیان وایکرد ئەو یەکیەتی و یەکگرتوویە نەیەتە دی. لە درێژەی ئەمەشدا و هاوتەریب ڕێژیم سەرکردایەتیی بزووتنەی کوردی مووشەکباران کرد بەتایبەت حیزبی دێموکرات. ئەوان لە درێژەی ئەو هەڵوێستانەی پاشاخوازەکان خەریک بوون حیزبی دێموکراتیان بەو وڵات و لایەنانە دەبەستەوە کە پاساوێک بێ بۆ لێدان و لەنێوبردنیان بەتایبەت لەبەرچاوی خەڵکانی دیکە کە ڕەنگبێ کاریگەریشی هەبووبێ. کەواتە یەکیەتی نەک نەبوو بەڵکوو دژایەتیی ڕەوتێکی ڕادیکاڵیش بوونی هەبوو و بەداخەوە ئیستاش ئەو نزیکایەتییە ڕووی نەداوە، کەواتە بزووتنەوەیەک کە لە کوردستان چەخماخەی لێ دراوە خۆش خۆش ناگاتە شارە گەورەکان. ئێمە لە کوردستان بە زیادەشەوە کاری خۆمان کرد و سەلماندمان چوونکە ئێە ڕابردوویەکمان هەیە لە ڕێکخستن، سیستەمی حیزبی، کاروچالاکیی سیاسی، ئەوە لەحاڵێک دابوو لەنێو بەشەک لەو

خەڵکانەی دەرەوە تەنانەت باسی نەمانی سیستەمی حیزبیان دەکرد! لە کاتێکدا لە دێموکراسی و وڵاتانی ئازاد ئەوە حیزبەکانن حکومەت پێکدێنن و کار دەکەن، واتە کۆمەڵگەی بەتایبەت ناوەند خەریکە پاشەکشە دەکاتەوە لە نۆرم و بایەخە جیهانییەکان و بەرەو سلبریتی و تاکەکان دەچێ کە ئەمە لاوازی کولتووری لە نێو ڕەوتە سیاسییەکانی ئێران نیشان دەدات، هیوادرام لە داهاتوودا ئەو دیاردانە نەمێنن و ئەوانیش فێری کاری ڕێکخراوەیی و دێموکراسی بن.

**کوردکاناڵ**: ئایا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دۆستانی ئۆپۆزسیۆن زیاترن یان هی ڕێژیم؟ دەبینم ئێوە وەک "حدکا" لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا بوونتان هەیە و چالاکی دەکەن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا بەشداران وەک کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست.

**خالید عەزیزی**: سەرەتا دەبێ ئێمە زانیارییەمان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەبێ، هەموو ئەمانە پێویستییەک بوون بۆ پاراستنی تەناهی جیهان و هەموو وڵاتانیش لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک ناوەندێکی جیهانی بەدوای بەرژەوەندییەکانیاندا دەگەڕێن. ئەگەر پێمان وابێ دەبێ وڵاتانی دیکەش وەک ئێمە چاو لە ئێران بکەن و بەرژەوەندییەکانیان لەبەر ئێمە و لەسەر خواستی ئێمە هەڵبچنن ئەوە هەڵەین، چوونە نێو ئەو بازنەیە کارێکی هاسان نییە و گۆڕینی ڕێژیم لەبەر دڵی ئێمە بەو تایبەتمەندییە سیاسی و جوگرافیاییەی کە ئێران هەیەتی چاوەڕوانییەکی بەجێ نییە. لەلایەکی دیکەشە کۆماری ئیسلامی خەڵک لە بەسووریەکردن دەترسێنێت و ئەو وێناکردنە خەڵکمان لێ دەپرینگێنێتەوە، جا بەو هۆکارانە دۆستی ڕێژیم وەک دەوڵەتێک لە ئێمە وەک ڕێکخراوەکان زۆرترە. یان لە ئاستی حیزب و ڕەوتە چەپەکانی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیدا ئەوەی ڕاستی بێ زۆرترینیان دەگەڵ ڕێژیمن چوونکە هەردووکیان بەرە دژی ئەمریکان. لە دوایەمین دانیشتنی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا کە منیش بەشدار بووم بە تەواوەتی بۆم دەرکەوت تەنانەت لەوێدا ئەو ڕەتە چەپانە زۆر مەیلیان بۆلای ڕێژیم هەیە ئەوە لە حاڵێکدابوو د. شەرەفکەندی کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە بوو کاتێک لەو کۆبوونەوەیە چووە دەر لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە تیرۆر کرا؛ بەڵام ئەوان هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبوو بەداخەوە. قسەکانی من لەو کۆڕەدا پێشوازی لێ نەدەکرا، ئەوە نییە وڵاتانی چەپی وەک کۆرۆی باکوور، چین، کوبا ڕووسیە کە بەڕواڵەت چەپ و کۆمۆنیستین هاوڕێی ڕێژیمن جا چۆن دەگەڵ ئێمە دەبن کاتێک ئێمەش خۆمان پێ حیزبێکی ئایدۆلۆژیک و سەر بە ئیزمەکان نازانین و نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکی دەکەین بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیمان، بەڵام بەبەراورد لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە زیاتر گوێمان لێ ڕادەگیرێ.

**کوردکاناڵ**: جۆرج تاون چی بەسەر هات؟ جەنابت لەو دوایانەدا لە کۆڕی کۆماریخوازەکاندا بەشدار بووی و قسەشت کرد،

باسێکمان لەسەر ئەوە بۆ بکە.

**خالید عەزیزی**: ئێمە دەزانین لە ئێراندا هیچکات دێموکراسی بوونی نەبووە و هەر بۆیە پێک هەڵکردن زۆر سەخت و دژوارە. ڕەوتی چەپ و ڕاست و ئیسلامی و ... لە نێو ئۆپۆزسیۆندا بوونیان هەبووە و هەیە بەڵام هیچکات لە کەشێکی دێمۆکراتیک دا پێکەوە تەنانەت کاریشیان نەکردوە و بەردەوام دژایەتیی یەکتریان کردوە. لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا بەکردەوە دیتمان لەلایەک مەنشووری جۆرج تاون کە زیاتر کەسایەتی و تاکەکان بوون و لەبەرامبەریشدا ڕەوت و ڕێکخراوەکانی دیکە هەڵکەوتبوون، لە ڕاستیدا ئەو جاڕنامەیەدا تەنیا یەک براوەی هەبوو ئەویش ڕەزا پەهلەوی بوو، بۆ؟ چوونکە لەو دەرفەتە لە میدیا فارسەکان کەڵکی وەرگرت و خۆی زیاتر بەڕۆژ کردەوە و ناساند، کاتێک دەگەڵ میدیایەکی فارسی یان ئینگلیسی قسەی دەکرد خۆی وەک کەسێکی لیبرال و دێموکرات پێناسە دەکرد و باسی سیستەمی وەک پاشایەتیی بریتانیا و سۆئێدیشی دەکرد وەک وێنەیەکی باش بۆ دوارۆژی ئێران، بەڵام هەر خێرا دوای قسەکانی لایەنگر و دارودەستەکەی بە توندترین شێوە هێرشیان دەکردە سەر هەموو لایەنەکان جگە لە خۆیان. بەتایبەت هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی کوردستان ناشیرن بکەن، و وایان دەرخواردی خەڵک دەدا کە ئەگە ئەوان نەبن ئێران لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و کوردستان جیا دەبێتەوە کە هەموو ئەمانە ناڕاست بوون و بووە هۆی نایەکگرتوویی و نەبوونی یەکیەتی و لێکترازان. تەنانەت کاتێک کار دەکرا بۆ ئەوەیکە لە ئاستی ئورووپادا سپای پاسداران بکەوێتە لیستی تێرۆرەوە پەهلەوی بە جۆرێک دژایەتیی کرد. ئێمە وەک "حدکا" هەوڵمان ئەوە بووە دژی هیچ لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم نەبین و هەوڵمان داوە دەگەڵ لایەنەکانی کۆماریخواز پێوەندیمان هەبێ و پێکەوە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا کار بکەین.

**کوردکاناڵ: کاک خالید بۆچی بۆ ناوخۆی وڵاتی ئێران ناگەڕێنەوە و دەگەڵ ڕەوت و کۆمەڵگەی دەستەبژێری ئێرانی کار ناکەن؟**

**خالید عەزیزی**: فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبەکەمان لەسەر کۆمەڵگەی نێوخۆ بووە، ئێمە هیچ کات پێوەندیمان دەگەڵ ناوخۆ نەپچڕاوە تەنانەت لە کاتە هەرە ناخۆش و دژوارەکانیش، پێوەندیی ئێمە و خەڵک کە لە دڵی ئەوان هەڵقوڵاوین زۆر باشە دروشمەکانی ئەم دواییانەش ئەوە دەردەخات و باشترین کاریش دیسان ئەوەیە ئێمە بتوانین دەگەڵ ناوخۆ زیاتر کار بکەین و پێوەندییەکانمان بەتایبەت لە مەزن شارەکان زیاتر بکەین و ئەو خەڵکە دەگەڵ مافە ڕەواکانی گەلی کورد ئاشناتر بکەین، خۆ قسەکردن لە میدیاکان زۆر هاسانە بەڵام دەبێ بە کردەوە بچینە ناخی کۆمەڵگەی ناوەند و پرسی خۆمان لەوێ جێ بخەین.

**کوردکاناڵ**: هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێران چۆن دەبین و ئەزموونتان لە سەردەمی ڕەئیسی چ بووە؟

**خالید عەزیزی**: لە سەردەمی ئەودا سێدارە، گرتن، ئەشکەنجە و هێ گرتنی زیاتری مافیای ئابووری سپای پاسداران خێرا بەرەو هەڵکشان دەچوو. بەڵام هەڵبژاردن هەمیشە لەلایەن ڕێبەری نیزامەوە بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و هەمووڵایەکیشمان ئەوە دەزانین سەرۆکومار لە ئێران هەموو شتی بەدەست نییە و لەو کەرەسەی هەڵبژاردن بۆ سەرپۆشدانان لەسەر ئەو هەمووە کێشە و قەیرانە کەڵکە بووانە کەلک وەردەگرن. ڕەنگبێ بۆ گەرم کردنی بەشداری خەڵکیش بێ بیانهەوێ جۆراوجۆرییەک ساز بکەن بەڵام بەشێویەکی گشتی ناتوانێ کارێکی ئەوتۆیان بۆ بکات.

**کوردکاناڵ**: کاک خالید هەمووڵایەک دەزانن "حدکا" یەکەمین و گەورەترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئامانجی مافەکانی گەلی کوردە و نەمر قازی محەممەدیش وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان بوونە هەموو ئەمانە باس لە نەتەوەیی بوونی ئەو حیزبە دەکات بەڵام ڕەخنەیەک لەلایەن جیلی نوێ لە حیزب و بەتایبەت لە جەنابت هەیە کە لە میدیا فارسەکاندا زۆر نەرمی دەنوێنن و ئەوە لە ئاست گەورەیی حیزبی دێموکراتدا نابینن، وڵامی جەنابت چییە؟

**خالید عەزیزی**: بەڵێ من ئاگاداری ئەو ڕەخنانە هەم و زۆر سپاسی ڕەخنەگرانیشم دەکەم، جا چوونکە من لەبەر کارەکەم زیاتر دەگەڵ میدیا و ڕاگەیاندنەکان و لایەنەکانی ئێرانی سەروکارم هەیە، هەوڵ دەدەم زیاتر گرنگی و بایەخ بە ڕەخنەکان بدەم. فەلسەفەی دامەزرانی "حدکا" لە ٨٠ ساڵ لەمەوبەرەوە چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد بووە، خۆ ئەگە پرسی کورد نەبا حیزبی دێموکراتیش نەدەبوو. جا کەوایە ئێمە بۆیە دامەزراوین هەتا مافەکانی گەلی کورد وەدی بێنین و دەبێ لە پێناو وەدەستهێنانی ئەو مافانەشدا هەموو هەوڵێک بدەین، یەک لەو چالاکیانە ئەگە بە ناچاریش بێ پێوەندی دەگەڵ ڕەوت و لایەنی ناکوردییە بەتایبەت لە ناوەندە. لەسەردەمی پێشەوا و د.قاسملووشدا لەو ماتەوزەیە کەڵک وەرگیراوە و هەوڵیان داوە پێوەندیان دەگەڵ هەموو لایەک باش بکەن و دیالۆگ بکەنە پێوەر، ئێمە نە دژی فارسین نە دژی تورک. ئەو ڕەوتەی دژی گەلی کورد و خەباتەکەی درووشم دەدا و دەخوازێ بە تاکڕەوی و ڕادیکالیزم بە گژ ئێمەدا بێتەوە وایکردوە لەبەرامبەردا بەشێک لە لاوەکانی ئێمەش هەڵوێستی توندیان هەبێ و ئەمەش زۆر سرووشتییە جا ئەوە پەیامەکیشێ تێدایە کە ئەگە ئێوە ڕێز بۆ ویست و داخوازییە ڕەواکانی ئێمە دانەنێن لە دواڕۆژی ئێران دا ئێوەن دەبنە بەرپرسی سازکردنی کێشەکان. زۆرجار دەڵێن کوردەکان تەجزیەتەڵەبن؛ ئێوە تەجزیەتەڵەبن، ئەگە قەرار بێ تاران بۆ هەموومان سەرنجڕاکێش نەبێ و هیچ مافێکمان نەبێ چۆن دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین؟ ئێمە دەبێ بە وتوویژ و پێکەوە کار کردن هەوڵ بدەین هەمووڵایەک تێبگەیەنین و لاوەکانیشمان لە خەبات بە دژی زوڵم و زورداری بەردەوام بن.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**کوردکاناڵ: ئایا ڕێژیم توانیویەتی بەو هەموو ئەو گوشارانە بۆ سەر حیزبی دێموکرات، ئیرادەتان لاواز بکات؟ ئایا خەباتی پێشمەرگە بەردەوامە؟**

**خالید عەزیزی: دەزانن چۆنە، خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتێکی چریکیی دە پازدە کەسی نییە کە چەکیان دەست دابێتێ و شەڕ بکەن، خەبات و تێکۆشانی یەک نەتەوەیە و ئێمەش بەرگریکاری ئەو مافانەی گەلی کوردین کە لە چوارچێوەی ئێراندا داوایان دەکەین. ئەو خەباتەش وێڕای هەموو مووشەکباران، تێرۆر، سێدارە و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە، بەردەوامە و لە دوارۆژیشدا هەتا وەدەستهێنانی مافەکانمان هەر درێژەی دەبێت.**

**١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# ئاسنی ساردکوتان




**زانیار حوسێنی**

دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ژینگەی گەلانی نیشتەجێ لە ئێران، وەها ئاڵۆز و لێڵ بووە کە ئاڵوگۆڕەکان خێراتر لە چاوەڕوانییەکانی خەڵک دێنە ئاراوە؛ بەشێوەیەک کە هێشتا ئاڵوگۆڕی تازەپێکهاتوو بەتەواوی جێی خۆی نەکردۆتەوە و سەقامگیر نەبووە کە جێی خۆی دەدات بە ئاڵوگۆڕێکی دیکە یان بە هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕی نوێ، ئاڵوگۆڕەکانی پێشووش هێندێک و تا ڕادەیەک تووشی گۆڕان دەبن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەشی ئابووری وڵاتیش، بەستێنەکەی تووشی ناسەقامگیری و لاوازییەکی زۆر بووە و گەرەنتی ئابووری لەم وڵاتە هەتا کاتێکی نادیار کۆچی کردوە و کار و پیشەکان تووشی بشێوی بوون و بەرەو نسکۆ و شکەست هەنگاو دەنێنەوە؛ بەشێوەیەک کە ناسەقامگیری ئابووری کەوتۆتە بازنەی قەیرانی ئابوورییەوە.

گەندەڵیی لەڕادەبەر، جەوی تۆقێنەری ئەمنییەتی، ململانێ نێوخۆییەکان لەسەر دەسەڵات، قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی،

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

ئـابووری و ئـاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکـانی نەوەی نـوێ و جیـاوازی بنچینەیـی لە بـواری فکـرییەوە لەگەڵ دەسـەڵاتداران تەنیـا بەشێکن لەم گێرە و گرفتانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم چوار دەیەی دەسەڵاتداریدا تووشی بووە و بەشی هەرە زۆریشی خۆی خوڵقانـدوویەتی و ڕۆڵگێڕی سـەرەکی ئەم دۆخەی ئێسـتا، تەنیـا و تەنیـا دەسـەڵاتدارانی جەمـاران و بەیتـی ڕێبەریـی تارانن.

کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران لە کاتێکـدا لەگەڵ کۆمەڵێـک قەیرانـی نێوخـۆیی و کێشـەی گەورەی نـاوچەیی و گـرفتە قوڵەکـانی نێودەوڵەتی لە ململانێدایە کە کوژرانی قەسابی تـاران خـۆی بـۆتە هاتنەئـارای دۆخێکی نـوێ و هەسـتیار؛ دۆخێک کە هەم دەرفەتە و هەم هەڕەشە بۆ کاربەدەستانی تاران لەلایەک و هەروەها بۆ گەلانی نیشتەجێ لە ئێرانیش لەلایەکی دیکەوە. لە توێی چەند خاڵ و لە چەن ڕوانگەی جیاوازە تیشکی بخرێتە سەر ئەم دۆخە و ڕاستییەکانی ئەم بازنە زەمەنییە بەتـایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ٨ی پووشپەڕدا.

- ناونووسی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ڕژێم و پاڵاوتنی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، دەرخەری ململانێـی قـووڵ و بەهێـزی لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆی ڕێـژیمە بەتـایبەتی لە بەشی بناژۆخوازەکانـدا؛ ئەگەر هەتـا چەنـد سـاڵ لەمەوبەر، ململانـێ بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی لە نێـوان بناژۆخوازەکـان و ڕیفۆرمخوازەکـان بـووە لە ئێسـتادا ئەم ململانێیە زیـاتر لە نێـوان بنـاژۆخوازە میانەڕەوەکـان و بنـاژۆخوازە توونـدئاژۆیەکاندایە. بەشـێوەیەک کە ڕیفۆرمخوازەکـان بە تەواوی لە شـوێنە هەسـتیارەکان وەلا نـراون یـان لانـیکەم بـازنەی دەسـەڵاتیان زۆر کـورت و بچـووک کـراوەتەوە یـان بە کـردەوە ڕەگەڵ بناژۆخوازەکـان کەوتـوون؛ ئەوەش خـۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە سیاسەتی گشتیی دەسـەڵاتی تـاران لە بەشی نێوخـۆیی وڵاتـدا بەڕادەیەکـی بەرچـاو یەکدەسـت کـراوە و ڕێـژیم بە هـۆی تـرس لە ڕووخـان یـان داڕمـانی دەسـەڵاتی، سیاسـەتێکی بناژۆخوازانەی وەک دەسپێکی هاتنە سەرکاری بەڵام بەشێوەی جیاوازتر لەبەرچاو گرتووە.

- ململانـێ سیاسـییەکان لە ئاسـتی مامناوەنـدی و ناوەنـدی دەسـەڵاتەوە، گـوازراوەتەوە بـۆ نـووکی هەرەمەکە و لە بەیتـی ڕێبەرییدا کێشە و گرفتە نێوخۆییەکانی لەم چەشنە یەکلایی دەکرێنەوە؛ بە واتـایەکی تـر بـازنەی گۆڕەپـانی کـایەی سیاسی بچووکتر کراوەتەوە و ڕۆڵگێرانی سەرەکی سیاسەتی گشتیی نێوخۆیی لەبواری ڕێژییەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە.

- کێشەی پڕۆژەی ناوکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاژانسـی نـاوەکی و لە هەمبەر زلهێزانـی جیهـانی گەیشـتۆتە ئاسـتێکی زەق و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و خەریکە دەگاتە ئاستی قەیران.

- قەیرانە نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە هۆی ڕاپەڕینی ژینا و لێکەوتەکانی لە چەن قۆناغی ئەم ڕاپەڕینەدا هەتا ئێستاش بەردەوامە و یەک لەم هۆکارانەیە کە کاریگەریی شوێندانەری لەسەر ئەم هەڵبژاردنە دەبێ.

- زۆربوونی ڕێژەیی نارازییەکان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران بە هۆی گوشارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

- جیاوازی بنەڕەتی لەبواری فکری، کۆمەڵایەتی و نەریتی نەوەی نوێ لەگەڵ فکرییەت، ویست و ئامانجەکانی کاربەدەستانی ڕژیمی تاران.

- تێگەیشتنی گەلانی ئێران لە شێواز و جۆری کایە سیاسییەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و ساردبوونەوەی لە ڕادەبەدەری خەڵک بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئەم ڕژیمە و نائومیدی لە هەمبەر چاکسازی.

- ڕێژیم چەند دەیە خەریکی دروستکردنی بووە.

- وشیاری زیاتری خەڵک بە هۆی خێرایی ئاڵوگۆڕیی زانیارییەکان لە میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە خۆی بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ویستی خەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و شارومەندییەوە.

- جیاوازی جۆراوجۆری ویست و خواستی گەلانی نیشتەجێ لە ئێران بەپێی ستانداردە جیهانییەکان و پێوانەکانی مافی مرۆڤ و لاوازیی وڵامدەربوونەوەی سیستەمی تەک ڕەهەندەی ئایینزایی لە چەشنی ویلایەتی فەقی بەرامبەر بەم داواکارییانە.

ئەم خاڵە بەرچاوانە و کۆمەڵێک هۆکاری تر هەر وەک هاتنە ئارای بیر و هزری نوێی سیاسی، گۆڕانی فکرییەتی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی ماف و ئازادییەکانی تاک و بەکۆمەڵ و هەروەها گەیشتنی هوروژمی نوێی سیاسەتی گلۆبالیزم بەتایبەتی لە بەشی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و هتد، وەهای کردوە کە هەر ساتێک لە ژیانی ڕژیمی تاران بەرەورووی کۆمەڵێک کەند و لەندی کۆن و نوێ ببێتەوە. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا گرینگە و سەرنجی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و میدیاکانی جیهان و سیاسەتڤانانی وڵاتانی دیکەی ڕاکێشاوە، هەڵبژاردنی نائاسایی و نوێی سەرۆکۆماری لە ئێرانە و چاوەکان زیاتر لەسەر ئەم بەشەیە کە خەڵک چەندە بەشداری دەکات یان ناکات!

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

حاشا لەوە ناکرێ کە بەشدارینەکردنی خەڵک، ڕەنگە لەبواری نێوخۆییەوە هیچ کاریگەرییەکی سیاسی و کردەوەیی نەبێ لەسەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە؛ چوون گوێدان بە دەنگ و ویستی خەڵک لە قامووسی هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ و تۆتالیتێردا نەبووە هەتا لە قامووسی ڕژیمی ئێستای تاران دابێت. بەڵام ئەوە گرینگە کە خەڵک چۆن ئەم هەڵبژاردنە دەکات بە دەرفەت بۆ ئەوەی دەنگ و ویستی ڕاستەقینەی خۆی بە جیهانی دەرەوە و زلهێزەکان نیشان بدات؛ بەشدارینەکردنی خەڵک بە شێوەی زەق و بەرچاو و بە ڕێژەیەکی زۆر، ئەو پەیامە ڕوون و ئاشکرایە دەدات بە جیهان کە گەلانی نیشتەجێی ئێران ئەم ڕژیمەیان ناهەوێ و ئەم ڕژیمە هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی خەڵک و ئەم نەتەوانە نییە.

ئەوە دەبێتە هۆی دەستئاوەڵەیی زیاتری وڵاتانی جیهان بۆ ئەگەری گوشاری زیاتر خستنە سەر ڕێژیمی تاران و ئەوەش لە بەرژەوەندی خەڵک بە گشتی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی دایە؛ ڕەنگە بەشدارینەکردنی خەڵک لە شانۆکانی هەڵبژاردنی پێشووی ڕژیمدا، گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووبێ بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ئێستادا و لەدوای ڕاپەڕینی ژینا و ڕووداوە خێراکانی ناوخۆی ڕژیم و نێوخۆیی ئێراندا، بڕیاری خەڵک لە هەمبەر ئەو شانۆیەدا ڕەنگدانەوەیەکی زیاتر و بەربڵاوتری لە ئاستی نێودەوڵەتی و بیروڕای گشتیدا دەبێت.

لەئێستادا کە بەیتی ڕێبەری خامەنەیی لە هەموو لاوە تووشی کێشە و گوشاری لە ڕادەبەدەر هاتووە، هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە دەسەڵاتی هەرەمییەکەی یەکدەستتر لە پێشوو بکات و تەنیا کەسانی گوێڕایەڵ و تەواوە لە شوێنی هەستیار دابنێ و ئەوەش بە هۆی نیگەرانییەکانی ڕژیمە لەدوای ڕاپەڕینی ژینا بە گشتی لە ئاستی ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان؛ دەرکەوتنی کورتە فیلمێکی پزیشکییان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یەک لەم نیشانانە دابنێین کە بە کوردی قسان دەکات و بە لەدایکبووی مەهاباد (ناوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەناسێنرێ بە خەڵک و ئەوەش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ڕێژیمی تاران هەر وەک سەرەتای هاتنە سەرکاری لە نێو هەموو گەلانی ئێراندا زیاتر ترسی لە کورد هەیە هەرچەند بەرەبەرە ئەم ترسەی لە هەمبەر ئازەرییەکانیشدا خەریکە پەرە دەستێنێ.

لە ڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنە هەم بۆ گەلانی نیشتەجێ لە ئێران و هەم بۆ ڕێژیمی مەلاکان لە تاران دوو ڕووی هەیە و دەرفەتێکی لەبار و زێڕینە بۆ خەڵکە کاتێکی وەها هەستیاردا کە ئەم هەڵبژاردنە بکاتە هەڕەشەیەکی مێژوویی بۆ سەر ئەم ڕێژیمە بە هۆی بوونی قەیرانی جۆراوجۆری نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی؛ ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەر لایەک بە دەرفەت بشکێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەر دەبێتە هەڕەشە و مەترسی. بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنە

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

یەکێکە لە گەورەترین گۆڕەپانەکانی ململانێی سیاسیی گەلانی نیشتەجێی ئێرانە لەگەڵ ڕژیمی ویلایەتی فەقی. هیچ شک لەوەدا نییە کە ڕێژیم خۆی بۆ بەڕێوەبردنی گەورەترین شانۆ لە چل ساڵی ڕابردوودا ئامادە دەکات و هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە بە باشترین شێوە و بە بەهێزترین پڕۆپاگەندەوە ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوە ببات و ڕوخسارێکی زۆر بەهێز بە جیهان و میدیاکان نیشان بدات؛ بەڕواڵەت وا وێدەچێ کە تۆپ لە مەیدانی ڕێژیمدا بێت بەڵام لە ڕاستیدا تۆپ لە مەیدانی خەڵک دایە و ئەوە خەڵکە کە دەریدەخات هەتا چ ئاست و ڕادەیەک ئیزنی مانەور و شانتاژکردن دەدات بە ڕێژیم.

خەڵک بەباشی لەبیریانە و ئەوە دەزانن هەڵبژاردن لە ئێراندا و لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ویلایەتی فەقی، تەنیا و تەنیا شانۆیە و بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە قسەکانی کاربەدەستان و تیئۆریسییەنەکانی ئەم ڕێژیمە و دێپارتمانی فکری ویلایەتی فەقییە؛ بە واتایەکی تر، بەشداریکردن یان نەکردنی خەڵک ئاسنی ساردکوتانە.

بە دەیان و سەدان جار ویلایەتی فەقی لەلایەن تیئۆریسییەنەکانی ئەم ڕێژیمە شی کراوەتەوە و زۆربەی جارەکان کۆمەڵگە و تەنانەت خەڵک بە مەڕ و ماڵات ناو براون کە توانایی لێکدانەوە و شی کردنەوەی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتدیان نییە و ناتوانن بڕیاردەر بن بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان و پێویستە کە کەسێکی شارەزا وەک شوان ڕێنوێنییان بکات و بڕیاریان بەسەردا بدات بۆ ئەوەی لە ژیاندا تووشی هەڵە و بەلاڕێداچوون نەبن؛ ئەوە کۆی مانیفێستی فکری- سیاسی ئایدیای ویلایەتی فەقییە کە لێکەوتەکانی لەم چوار دەیەدا بۆ هەموو ئەوانە کە ڕاستییەکان دەبینن ڕوون و ئاشکرایە.

**١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# دیاردەی کۆچ



هەردی سەلیمی

دیاردەی کۆچکردن دیاردەیەکی نوێ نییە و بە درێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە و هەر هەبووە. ئەم دیاردەیە دەتوانێ هۆکارگەلی زۆر لەخۆ بگرێ و هاندەرەکانی یەکودوو نین، بەڵام دەکرێ بەکورتی بڵێین مرۆڤەکان بۆ ڕزگاربوون لە کۆمەڵێک کێشە و ئارێشە و بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودەتر و بێکێشەتر، کۆمەڵێک مەترسی قەبووڵ دەکەن و ڕێگەی کۆچکردن دەگرنە بەر.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لە چەند بڕگەی مێژوویىدا شاڵاوی کۆچکردن ڕووی داوە، لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، دوای شەڕی هەشتساڵەی ئێران و ئێراق، پاش ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ و ئەم دواییيانەش. بەجۆرێک کە ئێستا کارناسانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەو باوەڕەدان ڕوو لە گەشەترین دیاردەی کۆمەڵایەتیی ئێران هەمان پرسی کۆچکردنە. جیاوازیی ئەم بڕگەیەی ئێستا لەگەڵ ڕابردوودا لەوەدایە کە ئێستا لاوانی شارەزا و خاوەنی بڕوانامە ئاکادێمییەکان زیاترین ویستیان لەسەر کۆچکردنە.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە بۆ ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی کۆچکردنی خەڵکانی خاوەن ناسنامەی وڵاتی ئێران ١٤١٪ هەڵکشاوە، واتە لە ساڵی ٢٠٢٠دا کە ٤٨ هەزار کەس کۆچیان کردووە، لە ساڵی ٢٠٢١دا ئەم ژمارەیە بووەتە ١١٥ هەزار کەس، ئەم ئامارە لە دوو ساڵی ڕابردووشدا هەر زیادی کردووە؛ بە جۆرێک کە شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن وڵاتی ئێران تووشی دیاردەی کۆچکردنی بەکۆمەڵی کونترۆڵنەکراو بووە.

چاوێک بەو دامەزراوانەی فێرکاریی زمانی ئینگلیسی و قوتابخانەی چەندزمانی و ئاسانکاری بۆ کۆچکردن وا لەم ساڵانەی دواییدا وەک کارگ هەڵتۆقیون بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ ئەمانە لە ئاکامی گەشەی داواکارییەکاندا بەو ڕادەیە زۆر بوون. بەپێی هەندێک ئاماری مەیدانی نزیک لە شەست٪ی ئەو کەسانەی خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە پەرستاران و پزشکان و مامۆستایانی زانکۆ پێکهاتوون و لەم ڕاپرسییە مەیدانییەدا وڵامیان داوەتەوە: ویستیان لەسەر ئەوە بووە لەو وڵاتە نەمێنن، ئەوەی کە چەندە بۆیان هەڵدەسووڕێ یان نا بابەتێکی دیکەیە، بەڵام زۆربەی نزیک بەتەواویان هۆکارگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەبەرچاو بووە بۆ ئەم ویست و بڕیارەیان.

هەر لەم بارەیەوە کارناسان لەسەر ئەو باوەڕەن ڕێژەی ئەم دیاردەیە نەک کەم ناکات، بەڵکوو لە داهاتوودا گەشەی زیاتریش دەکات و ئاسەواری ڕووخێنەری دەبێ بۆ ئەو وڵاتە کە یەک لەوان نەمان یا کەمبوونەوەی هێزی کار و هەروەها هێزی شارەزایە و شوێنی ئەم کەسانە بە کەسانی بێئەزموون پڕ دەکرێنەوە، کە خەساری زۆر بەتایبەتی بە بەشی تەندروستی و بەشی زانستی و زانکۆکان دەگەیەنێ، وەک چۆن تا ئێستا گەیاندوویەتی.

پرسیار ئەمەیە ئایا کۆماری ئیسلامی گرنگییەک بەم بابەتە دەدا و ڕێکارێکی بۆ نەهێشتنی هەیە؟ وڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. چەندین جار کاربەدەستان و خاوەنئیمتیازە ورد و درشتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاندووە ئەوانەی وا ناتوانن لەم وڵاتە و لەژێر سایەی یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا بژین، کەس پێشی پێنەگرتوون و دەتوانن بڕۆن! کۆماری ئیسلامی کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو یەکدەستکردنی دەسەڵات و وڵات هەنگاو دەنێ، کەسانی ناڕازی وەک موزاحیمێک لەسەر ڕێی دابەزاندنی ویستەکانیدا دەبینێ، بۆیە تەنانەت بانگەشە و کارئاسانییشیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە جێبهێڵن. تەنانەت یەکێک لە کاربەدەستانیان جارێک وەک هەڕەشەیەک لە یەکیەتیی ئورووپا وتی: "گەر سنوورەکانمان ئاوەڵا کەین، وڵاتانی ئورووپایی دەکەونە بەر لافاوی هێرشی کۆچبەران!" کە ئەم وتەیە ئێعترافێکی کوشندەیە بۆ دەوڵەتێکی بەرپرسیار، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەرگیز هەستی بە بەرپرسیاری نەکردووە، دەنا دەبێ لە خۆیان بپرسن چۆنە وەها دۆخێکیان پێک هێناوە کەوا بە کردنەوەی سنوورەکان وڵاتەکەیان چۆڵ دەبێ؟! کەسێک ئامادەیە ئیمتیازی شارۆمەندیی خۆی بگۆڕێتەوە بە

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

**پەنابەربوون! هەر ئەم ڕاستییە دەرخەری ئەوپەڕی بێکەفایەتیی بەڕێوەبەرانی وڵاتێکە.**

**ئەوانەی وا کۆچیان کردووە شێوە و سیستمی دەسەڵاتداری، ناجێگیربوون و دارمانی دۆخی ئابووری، نەبوونی ئازادیی سیاسی، هەڵاواردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی، نەبوونی دوورەدیمەنی دڵخۆشکەر و تەنانەت نەبوونی ئازادیی دەسڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت و... وەک هۆکارە سەرەکییەکانیان بۆ جێهێشتنی ئێران ناو دەبەن. ئەمە بەو واتایە هەموو ئەو کەسانەی ئەم ڕێگەیە دەگرنە بەر کەموزۆر بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناڕازین و نایانەوێ لەژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا ژیان بەسەر بەرن. بە نەمانیان لە ئێران ئەو پۆتانسیەلەی نارەزایەتییە وا تێیاندایە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی نابێتەوە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای ئێران کە نارەزایەتییەکان بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە؛ هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی تەنانەت هەوڵیش دەدا کەسانی ناڕازی دوور بخاتەوە.**

**٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

---

# خەڵکی ئێران بەتەنیان



(بەدمەوەدانی ئێران لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بێجگە لە مەلاکان یارمەتیی کەس ناکات)

**نەیشناڵ ریڤیو – جیم تاڵەنت**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

مردنی سەرۆککۆمار ڕەئیسی هەمان کاردانەوەی بەڕێوەبەرایەتیی لێ کەوەتەوە کە هیچ شتێک ناکات بێجگە لە هەڵسوکەوتی دۆستانە بەرانبەر بە دوژمنێک.

٩ی مانگی مای، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە و ژمارەیەک لە پارێزەرانیان و فرۆکەوانی هێلیکۆپتەرەکەیان بە هۆی تەمومژ کەوتنە خوارەوە و کوژران.

ئەنکم، ورەزێڕێکی بەزیپکی شیرەمەنی لە میزوری، وتەیەکی شیاوی بۆ دۆخی هاوشێوە هەبوو: "شەیتان هاودەمی تازەی بۆ پەیدا بوو." لەو دۆخەدا دەبێ بڵێین، شەیتان چەند هاودەمی نوێی بۆ پەیدا بوون، هەڵبەت مردنی فڕۆکەوانەکە جێگای داخە.

بێتوو وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی لێهاتووانەی بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبا، ئەوە دەیتوانی ببێتە دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی ئەمنییەتی ئەمریکا و ناوچەکە. دەوڵەتەکەمان هەموو کارێکی دەکرد تا کۆماری ئیسلامی لاواز بکات. گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ڕێژیم دادەنا؛ پاشەکەوتەکانی لە دەرەوەی وڵات لە کەمییان دەدا؛ سامانەکانی لە دەروە سڕ دەکران؛ هەناردەکردنی نەوتەکەی دەهاتە سەر ئاستی چۆڕ چۆڕ و؛ پەیماننامەی ئیبراهیم بە سەرکەوتووییەوە وەها پەرەی پێ دەدرا کە وڵاتانی دیکەی کەنداویشی گرتباوە. بێجگە لەوە، ڕێبەرانمان ڕێژیمیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بە بەرجەستەکردنی سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ئێران، تەریک دەخستەوە.

بێتوو ئەو کارانە کرابان، وڵاتە یەکگرتووەکان لە دۆخێکدا دەبوو کە بتوانێ کەڵک لەو ناسەقامگیرییە وەرگرێ کە کوژرانی ڕەئیسی لە تاران دروستی دەکات. ڕەئیسی تەنیا سەرۆککۆمار نەبوو، بەڵکوو هەروەها کەسی یەکەم بۆ بوون بە جێگرەوەی سەرۆکی گەورە عەلی خامنەیی بوو کە ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە ٨٥ ساڵ. ئێستا کە ڕەئیسی نەماوە تا خەڵاتەکەی وەرگرێ، ڕێژیم ناچارە سەرۆککۆمارێکی دیکە بدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کێ ببێتە جێگرەوەی خامنەیی. ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکی دەورەیەکی کێبڕکێ لەنێوان ئەو لایەنانەی کۆنترۆڵی وڵاتیان بە دەستە، مەگەر ڕێژیم بە شێوەیەک پێش بەوە بگرێ و پاشان هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی کارتۆنی کە بە کەیفی ڕێژیم بێ بۆ پڕکردنەوەی جێگای ڕەئیسی.

هەڵبەت هەڵبژاردنەکە شانۆیەکی کۆنترۆڵ کراوە و ئاکامەکەی لە پێشدا دیاریکراوە، بەڵام تەنانەت هەڵبژاردنێکی شانۆییش دەرفەتێکە بۆ بەرهەڵستکاران تا هەلەکە بقۆزنەوە و ناڕەزایەتیی جەماوەریی قووڵتر بکەنەوە کە لە ئێران هەمیشە وەکوو پۆلووی ژێر خۆڵەمێش هەیە.

ڕەنگبێ لە دنیادا هیچ دەوڵەتێک بەقەد دەوڵەتی ئێران ئامانجی ڕق و تووڕەیی خەڵکی خۆی نەبێ. ئێرانییەکان گەلێکن کە شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، مێژوویەکی دەوڵەمەندیان هەیە و زانیاریی پێشکەوتوویان لەبارەی دنیادا هەیە. بۆیە سەیر نییە کە گەندەڵیی ڕێژیم، سەرکوت و سەپاندنی درندانەی یاساکانی ئایینی، بۆتە هۆی بێگانەبوونی ئێرانییەکان لە

سیستەمی دەسەڵاتدار، تەنانەت لە نێوخۆی وڵات. هەڵبەت بێجگە لە کۆنەپەرستترین مەلاکان، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و دەسەڵاتدارەکانی ڕێژیم کە قازانجی مەزنیان لە دزینی سامانی وڵات گیر دەکەوێ.

دەوڵەتێکی کارامەی ئەمریکا ژمارەیەک بژاردەی بۆ کەڵکوەرگرتن لەو ناسەقامگیرییە دەبوو کە وێدەچێ لە چەند مانگی داهاتوودا هەڕەشە لە ڕێژیم بکەن. پەرەپێدانی گەمارۆکان، بەرجەستەکردنەوەی پێشێلکارییەکانی ڕێژیم دژی ژنان و هاوڕەگەزخوازان، بەرپەرچدانەوەی بەهێزتری بەکرێگیراوانێک کە تاران کۆکوپۆشتەیان دەکات و فەرمانیان پێ دەکات، هەموو ئەوانە وەک ئەگەری مومکین بۆ تاکتیکەکانی زەخت خستنەسەر ڕێژیم و قۆزتنەوەی دەرفەت لەسەر مێز دەبوون. بەڵام تۆ ناتوانی سیاسەتێک بەکار بێنی کاتێک هیچ سیاسەتێکت نەبێ و بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هیچ ستراتیژییەکی بۆ لاوازکردن یان تەنانەت سنووردارکردنی کۆماری ئیسلامی نییە. لە ڕاستیدا، پێچەوانەکەی ڕاستە؛ سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەدمەوەدان و پاشەکشە لە بەرانبەر ڕێژیمەیە، چونکە پێی‌وایە بەو شێوەیە هاوسەنگییەک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەخوڵقێنێ کە کۆماری ئیسلامییش بگرێتەوە.

زۆربەی ئەمریکاییەکان لە شەبەنگی سیاسییدا بە غەریزە تێدەگەن کە هاوسەنگییەکی ئەوتۆ ناموومکینە و ساویلکەییەکی لە ڕادەبەدەرە. ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست نائاساییە. زۆرینەی خەڵکەکەی فارسی شیعەن؛ لە کاتێکدا زۆرینەی حەشیمەتی ناوچەکە عەرەب و موسڵمانی سوننین. لەو پەیوەندییەدا، پیاوانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی کۆنەپەرستی درندەن کە دەیانهەوێ و، بە ڕاستی لەو بڕوایە دان کە دەتوانن دەوڵەتانی موسڵمانی دراوسێیان بڕووخێنن، یاسای شەریعەتی تایبەتی خۆیان لە ناوچەکەدا بسەپێنن و ببنە هۆی سەرهەڵدانەوەی جیهانیی ئیسلامی توندئاژۆ.

بۆ ئەو مەبەستە، ڕێژیم ڕایەڵەیەک لە تاقمی بەکرێگیراوی دامەزراندووە و پشتگیریی دارایییان دەکات، دوازدە تاقم کە لە چەند وڵاتدا بڵاو بوونەوە و لە ڕێگای ئەوانەوە بە ئاشکراترین شێوە هەڕەشە لە دوژمنەکانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکات یان هێرشیان دەکاتە سەر، لە ناویاندا ئەندامانی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست جێگیر کراون. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەڵەیەکی فرە بەرچاوی ستراتیژیکیدا، لە جیاتی ئەوەی کۆماری هەڕەشەکاری ئیسلامی وەکوو بەرهەڵستکارێکی کوشندە بناسێ، وەکوو هاوبەشیک سەیری کردوە و کاتێک لە ئاستێکی وەها بەرزی سیاسیدا هەڵەیەکی ئاوا مەزن بکەی، هەر کارێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی بنکوڵ کرانی بەرژەوەندییەکانی خۆت.

بۆیە کاتێک بەڕێوەبەرایەتیی بایدن سەبارەت بە کوژرانی ڕەئیسی هاودەردیی دەربڕی، هیچ جێگای سەرسوڕمان نەبوو. ساڵی ڕابردوو، بەڕێوەبەرایەتی بایدن حوسییەکانی یەمەن (یەکێک لە تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران)ی لە لیستەی تاقمی تێرۆریستیی دەرهێنا، بڕیارێک کە ناچار بوو ئەوساڵ لێی پاشگەز بێتەوە، بۆیە کاتێک ئەوان هێرشەکانیان بۆ سەر کەشتیوانیی بازرگانی چڕ کردەوە، نەبووە هۆی سەرسوڕمانی هیچ کەس لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەروەها ٦ میلیارد دۆلار سامانی ئێرانی لە عێراق ئازاد کرد و ١٠ میلیاردی دیکەش لە کۆرەی باشوور و هەروەها سەپاندنی گەمارۆکانی سەر هەناردەکردنی نەوتی ئێرانی شل کردنەوە. لە ئاکامدا، سامانە دەرەکییەکانی ئێران ٪٤٦ زیادیان کرد و هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ نزیکەی دوو هێندە بەرز بۆتەوە و بەو شێوەیە ٣٣ تا ٣٥ میلیارد دۆلاری دیکەی بە داهاتی کۆماری ئیسلامییەوە زیاد کرد.

بە سەر یەکەوە، سیاسەتی بایدن بۆتە هۆی گەیاندنی نزیکەی ٥٠ میلیارد دۆلار بە ڕێژیم، بەڵام ئەوە دەیتوانی خراپتریش بێ: بەگوێرەی زانیاری، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەتەما بوو بە سووککردنی گەمارۆکان نێوان ٨٠ بۆ ١٣٠ میلیارد دۆلار سوود بە ڕێژیم بگەیەنێت، بێتوو ئەو ڕێککەوتنە ناوکییەی واژۆ کردبا کە ڕابێرت ماڵی ئامادەی کردبوو.

بە لەبەرچاوگرتنی گریمانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بۆچی ئەو دیارییانەی نەدابا بە تاران؟ ئەوە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتێکە، کە پێتوایە دەتوانێ ببێتە هاوبەشێکی ستراتیژیک.

ئەوە شتێکی سروشتییە کە ڕێژیم کەڵکی لە سەرجەم ئەو دۆلارانە، کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێی داون، بۆ گەشەپێدانی هێزی سەربازیی خۆی، لە ناویاندا بەرنامە ناوکییەکەی و بەهێزترکردنی بەکرێگیراوانی بۆ هێرش بۆ سەر دوژمنەکانی و ناسەقامگیر کردنی ناوچە وەرگرتوە، بێجگە لەو بەشە کە دزراوە تا ڕێبەرەکان پێی دەوڵەمەند بن.

خوێنەرە ژیرەکان هەستیان پێ کردوە کە من تا ئێستا باسی ئیسرائیل یان فەلەستینم نەکردوە. بێگومان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیانهەوێ دەوڵەتی جوولەکە لەنێو بەرن، بەڵام ئەوە ئامانجی کۆتاییان نییە. بە \پێچەوانەی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێژیمی ئێران بەکردەوە ستراتیژییەکی هەمەلایەنەی درێژمەودای بۆ پاقژکردنەوەی ئیسلام و داگیرکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.

لەنێوبردنی ئیسرائیل تەنیا هەنگاوێکی سەرەتاییە. لە پەیوەندی لەگەڵ فەلەستینییەکانیش، ڕێبەرانی ئێران دەربەستیان

نین. فەلەستینییەکان بە واتایەکی گشتی دەستەچیلەی ئاگرن: خەڵکێک بۆ شۆردنەوەی مێشکیان و خوڵقاو بۆ ئازار چەشتن، تا ئازارەکانیان ببێتە بیانووی پرسی مەزنتر، دەبێ ئەو ڕاستییە گاڵتەجاڕانەش زیاد بکەم کە دوژمنانی ئێران لە ڕۆژاوا، واتە وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕۆژاوای ئورووپا، یارمەتی دەگەیەننە فەلەستین تا حەماس بتوانێ بیدزێ و بۆ بەرژەوەندیی سیاسەتی تاران و بەکرێگیراوەکانی کەڵکی لێ وەرگیرێت.

تەنانەت لێنینیش تەنیا وەهای بیر دەکردەوە، "کاپیتالیستەکان ئەو گوریسەمان پێ دەفرۆشن کە بۆ خنکاندنی ئەوان کەڵکی لێ وەردەگرین." بێهۆ نییە کە ڕێژیمی ئێران قبووڵی کردوە کە گوریسەکە وەک دیاری دەگاتە دەستیان.

چوار ساڵ لەوەپێش لەو سەکۆیەوە، لەبارەی دەستکەوتەکانی هەڵمەتی "ئەوپەڕی زەخت"ی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دژی کۆماری ئیسلامی نووسیم. سیاسەتی ترامپ بەرانبەر بە ئێران هێندێک تاکتیکی ژیرانەی دەگرتنە خۆ. پەیماننامەی ئیبراهیم یەکێکیان بوو. ئەوی دیکە لەنێو بردنی قاسم سولەیمانی، مەترسیی بچووک، دەستکەوتی مەزن بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها ناردنی پەیامێکی ترسێنەر بۆ تاران بە زمانێک کە ڕەئیسی قەساب لێی تێدەگەیشت.

بەڵام هیچ شتێکی ژیرانە لەبارەی خودی ستراتێژیی ئەوپەڕی زەخت بوونی نەبوو. ئەو لە ڕاستیدا تەنیا ئەقڵی ئاسایی بوو. لەوانەیە دۆناڵد ترامپ تیۆریزانێکی مەزنی سیاسەتی دەرەوە نەبێ، بەڵام ئەو توانایی لێککردنەوەی دوژمنانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دۆستەکان و هاوبەشەکانی هەیە.

بە داخەوە، جێگرەوەکەی ئەوتۆ نییە. مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی ڕەنگبێ لە مانگەکانی داهاتوودا ببێتە هۆی سەرهێشەیەکی مەزن بۆ ڕێژیم، بەڵام ئەوە بە هۆی بەڕێوەبەرایەتیی بایدنەوە نابێ بە دەرفەت. خەڵکی ئێران بە تەنیان .

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# بژی تێرۆریزمی جیهانی و بمرێت تێرۆریزمی نێودەوڵەتی



**دارسمە**

تۆقاندن و ترساندن لە زمانی کوردیدا نزیکترین مانای "تێرۆریزم"ـە. ئەم تۆقاندنە لە ڕواڵەتدا خۆی لە ڕەشبگیر و تەقاندنەوە و کوشتوبڕ و شتی لەم جۆرەدا دەنوێنێت. "تێرۆریزم" لە هەمان کاتدا مانایەکی قورس و قایم و وەک دەڵێن کۆنکرێت و تەکووز و پتەو لە خۆیەوە بە دەستەوە نادات، بەڵام هەتا بڵێی لووس و ساف و نەرم و شلک و ناسکۆڵەیە. ئەگەر وابێت، ئەم وشەیە لە کاتێکدا پیس و قێزەون دەنوێنیت، خۆش و نەرم و ڕەوانیشە.

تێرۆریستیش بەو ڕێکخراو و کەسانە دەگوترێت کاری تێرۆر یان پیلاژۆ و پرۆسەی تێرۆر جێبەجێ دەکەن. تێرۆریزم تەنیا بە تەقاندنەوە و کوشتوبڕ و کۆمەڵکوژیی و ئازاردانی جەستەیی ناگوترێت، بەڵکوو تێرۆری بیر و ئەندێشەش هەیە. دوو جۆری تێرۆری جەستە و تێرۆری ئەندێشە چەک و کەرەستەی ئەنجامدانیان جودان. بۆ وێنە کەس ناتوانێت بە بۆمب و نارنجۆک و مارنجۆک و دەمانچەی بێدەنگ و شتی لەم جۆرە بیر یان ئەندێشە تێرۆر بکات.

خودی ئەندێشەش وەک وشەی تێرۆریزم لووس و خزۆک و نەرم و نیانە و بەزەحمەت دەنێو چەنگی لایەنگرانی بیر و باوەڕێکی تایبەتدا ئارام دەگرێت و بەردەوام بە نێوان تبل و قامک و پەنجاندا دەچۆڕێتەوە و ئەوەی بە چەنگ گرتویەتی و گوشیویەتی، دەست لە هەرامە درێژتر دەمێنیتەوە.

کاتێک تێرۆریزم و ئەندێشە خۆیان لە چوارچێوەی دەستەواژەیەکدا دەبیننەوە، قووناویان* شتێکی وای لەبەر دەڕوات، هەر بۆ ئەوە دەبێت پێی پێبکەنی و بینەری لە ئێمەمانان وشیارتر لە بەر پێکەنین وەک منداڵی ساوا خۆی دەبەزێنێت* و دەکەوێتە ژانەسک.

**بۆ تێگەیشتنی زیاتر سرنج بدەنە ئەم چەند ڕستەیەی خوارەوە:**

"دوژمنانی ئیسلام و ئێران بە دوای تێرۆرکردنی دەستەبژێرانی ئێمەوەن، بەڵام مەترسیدارتر لە کوشتن و تێرۆری دەستەبژێران، تێرۆری ئەندێشە و پێوەبوونی دەستەبژێران بە داوی بەرنامەی دوژمنانەوە".

بۆ لێکدانەوەی ئەم فەرمایشتەی سەرەوە، چۆن دوو وشەی تێرۆریزم و ئەندێشەمان لێکدایەوە، پێویستە ئاوڕێکیش لە وشەی "دەستەبژێر" بدەینەوە. دەستەبژێر لێرەدا بە مانای "نوخبە" یان "سەرتۆپ" هاتووە. پێویستە بڵێین "دەستەبژێر"یش وەک تێرۆریزم و "ئەندێشە" لیچق و لووس و نەرم و خزۆکە. مرۆڤی دەستەبژێریش زۆرن و بەسەر چەند جۆری "سەربازی و چەکداری"، "سیاسی" و "ئەدەبی" و هی دیکەدا دابەش دەکرێن. لە پاراگرافی ئەولاتری ئەم پاراگرافەی سەرەوەدا، ئەوەی خراوەتە بەر باس دەستەبژێرانی باشن و زیاتر کەسانی "پێگەیشتوو" و "تێگەیشتوو "بیرمەند" دەگرێتەوە.

تێرۆری ئەندێشەش شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە و ئەم جۆرە ڕووداوە تێرۆریستییە نابێتە هۆی کوژرانی کەسی تێرۆرکراو. جا لەبەر ئەمە هیچ بەدووری مەزانن ئەوەی لە ڕووی ئەندێشەوە دەکەوێتە بەر ئەمجۆرە هێرشە تێرۆریستیانەیە، دەگەڵ تێرۆریستەکە هاودەستە بە جۆرێک کلکیان لێک هاڵاندووە.

ئەم دووەی ئەوا کلکیان لێکهاڵاندووە، دەگەڵ تێرۆریستێکی دیکەدا دەکەونە بەریەک و ئەویش تێرۆریزمی دەوڵەتییە و لەلایەن دەوڵەت و دەستەڵاتدارانەوە دەستی لە شان و پشتان دەدرێت. لێرەدا بۆ ئەوەی لێمان تێکەڵ نەبێت، هەتا کۆتایی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە وشەی بیرمەند بۆ تێرۆریزمی یەکەم قەرز دەکەین و بەوەی دەوڵەتییەکەش دەڵێین تێرۆریزم.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

ئەمە بۆچوونی ئێمەیە و ئەوانەی لایەنگری تێرۆریزمی دەوڵەتیشن دەتوانن بە "بیرمەند"ـەکەی ئێمە بڵێن تێرۆریست و ناوێکی خۆشتری بە دڵی خۆیانی وەک "ڕەزمەندە"، "حاکمیشەرع"، "پەیڕەوی خەتی نازانم کێ" و تەنانەت "دیپلۆمات"یش بۆ تێرۆرستەکەی خۆیان دابنێن.

ئەوانەی لە سەرەوە دوو ناوی "بیرمەند" و "تێرۆریست"مان بۆ دانان تەنیا یەک خاڵی هاوبەشیان هەیە. هەم بیرمەند و هەم تێرۆریزم دوو دیاردە یان دوو شتی جیهانی و نێودەوڵەتین. بیرمەندی جیهانی و تێرۆریستی نێودەوڵەتیمان هەن. بیرمەندان لە بەرئەوەی بەشێکی بەرچاویان هەر بڕوایان بەم دەوڵەت و مەوڵەتە بە تایبەتی ئەوەی ئێستا نییە، جیهانین و بۆ تێرۆریزمی نێودەوڵەتییش دەتوانین بۆ ساڵانی ڕابردوو باس لە ئوتریش و نازانم کام وڵاتی دیکە و بۆ چەند ڕۆژی ڕابردووش دەکرێت باس لە سوید و هەمان نازانم کوێ لە دوو کات و زەمەنی جودادا بکەین.

بیرمەندانیش جیهانین. جیاوازیی سەرەکیشیان ئەمەیە تێرۆریستانی نێودەوڵەتی سەر بەدەستەڵاتدارانن و دەستەڵاتداران لەسەر هەڵمەتەکانیان ڕێک دەکەون و هەرچی بیرمەندانیشن بێئەوەی دەگەڵ دەوڵەت ومەوڵەتان ڕێک بکەون خەریکی کاروباری خۆیانن.

جیاوازییەکی دیکەش ئەمەیە، تێرۆریستی نێودەوڵەتی، ئەوەی تێرۆری دەکات لە نێوی دەبات و بۆ هەمیشە دەمرێت. بەڵام تێرۆریستی جیهانی هەر کەسێک تێرۆر بکات، تەمەنی درێژ دەبێتەوە و دەردە تێرۆریزم لە تێرۆریستەکە دەگرێتەوە و وەک پەتا بەنێو بیرمەندانی دیکەدا بڵاوی دەکاتەوە.


ئەگەر وابێت بژێیت تێرۆریزمی جیهانی و بمرێت تێرۆریزمی نێودەوڵەتی.

کەونە وشە و دەستەواژەی تێرۆرکراو:

قووناو: ئەو ئاوەی دوای ئاوداشت لەبەر باغ و بێستان و کرداری دیکە دەچێت و دەکرێت لە زەوییەکانی خوارووتر هەندیک زەوی و زاری دیکەی پێ ئاو بدرێت.
خۆبەزاندن: میز بەخۆداکردنی منداڵ. منداڵێک لە بێئاگاییدا میز بەخۆیدا بکات، دەڵێن خۆی بەزاندوە.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# گرینگیی بەشدارینەکردن، پەیام و دەسکەوتەکانی



**عەلی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران چواردەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری کە لە ڕاستیدا سێهەمین هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆککۆماری لە تەمەنی خۆیدایە بەڕێوە دەبات، ئەویش لە کاتێکدا نە کاندیدا لەپاڵێوێنەدراوەکان کەسانێکی جێکەوتووی سیاسی و کۆمەڵایەتین، نە خەڵک لەو کەشەی بێمتمانەیی ڕەها بە دەسەڵاتدا هۆکارێک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا شک دەبەن. لە ئێستادا بێمتمانەیی خەڵک بە حاکمییەتی سیاسیی وڵات گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی و لە کاتێکدا خەڵک هیچ هیوایەکیان بە گۆڕینی دۆخی سیاسی و ئابووریی وڵات نەماوە؛ بەڵام بانگەشەی کاندیداکانی دەستچنکراو بۆ بەناو هەڵبژاردنەکانی ٨ی پووشپەڕ هەر دێ و زیاتر دەبن.

واده و بەڵێنی کاندیداکان لە کۆبوونەوە و دەرکەوتنەکانیان لە مێدیادا پتر وەک یەک دەچن: دابەزاندنی هەڵمسانی ئابووری، کرانەوەی سیاسی، گۆڕانکاری لە سیستمی ئیدارەدانی وڵات، باشترکردنی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و هەموو ئەو فڕوفێڵانەی پێیان وایە دەتوانن لەسەر هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان کاریگەر بن. لەو

گەمەیەدا کار گەیوەتە جێگەیەک پوورمحەممەدی، جەلادەکەی دەیەی ٦٠، کە هەموو تەمەنی سیاسیی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دژی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بووە، خوازیاری هەڵگرتنی سانسۆڕ لەسەر ئینتێرنێت و نەهێشتنی فیلتێرشکێن بێت! یان زاکانی سووکایەتی بە داوا و مافە بنەڕەتییەکانی خەڵک بگەیەنێتە ئەو جێگایەی وادە و بەڵێنی دابەشکردنی گۆشت لە بەردەم ماڵێیان پێ بدات! یان گاڵتەجار ئەوەی مەسعوود پزشکیان لە وەڵامی پرسیاری کارناسی بەرنامەی ئابووریی دەنگوڕەنگی ڕێژیمدا بۆ چۆنیەتیی ئیدارەکردنی دەوڵەتەکەی پەنا بۆ ئایەتێکی قورئان، بەڵگەی زانستی پزیشکی و خوتبەیەکی ئیمامی عەلی ببات!

بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵی ڕێژیم بۆ قازانجوەرگرتن لە دۆخی سیاسیی دوای کوژرانی ڕەئیسی بۆ سارێژکردنەوەی برینی بەشداریی لانیکەمی خەڵک لە سێ هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵی ڕابردوودا و دەستەبەری لانیکەمی شەرعییەتی خەڵکی، کەچی کۆمەڵگە هێشتا نەکەوتۆتە کەشی تایبەتیی هەڵبژاردنەکانەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو کەلێنە بەرفراوانە دەگەڕێتەوە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست بووە، بەتایبەت کەلێنی بێمتمانەیی بە تەواوەتیی حاکمییەتی سیاسی کە خەڵکی لە هەرچەشنە دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی تەمابڕاو کردووە.

خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی سێ ساڵ لەوەپێشی سەرۆککۆماریشدا جوانترین و هەڵخەڵەتێنترین دروشمەکان بۆ گۆڕانکاری ئەویش لە نیزیکترین و بڕواپێکراوترین کەسەکانی خامنەیی، واتە ئیبراهیم ڕەئیسی بیست کە بەهۆی کاراکتێری سیاسی و ئەمنییەتیی خۆیەوە دەستی بۆ هەرچەشنە بڕیار و گۆڕانکارییەک ئاوەڵا بوو. بەڵام نەک هیچ کام لە وادە و بەڵێنەکانی وەدی نەهاتن، بەڵکوو گوشارە ئابوورییەکان ئەوەندەیتر ئەوکی خەڵکیان گوشی؛ توانای کڕینی خەڵک چەند قات پتر لە پێشوو دابەزی؛ پێڕاگەیشتن و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان کە مافی بێئەملاوئەلای خەڵکە ئاسەواریان نەما؛ ئازادییە سیاسییەکان هیچ، ماف و ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک ئەوەندەی تر پێشێل کران و گرینگتر لە هەموو ئەوانەش پەرەسەندنی سووکایەتی بە بایەخ و کەرامەتی مرۆیی خەڵک بوو کە لە کوژرانی ژینا ئەمینیدا گەیشتە ترۆپکی خۆی. هەر ئەوەش بوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و تێپەڕینی خەڵک لە تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

بایکۆتی دوو هەڵبژاردنی ئەم دواییانە ئاشکراترین ئەکتی سیاسیی خەڵک بۆ دژایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو. واتە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێزدەهەمی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ١٤٠٠دا ڕەئیسی بە کەمترین دەنگ ڕکابەریی لەگەڵ دەنگی سووتاو دەکرد و کەسانی دووهەم و سێهەمی دوای ڕەئیسی دەنگەکانیان کەمتر لە دەنگی سووتاو و باتڵ بوو، لە

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

هەڵبژاردنەکانی ١٤٠٢ی مەجلیسی خوبرەگان و شورای ئیسلامیدا ئاستی بەشداریی خەڵک ئەوەندەی دیکە لە کەمیی دا و تەنانەت لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا بە حاڵەحاڵ گەیاندیانە سەتا ٨. لێرەدایە خەڵک دەپرسن لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و لەو هەمووە بەناو گۆڕانکارییەی لە ئاستی بەڕێوەبردنی وڵاتدا کراوون، چ شتێک لە قازانج و بەرژەوەندیی خەڵک گۆڕاوە کە خەڵک هیوادار بە بەردەوامییەکەی بکات؟

لەو نێوەدا تاکتیکی ڕێژیم بۆ تێکدانی هاوکێشەکە و بردنەسەرێی ئاستی بەشداریی خەڵک کە زۆری بۆ گرینگە، هێنانەپێشێی مەسعوود پزیشکیانە. پزیشکیان کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ١٤٠٠دا ڕەدی سەڵاحییەت کرابوو، دوای ئەوەی لە بزووتنەوەی ژینادا پشتی دەسەڵاتی گرت و جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکی بە ئاژاوە و فیتنە بۆ زەبرلێدان لە حکوومەتی ئیسلامی ناو برد، ئێستا شیاویی خۆی پێ دراوە و ئەرکی کۆکردنەوەی دەنگی تورکەکانی ئێران و دەنگی ئیسلاحتەڵەبەکان - ئەگەر ڕمێنیان مابێت - و بە گشتی ئەرکی گەرمکردنی تەندووری هەڵبژاردنەکانی پێ سپێردراوە. بەڵام ئەمەش ئاسنی سارکوتانە. خەڵکی ئێران لێیان روونە هەر شەش کەسەکەی ئێستا لە گوێڕایەڵی بۆ خامنەیی و جینایەتکردن بۆ پاراستنی نیزام هەموو قۆناغەکانیان بڕیوە و بۆ حاکمییەت سپاردنی ئەو ئەرکە بە هەرکامیان هیچ لە هیچ ناگۆڕێت. خەڵک دەزانن بە فەرزی ئەوەی پزشکیان وەک کەسێکی بەناو نیزیک لە ئیسلاحتەڵەبەکان ناوی وەک سەرکۆمار لە سندووقەکان بێتە دەرێ مەگەر دەتوانێ لە پاپ کاتولیکتر بێت؟ مەگەر دەتوانێ لە محەممەد خاتەمی و حەسەن ڕووحانی دەستکراوەتر و بەدەسەڵاتتر بێت کە یەکیان دوای ٨ ساڵ گوتی لە تەدارەکچی بەولاوەتر هیچی دیکە نەبووە و ئەوەی دیکەیان گوتی هەتا خامنەیی هەبێت سەرکۆماری پۆستێکی تەشریفاتییە و لغاوی سەرەکیی دەسەڵات و سیاسەتەکانی وڵات لە دەستی بەیتی ڕێبەریدایە! لەوەش بترازێ، خۆ تەنانەت ئەگەر قالیباف، جەلیلی و پوورمحەممەدی یان هەرکام لە کاندیدا ئوسوولگەراکانی دیکە ناویان لە سندووق بێتە دەرێ مەگەر دەتوانن کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی سیاسەتەکانی خامنەیی هەبێت؟ بێگومان نا.

بۆیە خەڵکی ئێران لە سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانەکان بەردەوام دەبن و ڕێگە نادەن ڕێژیم بەشداریی ئەوان لە گەمەی بەناو هەڵبژاردنەکان وەک خاوەنیتیی شەرعییەتی سیاسیی بە نێوخۆ و دەرەوە بفرۆشێتەوە.

بەشداریی خەڵک کە ڕێژیم هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەندازیاری کردوە، هەم درز دەخاتە کۆدەنگی و کۆڕاییەک کە لە کۆمەڵگەی سیاسیی وڵاتدا بۆ ناگوتن بە کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە شکڵی گرتوە، هەم دەرەتانی ئەوەش بۆ ڕێژیم دەڕەخسێنێ پشوویەکی بێتەوە بەر و خۆی لە قەیرانی شەرعییەت بەتایبەت دوای بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕزگار

## پووشپەڕی: ۲۷۲٤

بکات. ئەمەش گرینگیی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی چەند قات زیاتر کردوە، چونکی بەشداریی کەمتر لە سەتا ٤٠ ئەوەندەی دیکەی بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامی تۆکمەتر و هیوادارتر بە داهاتووی بزووتنەوەی نارەزایەتییەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم دەکات. بۆیە هەر کەس و لایەنێک و بەهەر بۆچوون و پاساوێک پاڵنەر و هاندەری بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بێت، ئاوی ئاشی خامنەیی کردوە. جووڵانەوەی ژینا بەتایبەت لە کوردستان کۆتایی بە شەرعییەتی کۆماری ئیسلامی هێناوە و خۆی و چارەنووسی داهاتووی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە یەکلا کردووەتەوە و بە کەمتر لە ڕووخاندنی ڕازی نابێت.

۲ی پووشپەڕی ۲۷۲٤

# ڕێفۆرمخوازێکی گوێڕایەڵ




**ئاسۆ مینبەری**

دوابەدوای کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتێرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆمار و ٧ کەسی دیکە لە بەرپرسانی ڕێژیم لە دوانیوەڕی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی بانەمەڕی ئەمساڵدا، بڕیار درا لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕدا شانۆیەکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری نوێی ڕێژیم بەڕێوە بچێت. لە ماوەی ڕابردووشدا کۆمەڵێک کەس بۆ ئەم پۆستە خۆیان بەربژێر کرد و لە کۆتاییدا ٦ کەسیان لەلایەن شۆرای نیگابانەوە تەئیدی سەڵاحییەت کران و لەم شانۆیەدا بڕیارە دەنگیان بۆ وەربگیرێ. خۆپاڵاوتنی چەند ژن بۆ ئەم پۆستە یەکێک لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان بوو، چونکە ئەم بەربژێربوونە لە خودی خۆیدا کارێکی بێهوودە بوو بە ئاکامێکی دیارەوە؛ هەر بەپێی یاسای بنەڕەتیی خودی ڕێژیم تەنیا ڕەجاڵ (پیاوان)ی سیاسی دەتوانن ببنە سەرۆککۆمار و بەربژێربوونی ئەم چەند ژنەش تەنیا گاڵتەجارییەک بوو کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە چوو تاکوو بە خەیاڵی خۆی خەڵک فریو بدات و باس لە کراوەبوونی دەسەڵاتەکەی و ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەم دەسەڵاتەدا بکات. بەم پێشەکییەوە دەچمە سەر بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە، ئەویش تەئییدی سەڵاحیەتی یەک کەسی بەڕواڵەت ڕێفۆرمخواز و ٥ کەسی بناژۆخوازە لەلایەن شوڕای نیگابانی ڕێژیمەوە. ئەم جۆرە لە چنینی مۆرەکان لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێ ئاوا

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە مەسعوود پزشکیان تەنیا بەربژێری ڕیفۆرمخوازی ئەم دەورە لە هەڵبژاردنەکان، ئەویش ڕێک دوابەدوای ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی سەرۆککۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسیی جەلاد و هاتنەئارای بزووتنەوەی ژینا، بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە.

هەمووومان دەزانین کە شۆڕشی ژینا باسی لە گۆڕان ئەکرد، ئەو کەسانەی لەم شۆڕشەدا شەهید و بریندار بوون هەموویان هیوایان بە ڕووخان و گۆڕانی ئەم ڕێژیمە بوو، کەوابوو ڕێژیم بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٤٠١ پێی وایە بە تێکدانی باڵانسەکە و تەئییدی سەلاحییەتی ڕیفۆرمخوازێک دەتوانێ زۆرینەی کۆمەڵگە بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە، ئەوەیە خودی مەسعوود پزشکیانیش چەندین جار تاکوو ئێستا پەرژاوەتە سەر پرسی حیجاب و باسی لێ کردوە. بۆ نموونە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە کۆڕی ژنانی لایەنگری خۆیدا و لە کاتی پرۆپاگەندە بۆ شانۆی هەڵبژاردنەکاندا باسی لە پرسی حیجاب کرد و گوتی: "ئێمە ٤٠ ساڵە دەستێوەردان لەم پرسەدا دەکەین و دەمانەوێ بیسەپێنین، ئەو پیاوانەی کە خەریکی پەرەدان بە گەلاڵەی نوورن بڵێن ئایا ئەم دۆخە ئێمە دەگەیەنێت بە ڕووناکی؟ تاوانی ئێمەیە کە خەریکین خەڵک لە دین دوور دەکەینەوە!" ئەو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا گوتی "ئەوەی کە دەبێ لێی بدرێ ئێمەین، کچەکانمان کێشەیەکیان لەگەڵ باوەڕەکانی ئێمە نییە!"

هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی جۆزەردانیش لە کۆبوونەوەی پرسیار و وەڵامی خوێندکارانی زانکۆی فەنیی تاران، وێڕای ئەوەی کە گوتی بەرەوپێشچوون بە مەبەستی نەهێشتنی پرسی حیجابی زۆرەملێ جێبەجێ نابێ، بانگەشەی ئەوەی کرد هەوڵ دەدات پێش بە گەشتەکانی ئێرشاد و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ژنان بگرێت. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا پزشکیان ڕوو لە خوێندکاران و لاوان ڕایگەیاند: من باوەڕم بە ڕێبەر هەیە، مافی ئەوەتان نییە کە بێڕێزی بە کەسێک بکەن کە من باوەڕم پێیەتی.

لێکدانەوەیەکی ئەم قسانە دەتوانێ ئەم ئاکامە بەدەستەوە بدات کە پزشکیان تەنیا کاری لەم قۆناغەدا ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و پێداگری لەسەر پێگەی خامنەییە. بەو واتایە کە لەلایەکەوە بە باسکردن لە پرسی حیجاب و هەندێ ماف و ئازادییە زەوتکراوەکان سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر پێگە و دەسەڵاتی خامنەیی وەکوو کەسی یەکەمی ئەو دەسەڵاتە بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ناوی خۆی لە سندووقەکە نەیەتە دەرەوە!

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

له ڕاستیدا باسكردنی پزشكیان له پرسەكانی ژنان و بەتایبەت پرسی حیجاب دەكرێ له دوو لایەنەوه سەرنجی بدرێت، یەكەم ئەوەی كه له بزووتنەوەی ژینادا ـ به پێچەوانەی كوردستان ـ پرسی سەرەكیی ژنانی ناوەند هەر پرسی حیجاب بوو، كەوابوو ئەمە ڕێكارێك بۆ ڕاكێشانی ژنان بۆ سەر سندووقەكانی دەنگدان بە هیوای نەهێشتنی حیجابە؛ دووهەم، ئەوەی كه پزشكیان وەك تاكه بەربژێری ڕیفۆرمخواز وا بنوێنێ كه بەڕاستی ئەم دەسەڵاتە ڕیفۆرم هەڵدەگرێ و كێبركێ و یارییەكه هەر به قازانجی ڕێژیم بشكێتەوە و به پڕوپاگەندە بۆ ڕیفۆرمخوازێكی گوێڕایەڵ، ڕێژیم به ئامانجی خۆی كه بەڕێوەبردنی شكۆمەندانەی شانۆی هەڵبژاردنه بگات.

ئەزموونی ٤٥ ساڵی ڕابردوو، سەلماندوویەتی كه ژنانی سەر به نەتەوە بندەستەكان و بەتایبەت كوردستان هیچكات پرسی خۆیان له پرسی نەتەوەیی به جیا نەزانیوه و بەردەوام هەنگاوەكانیان لەم ڕاستایەدا هاتەریب بووە، كەوابوو هەزاران وادە و بەڵێنی وەكوو ئەمانەی كه پزشكیان باسیان دەكات و بەربژێربوونی دەیان كەسی ڕیفۆرمخوازی دیكەش ناتوانێ ڕوانگەیان بگۆڕێ و باش دەزانن كه دوژمنی ژیان و شوناسیان هەر خودی ئەم دەسەڵاتەیه. هەروەها هەبوونی دەیان كەسی ڕیفۆرمخوازی گوێڕایەڵی خامنەیی، وەك پزشكیان هیچ له پرسی سەرەكی كه تاوانباربوونی ئەو ڕێژیمەیه ناگۆڕێ و لای خەڵك ڕیفۆرمخواز و بناژۆخواز جیاوازییان نییه چونكه پێكهێنەری ئەو ڕێژیمەن و له هەر حاڵەتێكدا هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم دەدەن و دەیانەوێ پێگەی خۆیان ڕابگرن.

لەم شانۆیەدا ئەركی ئەخلاقیی تاكەكانی كۆمەڵگه ئەوەیه به بایكۆتكردن، شانۆی هەڵبژاردنەكانی ڕێژیم وەك شانۆكەی ١١ی ڕەشەمە، تووشی شكستێكی گەورە بكەن.

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# شانۆی هەڵبژاردن لە سێبەری "هامستەر"دا



ڕەزا دانشجوو

مەرگی گوماناویی ئیبراهیم ڕەئیسی، خزمەتگوزاری کاربەڕێکەری دەستگای وەلایەتی فەقیهـ بەدەر لە هەموو ئەو ناڕوونی و گومانانە، تاکە شتێکی کە بۆ خەڵکی ئاسایی ئیران بە دوای خۆی هینا، بابەتی نوکتە و گاڵتەکردنی ڕۆژانە بوو. ئەوەی لە سەرۆککۆماری هەمیشە لە پەراوێزی ڕێژیمی ئیسلامی لای خەڵک بە یادگار ماوە، هەڵە بێشومارەکانی لە قسەکردن و ڕاوێژی لەگەڵ میدیاکاران بوو. ڕەئیسی کە بە کەمترین ڕێژەی بەشداریی خەڵک و لە ڕاستیدا بە یارمەتی بەیتی ڕێبەری ڕێژیم بوو بە سەرۆککۆمار، لە تەمەنی کورتی کارکردنیدا هەرگیز نەیتوانی کەسایەتییەکی سەربەخۆ نیشان بدات و هیچ کات ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سیاسەتی ڕێژیمدا نەبوو. سەرۆککۆماریک کە نە هاتنە سەرکار و دانانی لە لایەن عەلی خامنەیی و نە مردنی گوماناویی هیچ گرنگییەکی لای خەڵک نەبوو!

هۆکاری مردنی ڕەئیسی هەرچییەک بێت، نابێتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەک لە هەلومەرجی کۆماری ئیسلامیدا. نە سیرک و شانۆی هەڵبژاردن دەتوانێت قەرەبووی ئابڕووی لەدەستچووی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە و نە پەلەقاژەکانی ڕەوتی

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

بەناو ئیسلاحات دەتوانێت ڕوح وە بەری جەستەی نزار بێگیان و ڕوو بە مەوتی کۆماری ئیسلامی بێنێتەوە. شانۆی گاڵتەجاڕی بە ناوی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم کە بە خۆتۆمارکردنی سەدان کەس لە کاربەدەستانی ڕێژیم دەستی پێ کرد، نیشانی دا ڕێژیم هیچ بژاردەیەکی نوێی نییە کە تەنانەت بتوانێت ئەم تاقمە کەسەی ئێستاش هیوادار بە چاکسازی لەنێو چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدان بۆ دەنگدان هان بدات .

خۆ تۆمارکردنی وەزیر و ئەندام پارلەمان و پارێزگار و هتد دەریخست کە بەپێچەوانەی قۆناغەکانی پێشووی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم ئیستا تەنانەت توانایی پاراستنی لانیکەم دیسیپلینەکانی نێوخۆی بۆ ئەو پرۆسەیەی پێی دەگوترێت هەڵبژاردن نەیماوە. جگە لە "سبزوار رضایی میرقائد (موحسین ڕەزایی)"، کاندیدی هەمیشەیی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککوماری ڕێژیم! لە مەحموود هەتا "دکتر سردار خلبان قالیباف!" هێرشی بەلێشاوی کاربەدەستانی ڕێژیم لە ناسراو هەتا نەناسراو بۆ خزمەتکردن! دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر بوو.

سەرۆککۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە شانۆی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا ئێتر تەنانەت کێبەرکێی تاقمێک کەسی پاڵێوراوی تایبەت لەلایەن شۆرای نیگابان نییە و سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا و گوماشتەی ڕاستەوخۆی بەیتی ڕێبەرییە. لیستی پاڵێوراوانی خولی تازەی پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن لەلایەن شوڕای نیگابانەوە دەرخەری دو خاڵی گرنگە:

یەکەم وادیارە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بێهیوا لە سناریۆی هاندانی جەماوەری لە ڕێگەی تۆقاندنی خەڵک لە مەترسیی هێرشی وڵاتانی بیانی یان دوژمنی خەیاڵی پەنای بۆ ڕەوتی بەناو ئیسلاحات بردوە و دەیهەوێت جارێکی تر بە پشتیوانی تیۆریی خراپ و خراپتر سەرنجی خەڵک بۆ شانۆی هەڵبژاردن ڕابکێشێت. ئەو ڕەوتە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئاڵقەی سەرەوەی دەسەڵات دوور خرانەوە و خانەنشین کران ئێستا بە هیوای وەرگرتنی پۆست و پایە دیسان لە خزمەتی دیکتاتۆردان. بەرەی بەناو ئیسلاحات کە ڕۆڵی سەرەکییان لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە کوشتار و سەرکوتکردنی نەیارانی ڕژیم هەبووە، هەرچەند دوای هاتنەسەرکاری عەلی خامنەیی بەراورد بە سەردەمی خومەینی زۆر کەمتر لە دەسەڵات بەشدار بوون، بەڵام هەمیشە و لە کاتی قەیرانەکاندا ڕۆڵی خۆیان وەک ڕزگارکەری ڕژیم بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان بە مەبەستی پاراستنی ڕێژیم گێڕاوە.

خاڵێکی گرنگی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت بێبەشکردنی کەسانی وەک مەحموود ئەحمەدینژاد و عەلی لاریجانییە.

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

ئەم بابەتە جارێکی تر نیشانی دا لە ڕوانگەی ویلایەتی فەقیهەوە، هەموو خزمەتگوزارییەک بەرواری بەسەرچوونی هەیە، کاتێکیش بەسەرچوو، ئیتر دەرفەتی بەکارهێنانی نامێنێت. جگە لەوەش گرنگە بگوترێت جەنابی دیکتاتۆر هیچ کات ڕازی نابێت نۆکەران و خزمەتگوزارانی زیاتر لە ڕادەیەک گەورە ببن و ببیندرێن! چارەنووسی هەموو سەرۆککۆمارەکانی ڕێژیم دوای کۆتاییهاتنی خولی سەرۆکایەتییان ئەم ڕاستییە دەردەخات.

بڵاوکردنەوەی لیستی کاندیدە پاڵێوراوانی سەرۆککۆماریی ڕێژیم نەک هەر کەسی تووشی سەرسوڕمان نەکرد، بەڵکوو لە بنەڕەتدا ڕووبەڕووی هیچ کاردانەوەیەکی جەماوەریی خەڵک نەبۆوە. گوێنەدان بە پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرنجنەدانی خەڵک بۆ شانۆی هەڵبژاردن وای کرد فەرماندەی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی هێرش بەرێت بۆ یارییەکی بە ناو "هامستەر" و وەک پیلانی دوژمنان بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردن ناوی ببات! فتوای چەند ئاخوندی شیعەی نزیک لە دەسەڵات سەبارەت بە حەرامبوونی ئەم یارییە، بەشێکی تری ئەم شانۆ گاڵتەجاڕییەیە. جێگای سەرسوڕمانە کاتێک خەڵکی وڵاتێک پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری وڵاتەکەیان کە بەپێی یاسا کەسی دووەمی وڵاتەکەیە پشتگوێ دەخەن و سەرقاڵی یارییەکی ئاسایی دەبن! بەڵام ئەمە دەرەنجامی چڵ و چەند ساڵی حوکمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە! دوانەی خەڵک و دەسەڵات! خەڵکێک کە باوەڕی بە هیچ قسەیەکی حکوومەت نەماوە و تەواو پێچەوانەی حکومەت ڕەفتار دەکات! سیرک و شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیم ئێستا لەژێر کاریگەری یارییەکدایە و توانای ڕکابەری گەمەیەکی سادەی نییە! ئەمە لوتکەی ململانێی نێوان حکومەت و خەڵکە!

خەڵک ماندوو و بێزار لە ڕێژیم و هەموو بژاردە دووبارەبووەکانی، بۆ بەدەسهێنانی کەمێک پارە بەدەر لە ئەگەری ڕاستی و دروستی حازرن شەو و ڕۆژ بە پەنجە لە شاشەی مۆبایلەکەیان بدەن، بەڵام ئامادە نین تەنیا جارێکی تر پەنجەیان بۆ بەشداریکردنی لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم مۆر بکەن! کۆماری ئیسلامی بێتوانا لە ورووژاندنی هەستی خەڵک بۆ بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردن وەک هەمیشە بە بڵاوکردنەوەی درۆ و کەڵکوەرگرتن لە ئایین و میدیا وەک ئامرازێک دەیەوێت لەو قەیرانە ڕزگاری بێت.

ئێستا "هامستەر" و هەوڵدان بۆ ئەگەری بەدەستهێنانی کەمێک پارە بۆ خەڵک زۆر لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی داهاتووی کۆماری ئیسلامی گرنگترە! ئەمە نرخ و بەهای کۆماری ئیسلامییە لە چاوی جەماوەری خەڵکدا! دەسەڵاتێک لە گەمارۆی بیروڕای گشتیدا بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە زۆر ناشیانە پەنا بۆ کارتی سووتاوی ئیسلاحات دەبات و لە حاڵی کایەکردن بە تەواوی سەرمایەکانی، ڕووبەڕووی پشتگوێخستنی کۆمەڵگە دەبێتەوە! ئیتر هیچ شتێک خەڵک ناگەڕێنێتەوە

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**سەر سندوقەکانی دەنگدان. نە کارتی سووتاوی ئیسلاحات، نە توقاندن و ترساندن لە دوژمنی بیانی! ئێستا بژاردەی خەڵک لەنێوان جەلیلی، قازیزادە، زاکانی، پزیشکیان، پوورمحەممەدی و قالیباف "هامستەر"ە!**

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

---

# شکۆی خەونی خەبات




**شەهید خدر مووسەوی‌فەڕ (سێهەمین شەهیدی بنەماڵە)**

## برایم چووکەڵی

کاتێک دەزگای ساواکی ڕێژیمی شاهنشاهی لە ساڵی ١٣٣٨ پەلاماری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دا، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی ئیندرقاش لە ناوچەی مەهاباد خدر چاوی بە دنیای پڕناعەداڵەتی هەڵێنا. خدر هێشتا منداڵ بوو بنەماڵەکەی ماڵ و شوێنی ژیانیان بۆ شاری مهاباد گواستەوە. ئەو سەرباری دۆخی نالەباری ئابووریی ژیان و گوزەرانی بنەماڵەکەی توانی هەتا کۆتایی قۆناغی خوێندنی ناوەندی ببڕێت. خدر کوڕێکی ژیر و وریا بوو، هۆگرییەکی زۆری بە وەرزش بوو، و لە تیمی لاواندا چەندین جار لە پێشبڕکێی ڕاکردن لە ئاستی شارستان و ئوستاندا بەشداریی کرد و پلەکانی دووهەم و سێهەمی بەدەست دێنا.

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

له کاتی دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، خدر مووسەویفەڕ پۆلی سێهەمی ناوەندیی دەخوێند. ئەویش کە لەنێو گەوەکانی بێبەشی و چارەڕەشەکانی ژیانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەیدا گەورە ببوو، تامەزرۆی ئازادی گەلەکەی بوو. بۆیە لەگەڵ ئەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب ڕاگەیەندرا، قۆڵی لە خەباتی هەڵماڵی و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کرد و لە زۆربەی مەئمووریەتەکانی حیزبدا شانی وەبەر ئەرک و بەرپرسایەتی دا. کاتێکیش بە فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی گەلی کورد شەڕ بە سەر کوردستاندا سەپا، ئەو لەخۆبوردووانە بە بەشداری لە چەندین عەمەلیات دژی هێزە بەکرێگیراوەکانی رێژیم ورەبەرزی و ئازایەتیی خۆی پێشان دا؛ بە چەشنێک کە پاش دوو ساڵ پێشمەرگایەتی خدر وەک یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پیشەوا ناوبانگی دەرکرد.

شەهید خدرموسەویفەڕ بەهۆی وشیاری، لێوەشاوەیی و تواناکانیەوە بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا دیاری کرا. بەشداریکردنی بەرچاوی لە تێکشکاندن و تەفروتووناکردنی هێرشکەران لە شەڕی ٣ مانگە لە ناوچەی شاروێران نیشانی دا بەحەق کوڕێکی ئازا و قارەمانە. چەند جارێک کە زۆر بەتوندی بریندار دەبوو، پاش سارێژبوونەوەی برینەکانی بێئەوەی تۆسقاڵێک لەسەر ورە و بیروباوەری کاریگەر بێ، دەگەڕایەوە سەنگەری دیفاع لە نەتەوەکەی.

شەهید خدر هەر مەئمووریەتێکی پێی ئەسپێردرابا، بە ڕووسووری بەڕێوە دەبرد و خسڵەتی پێشمەرگانە و کۆبوونەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی لەلای بەرپرسانی حیزبی لە ناوچەی مەهاباد هەتابڵێی خۆشەویستی کردبوو. لە درێژەی ژیانی پێشمەرگایەتیشیدا بەهۆی لێهاتووییەکەی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا و لەو بەرپرسایەتییەشدا بەڕاستی نیشانی دا ڕۆڵەی بەزیپکوزاکوونی حیزبەکەیەتی. کاتێک رێژیمی کۆماری ئیسلامی شاری مەهابادی داگیر کرد، زۆر شەوان دەنگی چەکی خدر مووسەویفەڕ و هاوسەنگەرانی لەنێو شاردا دەنگی دەدایەوە و خوشحاڵیی دەخستە نێو دڵی خەڵکی شار. تەنانەت بۆ جاری دووهەم لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لە مەیدانی حەیوانان برینێکی قورسی هەڵگرت، بەڵام ئەو برینانە نەیانتوانی کوڕی شۆڕشگێری دێموکرات لە خەبات و تێکۆشان شڵ بکەنەوە و پاش سارێژبوونەوەی برینەکانی دەمودەست دەگەڕایەوە سەنگەری بەرگری لە ئازادی. ئەو حەماسانەی لە شەڕەکانی گوێکتەپە، دارەلەک و دەشتی شارویراندا لەسەر دەستی خدر خوڵقان، هەتاهەتایە لە مێژووی خەبات و خۆڕاگریی گەلەکەیدا دەمێننەوە.

شانازییەکی دیکەی شەهید خدر ئەوەیە سێهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی و دوو برای قارەمانی دیکەی بە ناوەکانی سەعید و عەبدوڵڵا لە ریزی تێکۆشەرانی دیموکراتدا شەهید بوون.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**مێژووی پڕ لە شانازی و پڕ سەروەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕابردووی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ لە فرمێسک و خوێن و دارماڵ لە حەماسە و خۆڕاگریی خۆی ئەم حیزبە، پشت ئەستوور بە پشتیوانی هەمە ایەنەی خەڵکی کوردستان و هێزی باسک و دەست و مەچەکی ڕۆڵە فیداکارەکانی بنیات نراوە. ئەم خەبات و قوربانیدانە و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمە دژ بە کوردە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا درێژەی بووە و لەو پێناوەدا زۆر ڕۆڵەی ئەم خاک و ئاوە گیانیان داناوە. خدریش هەر لەو پێناوەدا سەرئەنجام بەڵێنی وەفاداریی بە حیزب و نەتەوەکەی بردە سەر و بە ڕووسووری دەستەملانی خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی بوو.**

**لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بە فەرماندەیی خدر ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ بەپێی گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتی هێرشیان کردە سەر بەکرێگیراونی کۆماری ئیسلامی نیشتەجێ لە موڵگەی دێبوکر. پاش شەڕێکی قارەمانانە بەداخەوە کوڕی تێکۆشەری دێموکرات بوو بە سێهەمین شەهیدی بنەماڵەکەی و لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی ئەبووبەکر ئەفرەنگە شەهید بوون. بەمجۆرە تێکۆشەرانی هێزی پێشەوا فەرماندەیەکی بوێر، ڕۆڵەیەکی نەبەز و وەفاداریان لەدەست دا، بەڵام ڕێگای کوێر نەبۆوە و هەزاران لاوی دیکەی ئەم نیشتمانە ڕێگا و ڕێبازی خدریان گرتە بەر.**

**"تۆ**
**ئەی شکۆی خەونەکانی خەبات،**
**تۆ چەکاوەی شیعرەکانمی و**
**چەپکەگوڵی**
**سەر یەخەی ئازادیی سبەی"**

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# "مناظرە"ی هەڵبژاردنەکان، ئاوێنەی باڵانوێنی ڕێژیم



**سمایل شەرەفی**

"مناظرە"ی تلویزیۆنیی بەربژێرەکانی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ئێران کە لە دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمەوە بڵاو بوونەوە، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەم سیستەمە داخراو و نادێموکراتیکە بوون. چوارچێوەی منازرەکان - کە فەرمان و دەستووری سەرەوەیان پێوە دیار بوو - تەواو داتاشراو و ئەندازیاریکراو بوو. لە هەموو شتێک دەچوو جیا لە منازرە و گەنگەشە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی میدیایی. بەربژێرە دیاریکراوەکان کە مەسەلەن هاتوون سەرۆکایەتیی دەوڵەتی وڵاتێک بەدەستەوە بگرن و سەرنجی خەڵک بۆ لای بەرنامەکانیان ڕابکێشن، پێش هەموو شتێک، لەلایەن بەڕێوەبەری منازرەکەوە وەک تۆمەتبار هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرا و دەستووریان پێ دەدرا کە چ بڵێن و چۆن قسە بکەن. ئەو بەناو کارناسانەی کە بەئەنقەست وەک پرسیارکەر و چاودێری ڕووبەڕووبوونەوەکان دیاری کرابوون، نەتەنیا پرسیاری خەڵکیان لە بەربژێرەکان نەدەکرد، بەڵکوو بە تەواوەتی پێیانەوە دیاربوو چوارچێوەی پرسیارەکان دەبێ چی بن و لە کام بەربژێر چ پرسیارێکی ئامانجدار بکرێ، هەروەها لە کەس شاراوە نەبوون کە کارناسی سەر بە دەسەڵات بوون نەک لە بەرەی خەڵک.

وەک لە چەند ڕاپرسییەکی فەرمی و نافەرمیدا دەرکەوت، منازرەکان وەک چاوەڕوان دەکرا، نەیانتوانی سەرنجی خەڵک

ڕابکێشن کە جیا لە زاڵبوونی ڕۆحی سانسۆڕ و ئەندازیاریکردنی سازمانی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم، چەند هۆکارێکی دیکە لەم ساردوسڕبوونەی منازرەکاندا شوێندانەر بوون.

پێش هەموو شتێک خودی ماهییەتی بەتاڵی پرسی هەڵبژاردن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بێهیوابوونی خەڵک لەم ڕێژیمە و تێپەڕینیان لە باڵ و باندەکانی ئەم نیزامە، هۆکاری سەرەکیی ئەم ساردی و سڕییەیە. بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی بزووتنەوەی ژینا و پڕڕەنگتربوونی گوتاری تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بە بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازییەوە، پرسی هەڵبژاردن لەم سیستەمەدا مانایەکی ئەوتۆی نەماوە. بەڵام جیا لەم هۆکارە بنەڕەتییە، کەسایەتیی خودی هەر شەش بەربژێرەکە و شێوازی دەرکەوتن و ڕوانگەکانیان، توانای جووڵاندنی هەست و ڕەفتاری گەلانی ئێرانی نەبوو و نییە. هیچکامیان – لانیکەم بۆ تەبلیغاتیش بێ – خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون و خەڵک پەسەند نین و نەبوون. هەژاریی فکری بە هەموویانەوە دیارە و ئەوەی دەیانگووت و دەیڵێن جیا لە هێندێک درووشم و قسەی کلیشەیی و گشتی کە بەلای خەڵکەوە سواو و بێزراون، شتێکی دیکەیان پێ نەبوو. کە قسە لە دۆخی ئابووری وڵات و ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکەن، جیا لە یەکتر تاوانبارکردن و خۆدەربازکردن لە بەرپرسیاربوونیان بەرانبەر بەو ڕۆژەڕەشییەی هەر هەموویان بۆ خەڵکیان بەدیاری هێناوە و وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێرانیان بۆ خەڵکەکەی کردۆتە کەلاوەی هەژاری و دانی کۆمەڵێک درووشمی بێبنەما، هیچ نەخشەڕێیەکی ڕوونیان نییە.

ئەوەی لەو بەناو منازرانەدا لەهەموو شتێک ناخۆشتر و ناپەسەندتر بوو، خۆ لێدان لە کۆمەڵێک باس و بابەت بوو کە ڕۆژانە خەڵکی ئێران وەک سووکایەتی و سەرکوت و بێڕێزی بە خۆیان بە ڕەگ و پێستەوە هەستی پێدەکەن. بەڵگەلێک کە هەر ئەم جەنابانە هەرکام بە جۆرێک لە داسەپاندنیان بەسەر گەلانی ئێراندا، ڕۆڵیان تێیدا هەبوو. بابەتەکانی وەک سەرکوتی سیستماتیک، توندوتیژی، هەڵاتنی مێشکەکان لەوڵات، سەرکوتی ژنان، داسەپاندنی حیجابی زۆرەملی، فیلتێرکردنی ئینترنێت، گرانبوونی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوون، دزی و گەندەڵیی سیستماتیک بەهەموو جۆرەکانییەوە.

ئەم بەربژێرە داسەپاوانە بەجۆرێک باس لەم بابەتانە دەکەن و بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە، ئیدیعای چارەسەرکردنیان دەکەن، وەک بڵێی هیچیان لە پەسەندکردنی یاسا سەرکوتکەرەکان و بەڕێوەبردنی ئەم گوشارانە بۆ سەر خەڵک، بەشدار نەبوون و تا ئێستا لە دەرەوەی هەر سازوکارێکی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرەوە بوون و ڕاوەستاون.

لەم نێوەدا و لە ڕەوتی منازرەکاندا، یەکێک لە بەربژێرەکان کە بە ڕواڵەت وا نیشان دەدات لە بەرەی ئەوبەری پێنج

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

بەربژێرەکەی دیکەی سەر بە باڵی بناژۆخوازە و، بەرواڵەت و تا ڕادەیەکیش بەئاشکرا بەرەی بەناو ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم پشتیوانی لێ دەکەن، ئەویش خاوەنی بەرنامە و نەخشەڕێیەکی ڕوون نییە وەک لە سەرەتاوە گوتی؛ "ئامانجی لە بەربژێربوون، بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانە."

ناوبراو کە لە منازرەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەربژێرەکانی دیکەدا، زیاتر خەریکی خوێندنەوەی نەهجەلبلاغە و بەنموونە هێناوەی شێوازی دەسەڵاتی ئیمان عەلی لە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا و پێچانەوەی وەک نووسخەیەک بۆ شێوازی بۆبەڕێوەبردنی ئێرانی سەردەمی ئێستایە، ڕاستگۆیانە باس لەوە دەکات کە ئەگەر ببێتە سەرۆککۆمار نابێ و ناتوانێ لە سیاسەت و ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی عەلی خامنەیی هەنگاوێک ئەولاتر بنێت.

بە گشتی ئاکامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە میدیاییانەی بەربژێرەکانی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، هەم بۆ دەسەڵات و هەم بۆ خودی بەربژێرەکان جیا لە دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیم و دەنگ و ڕەنگەکەی و بەتاڵبوونی پرسی هەڵبژاردن لەم وڵاتە، هیچی دیکەی تێدا دەستەبەر نابێ و خەڵک بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان یان گرتنەپێشی هەر ڕەفتارێکی دیکەی مانادار – کە بەهیچ شێوەیەک نابێ بە مانای لایەنگری لە ڕێژیم لێک بدرێتەوە – پەیامێکی قایمی دیکەی "نا" و "نەویستن"ی خۆیان بە تەوایەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێننەوە.

**٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

## بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران، شانۆگەرییەکی چەندین ساڵە




**هێرۆ عەزیزی**

پرۆسەی هەڵبژاردن لە دنیای ئازاددا بە مەبەستی خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ و پێکهێنانی هەل و دەرفەت بۆ هاتنی ڕوخساری تازە و بیری نوێ و گۆڕان و نوێکردنەوەی سیستەمی بەڕێوەبەری بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، پرۆسەی هەڵبژاردن حاڵەتی ڕواڵەتی و نمایشی هەیە و لە ڕاستیدا ڕێژیم هەڵبژاردن وەکوو پاساوێک بۆ خەڵکیبوونی خۆی نیشان دەدا و ئەوە پرۆسەیەکە کە چەندین ساڵە دووپات دەبێتەوە و لەو چەند ساڵەدا هیچ گۆڕانێک لە بەرژەوەندیی خەڵک و کۆمەڵگە ڕووی نەداوە، سیستەمی سیاسەتداڕێژی و بەڕێوەبەریی هەر ئەو سیستەمەیە و ئیدئۆلۆژییەک کاری پێ دەکرێ کە چوار دەیە لەوە پێش لەسەری دامەزراوە و بەتوندی لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕان لە کێشەدایە.

ئەوەی بۆ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لەو بەناو هەڵبژاردنانەدا گرینگە، هێنان و هەڵبژاردنی کەسانی گونجاو و خەڵکیی و پڕکردنەوەی پۆستەکانی دەسەڵات بە کەسانی شیاو نییە، بەڵکوو کۆکردنەوەی دەنگ و ڕاکێشانی خەڵکە بۆ سەر سندووقی

دەنگدان چونکە ڕێژیم لەمێژساڵە تووشی قەیرانی گوفتمان و هەروەها مەشرووعییەتی سیاسیی و خەڵکیی بووە و کۆنترۆڵی هەموو کێشەکانی لەدەست چووەتە دەر و ئەوەی ڕێژیمی تا ئێستا لە ڕووخان ڕزگار کردووە، پەنابردن بۆ زەبری ئاور و ئاسن و سەرکوت و زیندان و ئێعدام بووە.

لە ڕاستیدا کەڵکاوەژوو لە دەنگی خەڵک لە ئێستادا گرینگیی حەیاتیی بۆ ڕێژیم هەیە و ڕێژیم بە دەنگی خەڵک بە هەر شێوەیەک بێ دەتوانێ بۆ درێژبوونەوەی دەسەڵاتی نگریسی خۆی بەکاری ببات و وەک ئامرازێک بۆ ڕەواییدان بە مەشرووعییەتی خۆی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوە کەڵکی لێوەربگرێت.

ئاکامی بەناو هەڵبژاردنەکانی یەک دەیەی ڕابردوو پێمان دەڵێن دەنگدان و بەشداریی خەڵک لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا ئەوەندە کەمی کردووە کە ڕێژیم لەبەر خەڵک دەپاڕێتەوە کە بێن دەنگ بدەن دەنا کەڵک لە شێوازگەلی تایبەت بۆ تێوەردانی خەڵک لەو پرۆسەیە و ڕاکێشانی خەڵک دەکات.

پڕوپاگەندەی زۆر و زەوەند و بێبنەما بۆ پاڵێوراوان و ڕەتکردنەوەی هەندێک و دواتر پەسندکردنیان بە مەبەستی خۆشەویست کردنیان لەلای خەڵک، برەودان بە هەستی ناوچەگەرێتی، کەڵکاوەژوو لە هەستی نەتەوەیی و مەزهەبی بەتایبەت لەو ناوچانەی کە دوو نەتەوەی لێ دەژین، تێخزاندنی پاڵێوراوی نوێ، کەمکردنەوەی تەمەنی دەنگدان، بەڵێنی دامەزراندنی منداڵی خەڵک و دابەشینەوەی کەلوپەلی تایبەت لەلایەن کاندیداکانەوە بەسەر خەڵکدا، لەو ڕێگایانەن کە ڕێژیم بۆ ڕاکێشان و بەشدارکردنی خەڵک بەکاریان دەبات. دیارە سەرانی دەسەڵاتداریی ڕێژیم لە ئێستادا بە هەر شێوەیەک بووە خەریکن کارێک دەکەن کە خەڵک تەنانەت بە دەنگی بێلایەنیش بێ بەشداریی بکەن.

"بۆ دەرچوون لە دۆخی شپرزی هەنووکەیی پێویستە دەنگ بدرێ"، "دەنگنەدان کێشەیەک چارەسەر ناکا"، "دەنگنەدان هیچ فایدەیەکی نییە" و چەندین قسە و وتەی دیکە لەو قسانەن کە سەرانی ڕێژیم بۆ نەهێشتنەوەی چارە تەحویلی خەڵکی دەدەن.

### لەو دۆخەدا، بۆچوونی زۆربەی خەڵک چییە؟

خەڵک بە زۆرینە هەر لە بنەڕەتدا ئەو ڕێژیمەیان قەبووڵ نییە هەتا بۆی بێنە سەر سندووق و دروشمی خەڵک ڕووخانی


## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

ڕێژیمە و قسەیان ئەوەیە هەر کەس دەنگ بدات، ئاوی لە ئاشی دوژمن کردوە، دەنگ بە چی بدرێ؟ بە ٤٥ ساڵ دزی و هەڵاوسان و گەندەڵی؟ هەروەها خەڵک دەڵێن ئایا لەبیر چووەتەوە کە هەر ئەو بەناوانوێنەرانە بوون ساڵی پار لە پارلمانی ڕێژیمی ئێراندا داوای سزای زیندانی و ئێعدامیان بۆ لاوانی وەزاڵەهاتووی ئەو وڵاتە دەکرد؟ دەکرێ لەبیر بچێتەوە کە هەر ساڵێک لەوەپێش ئەو ڕێژیمە بوو لاوانی ئەو وڵاتەی لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شارەکان دەدایە بەر گوللە و دەیان وتەی دیکە.

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر نەتەوەکانی نێو ئێران و بەتایبەت کورد، کە لە سەرەتاوە دەنگی بەو ڕێژیمە نەداوە و ناسین و ڕەتکردنەوە ئەو ڕێژیمە و بەربەکانیی لەگەڵی هەر لە سەرەتاوە یەکێک لەو سیاسەتانە بووە کە ئێستاشی لەگەڵدابێ لەسەری هەر بەردەوامە و کوردستان زیاتر لە ٤٥ ساڵە سەنگەری ئازادی و بەربەرەکانیی دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانە.
لە دۆخی ئێستادا بایکۆت باشترین ڕێگا بۆ کزکردن و زەبرلێدان لە ڕێژیمی ئێرانە و لەو ڕێگایەوە هەم دەتواندرێ مۆری ڕەتکرانەوە بە نێوچاوانی نیزامی دیکتاتۆری و تۆتالیتێرانەی ڕێژیم بدرێ و هەروەها ئەمە دەتوانێ خاڵێکی گوزار و تێپەڕین لەو ڕێژیمە بێ و چوونەنێو قۆناخێکی نوێی شۆڕش و ئینقلابێک بێ کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا هەر ڕوو دەدا.

٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ڕێژیمی ئێران



ئازاد مستۆفی

بەکارهێنانی بارمتە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک ئامرازێکی دیپلۆماسی و سەرکوت، لاپەڕەیەکی ڕەشە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەم تاکتیکە کە زۆرجار بە "دیپلۆماسیی بارمتەگیری" ناودەبرێت، بریتییە لە ڕفاندن یان دەستبەسەرکردنیی ستراتیژیی هاوولاتیانی بیانی بۆ فشارخستنەسەر وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی کاتێک تێرۆریستانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات دەستگیر دەکرێن. سەرەتای دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٣٥٧ کە ڕووخانی شا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لەژێر ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینیدا بوو. یەکێک لە بەدناوترین جارەکانی بارمتەگرتن دوای ماوەیەکی کەم لە شۆڕش ڕوویدا، کاتێک میلیشیاکانی سەر بە خومەینی دەستیان بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاراندا گرت و بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ٥٢ دیپلۆماتکار و هاوولاتی ئەمەریکییان بە بارمتە گرت. ئەم ڕووداوە نەک هەر پێشینەیەکی بۆ کردەوەکانی داهاتوو دانا بەڵکو ئامادەیی ڕێژیمی پێشان دا بۆ بەکارهێنانی بارمتە وەک ئامرازێک لە دانوستانە نێودەوڵەتییەکاندا.

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

## پەرەسەندنی دیپلۆماسیی بارمتەگیری

### - شەڕی ئێران و عێراق و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو

لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ڕێژیمی ئێران و میلیشیاکانی بەشدارییان لە زۆر ڕووداوی بارمتەگرتندا کردوە. دیارترینیان زنجیرەیەک ڕفاندن بوو لە لوبنان لەلایەن حیزبوڵڵای لوبنانەوە کە گرووپێکی چەکدارین و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئێراندا هەیە. بارمتە ڕۆژئاواییەکان کە ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمیسیەن بوون، دەرفێندران و وەک موزایەدە بەکار دەهێنران بۆ فشارخستنە سەر حکومەتەکانی ڕۆژئاوایی. ئازادکردنی ئەم بارمتانە زۆرجار دانوستانی ئاڵۆز و ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان یان گرێبەستی چەک و تەقەمەنیی لەخۆ گرتبوو، ئەمەش لێهاتوویی ڕێژیم لە دەستکاریکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە قازانجی خۆی دەسەلماند.

### - ساڵانی نەوەدەکان و سەرهەڵدانی دیپلۆماسیەتی بارمتەی ئەورووپی

لە دەیەکانی ٧ۆی هەتاویدا سەرنجی ئێران لەسەر بارمتەگرتن گواسترایەوە بۆ ئەورووپا. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوە و بەتایبەتی لە ئورووپا بوونە ئامانجی سەرەکی. ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم بۆ بێدەنگکردنی ڕەخنەگران و نەیاران، تێرۆر و ڕفاندنیان دەست پێکرد. یەکێک لە دۆسیە دیارەکانی تێرۆرکردنی سەرکردەکانی کورد بوو کە دواتر لە دادگای مێکۆنووسی ئاڵماندا، ڕەهەندەکانی ئەم تاوانە بە بەڵگەوە سەلمێنرا. تیرۆرکردنی دکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە میکۆنۆسی بەرلین لە ساڵی ١٣٧١ بووە هۆی دروستبوونی قەیرانی دیپلۆماسی لە نێوان ئێران و چەند وڵاتێکی ئەورووپی.

### - دەیەی دووهەزار: ئاڵۆزتربوون و دەسپێڕاگەیشتن بە جیهان

دەیەی دووهەزار، دیپلۆماسیی بارمتەگیری ڕێبازێکی ئاڵۆزتری بەخۆیەوە دیت. ئێران ڕێگەی یاسایی و نایاسایی بۆ دەستبەسەرکردنی هاووڵاتیانی بیانی بەکارهێنا. دەستگیرکردن و ڕاگرتنی هاووڵاتیانی خاوەن دوو ڕەگەزنامەیی وەک ئێرانی-ئەمریکی، ئێرانی-ئورووپی بووە تاکتیکێکی باو بۆ ڕێژیمی ئێران. ئەم کەسانە زۆرجار تۆمەتبار دەکران بە سیخوڕیکردن یان هەڵسوکەوتی دژی ئاسایشی نەتەوەیی، تۆمەتەکان بێبنەما و پاڵنەری سیاسی بوون. دۆسیەی ڕۆژنامەنووسی ئێرانی-ئەمریکی ڕۆکسانا سابیری لە ساڵی ١٣٨٨، نازەنین زاغەری خێرخوازی ئێرانی-بەریتانی لەساڵی ١٣٩٥ نموونەی ڕوونی ئەم تاکتیکەیە. گرنگە ئاماژە بەم خاڵە تەناهییەش بکریت کە یەکێک لە تاکتیکەکانی ڕێژیمی ئێران

له بارمتەگرتنی ئێرانییەکانی خاوەن دوو ڕەگەزنامە، بەکارهێنانی هاوولاتییه ئێرانییەکانە کە پێش بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی بیانی لەلایەن دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی ئێرانەوە ڕاهێنان و ڕێنمایی دەکرێن و لە ڕۆژی پێویستدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

## ساتوسەودای ئەورووپییەکان و دەرەنجامەکانی

### - ستراتیژیی ساتوسەودا

ولاتانی ئەورووپی کە ڕووبەڕووی تەحەدای ئازادیی هاوولاتیانی خۆیان دەبنەوە زۆرجار پەنایان بۆ ستراتیژییەکانی ساتوسەودا بردوە. ئەم ساتوسەودایانە بریتی بوون لە ئیمتیازاتی دیپلۆماسی، هاندانی ئابووری و هەندێک جاریش ئازادکردنی زیندانیانی ئێرانی، بەتایبەت ئەو زیندانیانەی بەتۆمەتی تیرۆریستی یاخود دەستێدابوون لە کوشتنی بەکۆمەڵی ئازادیخوازن تاوانبارن. خواستی پاراستنی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران، بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی ماددی و ئابووری بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی یەدەگی بەرچاوی نەوت و گازی ئەم ولاتە، زۆرجار بووەتە هۆی سازشکردن لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ.

- ئەڵمانیا و دۆسیەی میکۆنۆس: دوای تیرۆرکردنی سەرکردەی کورد شەهید د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بەرلین، ئاڵمان سەرەتا هەڵوێستێکی بەهێزی گرتەبەر. دیپلۆماتکارانی ئێرانی دەرکرد و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کەم کردەوە هەروەها هەندێک ولاتی ئەورووپی باڵیۆزەکانیان لە ئێرانەوە بانگ کردەوە بەڵام دواجار بەرژەوەندی ئابووری و خواستی پاراستنی ئیمتیازاتی ماددی لەگەڵ ئێران بووە هۆی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ولاتانی ئەورووپی لەگەڵ ئێرانی بەرگریکاری تیرۆریزمی دەوڵەتی.

- فەڕانسە و دۆسیەی کلۆتیلد ڕیس: لە ساڵی ١٣٩٨ کلۆتیلد ڕیس، ئەکادیمیستی فەڕەنسی لە ئێران بە تۆمەتی سیخوڕی دەستگیر کرا. ئازادکردنی لە ساڵی دواتر وەک بەشێک لە ڕێککەوتنێکی دیپلۆماسی فراوانتر سەیر دەکرا چونکە هاوکات زیندانییەکی ئێرانی لەلایەن فەڕەنساوە بۆ ئێران نێردرایەوە.

- ساتوسەوادی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران کاریگەریی نەرێنی لەسەر مافەکانی مرۆڤ هەبووە. حکوومەتەکانی ئەورووپا بە گرنگیدانی بەرژەوەندییە دیپلۆماسی و ئابووریی لەسەرووی نیگەرانییەکانی مافی مرۆڤەوە، زۆرجار چاویان لە سەرکوتی

نێوخۆیی ئێران و پێشێلكارییە نێودەوڵەتییەكان بەستووە. ئەم ساتوسەودایەی ڕۆژئاواییەكان وایكردووە كە ڕێژیمی ئێران بوێرتر بێت بۆ درێژەدان بە بارمتەگرتن و درێژەدان بە پلانەكانی بۆ تیرۆركردنی نەیارانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات و تێكدانی ئاسایش چونكە دەزانێت كە دەتوانێ لە بارمتە ڕۆژئاواییەكان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەكانی كەڵكوەربگرێت.

## میكانیكی دیپلۆماسیی بارمتەگیری

### - هەڵبژاردنی ئامانج

ڕێژیمی ئێران بەوردی ئامانجەكانی خۆی بۆ بارمتەگرتن هەڵدەبژێرێت. بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی دوو ڕەگەزنامەن زیاتر لەمەترسیدان چونكە زۆرجار بە دڵسۆزی هەردوو وڵات دێنە ئەژمار و بەئاسانی دەتوانرێ تۆمەتبار بكرێن و ئیمتیاز لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەربگیرێت. گەشتیاران، ڕۆژنامەنووسان و ئەكادیمیسیەنی بیانیش مەترسییان لەسەرە چونكە بەئاسانی دەتوانرێ بوونی ئەوان لەئێران پاساو بكرێ و دەستبەسەركردنیان بە بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت.

### - شێوازی یاسایی و نایاسایی

دیپلۆماسیی بارمتە لە ئێران دوو شێوازی یاسایی و دەرەوەی یاسایی لەخۆدەگرێت. شێوازە یاساییەكان بریتین لە دەستگیركردن بەتۆمەتی ساختە، دادگاییكردن لە دادگاكانی شۆڕش و سزای قورس. لە پرۆسەی ئەو دادگا و بڕیارانەدا، ئەو فەرمانانەی كە لەلایەن هێزە ئەمنییەكانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە یان هەواڵگریی سوپای پاسدارانەوە دەردەچن، ڕۆڵێكی هێندە گەورە دەبینن كە دواتر بە هێوركردنەوەی وڵاتانی ئەورووپا، ئەم بڕیارە قورسانە بەئاسانی پێشێل دەكرێن و وەك بارمتە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت. شێوازە دەرەكییە یاساییەكان بریتین لە ڕفاندن لەلایەن گرووپە میلیشیاكانی ئێران لە ناوچە وەك حزبوڵڵای لوبنان، حەشدی شەعبی عێراق یان ئۆپەراسیۆنە نهێنییەكانی دەزگا هەواڵگرییەكانی ئێران لە هەركوێیەكی ئەم جیهانە.

### - دانوستاندن و هێرشبردن

كاتێك ئەو كەسانەی كە باسی لێوە دەكرێت بە بارمتە دەگیرێن، ڕێژیمی ئێران وەكو هێڵكاری لە دانوستانە نێودەوڵەتییەكان بەكاریان دەهێنێت. ئەم داواكاریانە دەتوانن لە ئازادكردنی تاوانبارانی ئێرانی، ئازادكردنی سەروەت و

سامان یان ئیمتیازاتی دیپلۆماسی دەسپێبکەن. زۆرجار پرۆسەی دانوستان دووفاقییە و زۆر کەناڵ و ناوەندکار تێیدا بەشدارن.

## وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی

### - هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتیی هەڵوێستی توندی لەدژی دیپلۆماسیەتی بارمتەیی ئێرانی گرتووەتەبەر و جەخت لەسەر سزاکان و گۆشەگیریی دیپلۆماسی دەکاتەوە. بەڵام تەنانەت ئەمریکاش چووەتە دانوستاندن و ساتوسەوداوە لەگەڵ ئێران، وەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی ١٣٩٤ کە ئازادکردنی چەند دیلێکی ئەمەریکی لە ئێران لەخۆ گرتبوو.

### - ستراتیژییەکانی ئورووپا

وڵاتانی ئەورووپی تێکەڵەیەک لە دیپلۆماسی و ساتوسەودایان بەکارهێناوە. زۆرجار ئاسایشی دەستبەجێی هاووڵاتییانیان لە پێشینەی کارەکانیان داناوە لەبری ڕەچاوکردنی ستراتیژی درێژخایەن. تەنانەت لە دۆسیەکانی وەک بەلژیک کە ئەسەدوڵڵا ئەسەدی لە دادگادا سزای بەسەردا سەپێندرا، بە فەرمانی پاشای بەلژیک ڕادەستی ئێران کرا. ئەوروپییەکان بەبێ گرتنەبەری یەک هەڵوێست، ڕێبازێکی ناهاوسەنگ و ناتەباییان هەبووە کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاواز بووە.

### - ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان و گرووپەکانی مافی مرۆڤ، بەکارهێنانی بارمتەیان لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە ئیدانە کردووە بەڵام نفووزی ئەوان سنووردارە چونکە ئێران نۆرم و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بەرژەوەندییە ئەمنی و سیاسی پشتگوێ دەخات و هەموو دەسەڵاتی ئابووری خۆی بۆ فراوانکردنی دەستێوەردانی سیاسی و بارمتەگرتن و تیرۆر بەکار دەهێنێت.

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

### - تێچووی مرۆیی

تێچووی مرۆیی دیپلۆماسی بارمتەگیریی ئێران زۆر زۆرە. بارمتەکان بەرگەی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی و دەستبەسەرکردنی درێژخایەن و جیابوونەوە لە خێزانەکانیان دەگرن. زۆرجار دۆخی نالەباری ئەوان وەکو موزایەدەیەک لە یارییە ژیۆپۆلیتیکییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئازار و نادڵنیایی درێژخایەن. دۆسیەی نازەنین زاغەری کە ساڵانێک لە ئێران دەستبەسەر بوو لە کاتێکدا کچە بچووکەکەی بەبێ ئەو گەورە بووە، ئەمەش جەختی لەسەر کارەساتە کەسییەکانی پشت ئەم مانۆڕە سیاسییانە کردەوە.

### ئاکامگیری:

دیپلۆماسیی بارمتە تاکتیکێکی نەگبەتانەیە کە ڕێژیمی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی، لە ئوسترالیاوە تا ئەورووپا و ئەمریکا بەکاریهێناوە و بەردەوامیشی هەیە. ستراتیژیی ساتوسەودای ئەو وڵاتانە زۆرجار مافی مرۆڤ لەسەر قوربانگەی دیپلۆماسی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان سەردەبڕن و ڕێژیم دەتوانێ درێژە بە کارە سەرکوتگەرییەکانی بدات. بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی بارمتەگرتن لەلایەن ئێرانەوە کە مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا وەپێش بەرژەوەندییە کورتخایەنەکان بکەوێ، پێویستیمان بە دژکردەوەیەکی یەکگرتووانەتر و بنەماییتری نێودەوڵەتی هەیە. تەنیا بەمشێوەیە دەتوانرێ سووڕی سەرکوتکردن و دەستکاریکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بشکێنرێ و دادپەروەریی و ئازادیی بۆ دەستبەسەرکراوانی ناڕەوا دەستەبەر بکرێت. هەروەها بەبێ وەپێشخستنی مافی مرۆڤ لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێژیمی ئێران بوێرتر دەبێت لە بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی پلانی تێرۆری سیاسی نەیارانی لە ڕۆژئاوا و دەبێتە نموونە بۆ وڵاتانیتر کە پشتیوانی تیرۆریزمی دەوڵەتی لەجیهاندا دەکەن.

٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# جێگەوپێگەی تەمبوور لە کولتووری یارساندا



**سارۆ خوسرەوی**

لە دێرزەمانەوە، ئامێری تەمبوور لە کۆمەڵگەی یارسان و بە تایبەت لە ناوچەی گۆران و سەحنەی کرماشان، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە لە بۆنە و ڕێوڕسمە تایبەتەکانیاندا.
کاتێک کەسێکی یارسانی لە سەرەمەرگ نزیک دەبێتەوە و لەسەر جێگە دەکەوێت، تەمبوورژەن بە ژەندنی بەزمی "حەقانی" ڕوحی ئاسوودە و کەمەندکێشی دنیای هەتاهەتایی دەکات. لاواندنەوەی ڕۆح بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی کەسەکە ماڵاوایی یەکجارەکی لە ژیان دەکات. پاشان تەمبوورژەن لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بە دەم خوێندنەوەی مەقامی "فانی فانی" لەگەڵ تەرمی کۆچکردووەکە بەڕێ دەکەوێ بۆ مەزارستان.

لە کاتی چوونیان بۆ سەر مەزار، تەمبوورژەنەکە لە پێشەوەی تابووتە دەچێت و بەزمی "فانی فانی" دووبارە دەکاتەوە و خەڵکەکەش لەگەڵی دیڵێنەوە. ئەم بەزمە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی مردووەکە ئەسپاردەی خاک دەکرێت. لە پاش ڕێوڕەسمی خاکسپاری، خەڵک بە مەبەستی سەرخۆشیکردن لە کەسووکاری مردووەکە لە ماڵی خاوەن پرسە کۆ دەبنەوە و

هەمدیسان تەمبوورژەن بەزمی فانی فانی دەژەنێت تا ئەوکاتەی هەموو میوانەکان دەگەنە شوێنی پرسەکە. بە گەیشتنی هەموو میوانەکان، دەنگی تەمبوور و مەقامی فانی فانی دەوەستێ.
ئامێری تەمبوور لای یارسانییەکان ئامێرێکی پیرۆزە و تەمبوورژەن لە دەسپێک و کۆتایی ژەندنی تەمبوور، مل یان دەستەی ئامێرەکە ماچ دەکات. ماچکردنی تەمبوور بە واتای ئەوەیە، سۆز و ئەوین لە هەموو شتێک و هەموو شوێنێکدا هەیە، ماچکردنی دارێکی وشک هێمای بەخشینی سۆزێ تەمبوورژەنە بۆ ئەو شتەی ئەوینداریەتی. ئەم سۆز بەخشین و ئەویندارییە دەبێتە هۆی هارمۆنییەکی جوان و واتادار لەنێوان سیمەکانی تەمبوور و پەنجەکانی ژەنیار. لە ئاوێتەبوونی سۆز و ئەویندا، پەیوەندی ڕۆحی و ئەوینداری لە نێوان مرۆڤ و مووزیک وەک دیاردەیەکی بەرز و پیرۆز دروست دەبێت.

مێژووی پەیدابوونی ئامێری تەمبوور لە کۆمەڵگەی یارسان بەو جۆرەی باسی لێوە کراوە، لە سەردەمی (شاخوشین لوڕستانی) ئاشکرا بووە. شاخوشین کە یەکێک لە ڕێبەرانی سەرتایی یارسان بووە، لە سەدەی چوارەمی کۆچی، گرووپێکی ٩٠٠ کەسی لە تەمبوورژەنانی پێڕەوی ڕێبای خۆی دابەش کردوە و خۆشی لەگەڵ ئەو گرووپانە تەمبووری ژەندوە. دواتر لە سەردەمی "سوڵتان سەهاک" کە دەبێتە دامەزرێنەری ئایینی یاری، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی لە پردیوەری هەورامان ٧٢ بەند یان مەقامی یارسان ئامادە کراوە کە هەتا ئێستا بە ٧٢ مەقامی یارسان ناوبانگی ڕویشتوە و لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا پێشکەش دەکرێن.
ئامێری تەمبوور پێشتر هەر لە جەمخانە و ڕێورەسمە ئاینییەکانی یارساندا بەکاریان دەهێنا، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینی بەملاوە بە دەسپێشخەریی مامۆستا سەید ئەمرەڵڵا شا ئیبراهیمی، ئەم ئامێرە لە شوێنە ئایینییەکانەوە گوازرایەوە بۆ سەر شانۆ و شوێنە گشتییەکان. دواتر چەندین گرووپی پیشەیی لە ژەنیارانی تەمبوور، بە سەرپەرەستی، "کەیخوسرەو پورنازری و سەید خەلیل عالی نژاد " دروست بوون.

لەم سەردەمەدا، تەمبوور وەک هەر یەک لە ئامێرە کلاسیکی و نەتەوییەکان، جێگای بایەخی ئاوازدانەرانی پیشەییە لە کۆمەڵگەی یارسان. هەر یەک لە سەید عەلیار ئەفزەڵی، سەید قاسم ئەفزەڵی، سەید ئەمیروڵڵا ئەفزەڵی، دەورێش عابدین خادمی، دەورێش ئەمیر حەیاتی، سەید مەحموود عەلەوی، سەید وەلی حوسەینی، وەستا تاهیر یاروەیسی، نوورعەلی ئیلاهی، چەنگیز عەبدیپوور، شێخ محەممەد باقر تەیمووریان، سەید خەلیل عالینژاد، مامۆستا عەلی ئەکبەر مورادی، عەلیڕەزا فەیزبشیپوور، مامۆستا کەیخوسرەو پووڕنازری، سەید ئارش شەهریاری، فەرەیدوون کەماڵی، شاپوڕ کەماڵی، عادل کەماڵی، بیهزاد مورادی، موزەفەر برنجی، مەنووچەر نەزەری تویشامی، فەرید ئلهامی و کەیوان کیانیان، لە بەناوبانگترین تەمبوورژەنانی کۆمەڵگەی یارسانن. دیارە مامۆستا عەلی ئەکبەر مورادی لە ناوچەی گۆران، جیا لەوەی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

تەمبوورژەن و ئاوازدانەرێکی بەناوبانگە، هاوکات ساڵانێکە لەبارەی مەقامەکانی ئامێری تەمبوور کار دەکات و تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و بەنرخی پێشکەشی ئەویندارانی تەمبوور و ئاوازەکانی تایبەت بە یارسان کردووە.

مامۆستا مورادی، لە ژەندنی مەقامەکانی تەمبوور شێواز و توانایی تایبەت بە خۆی هەیە و شارەزای ٧٢ مەقامی یارسانە. کاسێتەکانی وەک: "تریکە هانا، سەحەر واران، سیروان و گەڵارێزان"، لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەم هونەرمەندە دیارەی کوردستانە. مامۆستا عەلی ئەکبەر مورادی، ساڵی ١٩٩١ی زایینی سۆلۆژەنی (گرووپی ڕۆژ) بوو کە لە پێشبڕکێی ئامێرە ژێدارەکان، لە بەشی تەمبوور، پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. مامۆستا مورادی، هاوکات بە مەبەستی ناساندی تەمبوور یارسان وەک ئامێرێکی کوردی، گەشتی زۆربەی وڵاتانی دنیای کردووە.
شێوازی تەمبوورژەنینی "سەحنە" لەگەڵ "گۆران" تا ڕادەیەک جیاوازە، دەستوپەنجەی سەحنەییەکان خێراترە لە ژەندنی تەمبوو، بە تایبەت ئەم خێراییە زۆرتر لە کارەکانی ڕەوانشاد سەید "خەلیل عالینژاد" خۆی دەردەخات، بەڵام زۆربەی گۆرانەکان ئێستا پێڕەوی لە شێوازی ژەندنی مامۆستا عەلی ئەکبەر مورادی و کۆچکردوو وەستا تاهیر یاروەیسی دەکەن، کە زۆرتر ڕیتمی ئارامە.


جێگای ئاماژەیە، لە ناوچەی گۆران باوە دەڵێن هەر کۆرپەیەک لەدایک دەبێت، تەمبوورێکی بچووک بە بێشکەکەیەوە هەڵدەواسن بۆ ئەوەی کە گەورە بوو ئەو ئامێرەی لەبیر بێت و بیژەنێت، کە دیارە ئەمەش جۆرێکە لە ئەمانەتداری و ئەمەگناسی کۆمەڵگەی یارسان بۆ ئامێری تەمبوو کە وەک میراتی کولتووری و نەتەوەیی خۆیان چاوی لێ دەکەن. لە خۆڕا نییە ئێستا لە ناوچەی گۆران، کەم ماڵ هەیە منداڵەکانیان تەمبوور نەژەنن و هۆگری ئەم ئامێرە نەبن. دیاردەی جێگای سەرنج و باڵکێش ئەوەیە کە کچانی یارسانی فرەتر لە کوڕان هۆگری سازی تەمبوورن و بەردەوام لەم بوارەدا هەوڵی فێربوون و خۆ پێگەیاندن دەدەن.

**سەرچاوەکان:**


- ساز آوای کردی، علی اصغر نصراله پور
- تنبور از دیرباز تاکنون، سید خلیل عالی‌نژاد
- موسیقی یارسان: حیدر کاکی، به روایت علی اکبر مرادی


**٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# ئایەتوڵڵاکانی تاڵان و کوشتن




**سمکۆ سەقزی**

دوای سەرکەوتن شۆڕشێ گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی دیکتاتۆریی پاشایەتیی پەهلەویدا و لەسۆنگەی ملهوڕیی ئاخوندە تازە بە دەسەڵاتگەیشتووەکانەوە، کەشێکی ئاڵۆز تێکەڵ بە گرتن و قەڵتوبڕ و ئێعدام و تیربارانی دژبەرانی سیاسی لە تاران بوو. ئاخوندە تازە بە دەسەڵاتگەیشتووەکان چەشنی ئاغاکان گزیر و گۆپاڵبەدەستیان بۆ خۆیان ساز کرد، ئەم گزیرە ڕیشنانە کە دواتر ناوی سپای پاسدارانیان لێ نرا، کەمتر لە دوو مانگ دوای شۆڕش لە گاڵتەجارێکی ساختەکارانەدا هەڵبژاردنێکی گوماناوییان بەڕێوە برد کە تێیدا بە قسەی ئەوان ٩٨ لە سەدی بەشدارانی ڕاپرسییەکە دەنگی "بەڵێ"یان بە کۆماری ئیسلامی گوت. ئەمە لە دۆخێکدا بوو کە بە شایەتیی مێژوو و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بەناو ڕێفراندۆمەی بایکوت کرد، واتە کوردستان و کوردی ئازادیخواز و خەباتکار قەت دانی بەم حکوومەتە تازەیە دانەناوە و هیچ ڕەواییەکی پێ نەداوە.

سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ درووستبوونی دەستێکی خوێناوی و ڕوویەکی گرژی کوشندەی هەبوو. ئەو

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

ڕێکخراوەیە بۆ ئەوەی ئەندامەکانی زۆر ببن بە کەڵکوەرگرتن لە دەمارگیری و عەسەبییەتی مەزهەبی لە مزگەوت و حوسێینییەکاندا بنکە و پایەگای بەسیجی دامەزراند و وەکوو ڕێکخستنێکی مودێرن بە لێشاو منداڵ و تازەلاو و گەنجی بە ئەندام وەردەگرت و چەکداری دەکردن. ئەم هێزە توندڕەو، سەرکوتگەر و تێرۆریستە ڕۆڵی کارای هەبوو لە جیهادی خومەینی دژ بە کوردستان. یەکەم گۆڕەپانی جەنگی تێرۆریستە ئیسلامییەکانی تاران و جەماران بەناو بەرەی غەرب و شومالی غەربی، واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هەرزەکارانی ئەنگوستیلە عەقیق لە پەنجە، بە پشتبەستن بە تەئییدی ئایینیی ئاخوندەکان، گیان و ماڵی خەڵکی کوردیان بە حەڵاڵ دەزانی و، دەیان کارەساتی وەکوو کۆمەڵکوژییەکانی قارنێ و قەڵاتانیان خوڵقاند، کەسانێک کە دواتر ناوی سەردارانی جەنگیان لێ نرا وەکوو مەحموود کاوە، یان بروجێردی هیچ جۆرە پلەوپایەی سەربازییان نەبوو، بەڵکوو ئەوان وێرژێنی سەرەتایی ئەبوومەسعەبەکان، بەغدادییەکان و شیشانیەکانی داعشیزیم بوون، و تەنیا یەک بەرنامەیان پێ درابوو، قەسابی و قەڵتووبڕ لە کوردستان.

دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق، حاکمییەتی تاران بۆ دابینکردنی مووچەی سەدان هەزار پاسدار و بەسیج و هەروەها بۆ درێژەدانی بە سیستمی سەرکوت، لە دڵی سپای پاسداراندا، قەرارگای خاتەمولئەنبیای دروست کرد. ئەم قەرارگا بەپێی چارتی ڕێکخراوەیی دەبوایە بۆ نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وێرانییەکان جەنگ بێ، بەڵام ئەم قەرارگایە بەردی بناغەی تاڵانی کوردستان بوو بە کاتی ئایەتوڵڵاکان.

یەکێک لە پرۆژەکانی سپای خاتەم لێدانی بەنداوە لە کوردستان، کوردستانی زاگرۆس و مەڵبەند و سەرچاوەی ئاوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەیان بەنداوی گەورە لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان لێ دراوە و، ئاوی قەندیل و چلچەمە و تەتە لە ڕێگای بەنداو و لێدانی لوولە بۆ بیابانەکانی قوم و سەلەفچەگان دەبردرێ، ئاوی سیروان و سەیمەڕە و بڵ و کەڵوێ لە کارخانەکانی پۆڵا و ئاسن بە کار دێت و لەو سۆنگەیەوە ڕەگاژۆ ئاوییەکان و سفرە ژێرزەمینیەکانی ئاوی کوردستان بەرەو وشکبوون دەچن. نموونەی دیاری گۆلی ورمێ بەرهەمی نەزانین حاکمیەت نییە، بەڵکوو وشکبوونی بەرهەمی تاڵانی داهاتی سەرخان و ژێرخانی کوردستانە بە دەستی داگیرکەریی ئاخوندی قوم و مەشهەد.
لە حاکمییەتی سپای سادیستی، تەواوی ئەو زەوییانە وا ناوی "مەراتع" و "مەنابعی تەبیعی"ی لێ نراوە، و زۆربەی خاک و مەعدەنی بە پیت و زێڕینە کراون بەناوی سەردارەکانی سپا،

ئەگەر تەنانەت لە ملکی تاپۆکراوی ئەژدادیی خۆتدا کانگایەکت دۆزییەو و کاتێ دەتەوێ لە پرۆسەی تۆمارکردندا بە ناوی خۆتەوەی بکەی، دەبینی لەسەر سایتدا بەناوی فڵانە سەرداری سپای مەشهەد و ئەسفەهان تاپۆ کراوە.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان یەحیا ڕەحیم سەفەوی، سەرۆکی پێشووی سپا و ڕاوێژکاری ئێستای خامنەیی زۆربەی مەعدەنەکانی پارێزگای کوردستان بە ناوی ئەووە کراون و چەشنی حاکم و والی مەنسووبی خەلافەتی تێرۆری تارانە لە کوردستان.

ئەم تاراج و تالانە ئیستعمارییە کە تا دێت بەلەزتر و خێراتر دەبێت، پێویستە جەماوەری خەڵکی کوردستان وەک ئەرکی نیشتمانی و خاوەندارییەتی لە خاک و وڵاتی خۆیان بەری پێ بگرن، لە مووچش و کەلاتەرزان تا دەگاتە تیکابی هەوشار و سایینقەڵا بەر بەو دزین و تالانوبڕۆیە بگرن. دەبێ بە خۆڕێکخستن نەهێڵین بە بەرچاومان و بە ڕۆژی ڕووناک زێڕ و ئاسن و مەڕمەڕ و ئاو و گیا و گژ و دارمان بەرن و ئەوەی بۆمان جێ بێڵن خاکێکی سووتاو و جەرگێکی بڕاو بێت.

خاوەندارەتی لە سەروەتی میلیمان سەدان قات شەرەفی لەو چارەنووسە باڵاترە کە بە ناوی کۆیلە و کۆڵبەر بەسەرمانی دەسەپێنن، گیانفیدایی بۆ دژایەتیی ستەم ڕێبازی سرووودی نەتەوەییمانە و بۆیە دەبێ هاواری کوردستانی بە قەد چیا سەرکەشەکانی بەرز بێتەوە کە:

**ئەم خاکە خاکی کوردییە، خۆ خاوەنی دیکەی نییە.**

**٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

## هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە قەیرانی ڕەواییدا




**ناسر سالحی نەسڵ**

هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا جیا لە بەکارهێنانی خەڵک بۆ وەرگرتنی دەنگی مەشرووعییەت بۆ ڕێژیم، نەک هیچ ئاکام و قازانجێکی بۆ گەلانی ئێران نییە، بەڵکوو دژایەتیی لەگەڵ بەرژەوەندی و دەرفەتە ئابووری، سیاسی و ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێرانیشدا هەیە. چوونکە هاتنەسەرکاری هەرکام لە مۆرەکانی بەردڵی ڕێبەری ڕێژیم بەدڵنیایەوە نەتەنیا هیچ داخوازییەکی گەلانی ئیران دابین نابێت، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی ڕێبەری ڕێژیم تووشی وەهم و خەیاڵاتی تیۆریی پیلانە و دنیای ئازاد و دێموکراتیک بە دوژمنی خۆی دەزانێت، شایەتی خەراپتربوونی ڕەوشی گەلانی ئێران بەتایبەت لە بواری ئابووری و سیاسییەوە لەگەڵ دونیای ئازاد و دێموکراتیکدا دەبێت. دەرئەنجامی ئەو ڕەوشەش خەراپتربوونی باری ئابووری و بژێوی ژیانی گەلانی ئێرانە. بەواتایەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئێراندا بە ئامانجی گۆڕانی باری ژیانی گەلانی ئیران و بەرەو باشترچوونی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان و گرفتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی گەلانی ئیران بەڕێوە ناچێت، بەڵکوو بە هۆی بێباوەڕیی عەلی خامنەیی بە مۆرەیەکی و گۆڕینی ئەو مۆرەیە لەگەڵ مۆرەیەکی تر بەڕێوە دەچێت. بۆیە بەشداری کردنی گەلانی ئێران نەتەنیا هیچ بەردێک لەسەر

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

ڕێگای ژیانی سیاسی و ئابووریی گەلانی ئێران هەڵناگرێت، بەڵکوو شەرعیەت و ڕەوایی دەدات بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەو ڕەوایی‌پێدانەش یەکسانە بە درێژبوونەوەی دەسەڵاتداریی عەلی خامنەیی کە درێژبوونەوەی هەموو پرسە سیاسی و نەتەوەیی و قەیرانەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بەدواوەیە.

میسباح یەزدی، تیۆریسیەنی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: "ئیمە ئەگەر یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی قەبووڵ دەکەین بەم مانایە نییە چوونکە خەڵک پەسندی کردوە، بەڵکوو بەم هۆیەیە کە ئەو یاسایە لەلایەن وەلی فەقیهەوە پەسند کراوە". مانای سادەی ئەو قسەیە ئەوەیە خەڵک ڕۆڵیان لە ڕەوایی‌پێدان بە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری ڕیژیم نییە، بەڵکوو خەڵک تەنیا ئەرکیان بەشداریکردن و دەنگدانیان لە بەدیهێنان و جیبەجێی کردنی "ئەرک" و "تەکلیف" و "مەقبوولیتدان" بە دەسەڵاتەکانی ڕێبەردا چڕ دەکرێتەوە. بۆیە لە پارادایم و بنەما فیکرییەکانی ڕێژیمدا حوکمرانی تەنیا مافی وەلی فەقیهە و خەڵک دەبی گۆێڕایەڵی ئەو بن. لەم ڕووەوە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیستەمێکدا کە باوەڕی بە دەنگی خەڵک نییە و قەیرانی ڕەوایی خەڵکی هەیە، بەشدارییەکی ڕەوا، دێموکراتیک و خەڵکی نییە. خاڵێکی گرینگی دی ئەوەیە کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار، بەپێی بنەما فکری و هزرییەکانی جیاوازیی ڕەگەزی و ئایینزاکانی کە باری ئیدۆلوژیی بۆ ڕێژیم هەیە، بوتە یاسا. بەپێی بەندی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران، بەشێکی زور لە خەڵکی ئێران، بەتایبەت ژنان لە بەربژێربوون بۆ پوستی سەرکۆماری بێبەش دەکرێن. بەپێی ئەو ئەسڵە غەیری شیعەی دوازدە ئیمامی و ئیلتیزام بە ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ، پێڕەوانی مەزهەبەکانی سووننی و ئایینەکانی مەسیحی، یەهودی، زەرتشتی، بەهایی و تەنانەت بەشێکی زۆر لە فیرقەکانی شیعەی جیا لە دوازدە ئیمامی و لە هەموو گرینگتر نیوەی کۆمەڵگە وایە ژنان لە مافی بەربژێربوون بۆ پوستی سەرکۆماری بێبەش کراون. هەروەها بەپێی بەندەکانی، ٥، ٩٩ و ١١٠ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی هەم شورای نیگابان دەتوانی هەڵبژاردنی سەرکۆمار هەڵوەشێنێتەوە و هەم ڕێبەری ڕێژیم کە نوێنەری ئیمامی زەمان لە سەر عەردە دەتوانی لە واژۆکردنی حوکمی سەرکۆمار هەرچەند بە دەنگی خەڵکیش هەڵبژێردرا بێ، خۆ بپارێزێت. کەوابوو هەڵبژاردن لە وەها سیستمێکدا جگە لە ڕەواییدان بە دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ و جێگیرکردنەوەی ئەو سیستمە هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

لە ئێستا ستراتیژیی سەرەکیی کاربەدەستانی ڕێژیم هاندانی خەڵک بۆ چوونەسەر سەندووقەکانی دەنگدانە بۆ ئەوەی بەشکوو ڕەوایی لەدەستچووی ڕێژیم بەتایبەت لە دوو هەڵبژاردنی پێشووی سەرکۆماری و مەجلیسەکانی شورای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێبەریدا بگەڕێننەوە. بەڵام بە چاوخشاندن بە لیستی کاندیدا لەپاڵوێنەدراوەکاندا دەبینین ڕێبەری ڕێژیم تەنیا باوەڕی بە چەند کەس لە مۆرە سووتاو و ئەمنییەتی و نیزامییەکانی خۆی ماوە کە ئەوانیش لەو قەوارەیەدا نین

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

بتوانن دەنگی ڕەوایی بۆ ڕێژیم کۆ بکەنەوە، جا با گرفت و مەترسییەکیش بۆ بەردەوامی حوکمڕانی خامنەیی و پرسی جێنیشینی ئەو لە داهاتوودا دروست نەکەن.

پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێت "مریشک گەر خۆی خۆڵ وەسەر خۆ نەکات کەس ناتوانێت وەسەری کات". ڕەوشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و عەلی خامنەیی ئەمڕۆکە ڕاست ئەو پەندەیە. چوونکە عەلی خامنەیی بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن هەڵبژاردنەکان پێویستی بە کەسێکە بتوانێت سەرنجی بەشێک لە خەڵکی ئێران، یان لانیکەم زۆرینەی دەستوپێوەندییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. چوونکە ڕێبەری ڕێژیم لەلایەک نایهەوێت دووبارە شۆڕش و ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە شەقام و شارەکان سەرهەڵبداتەوە، هەروەها ترسی ئەوەشی هەیە خەڵک بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و نەچوونە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، وەک دوو هەڵبژاردنەکەی پێشوو، "نا"یەکی بەهێزتر و جەماوەریتر لە پێشوو بە ڕێژیم بڵێنەوە. هەروەها ڕێبەری ڕێژیم لەوەش ئاگادارە کەسانی ناڕازیی کە پێشتر لە بازنەی دەسەڵاتدا بوون و ئیستا لە بازنەی داخراوی ڕێژیمدا نەماون، باوەڕیان بە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ڕێژیمدا نەماوە. چونکە ناڕازییانی نێوخۆی ڕێژیم لەوە ئاگادارن عەلی خامنەیی، ئیزن بە کەسانی دابەزیو لە قەتاری ڕێژیم ناداتەوە دووبارە بێنەوە نێو بازنەی داخراوی دەسەڵات. بۆیە دەتوانین بڵێین ڕێژیم بە سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕاپەرین و سەرهەڵدانەکان و بێبەشکردنی گەلانی ئێران لە ویستە سیاسی و نەتەوایەتییەکان، ئیتر هیچ ڕەواییەتێکی لەلای گەلانی ئیران نەماوە. بە نەمانی ڕەوایی خەڵکییش، ڕێژیم خۆڵێکی وەسەر خۆ کردوە کە تا لە سەرکار بێ و دەسەڵاتداریی زۆرەملی گەلانی ئێران بکا، دەبێ ئەو ترسەی هەبێت گەلانی ئیران جارێکی دیکە لێی ڕاسێنەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو ڕابردوویەی لە سەرکوت و خەفەقان و سەرەڕۆیی دژ بە گەلانی ئیران هەیەتی، جاریکی دیکە ناتوانی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان بە بەشداریی خەڵک گەرم بکات و ڕەوایی دەسەڵاتداریی بۆخۆی بگەڕێنیتەوە. بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیش هەم دەبێتە شکستێکیی دی بۆ ڕێبەری ڕێژیم و هەم جارێکی دیکەش خەڵکی ناوچە و جیهان و وڵاتانی ئازاد نێوەڕۆک و ناڕەوابوونی ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆ و ناخەڵکییەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئەوەندەی بۆ گەلی کورد دەگەڕێتەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزران و هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمەوە "نا"یەکی گەورەی پێ گوتووە و لە خەباتێکی بەردەوام لەدژی ڕێژیمدا بووە. ئەم ڕێژیمە نەک ئێستا، بەڵکوو لە هەموو ماوەی تەمەنی خۆیدا هیچ پێگە و ڕەواییەکی لە کوردستان نەبووە و دامودەزگاکانی ڕێژیمیش لە کوردستان جگە لە سەرکوت و زەبروزەنگ و کوشتار هیچ دیارییەکیان بۆ خەڵک نەبووە، هاوکات خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا دوابزماریان لە

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

تابووتی شەرعییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا و چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە یەکلا کردەوە. بە سەیرکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئاستی ئێراندا و سەرنجخستنەسەر کەشی بەناو هەڵبژاردنەکان ئەو ئاکامگیرییە دەکرێ خەڵکی ئێرانیش جارێکی دیکە متمانەدانی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی ناکەنەوە بە ئامراز بۆ ساتوسەودای ڕێژیم لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا.

**ئەمڕۆ دەنگی بایکۆت و "نا"گوتن بەو ڕێژیمە لە هەموو دەنگێک بەرزترە.**

**٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# هەڵبژاردنی پێشوەختە و دیسان بایکۆتی پێشوەختەی خەڵک




**مەنسوور مروەتی**

سبەینێ هەینی ٨ی پووشپەڕ هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرکۆماری لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ. ئەوەی دیارە ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختە کە لە پاش کوژرانی برایمی ڕەئیسی، سەرکۆماری پێشوو بەڕێوە دەچێ، زیاتر لە ململانێیەکی توندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران و پیاوەکانی کۆماری ئیسلامی دەچێ هەتا هەڵبژاردن. چونکە ئەوەی بەئاشکرا دەبینرێ خەڵک بڕیاریان داوە دیسان بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بە دنیا بڵێن ئەم حکوومەتە سەرکوتکەرە مرۆڤکوژە نوێنەری ئێمە نییە و لەلای خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانییەوە هیچ شەرعیەتێکی نەبووە و نییە. لەولاشەوە کۆماری ئیسلامی کە جگە لە هێزی سەرکوت هیچ هێز و نفووزێکی لەنێو خەڵکدا نەماوە، لە هەوڵی ئەوەدایە بەهەر فرت و فێڵێک بووە خەڵک بهێنێتە سەر سندووقەکان، تا بەڵکوو لەو ڕێگایەوە حەیای ڕژاوی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی چەند مانگ لەوەپێشی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کۆ بکاتەوە؛ کارێک کە زیاتر لە مەحاڵ دەچێ.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

لەم ماوەیە کە هەر زوو کوژرانی ڕەئیسی و هاوڕێیەکانی لە بیر هاوبیرانی خۆشیان چوونەوە، ڕێژیم هەوڵی دا بەڵکوو بە سیناریۆیەکی دیکە بتوانێ بیروڕای خەڵک بەلاڕێدا بەرێ و بە گەرمکردنەوەی باسی ئوسوڵگەرا و ئیسلاحتەڵەب سەرنجی خەڵک بۆ لای هەڵبژاردن و سندووقەکانی دەنگدان ڕابکێشێ. بەڵام نە ئەم باسە بێئاکامە و نە دەمەتەقە بێناوەرۆکەکانی کاندیداکان هیچیان نەیانتوانی کەمترین جووڵەیەک لەنێو خەڵک و ڕای گشتیدا دروست بکەن. جگە لەوە دەڵێی ئیسلاحتەڵەبەکان و لە سەرووی هەموویانەوە محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری پێشووترلە بیریان چووەتەوە کە سێ مانگ لەوەپێش بوو کە وتیان لە هەڵبژاردن بێهیوا بوونە و دۆخەکە بە شێوەیەکە ئیمکانی هیچ ئاڵوگۆڕێک لە وڵاتدا نەماوەتەوە. ئەی خێرە پاش ئەم ماوە کەمە هاتنەوە سەر هێڵی خۆیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن؟ تۆ بڵێی لەم دوو سێ مانگەدا چی گۆڕابێ کە لەو پەڕی بێهیواییەوە کە تەنانەت باسیان لە ڕووخانی ڕێژیم دەکرد ئێستا هیوایان لا زیندوو بووەتەوە و خەڵک بانگهێشتی سەر سندووقەکان دەکەن؟ بێگومان وڵامەکەش ڕوونە، هیچ شتێک ڕووی نەداوە و ئەوەی هەیە ڕێککەوتنی نێوان باڵەکانی ڕێژیمە بۆ هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی ڕەئیدان و تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانەی کە لە دەرەوە و ژوورەوە بەرۆکی ڕێژیمی گرتوە و ڕۆژبەڕۆژ لە ڕووخان نزیکی دەکاتەوە.

گەورەترین پرسیاری خەڵک ئەم ماوەیەدا ئەوە بووە کە بۆچی ڕەئی بدەین؟ بۆ مەگەر ڕەئیدانی کەم و زۆر لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا چ دەسکەوتێک و چ خێروبێرێکی بۆ خەڵکی ئێران هەبووە؟ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا بە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیک بەڕێوە ناچێ و جگە لە خۆیان هیچ کەس و لایەنی دیکە بۆی نییە بەشداری هەڵبژاردن بکا یا لە لایەک بمێنێ، بەڵام ئایا هەر ئەم پاوانخوازانە توانیویانە لە ماوەی ٤٥ ساڵدا کەمترین پێشوەچوون و ئاسایش لە ژیانی خەڵکدا پێک بێنن؟ بۆچی چارەنووسی یەکێک لە دەوڵەمەنترین وڵاتانی سەرگۆی زەوی گەییشتووەتە جێگایەک ئەوڕۆ پارەی وڵاتەکەی بێقیمەتترین پارەی دنیا و ژیانی خەڵکەکەی بە ڕۆژێک گەیشتووە لە جیاتی سفرەی ڕازاوە سەر لە زبڵدانەکانەوە دەردێنن؟

پاش ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی چارەنووسی خەڵک وەهای لێ هاتوە ڕێژەیەکی کەمی سەناخوان و ماستاوچیی دەروبەری ڕێژیم و بەیتی خامنەیی کە بە میلیاردها میلیارد پارەی دزیەتی ژیانێکی خەیاڵییان بۆ خۆیان دروست کردوە، باقی خەڵکەکە بۆ نانی شەو موحتاجە و لە سایەسەری ئەم ڕێژیمەوە ئەوڕۆ بێکاری و هەژاری و نەداری و ئیعتیاد و دەیان و سەدان دەردی دیکە بڕستی لە ژیانی میلیۆنان بنەماڵەی ئێرانی بڕیوە و هیچ چارەسەرێکیان پێ نییە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش بەرەو خراپتر بوون دەڕوا. لەم نێوەشدا سەرکۆمارەکان بە وتەی خۆیان جێبەجێکار و تەداروکاتچییەک زیاتر هیچی دیکە نین. کاندیداکانی ئێستاش هەمان شەریکە دز و مافیاکانی سپای پاسدارانن کە بۆ تاڵانکردن سەروەت و سامانی خەڵکی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

ئێران و لە سەرکوتی خەڵکی بێ دەرەتانیشدا هەنگاوێک لە پێش هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە بوون. دەی ئەگەر دۆخەکە پاشی ٤٥ ساڵ وەهایە، خەڵک حەقیەتی پرسیار بکا، بۆچی ڕەئی بدەن و بۆچی بەشداریی ئەم هەڵبژاردنانە بن؟

لە ڕابردوو گەڕێین، خۆ هێشتا خوێنی کچان و کوڕانی شەهید و برینداری شۆڕشی ژینا بەسەر شەقامەکانەوە وشک نەبووەتەوە، و دایکان و باوکانی ئازا بەڵام دڵبریندارى وڵات هێشتا کراسە ڕەشەکەیان لەبەر دانەکەندوە. لەم دۆخەدا ئایا ئیتر ڕەئیدان و هەڵبژاردنی سەرکۆمار هیچ مانایەکی بەلای خەڵکەوە هەیە؟ ئەی بۆ ئەو کات ئەم کاندیدایانە کە ئێستا لۆمەی گەشتی ئیرشاد و بەردی دیفاع لە ژنان و کچانی وڵات لە سینگ دەدەن متەقیان لێوە نەدەهات؟ لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا بۆ دیفاع لە خەڵک چییان کردوە و چییان وتوە کە ئێستا خەڵک باوەڕیان پێ بکا و ڕەئییان پێ بدا؟

سبەی جومعە جارێکیتر خەڵک بەتێکڕا بە بێدەنگی و بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، بە شکۆیەکی تەواوەوە "نا"یەکی دیکەی گەورە بە کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵ و لق و پۆپەکانیەوە دەڵێنەوە. بەیانی خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکە بە دنیا دەڵێنەوە، ئەم ڕێژیمە دز و گەندەڵ و ئینسانکوژە لە لای ئێمە هیچ ڕەوایی و شەرعیەتێکی نەبووە و نەماوە.

**٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی



## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی)

**سمایل شەرەفی**

چەمک و دەستەواژەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدە و لە لایەن "سێن سیمۆن"ەوە داهێندرا. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە هێزێک دەگوترێ کە ڕچەیەک لە دەسەڵات و ئوتوریتەی بە دوادا بێت. سێن سیمۆن باوەڕی بە کۆبوونەوەی ئیلیتگەلی زانستی، ڕووناکبیران و کەسانی خاوەن ماڵ و منداڵ بوو کە پێکەوە بۆ جارێکی دیکە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئەقڵانی و ڕێکوپێک بکەنەوە.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یەکێک لە گرینگترین شێوەکانی ڕەفتاری بە کۆمەڵە کە ئەژمارێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵک تێیدا چالاکانە بەشداری دەکەن. هەرچەند ئەم دیاردەیە لە زۆربەی نووسینەکاندا لە ژێر ناوی ڕەفتاری بەکۆمەڵدا دێتە بەرباس،

بەڵام لەگەڵ ڕەفتارە بە کۆمەڵەکانی دیکەدا جیاوازیی بنەڕەتی هەیە. زۆر جار ڕەفتارە بەکۆمەڵەکان بە شێوەی فکری، هەستەکی و خۆڕسکانە بیچم دەگرن و پێڕەوی لە ڕێچکە و ئولگوویەکی تایبەتی ناکەن و بە پێچەوانەی بزووتنەوە، زۆربەی جار بێ پلان، بێ ئامانج و ناڕێکخراو و بەری لە ئیدئۆلۆژین.

ئانتۆنی گیدێنز ئەم دیاردەیە بە شێوازێک لە کردەوەی بەکۆمەڵ بە مەبەستی دەستەبەرکردنی گۆڕان لە بەشێک لە نیزام و سیستەمی ئارایی پێناسە دەکات و دەڵێ "دەکرێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی بە کۆمەڵ لە پێناو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکی هاوبەش یان دابینکردنی ئامانجێکی هاوبەش لە ڕێگای کردەوەیەکی گشتی و بە کۆمەڵ، بەدەر لە دامەزراوە فەرمییەکان، پێناسە بکرێت.

"چەند ڕەهەندیبوون و ناچەقبەستوویی پێکهاتەی کۆمەڵگە لە سەردەمی نوێ، بوو بە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لە دەوری حیکایەتە هەراوەکاندا (metanarrations) بە شێوەی نواندنەوەیی، ڕێکخراوە و ئایدۆلۆژیی توندوتۆڵ پێکیهێنابوو و هەموو کێشەکانیان لە خاڵێکی تایبەتدا کۆ دەکردەوە. ئەم گۆڕانکارییە تازانە بە نیاز و ویستی تازەی هێنایە گۆڕێ و بە وتەی گوندێرفرانک بوونە هۆی پێکهێنانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ. ئەم بزووتنەوانە لە بەستێنی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە سەریان هەڵدا و بە چەشنێک لە پێوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی بەدوور بوون. ئەم بزووتنەوانە لە ڕێگای خۆدەربڕین، دەرچوون لە چوارچێوە و بەرەنگاربوونەوەی ئۆتۆریتە هەوڵ دەدەن گۆڕانکارییەک لە نۆرم، ڕێسا و بایخەکانی دۆخی داسەپیو و ئاراییدا پێک بێنن. یۆتۆپیای ئەم بزووتنەوانە چەنێک دێموکراسی ڕادیکاڵە کە لەوێدا لایەنە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە وەکوو تاکەکان، ژنان، کەمەنەتەوەکان و لایەنگرانی ئاشتی و پێکەوەژیان بتوانن خاوەنی دەنگ بن و مافیان بپارێزرێ."

## شوناسی نەتەوەیی و بەجیهانیبوون

بەبێ هیچ پاشگر و پێشگرێکی هزری، دینی، نەتەوەیی و چینایەتی، "شوناس" بەشێکە لە پێویستییە ڕەوانی و دەروونییەکانی مرۆڤ و بۆ هەر جۆرە ژیانێکی کۆمەڵایەتی پێویستە. لە نەبوونی چوارچێوەیەک بۆ دیاریکردنی شوناسی کۆمەڵایەتی، ئینسانەکان لێک جیا ناکرێنەوە و هیچکامیان ناتوانن بە شێوەیەکی مانادار و بەردەوام لە گەڵ ئەوانی دیکەدا پێوەندی پێک بێنن. بە گشتی، "شوناس" مانا بە ژیان دەبەخشێ.

شوناسی نەتەوەیی كە وەک مەفهووم، پێشینەیەكی دورودرێژی نییە و دوای شەڕی سارد و لە گەرمەی شەڕی دژە كۆلۆنیالیدا هاتە نێو ئەدەبیاتی زانستی مرۆڤیەكانەوە، لە بیچمگرتنی كۆمەڵ و پێكهاتە نەتەوەییەكانی چاخی مودێرندا وەک فاكتەرێكی گرینگ سەرنجی دەدرێتێ. بە تایبەت لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتی بەجیهانیبوون كە بەشێک لە لێكۆڵەران بە هۆكاری تێداچوونی نەتەوەكان و شوناسگەلی نەتەوەیی دەزانن، بایەخی زیاتری هەیە. بەپێی ڕوانگەیەک كە لە لایەن زۆرێک لە بیرمەندانی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنەوە هاتۆتە بەرباس، شوناسگەلی نەتەوەیی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ جیهانی بوون، لە گەڵ كۆمەڵێک كێشە و چالنجی جۆراوجۆر بەرەوڕوون.

لە نێوان ڕەوتی بەجیهانیبوون و شوناسی نەتەوەییدا یەكەمیان كار لە سەر پانتاییەكی گەورەی جیهانی و ئەویتریان زەمینە و قەوارەیەكی ناوچەیی و لۆكاڵی هەیە. ئەگەر پێناسە و خوێندنەوەیەكی گشتگیر لە شوناس لە ئارادا نەبێ، هیچ گەرەنتییەک بۆ پاراستنی كەرامەتی تاک و غروری كوڕ و كۆمەڵەكان كە ڕۆڵی كارا و شوێندانەریان لە بنیاتنان و شارستانیەتدا هەیە، بوونی نابێ. لە دنیای ئەمڕۆدا كە خێرایی پەرەپێدان و پێشكەوتن لە گەڵ دەیە و سەدەكانی پێش پێک ناگیردرێ، ئەگەر نەتەوەكان و گەلان دەستیان بە پێناسەیەكی ناجێگیر(بزۆک) بەڵام بەردەوام لە شوناسی خۆیان نەگات، بە كردەوە لە گەردوونەی پەرەسەندنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دەردەهاوێژرێن.

لە ڕەوتی بیچمگرتن و پەرەسەندنیدا، جیهانیبوون بۆتە هۆی ئەوەی كە نەتەوەكان لە بیری نۆژەنكردنەوەی شوناسی خۆیاندا بن. چیدیكە گەلان ئەو شوناسە داخراو و سەختەیان نییە كە پانتایی تێكۆشان و چالاكییان لە سنووری شەڕ و شۆڕی تایفیدا قەتیس مابێتەوە. وێدەچێ جیهانیبوون كاریگەریی خۆی لە سەر شوناسگەلی كۆن و پێشوو دانابێ و خوێنێكی تازەی بەبەر شوناسی نەتەوەییدا كردبێ. بۆ گەیشتن بە قۆناغی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی شوناس، دەربازبوون لە قەیرانی شوناس مەحاڵە، بەڵام تێپەڕبوون لێی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە فاكتەرگەلی فەرهەنگییەوە هەیە.

كە بگەڕێینەوە سەر دۆخی كورد، یەكێک لە هۆكارە سەرەكییەكانی پێكهاتنی بزاڤە كۆمەڵایەتییەكانی كوردی، كێشە و كەلێنی نەتەوایەتییە. بەڵام ئەم پرسە لەم سەردەمەدا زۆر جیاواز لە سەردەمی پێشوو خۆی نواند. یەكەم ئەوەی كە "كوردبوون" و مافی نەتەوەیی واتایەكی تازەی بەخۆوە گرتووە؛ كوردبوون دیاردەیەكی ڕەها و نەگۆڕ نییە كە تەواو كێشەكانی دیكە لە پێناو خۆیدا بخاتە پەراوێزەوە و نكۆڵییان لێ بكات، كوردبوون ڕێبازێكی گونجاو و ڕەوایە بۆ گەیشتن بە مافە مرۆییەكان و هەروەها وەدەستهێنانی ئەو دەسكەوت و بەرژەوەندییانە كە لە پێكهاتەیەكی نابەرانبەردا لێی زەوت كراوە. كەوایە بزاڤی كۆمەڵایەتیی كوردی لەم سەردەمەدا بەبێ پێوەندی لەگەڵ بزاڤی كرێكاری، بزاڤی ژنان، بزاڤی

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

پاراستنی ژینگه و هەموو بزاڤه دیموکراتیکەکانی تر واتای نییه.

له پرسی "شوناسی نەتەوەیی کورد"دا دوو چەمکی "کوردبوون" و "کوردایەتی" زۆرترین باس و دەمەتەقەی له سەره؛ به دوور له یەکتر پێناسەکردنی هەردوو چەمکەکه و، تەنانەت له بەرانبەر یەکتر دانانیان و دەرهاویشتنی "کوردایەتی" له ناسیۆنالیزم، بۆچوونێکه که لایەنی چەپی کوردی به گشتی و لەم دواییانەدا بەرەی ڕێفۆرمخوازی کوردی له باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێڕەوی لێ دەکەن. له بەرانبەردا بۆچوونێک هەیه که کوردبوون و کوردایەتی له چوارچێوەیەکی بەرفراوانی ناسیۆنالیزمی کورددا پێناسه دەکات و هەر جۆره ئینکارکردنێکی ماف و مافخوازی بۆ کورد له چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئەویتردا دەبینێ.

له ئەدەبیات و دەربڕینی ڕۆژانەی خەڵکی ئاساییدا، "کوردایەتی" به مانای ناسیۆنالیزم بەکار دێت و ناسێنەری شوناسی نەتەوەیی کورد بەرانبەر به پێکهاته نەتەوەییەکانی دیکه و له خۆیدا مەفهومێکی سیاسییه که له لایەن بژارده سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردەوه بەرهەم هاتووه. "کوردایەتی مەسەلەیەکی مەعریفی، وجودی و بنەمایی پێناسەکردنی کۆمەڵه مافێکی سیاسی، کولتووری، ئابوری و مەسەلەی کەرامەتی بە کۆمەلی کورده". کەوابوو نەفسی کوردایەتی زۆر جیاوازه لەو بۆچوونەی که تەنیا به بزووتنەوەیەک پێناسەی دەکات و پێیوایه "کوردایەتی بزاوتێکه که بانگەشەی ڕزگارکردنی کورد دەکات و به تەمایه قەوارەیەکی سەربەخۆ یان نیمچه سەربەخۆ بۆ کوردەکان لەسەر خاکی کوردستان درووست بکات."

سیڤان سەعید، لێکۆڵەر له سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست له زانکۆی شانشی- چین، له بابەتێکدا له ژێر ناوی "کوردایەتی و کوردبوون؛ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم"، به جیاواز و جودا له قەڵەمدانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان (کوردایەتی) له ناسیۆنالیزم که له ڕوانگەی ئەوەوه تەنیا هەمان "کوردبوون"ه، پێیوایه: "هەتا کوردایەتی برەوی زیاتر هەبێ، کوردبوون کۆڵەوارتر و پەرێشانتر دەبێ. ئەوەی که کوردبوون و ناسنامه و سەربەخۆیی کورد و کوردستانی بۆ گرنگه و له پێناویدا تێدەکۆشێ، دەبێ به هەزر و به کردەوەش کوردایەتی ڕەت بکاتەوه و وەک دوژمنی کوردبوون پێناسەی بکات". له بەرانبەردا کەماڵ سولەیمانی، مامۆستا له لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مێژووی ئیسلام له زانکۆی کۆلمێکس، لەگەڵ ئەوەیکه کوردایەتی به جەوهەری شوناسی نەتەوەیی دەزانێ و ئینکارکردنی به لادان له ناسیۆنالیزمی کوردی له قەڵەم دەدات، ڕەتی دەکاتەوه که "کوردایەتی تەنیا مەسەلەیەکی سیاسی بێ که بۆ دانیشتن لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و بۆ وەدەستهێنانی هێندێک ئیمتیاز کەڵکی لێوەربگیرێ". بۆیه "جیاوازیی "کوردبوون" و "کوردایەتی" لەوەدایه که، کوردبوون ئیتنیسیتەیه و وێدەچی له زاتی خۆی دا هەڵگری هەڵوێستی سیاسی نەبێ، بەڵام

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

کوردایەتی هەوڵێکە بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد."

کەوابوو بەربەرەکانێ و ڕاوەستان بەرانبەر بە ئینکارکردنی شوناسی کوردی و ڕاسان بەرانبەر بە شوناسە نەتەوەییە داسەپاوەکان وەک خەسڵەتێکی جەوهەریی خەباتی کورد دەمێنێتەوە و پێوەندیی دیالکتیکیی نێوانی ئینکار و بەرەنگاری، شێواز و تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی کورد (کوردایەتی) وەک شوناسی نەتەوەیی کورد پێناسە دەکات.

زۆربەی ئەم بزاڤ و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەن لە ڕوی کارکرد و نێوەڕۆکەوە ماهییەتێکی تەواو شوناسخوازانەی نەتەوەییان هەیە و لە گەڵ ئەوەیکە ناکرێ لە کوردستاندا ئیدیعای دەربازبوون لە قەیرانی شوناسی نەتەوەیی بکرێ، بەڵام شوناسی نەتەوەیی لە کوردستان توانیویەتی لە ڕێگای کۆی ئەم بزووتنەوانەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنیان پێک هێناوە، خۆی پێناسە بکاتەوە و هەنگاو بەرەو دەربازبوون لە قەیران بنێ و لە هەمان کات دا مودێلێکی نوێ لە کوردایەتی بنیات بنێ.

***

**تێبینیی:** سەرچاوەکانی بەکارهاتوو بۆ ئەو زنجیرە نووسینە لەسەر "کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە ئەرشیڤی "کوردستان"دان.

٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# چەند پەیامی گرینگ لە ناخی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانەوە




**هەردی سەلیمی**

"بۆ نەتەوەیەک - وەک هەندێک لەو نەتەوانەی کەوا دەیانبینین بە هەموو دەماربەرزییەک وا هەیانە – شەرمە لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارییەکەیاندا، ٣٥ یا ٤٠٪ی ئەوانەی دەتوانن بەشدار بن، بەشداری بکەن. ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئەو خەڵکە نە متمانەیان بە سیستمی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان هەیە نە بۆیان گرینگە و نە هیواشیان پێیەتی." ئەمە بەشێک لە قسەکانی "عەلی خامنەیی"یە لە وتاری نوێژی هەینیی ڕۆژی ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٨٠ لە تاران.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە لایەنگرەکانی بە "بەسیر" و "فەرزانە" ناوی دێنن، لەو کاتەدا سەرخۆش و لەخۆباییی ٢ی جۆزەردانی ساڵی ٧٦ بوو، بۆیە ئاوا بە بڕوابەخۆبییەوە باسی لە بەوتەی ئەو "ئابڕووچوون"ی نەتەوە و دەسەڵاتی وڵاتانی دیکە دەکرد، بەڵام دوێنێ سواڵی دەنگ و بەشداریی دەکرد و بینیشمان چەندە دەستی درێژبووی لەلایەن خەڵکەوە پڕ کرا!
ئەگەر لە چەند بەناو هەڵبژاردنی ئەم ساڵانەی دوایی ورد بینەوە، ئەوەی بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ هەمان شکستی قۆناغ بە قۆناغ و بەردەوامی سیاسی و ڕەوایی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵام دوێنێ وێڕای ئەوەی شکستێکی پشتشکێن بوو

بۆ دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی، لە هەمان كاتدا وتەكەی خامنەیی بە پێوەر بگرین "ئابڕوو"شیان لەسەر دانا ئەڵبەت گەر وا دابنێین ئابڕوویەكیان بووبێ.

مەترسیی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل، دۆخی دارماوی ئابووریی ئێران، كێشەی حیجاب وەك یەكێك لە سەرەكیترین كێشە كۆمەڵایەتییەكان، دانان بە كاریگەربوونی تەحریمەكان لەلایەن بەرپرسانەوە لە دەنگوڕەنگی كۆماری ئیسلامی‌دا، هاواری كاربەدەستانی ڕێژیم بۆ ئەوەی وا بنوێنن لەدوای مردنی سەرۆككۆماری پێشوو ئێران لە قەیرانێك كەوتووە و دەبێ فریای كەون، باس لە پێویستیی گۆڕینی سیاسەتی دەرەوە، ترساندنی خەڵك بۆ ئەوەی ڕەییسییەكی تر نەبێتەوە بە سەرۆككۆمار، هێنانەوە مەیدانی ئیسلاحخوازانی حكوومەتی و زۆر هۆكار و هاندەری تریش كە ڕیز كرابوون بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداری ببەنە سەرەوە، بەڵام بە بایكۆتی بەربڵاو و یەكدەستی خەڵك ئابڕووی پێشتر چوویان چووە سەفەرێكی دووردرێژتر.

گەر لە ساڵی ٩٦ دروشمی سەر شەقام، تێپەڕین لە هەردوو باڵی بناژۆخواز و ئیسلاحخوازی ڕێژیم بوو، لە ئەمڕۆدا لە گۆڕەپانێك كە دەسەڵات دیاریی كردبوو، بەكردەوە نیشان درا ئەوە دروشمێكی نێوبەتاڵ نەبووە و پتر لە پێشووتر چەسپاوە و بووەتە باوەڕێكی نەگۆڕ، ئەمجار كارتی "خاتەمی"یش نەیخوارد و فریایان نەكەوت.

خوێندنەوەیەكی گرنگی تریش دەكرێ بۆ ئاكامی ئەم پرۆسەی دەنگوەرگرتنە - دەنگوەرگرتن و هەڵبژاردن دوو چەمكی لێكجیان - بكرێ. ئامارە فەرمییەكانی كۆماری ئیسلامی ڕێژەی بەشداریی پارێزگاكانیشیان دیاری كردووە و پەیامی گرینگی تێدایە بۆ هەموو چاودێرانی سیاسیی ئێران. ڕاستە جگە لە لایەنگرانی دەسەڵات كەس بڕوای بە ئامارەكانی كۆماری ئیسلامی نییە و بۆ پشت‌پێ‌بەستن نابێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر ئەو ئامارە پەیامێكی ڕوونی پێیە.

لەگەڵ ئەوەی وەك باس كرا ڕێژەی بەشداری لە ئاستی سەرانسەری ئێراندا كەم بوو، بەڵام لەنێو ئەم كەمەشدا كەمترینەكانیش شایانی سەرنجن. پارێزگای سنە، شاری تاران، پارێزگاكانی خووزستان (عەرەبستانی ئێران)، بەلووچستان و گیلان لە ڕیزی یەك تا پێنجەمی كەمترین بەشداریدان. جگە لەوەی خودی شاری تاران حەشیمەتێكی زۆری لە نەتەوەكانی تر لەنێو خۆیدا جێ‌كردووەتەوە یەك لەوانەش كورد كە چەند ملیۆن كەسێك دەبن، بەڵام دەكرێ خوێندنەوەی سیاسیی بۆ ئەم شارە بكرێ كە وەك پێتەختی سیاسیی ئێران و ناوەندی ئەو وڵاتە بەشدارییەكی زۆر كەمی هەبووە و نیشان لە بێ‌هیواییییەكی قووڵ و لەدەستدانی ڕەواییی كۆماری ئیسلامییە لە ناوەندی دەسەڵاتەكەیدا، بەڵام بابەتی ئەو چوار

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

پارێزگای تر دەتوانێ جیاوازتر بێ.

لەگەڵ ئەوەی بێگومان بۆ ئەم خوێندنەوەیە دۆخی سیاسی و ئابووری و دواکەوتوویی پیشەیی و لەو چەشنە بابەتانە لەبەرچاو گیراون، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێ چوار نەتەوەی کورد، عەرەب، بەلووچ و گیلەک کە لەم ڕێژەیەدا بەرچاوترینن، شوناسخوازییەکەیان لە ئاستێکی بەرزدایە و ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران. دەنگنەدانی فارسێکی تارانی لەگەڵ دەنگنەدانی کورد و عەرەب و بەلووچ و گیلەکێک نابێتە یەک و خوێندنەوەی وەک یەکیان بۆ ناکرێ. ئەم بەشدارینەکردنە پڕواتایە - لوڕ و تورکمەنیش دەگرێتەوە و ئەوانیش هەر ڕێژەی بەشداریکردنیان کەم بووە — لەگەڵ ئەوەی بەرچەسپێکی بەحەقی شەرمی ناوە بە نێوچاوانی خامنەیی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە، پشتی سیاسەتی ناوەندگەراییشی شکاندووە و پەیامێکی ڕوونە و وتنی نایەکی بەرزە بە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش کە خەون و خەیاڵی دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای تر لە مێشک و دڵیاندایە؛ پەیامەکە ئەمەیە: هەتا بەدەستهێنانی مافە یەکسانەکان بۆ هەموو نەتەوە ژێردەستەکان ئەم نافەرمانی و هەوڵ و خەباتانە بەردەوام دەبن.

**٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# بایکۆت بە تامی ڕێفڕاندۆم



عەلی بداغی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٨ی پووشپەڕدا کەمترین ئاستی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێکی ئەم کەمە دەنگەش کە دراوە لەسۆنگەی داماوی و بێدەرەتانیی کەسانێک بووە دڵیان بە کەمترین کرانەوەی سیاسی و ئابووری لە دۆخی وڵات بەهۆی وادە و بەڵێنەکانی کاندیدایەک خۆش بووە کە وەک ڕکەبەری سەرەکیی کاندیدای دڵخوازی نیزام جێ خراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە چەند خاڵدا لێکدانەوەیەکی دی بۆ ئەم دۆخە بکەین:

- پێش هەموو شتێک ئەو بەناو هەڵبژاردنەی ڕۆژی هەینی بەڕێوە چوو پتر لەوەی ڕکابەری بۆ گرتنەدەستی جڵەوی سەرکۆماریی نیزام بێت، ململانێی خەڵک و دەسەڵات و ڕێفڕاندۆمی "نا" بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن خەڵکەوە بوو، خەڵکێک کە لە ئێستادا هەڵبژاردنەکان وەک ئەکتێکی نافەرمانیی مەدەنی و بایکۆت و سندووقەکانی دەنگدان وەک تاکە چەکی بەردەستی خۆیان لەهەمبەر نیزامی سیاسیی وڵاتدا بەکار دێنن.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

- لەگەڵ ئەوەدا تێکڕای ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بەناو هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کردبوو، لە نێوخۆی وڵاتیشدا زۆر لایەنی سیاسی، کۆڕوکۆمەڵی مەدەنی، زینداندانیانی سیاسی و بنەماڵەی دادخوازی ڕۆڵەکوژراو هەڵوێستی بایکۆتیان هەڵبژاردبوو. بەوەش سەرەڕای هەموو بازاڕگەرمی و فرتوفێڵەکانی ڕێژیم بۆ هاندانی پتری خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان نەک ڕیزی خەباتی سەرانسەری بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی درزی تێ نەکەوت؛ بەڵکوو خەباتی مافخوازانە دژی ڕێژیم هەنگاوێکی دیکەش بەرەو پێش چوو.

- لە ڕوانگەی عەلی خامنەیی هەر دەنگێک بە هەر کاندیدایەک درابێت، چووەتە نێو هەمبانەی ڕێژیم و هۆکارێک بووە بۆ کڕینی "عیززەت" و "حەیا" لە پێناو "مانەوە و بەردوامی"ی نیزامدا! لەگەڵ ئەوەدا باس لە ئەنگیزەی بەشێکی زۆر لە بەشداران لەو کەمە بەشدارییەشدا کرا کە نیازی دڵیان بە هیچ کلووجێک لەگەڵ بۆچوونەکانی خامنەیی یەک ناگرنەوە؛ بەڵام بەو حاڵەش ئێستا ئیدی خامنەیی هەر بەو مەنتیقەی خۆی دەبێ بۆی دەرکەوتبێ هەر دەنگێکیش لەو بەناو هەڵبژاردنەدا نەچووەتە نێو سندووقەکانی دەنگدانەوە، دەنگی دژ و "نا" بە ڕێژیم بووە.

- ڕیفۆرمخوازە حکوومەتییەکان لەگەڵ ئەوەدا زیاتر لە سێ دەورە بوو کەوتبوونە بەر غەزەبی خامنەیی و ناوکی دەسەڵات، بەڵام بە خوێندنەوەی هەڵە لەدۆخەکە و سیلەی ڕەحمی ئەمجارەی خامنەیی لەبەشدارییپێکردنی سنووردار و چوارچێوە بۆداندراو دا پێیان وابوو دەتوانن دیسانەکەش خەڵک هەڵخەڵەتێننەوە و لەو سۆنگەیەوە ببنەوە شەریکە بەشی دەسەڵات. کەچی دەرکەوت وشیاریی سیاسیی خەڵکی ئێران و قووڵایی قەیرانی ڕەواییەتی خۆیان و ڕێژیم زۆر لەوە زیاترە بتوانن خۆی پێ بگرنەوە. بە واتایەکی دی "اصلاح‌طلب، اصولگرا؛ دیگه تمام ماجرا" هەر دروشمی سەرزاری خەڵک لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام نەبوو، بەڵکوو نواندنی ئیرادە و شێلگیریی ئەوان بۆ تێپەڕین لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمەیە کە بەردەوام پێشان دەدرێتەوە. ئێستا تاکە کارتی بەردەستی ڕیفۆرمخوازەکان بۆ ڕاندی دووهەمی هەڵبژاردنەکان لە هەینیی داهاتوودا ترساندنی خەڵک لە هاتنەسەرکاری جەلیلی و سیاسەتەکانیەتی، بەڵام خەڵک لەوەشدا ئەزموونی زۆریان لە گەمەی هەڵبژاردنی خراپ لەهەمبەر خراپتردا هەیە و جارێکی دیکە دەرفەتی بە "خراپ"ێکی دیکە نادەن "خراپتر" لە پێشوویان بەسەر بێنێت.

- مستەفا پوورمحەممەدی، یەکێک لە جەللادەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویی ڕێژیم تاکەبەربژێری ئاخوندی کەوایشۆڕ لەبەر و مەندیل لەسەر بوو، بەڵام سەتا یەکی دەنگەکانیشی نەهێناوە. ئەوەش دەریخست بەها و بایەخی سیمبولی مەعنەویی دەسەڵاتی ئیسلامی لەلای خەڵک تەنانەت لەلای بەشدارانی بەناو هەڵبژاردنەکەش چەندە؟ وەک چۆن نیزیک بە ٢ میلیۆن

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**دەنگی سووتاو و چرووکی بەشداران ڕێک ٢٠ هیندەی ئەو دەنگە بوو بە پوورمحەممەدیی جەللاد درابوو.**

**- هەتا کاتژمێر ٧ی ئێوارە و پاش ١١ سەعات کات بۆ دەنگدان بەپێی بیلبوردی وەزارەتی نێوخۆ ئاستی بەشداریی خەڵک سەتا ٢٢ بوو، بەڵام دوای دوو جار درێژکردنەوە هەتا سەعات ١٢ی شەو لە کۆتاییدا ئاستی بەشداری لە بیلبۆردەکەدا نیزیک سەتا ٤٠ پێشان درا. لە کاتێکدا بە شایەتیی هەموو وێنە و فیلمەکان بەدرێژایی ڕۆژ لە هەندێ شوێن و بنکەکانی دەنگدان پەپووش نەیدەخوێند و تەنانەت کارمەندەکانی سەر سندووق خەونووچکە دەیبردنەوە، ئەدی خێرە لە چوار سەعاتی دوایی نیوەشەودا ئاستی بەشداریی دووهیندە ببێت؟ ئەوە ئەگەر ئامارسازیی دەسەڵات بۆ کەمکردنەوە لە تاڵایی شکان و هەرەسهێنانیان لە بەرانبەر ئیرادەی خەڵک و بایکۆت نەبێ چیی دیکەی پێ دەگوترێت؟**

**- خاڵێکی گرینگی دیکە سێبەری قوورسی بزووتنەوەی ژینا بەسەر بەناو هەڵبژاردنەکانەوە بوو. کۆماری ئیسلامی دەیویست بە هەرجۆرێک بووە بە بردنەسەرێی ئاستی بەشداریی خەڵک، لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا مەشروعییەتی سیاسی بۆخۆی بکڕێتەوە، بەڵام دەنگنەدانی زیاتر لە سەتا ٦٠ی خەڵکی ئێران و زیاتر لە سەتا ٨٠ی خەڵکی تاران -تازە ئەویش بەپێی ئامارە دەستتێبراوەکان- جارێکی دیکە کەلێن و مەودای هەراوی دابڕانی خەڵک و نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی پێشان دایەوە.**

**دواجار، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک؛ بە دروستکردنی دەیان قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە خەڵک دەبێ تێچووەکەی بدەن، بە سەرکوتی خوێناوی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی مەدەنییەکان بەتایبەت لە بەفرانباری ١٣٩٦ بەولاوە ئیدی هیچ ڕێگایەکی گەڕانەوەی نە بۆخۆی و نە بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە. بۆیە ڕێژیم نە بە "خالس‌سازی" و "جێگۆڕکێ" بە مۆرەکانی دەتوانێت درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، نە خەڵک ئامادەن چیدی لە مەیدانی ڕێژیمدا یاری بکەن و وەک دەبینین چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی ڕێژیم جیا کردووەتەوە، و بە دەربڕینێکی دی داهاتووی خۆیان لە نەمانی ئەم ڕێژیمەدا دەبینن و بۆ ئەوەش لە خەبات بەردەوامن.**

**١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

# ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: سەرکەوتنی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی ٨ی پووشپەڕ ڕێفڕاندۆمێکی دی دژی کۆماری ئیسلامی بوو




**کۆمەڵانی مافخوازی ئێران!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**وڵاتان، ڕێکخراوە و کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان!**

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی هەینی، ٨ی پووشپەڕ بەناو هەڵبژاردنێکی پێشوەختەی سەرۆککۆماریی بەڕێوە برد. ئەم بەناو هەڵبژاردنە لە کاتێکدا کرا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بۆ مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری و مەجلیسی شورای ئیسلامی لە ١١ی ڕەشەمەی ڕابردوودا "نا"یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران گوتبوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وابوو بە قۆستنەوەی ئەو کەشە سیاسییە تایبەتییەی دوای کوژرانی ڕەئیسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات خوڵقابوو، هەروەها بە ئەندازیارییەکی نوێ لە چنینی مۆرەکانی بۆ هەڵخڕاندنی خەڵک و بازاڕگەرمی بۆ هەڵبژاردنەکان دەتوانێ ئاستی بەشداریی خەڵک بباتە سەرێ و، بەوەش شەرعییەتێک بۆ خۆی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بکڕێتەوە. هێنانەوەی ئیسلاحتەڵەبە حکوومەتییەکان بۆ نێو گەمەکە و هەوڵدان بۆ دووجەمسەریکردنەوەی هەڵبژاردنەکان تاکتیکێکی

دیکەی ڕێژیم بۆ هاندان و دنەدانی خەڵک بە مەبەستی بردنەسەرێی ئاستی بەشداریی خەڵک بوو. هەروەها ڕێگەپێدان بە کاندیداکان لە چوارچێوەیەکی کۆنترۆڵکراودا بۆ وروژاندنی هەندێک بابەتی هەستیار و بەڕواڵەت بردنەژێر پرسیاری کار و کارنامەی یەکتری بۆوەی ئەمجارەش ئامانجەکانی ڕێژیم لە ڕێگەی هەڵبژاردنی لانیکەم کەسی "خراپ" لە بەرانبەر "خراپتر"دا لەلایەن خەڵکەوە وەدی بێت. بەڵام هەڵوێستی کۆمەڵگە و ڕەفتاری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی مایەپووچ کردەوە.

هەر بەپێی ئاکامە ڕەسمییە ڕاگەیەندراوەکان کە زۆربەی چاودێرانی سیاسی بە گومانەوە لێی دەڕوانن و پێیان وایە دەستیان تێ براوە، ئاستی بەشداریی خەڵک کەمتر لە سەتا ٤٠ بووە، واتە ساردوسڕترین هەڵبژاردن لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا و ساردتر لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێزدەهەمیش کە تێیدا ئیبراهیم ڕەئیسی بە ڕکابەری لەگەڵ دەنگی سووتاودا ناوی لە سندووقەکان هێنرایە دەر. ئەمەش ئاکامی پێگەیشتوویی سیاسیی خەڵک و گەشەی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانە.

کاتێک خامنەیی بە پاڕانەوە خەڵکی بۆ سەر سندووقەکان بانگ دەکرد و دەیگوت نابێ بۆ کارێک کە نە زەحمەتی هەیە و نە هیچی تێدەچێ دوودڵ بن، چونکی هەر دەنگێکی ئێوە کۆڵەکەیە بۆ ڕاگرتنی ئەم نیزامە؛ خەڵک بەبێ دوودڵی و بە ئیمان بە دروستیی هەڵوێستەکەیان "نا"یان بە ڕێبەری ڕێژیم گوت بۆ ئەوەی بڵێن هەر دەنگێک کە نەخراوەتە سندووقەکانەوە دەنگی دژ و بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامییە.

سەرکەوتنی بایکۆتی بەناوهەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری پێشانی دایەوە کە خەڵکی ئێران چیتر ئامادە نین بە هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتردا چارەنووسی ژیان و داهاتووی خۆیان بە ئیرادەی ڕێژیم بسپێرن، دەریخستەوە کە نە بەوادە و بەڵێنی درۆ و هەڵخەڵەتێنەر دڵخۆش دەبن و نە دەنگی خۆیان دەکەنەوە بە ئامرازێک لە دەستی کۆماری ئیسلامیدا بۆ کڕینەوەی مەشرووعییەتی نەبووی. بایکۆتی بەربڵاوی هەڵبژاردنەکان شێوە ڕیفڕاندۆمێکی ئاشکرا بوو دژی کۆماری ئیسلامی و پتر لە چوار دەیە کوشتار، جینایەت، گرتن و ئێعدام، گەندەڵی و زەوتکرانی سیستماتیکی ماف و ئازادییەکانیان بەهۆی دەسەڵاتی ڕێژیمەوە.

بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ٨ی پووشپەڕ درێژکراوەی ناگوتن بە ڕێژیم لە هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەی ڕابردوو و لە هەمانکاتدا بریسکانەوەی بزووتنەوەی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و بەردەوامیی خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی ئێران

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بوو. ئێستاش کە هەوڵەکانی ڕێژیم لە قۆناغی یەکەمدا هەرەسی هێناوە، چاوی هیوای لە قۆناغی دووهەم و هەینیی داهاتوو بڕیوە هەتا لەڕێگەی وێناکردنی چەواشەکارانەی ململانێی دوو گوتاری دژبەیەک بۆ هاندانەوەی خەڵک، هەروەک خامنەیی دانی پێدانا ئابڕوو و حەیایەک بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەیان بکڕنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی بایکۆت و ئیرادەی خەڵک لە هەموو گەلانی ئێران بەتایبەت گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کەمترین ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی تێدا تۆمار کرا، داوای بەردەوامیی ئەم خەبات و خۆڕاگرییە لە قۆناغی دووهەمی هەڵبژاردنەکانیشدا دەکات. حیزبی دێموکرات هەر لەو چوارچێوەیەشدا دەوری کاریگەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ژنان و لاوان؛ بژاردە سیاسی، ڕووناکبیری و ئایینیەکان؛ میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرخستنی هەڵوێستی بایکۆت و تۆمارکردنی ئەم سەرکەوتنە بەسەر ڕێژیمدا بەرز دەنرخێنێت.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئاکامی ئەو بەناو هەڵبژاردنە تازەیەی کۆماری ئیسلامی هەڵگری پەیامێکیش بۆ وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانییە کە ئەو ڕێژیمە شەڕاشۆ و قەیرانخوڵقێنە کە ئارامی و سەقامگیریی لە ناوچە هەڵگرتوە، لە نێوخۆی وڵاتدا چەندە لەهەمبەر ئیرادەی خەڵکدا زەبوونە و دەسەڵات و هەیمەنەی چەندە داڕووخاو و تێکڕماوە. بۆیە وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە دەنگی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ببیستن و دەرفەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ جینایەتخوڵقێنی و سەرکوتی زیاتری جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵک نەدەن. حیزبی دێموکرات هاوکات سەرکەوتنی بایکۆتی ئەمجارەش بە دەسمایەیەکی گرینگ بۆ یەکگری و هاوخەباتیی هەموو لایەنە سیاسی و پێکهاتەکانی ئێران بۆ پەرەدانی زیاتر بە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنە و فرەڕەهەند لەدژی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتن بەسەر ئەم ڕێژیمە دەزانێت.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٠ی پووشپەڕی ١٤٠٣

١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

## ئاگری ئیسماعیل‌نژاد: کانادا بە ئاگاداریی بریتانیا سپای خستۆتە نێو لیستی تێرۆرەوە و پێدەچێت بریتانیاش هەنگاوی هاوشێوە هەڵگرێ




وتووێژ: شەهرام سوبحانی

### ئاماژە:

**سپای پاسداران زیاتر لە چوار دەیە وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی لە ئێران و دەرەوەی ئێران خەریکی کردەوەی دژە مرۆڤییە و لەم پێناوەدا سەدان جینایەت و تاوانی لە کارنامەی ڕەشی خۆیدا تۆمار کردوە. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لەم ساڵانەدا هەوڵەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سپا وەک ڕێخراوێکی تێرۆرسیتی بێ ئاکام نەبووە کە تازەترینیان دوو حەتووی ڕابردوو بوو کە چاوەری ئەوەش بووین کە وڵاتی کانادا سپای بە فەرمی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند. لە درێژەی ئەم وتووێژدا کۆمەڵێک پرسیارمان سەبارەت بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن وڵاتی کاناداوە هێناوەتە بەرباس کە بۆ وڵامدانەوەیان داوامان لە زۆر بەڕێز کاک " ئاگری ئیسماعیل نژاد"، ڕۆژنامەنووس کردوە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.**

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**شەهرام سوبحانی: کاک ئاگری ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی لەلایەن دەوڵەتی کاناداوە دەتوانێ چ کاریگەرییەکی لەسەر پێوەندییەکانی ئێران لە دەرەوە هەبێت؟**

**ئاگری ئیسماعیلنژاد**: بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت چەند خاڵمان لەبەر چاو بێت:

**ئا:** ئێران وڵاتێکی ئاسایی نییە و وەکوو وڵاتێکی گێرەشێوێن لە دنیادا دەناسرێ و ئەوەش وای کردوە پەراوێز بێت و دەیان گەمارۆی جۆراوجۆری لەسەر بێت.

**بێ:** ئێران تێرۆریسمی دەوڵەتی وەکوو ئامرازێک لە پەیوەندی نێودەوڵەتی‌دا بەکار دێنێ.

**سێ:** ئێران وڵاتی کانادا و ئابووری کانادا وەکوو دەروازیەک بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆکان بەتایبەتی گەمارۆی ماڵی بەکار دێنێ.

کاتێ ئەو سێ گریمانەیە لەبەر چاو دەگرین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە تێرۆریست ناساندنی سپا لەلایەن کاناداوە کارتێکەری جیاوازی لەسەر ئێران دەبێت،

**ئەو کارتێکەرییانە بریتن لە:**

١- کارتێکەری ئابووری بەرینی دەبێت، چون دەیان ناوەندی ماڵی لە کانادا خەریکی پوول سپی کردنەوە بۆ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسدارانن.

٢- کارتێکەری لەسەر بەرنامەی مووشەکی و درۆنی کۆماری ئیسلامی دەبێت، چون دەرکەوتووە کە دەیان تیکە لە مووشەک و درۆنی سازکراوی سپا لە کانادا بەرهەم دێت یان لە ڕێگای بازاڕی کاناداوە دابین دەکرێت.

٣- لە ڕووی سیاسییەوە کارتێکەری بەرینی هەیە، چون سپا هێزێکی فەرمی کۆماری ئیسلامییەوە و کاتێ بە هێزێکی تێرۆریستی دەناسرێ مانایی ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کە سپا بەڕێوەی دەبات دەسەڵاتێکی جێگای بەقا و باوەڕ نییە و بۆیەش لەگەڵ دەسەڵاتی وا هەر چەشنە گرێبەستێکی ئابووری، سیاسی هەڵەیە.

٤- کارتێکەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندی ئابووری ئاشکرای نێوان کانادا و ئێران دەبێت و کارتێکەری لەسەر گرێبەستی

ئابووری لە داهاتووشدا دەبێت، بەگشتی دەتوانین بڵێین هەتا سپا لە لیستی تێرۆری کانادا دەرنەچێ هەر چەشنە گرێبەستێکی ئابووری لەلایەن کۆمپانییە کاناداییەکان لە ئێران جۆرێک مەترسییە و بۆیەش هیچ کۆمپانییەک خۆ لە قەرەی نادا کە وایە ئابووری ئێران ئیزۆلەتر دەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئەم هەوڵەی کانادا دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەیکە وڵاتانی ئورووپاش سپای پاسداران بخەنە لیستی تێرۆرەوە؟

**ئاگری ئیسماعیل‌نژاد**: بە گشتی نا، شێوازی سیاسەتی ئورووپا لەگەڵ ئێران شێوازێکی تایبەت بە خۆییەتی و ئورووپا لەبەر هێندێ کێشەی وەکوو ئیسلامی سیاسی، پەنابەر و تەناهی وزە زیاتر لەوەی دژ بە ئێران ڕاوەستێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵدەکات. بۆیەش ئەو سیاسەتەی کانادا کارتێکەرییەکی لەسەر سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا نابێ، بەڵام بێ گومان کانادا بە ئاگاداری بریتانیا سپای خستۆتە نێو لیستی تێرۆرەوە و پێدەچێت بریتانیاش هەنگاوی هاوشێوە هەڵگرێ بەڵام یەکیەتیی ئورووپا ئەو ئاراستەیە ناگرێتە بەر.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئەم بە تێرۆریست ناساندنە تەنیا لە چوارچێوەی نووسراوەیەک دەمێنێتەوە یان کردەوەشیان بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی دەبێت؟

**ئاگری ئیسماعیل‌نژاد**: بە هۆی سەروەری قانون لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەگەر لایەنێکی سیاسیش لە کانادا باوەڕی بە تێرۆریست بوونی سپا نەبێ، ناتوانێ لەو قانوونە لادا، بۆیە ناتوانین بڵێین هەر لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، بەڵام بێ‌گومان بۆ بەڕێوەچوونی ئەو قانوونە بودجە، کات و هێزی دەوێت و لاوازبوونی هەر کام لەوانە دەتوانێ بەڕێوەچوونی قانوونەکە لاواز بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو لایەنانەی بە تایبەت ئەوانەی کە هەڵگری ئیدئۆلۆژی ئێرانیزمن بۆچی دژ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانن؟

ئێرانییەکان بە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هیچ ڕێکخراوە و تەشکیلاتێکیان بۆ دژایەتی کۆماری ئیسلامی یان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێران تەنانەت لە قۆناغی بۆشایی دەسەڵاتیش بەدەستەوە نییە، ئەوان بەتایبەتی لایەنی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

وەکوو ڕەزا پەهلەوی پێگەی جەماوریشان لەگەڵ خواستی سیاسیان نایەتەوە، لەبەر ئەو هۆکارانە پێیان وایە سپای پاسداران لە کاتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ببێتە هێزی ئەوان و ئەوان هێزی سپا بۆ ئامانجی سیاسی خۆیان بەکار بێنن. کوردی و کورتی بۆیە پێیان ناخۆشە سپا بچێتە لیستی تێرۆرەوە چون دەیانەوێ لەداهاتووی پاش کۆماری ئیسلامی سپا وەکوو هێزی سەرکوتی نەتەوەکان بەتایبەتی نەتەوەی کورد بەکار بێنن.

**ئاگری ئیسماعیلنژاد**: **شەهرام سوبحانی**: کاک ئاگری سپاس بۆ بەشداریت و ماندوو نەبیت

**شەهرام سوبحانی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

**١٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان



**مێهدی مێهرپەروەر**

**"ئێمە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان دەکەین و لە ڕێگای وەدەستهێنانی ئەو مافەشدا بەهەموو تواناوە تێدەکۆشین. ئێمە دڵنیاین کە هیچ ڕێژیمێک لە ئێران ڕێژیمێکی بەڕاستیی گەلی، دادپەروەر و دێموکراتیک نابێ، ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی وڵاتی ئێمەیە چارەسەر بکا"**

**دوکتور قاسملوو**

نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت لەدوو سەدەی ڕابردوودا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خەباتی کردووە و لەو پێناوەدا بە دەیان ڕاپەڕینی مەزنی دژی داگیرکەرانی کوردستان بەڕێوە بردووە.

لەسەدەی نۆزدەیەمدا بزووتنەوەکانی بابان، میر محەممەدی ڕەواندز، بەدرخان، یەزدانشیر و بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە زۆرێک لە شارەزایان پێیان وایە سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی و یەکەمین بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی لەدژی

دوو دەسەڵاتی عوسمانی و ئێران بووە. هەروەها بزووتنەوەکانی دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هەوڵدان بووە بۆ بەدەستهێنانی مافێکی سەرەکی کە لەودا گەلی کورد بتوانێ چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیاری بکا، واتە بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

ئەوە حەقیقەتی مێژوویییە کوردستان، خاکی کوردان بەبێ پرس و لەلایەن داگیرکەران و وڵاتانی زلهێزەوە دابەش کراوە و بەچەندین ڕێککەوتننامەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی شووم دژی بەرژەوەندییەکانی کورد ئیمزا کراوە، وەک پەیمانی زەهاو، ئەرزروم، سایکس پیکۆ و لۆزان. لە بەرانبەردا و هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی چەندین بزووتنەوەی بەهێزی نەتەوەیی دژی دەسەڵاتدارانی ئێران بووین کە لە کۆماری کوردستاندا بە لوتکە گەیشت و گەلی کورد توانی لە بەشێک لە خاکی کوردستاندا بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی خوسەپێن کاروبارەکانی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە بەڕێوە ببا. هەر چەند تەمەنی کۆمار تەنیا یازدە مانگ بوو و لەگەڵ زۆر کێشەی نێوخۆیی و دەرەوە بەرەوڕوو بوو، بەڵام دانیشتووانی کۆماری کوردستان هەستیان کرد سێبەری ڕەشی داگیرکەریان بەسەرەوە نەماوە و دەتوانین ڕۆڵیان هەبێ لە خۆبەڕێوەبەری.

بە ڕووخانی کۆمار هەستی نەتەوەیی و ڕزگاریی خاک نەک هەرەسی نەهێنا، بەڵکوو بۆ نەوەکانی دواى خۆی گوازرایەوە و مەشخەڵی پێشەوای نەمر کەوتە دەستێکی ئەمین. بەڵی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەو کەسە بوو بە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی قەوارەی حیزبی دێموکرات و نووسینەوەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ گڕوتینێکی دیکەی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی. دروشمی ستراتیژیی حیزب دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو. سەبارەت بە خودموختاری وەک یەکێک لە شێوازەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس **دکتۆر قاسملوو دەڵێ:**

**"ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەست کەوت بەو مانایەیە کە «مافی چارەنووس»، جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێ و ئاڵای تایبەتی و دراوی خۆمان هەبێ. هەر ئێستا زۆر میللەت ئەوانەیان هەیە - بەتایبەت لە ئافریقا کە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا ئازاد کراون - بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی ڕواڵەتیی سەربەخۆیی یان ئیستقلال، مانای ئەوە نییە کە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ. عەکسی ئەوەش هەر ڕاستە."**

لەگەڵ ئەوەی دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا و بەپێی ڕەوش و دۆخی ئەوکاتی ئێران و ناوچە خودموختاریی پێ گونجاو بوو، بەڵام پێی وابوو کورد وەک هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم گۆی زەوییە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیەتی سەربەخۆ بێ. دوکتور قاسملوو لە دوایین چرکەساتەکانی ژیانیدا لەکاتی دانووستان لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

ئێران سەبارەت بەچارەنووسی نەتەوەی کورد دەڵێ: "نەوەی ئێمە، نەوەی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە، ڕەنگە نەوەی داهاتوو داوای سەربەخۆیی یان سۆسیالیزم بکات و ئێمە تەنیا بەرپرسیاری نەوەی خۆمانین". ئەم ڕووانینەی دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ بڕوای قووڵی بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا.

**دوکتور قاسملوو لە کتێبی کوردستان و کورد سەبارەت بە مافی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە شێوازەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەڵێ:** "کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە بۆ نموونە جێبەجێکردنی مافی دانانی چارەنووس لە عێراق مانای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکوو یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراق لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیەیە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا."

هەر سەبارەت بە مافی کوردان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەڵێ: "هەر ئەندازە یەکیەتیی کوردستان نامومکین و نادروست بێتە بەرچاو، حەق وایە کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە فەرمی بناسێندرێ. چونکە داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان بەبێ جیاوازی و هەڵاواردن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕادەی حەشیمەتی ئەو گەلە کە باسی لێوە دەکرێ و ڕادەی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی کە نەتەوەی ناوبراو تێیدا دەژی، بە مانای قەبووڵکردنی بیروبۆچوونەکانی ئەنترناسیۆنالیستی و مافی یەکسانیی گەلانە."

**دوکتور قاسملوو بڕوای قووڵی بەوە هەبوو کە هەموو نەتەوەکان خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیانن، هەر بۆیە لەم پێوەندییەدا دەڵێ؛**

"ئەوە کە هەلومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەبارە یان نا، ئەوە کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک یان مانەوەی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ چەند نەتەوەی دیکە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەوە کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا، ئەوە کە ئەو داوایە لە ژێر سێبەری ڕێژیمێکی سەرمایەداریدا ئیمکانی وەدیهاتنی هەیە یان تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سوسیالیستیدا، نابێ ببنە هۆی حاشاکردن لەو ڕاستییە کە تەواوی نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە".

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

تەنانەت دوکتور قاسملوو لە گوشەنیگای مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانەوە بیرۆکەی پیکهێنانی فیدراسیۆنێک لە دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەخاتە ڕوو و لە کتێبی "کوردستان و کورد"دا نووسیویەتی: "جیابوونەوی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە هیچ شێوەیەک بە واتای جیاوازیخوازی نییە و بە پێچەوانەوە دوای ئەو سەربەخۆییە هەلومەرجی پێویست بۆ دروستبوونی یەکیەتیی نێوان تەواوی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە دەتوانێ لە شێوەی فیدراسیۆندا پێک بێ".

لەنێو خاوەنڕایانی نەتەوەی فارسدا باس لەوە دەکرێ کە ڕەساڵەتی مافی دیاریکردنی چارەنووس تایبەت بە قۆناخێکی دیاریکراو لە مێژوودا بووە و ئێستا سەردەمی ئەم مادەیەی مەنشووری نەتەوەیەکگرتووەکان وەک مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان بەسەر چووە و زیاتر لە چوارچێوە دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەرەنتی مافی کەمایەتییەکان پێناسە دەکرێ. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد دوکتور قاسملوو لە دوایین چرکەساتەکانی ژیانیدا ئەو پەیامەی بە دەسەڵاتدارانی ئێران گەیاند کە نەسڵی ئێمە نەسڵی دێموکراسی و خودموختاریە، بەڵام ئێمە زەمانەتی ئەوە ناکەین نەسڵی دوای ئێمە بەو داوایە ڕازی دەبێ. کەوابوو ئەو ڕوانینەی دوکتور قاسملوو بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کە دەتوانێ داخوازییەکان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە بگۆڕدرێ، سەلمێنەری ئەوەیە کە سەردەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس نەک بەسەر نەچووە، بەڵکوو خەباتی نەتەوەی کورد تا گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی بەردەوام دەبێ.

گەلی کورد پاش زیاتر لە دوو سەدە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و دانی قوربانییەکی زۆر لەم پێناوەدا، سوورە لەسەر دەستەبەرکردنی مافە یاساییەکانی خۆی و بەدڵنیاییەوە ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو ڕێنیشاندەری خەباتی گەلی کورد دەبێ و مەشخەڵی خەباتی ڕزگاریخوازیی هەروا بە گەشاوەیی دەمێنێتەوە و نەوە بەدوای نەوەدا ئەم مەشخەڵە دەستاودەست دەکرێ تا دەگاتە دوامەنزڵی خۆی کە گەیشتنی نەتەوەی دابەشکراوی کوردە بە مافی خۆی واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ کە سەردەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس نەک بەسەر نەچووە، بەڵکو یەکێک لە هێڵە ستراتیژییەکانی گەلی کوردە بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی یەکجاری.

**١٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# پرچی مێژوو، نایەتی خۆشەویستی




**سەلیم حەقیقی**

مرۆڤێکم کە بمپشکنی خاڵێک لە جەستەم نابینی برینی پێوە نەبێ، دەمارەکانی دەروونم پساون و جەرگم شەڵاڵی خوێن و سییەکانم خوێن و گورچیلە و دڵم خوێن، هەر خوێن لە هەناوم مەییوە. ئەوەندە سنەم خوێناوییە ئەوەندەش مێژوو، مینانی قەڵا لە دەوری تەرمی تەمەن دەسووڕێم و دیرۆک دەلاوێنمەوە هەتا گڕوو نەگرێ وەک منالی بێشکەی دڵم کاتێک دەگەڵ شیری دایکم خەمی نیشتمان دەچێژم و بە هەنیسکی ڕقی پیرۆز مەند دەبوو، ئەودەم ٥٩ گوڵە شلێرە سەریان هەڵقرتا، دڵی سیسی نیشتمان لایەلایەی بۆ هەزاران بنە شلێرە دەگوتەوە و ڕایدەژاندن، لاواندنەوەی لەبەر بێر و چیخی موژگانی پۆڕێک شیلان بە گوڵە بچووکە سپییەکانی بۆنێکی بەهاری دەدایە دەستی شەماڵ و ئەویش دەیبردە قەندیل و لەوێشەوە بەرەو سابڵاغ و کۆڵان بە کۆڵانی کوردستان گەڕە لاوژەی پێدەچڕی.

کاتێک لە نێوان دوو ئاوایی ملکی بیرم قوچاخ بە قۆپی و مێرگ و مێشە دەخوشیم دەگەیشتمە سەر گادەر، ئەوەندە مووسا دەبووم بە گۆچان شەتم دەکرد پێشم دەگرت و ڕامدەسپارد لە زەریای ویشک و سوێر لامەدە بە ژێر ئاخا، تاو بدە دەشتێک بکە پێخوست و لە کارێزی ئەوین سەرچۆپی بگرە و دۆی چەلەنگی چاوجوانی ناسکی شەنگ و دڵبەری شۆخ و دڵگر و وڵێو شێوەشیرنی چەلەک بگرە دەست و سەمای هەڵپەرکێ بە چاوی دەزبڕ و خاپینۆک دادە ئەوانەی ڕۆژێک کوڕیان لە وێنەی تۆدا شک دەبرد و تێچێن و شۆفار و بەکرە هەناش و زیران و گوێ بەل دەکەوتنە گیانت هەتا بۆنی عەتری گوڵی سپی جندی

خاڵخاسی ڕند و خرنگی ڕووپەری یەڤەن دڵگر و شیاو، بۆگەن بکەن.

تۆی ئەوەندە نازدار بە چاوی بەدکار بە سیلەی کۆن مێشکێکی گەنیو خەرفاو لەناو پاناوی دیوەخانێکی ڕازاوە بەڵام کوڵکن. ئەوەنـدەم حەز لێـتە وەک منـاڵ بە بێشـکە وەک سـێو بە زریـان وەک گەڵا بە دار و وەک گـوڵ بە گـڵ و وەک بـۆن بە هەناسـەکانت! تـۆ هەمـوو بیـری منـاڵیی منت زینـدوو کـردەوە کاتێـک ڕونـدکی کل ڕژاوت هـاتە سـەر گۆنـا و مشـتێک دڵـی خوێناویت بە پۆڕێک شیلانی دەم کانی سەر ڕەوەزی چخووری سەوزەڵانی پـڕ لە ئەوینـی و حەز و مەیل و هۆگری پێشکەشی من کرد و منیش ئاوێتە بووم لە هەناوی حەقیقەتێکی شاراوەی تێڕامانی چلەکێشی ڕێبازێک و هاتمە سەر ئۆلی بـاوەڕ و لە خانەقـای عەرشی قورشی تەختی ئاسمان دەم لە نـاو دەم زکری ڕۆژە دژوار و ئاستەم و ئـاز و سەخڵەت و چەتمـان دەکـرد کاتێک پیاڵەی سۆفی بە تەلیلەی ئاوی کەوسەری شەڕابی خەستی هەزار ساڵەی مێژوو دەهۆندەوە، ویستی کردگـار هـاتە دی و لە پەنا گۆڕستانی خوێناویی سینگت بارگەم داکوتا و بوومە خاوەن ماڵ! بەڵام چ هێلانەیەکی شێواو و پەشێو بـوو، دڕک و زی ئەنگوستیان دەمژی، خەرتەل چڕنووکی دەخستە ناخی هەنیسکت و زێـروو هەناسە و ئـاواتی دەمژتـی و هەرزەیەکـی بـژار لەسەر پشتت ڕەگی داکوتابوو.

نەستم لە پردی ئایشەخان بەجێ ماوە گۆمێکی مەنـد و مۆڵگەی هاوسێ، کە بـاران دەبـاری تەڕ تەڕ دەچۆڕاوە فرمێسکی چاوەکـانم و دەڕژایە ئەو ڕووبـارەی مەنـزڵگەی تـۆی دەهۆنـدەوە، پێیەکـانم لە هەمـوو نیشـتمان هەر وا دەڕۆن، ڕێ دەپیـون دەچنەوە بن قەڵاغ و سەر قەڵەمە و سەربان و سەرگوێلکە و سەرجیخون و سەرکانی و سەرئاو و سەرما و سڕسڕ دەبـوونەوە شل شەکەت شێواو دەخزامە کورسیلە، ئەوەندە یادت دەکەم پڕ بە سییەکانم نـاتوانم تـاو و تین و پـرزە بـدەم، شەقێک لە بەختم دەدرێ هەڵدەدێرم بەڵام ئەمجارە نەگلیام، ئەوەندە پڕم لە مێژوو سینگم هەوری و هەموو خەفەت و خەمی نیشـتمانی ڕاکێشـاوە ئەوەنـدە قورسم لە تـاسە و حەسرەت هەمـوو ئـاخی گەل بـۆکڕووزی هەڵقرچـاوی سووتمانی ئاسمان هەڵـدەگرم و جانتـا و خێڵخـانەم ڕکیش دەکەم هاوتەریب وێکڕا بەردەبێـری شـانت و قـامەتی ڕاوەسـتاو و بیچمـی ڕازاوەت چوست شـادی دەژێنێ.

قوژبنی دیوەخان مزڵی دڵتەنگییەکانت بوو کاتێک باران دەبـاری وەک کوێران مژێکـی تـاری ئەنگوستەچاو ئادگـاری منـداڵیت دەشەوتـاند و حەسرەتێکی نەزانی بێ ئاوەز گەوجی گەلحۆ پێکەنینی پەپوولەی لە ئاوێنەی دزێو و دێوەزمەی بیری نەشیـاوی ناشیرن و ڕووزە دەدی. لە جێ پێت گوڵخونچەی شـاری شنۆ مـاچ دەکـات، پیاسـەکانت لەسـەر پـردی سوور و بـاغی گـۆرانی سـەوزەی کەسـک و شین دەچڕێ ئەو کـاتەی تووشـی دێـوێکی چـاوچنۆکی بەدفەڕی منـاڵ دەبییـەوە و بەغـوربەت ڕایـدەژێنی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**دەیلاوێنییەوە ئەو بژارەی وەک فریزوو بینەڤاقای گرتبووی هەتا بزەت ببێتە بوغز و گڕوو کلوو کلوو ببارێتە سەر جەستەی چاوەکانت.**

**هەنووکە شیلان و شەو بەختێک سپی دەکەن، مێژوو دەزێ لەناو بزەی شاییی من و تۆ بەوێنەی شەوقی شەوارەی مانگی دێ دەڕژییە ئەشکەوتی ڕابردووم و پرچت دەهۆنمەوە کەزی دادێنم قفڵبەندی دەکەم لەناو بەندی دڵم.**

**١٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

## تۆتالیتاریزم لە نێوماڵەکاندایە!



ئاسۆ مێنبەری

لە پێناسەی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکاندا و بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر پێناسەیەکی باو هەیە کە دەڵێ، دەسەڵاتی دیکتاتۆر هەتا بەر دەرکی ماڵەکەت دێت بەڵام دەسەڵاتی تۆتالیتەر دێتە نێو ماڵەکەتەوە!

ئەم پێناسەیە ئەگەر سەبارەت بە ڕێژیمی ئێران چاوی لێ بکرێ، پێناسەیەکی پڕ بە پێستە، چونکە کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە، دەسەڵاتێکی تۆتالیتەریشە کە تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی خەڵکیشی کردووە ئامانج و دەستێوەردانیان تێدا دەکات.

نموونەی بەرچاوی ئەم دەستێوەردانە، پرسەکانی حیجاب و منداڵبوونە کە ڕێژیم بەپێی سیاسەتەکانی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتی حیجاب و عیفاف و حەشیمەتدا، دەستێوەردانیان تێدا دەکات و هەرجارەو بە جۆرێک خەڵک ناچار دەکات کە گوێڕایەڵی بڕیاراتی بن و پرسی ڕەچاوکردنی حیجاب و منداڵبوون و نەبوویان لەسەر خواستی دەسەڵات و ناوەندە

پێوەندیدارەکانی ڕێک بخەن.

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە دوو پاسداری سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیم بە دەربڕینی نیگەرانی لە پیربوونی حەشیمەتی ئێران، خوازیاری زۆرکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەتی وڵاتەکەیان بوون.

پاسدار حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سپای پاسدارانی ڕێژیم لەمبارەوە ڕایگەیاند: ئەگەر نرخی گشتیی حەشیمەت بەرز نەبێتەوە، کۆمەڵگە پیر دەبێت و کۆمەڵگەی پیریش مەحکوومە بە نەمان. ناوبراو کۆمەڵگەی پیری بە کۆمەڵگەی خەمۆک ناو بردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەم پیرییە دەبێتە هۆی خەمباربوون و بەم شێوەیە هەم خەساری زیاتری بەر دەکەوێ، هەم زوو تێک دەشکێت.

لەلایەکی تریشەوە، پاسدار محەممەدڕەزا نەقدی، جێگری هاواهەنگیی سپای پاسداران ڕایگەیاندووە کە ٢٠ لەسەدی هاوسەرەکان ناتوانن منداڵیان ببێ و هۆکاری ئەمەش بەرزبوونەوەی تەمەنی هاوسەرگیرییە. ناوبراو وتوویەتی: بە پیربوون و کەمبوونی حەشیمەت، یەکێک لە فاکتەرەکانی هێز لەدەست دەدەین.

لەلایەکی تریشەوە، محەممەدحوسێن تاهیری، بەرپرسی ستادی "امر بە معروف و نهی از منکر"ی ڕێژیم باسی لە بەڕێوەبردنی خولێک لەژێر ناوی "گەڵاڵەی عیفاف لە ماڵەوە" بە مەبەستی پڕوپاگەندە لەنێو ماڵەکان و لە چوارچێوەی بنەماڵەکاندا کردووە بەڵام خاڵی جێی سەرنج لەم خولەدا ئەوەیە کە ڕایانگەیاندووە: هەوڵ دەدرێت ئەو کەسانەی کە خولەکە تێدەپەڕێنن لە کۆتاییدا ببنە چالاکی دینی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی!

ئەم بابەتانەی کە لە سەرەوە باس کران نموونەی ئاشکرای هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر خەڵکدایە. سیاسەتێکی شکستخواردوو کە هەرچی زیاتر کات تێپەڕ دەبێت، ئاسەوارەکانی زیاتر بەرۆکی خودی دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا لە قسەکەی محەممەدڕەزا نەقدیدا کە دەڵێ بە پیربوون و کەمبوونی حەشیمەت، یەکێک لە فاکتەرەکانی هێز لەدەست دەدەین، تێدەگەین کە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لە بردنەسەرەوەی حەشیمەت نەک خەمخواردن بۆ پیربوونی پێکهاتەی کۆمەڵگە بەڵکوو کەمبوونەوەی هێزی لاوە، هێزێک کە ڕێژیم دەیهەوێ بیخاتە چوارچێوەی پەرەدان بە

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

ئیدئۆلۆژییەکەی خۆیەوە و لە ڕاستیدا نیگەرانی ئەوەیە کە هێزی لاوی بۆ بو کوشتدان لە ڕاستای ئاژاوەنانەوە و هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی دیکە لەبەر دەست نەمێنێ.

هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، یەکێک لە فاکتەرەکانی ناسینەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتەر هەر ئەو دەستێوەردانەیە کە لە ژیانی تاکەکەسیی مرۆڤەکاندا دەیکات و ئیزن بە خۆی دەدات کە بچێتە نێو تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانیانەوە و کاریگەریی لەسەر ڕوانگە و بڕیارە گرینگەکانی ژیانیان هەبێت.

پرسی حیجاب، پرسێکی تاکەکەسییە و دەچێتە چوارچێوەی ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە کەوابوو کەس بۆی نییە لەم پرسەدا دەستێوەردان بکات و ئەوەندە زێدەڕۆیی بکا کە بە هۆی لەدەرەوەبوونی چەند تاڵە قژ، هەموو چەشنە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان و کچان بنوێنێ نەکا پیاوانی پەروەردەکراو بە ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی تووشی گوناهی کەبیرە ببن و لە حووریەکانی بەهەشت بێبەری بن!

بەڵام پرسی منداڵبوون، یەکێک لەو پرسە گرینگانەیە کە دەتوانێ لایەنی جیاوازی هەبێت، بۆ نموونە فاکتەری ئابووری، باری دەروونیی هاوسەرەکان، ئەمنییەتی کۆمەڵگە، شوێنی ژیان و زۆر فاکتەری تر هەن کە دەتوانن لەسەر ئەم بڕیارە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبێت.
بەڵام دوو فاکتەر هەن کە ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتیدا لەمبارەوە دەور دەگێڕن، یەکیان پرسی ئابوورییە و ئەوی تر پرسی ئەمنییەت و دۆخی گشتییە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە ئێستادا و بەم هەموو گرانییەوە کە هەیە ڕەنگە پرسی ئابووری بۆ ژمارەیەک لە خەڵک وەکوو کێشە چاوی لێ نەکرێت بەڵام بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ژیناوە، پرسی ئەمنییەت و دۆخی گشتیی کۆمەڵگە بووەتە فاکتەرێکی زۆر گرینگ و ڕەنگە یەکلاکەرەوەش.

بەو مانایە کە کاتێ هاوسەرەکان لە داهاتوو و ژیانی خۆیان دڵنیا نین و نازانن کە چ ڕووداوێکی دیکە و کەی دەتوانێ کۆمەڵگە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ڕێژیم بەرانبەر بەم جۆرە ڕووداوانە چۆن هەڵوێستی توندتر و دڕندانەتر بۆ سەرکوت لەبەر بگرێت، کەوابوو بڕیاردان بۆ هێنانە دونیای بوونەوەرێکی دیکە بە کاری بێهۆ دەزانن و پێیان باشترە لەو دۆخە سەخت و ئاسۆ ناڕوونەدا، تەنیا بەرپرسایەتیی ژیانەکەی خۆیان لە ئەستۆ بگرن.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

خاڵی گرینگ لەم پرسەدا هەر ئەوەیە کە بە دەسپێکی نارەزایەتییەکان لە ساڵەکانی ڕابردوودا و بە دیاریکراوی پاش نارەزایەتییەکانی ١٣٩٨ و دواتریش نارەزایەتییەکانی ١٤٠١ و دەستپێکردنی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، ڕێژیم هەستی بە مەترسییەکی زۆرتر کرد، لەلایەک کۆمەڵگەیە کە بەرهەڵستی بووەتەوە و لەلایەکی دیکەوە نەبوونی هێزی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، نەوەی نوێ بەتایبەت لە کوردستان – هەر ئەو جیلەی کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆر هەوڵی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی دابوو- بە پێچەوانەی باوەڕ و خواست و چاوەڕوانیی دەسەڵات، پشتی لەم ڕێژیمە کرد وئامادە نەبووە بەشێک لە سەرکوتکاری و توندوتیژژیەکانی ڕێژیم دژی خەڵک بێت.

نەوەی نوێ بەتایبەت کچان و ژنان لە کوردستان بە تێگەیشتنی دروست لە چییەتیی ڕێژیم، هیچکات نەبوون بە بەشێک لەو ڕێژیمە و نیشانیان دا کە هیچکات ملکەچی بڕیارەکانی نابن، هەر ئەم تێگەیشتنەش وای کردووە کە زۆربەی ژنان و کچان بە نەهێنانە دونیای منداڵ، هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە خەڵک و بەتایبەت لاوان بێ ئاکام بهێڵنەوە.

ئەم چەشنە لە بەرەنگاربوونەوە جیا لەوەی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا نیگەرانیی بەرپرسانی ڕێژیمی لێ کەتووەتەوە، بووەتە هۆی بێهیوابوونی ڕێژیمیش، بە ڕادەیەک کە ئەم پرسە ئەوەندە گرینگ بووەتەوە کە تەنانەت ڕێبەر و سەرۆکۆماری ڕێژیمیش باسی دەکەن و دەیانەوێ بە کۆمەڵێک وادە و بەڵێنی بێبنەما، خەڵک فریو بدەن و پەرە بە سیاسەتەکەی خۆیان بدەن.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نموونەی دیار و بەرچاوی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەری خۆسەپێنە کە لە هەموو ڕێگایەک بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژی و بەرنامەی خۆی کەڵک وەردەگرێ، تا ئەو ڕادەیە کە ئێستا هاتووەتە ژووری نوستنی خەڵک و وەک بوونەوەرێکی بێ مێشک، بێ ئاوەز و تێفکرین، دەستێوەردان لەم لایەنە تایبەتەی ژیانی تاکەکان دەکات.

پێویستە کۆمەڵگە وشیارانە لەگەڵ ئەم پرسە بەرەوڕوو ببێتەو، چونکە تۆتالیتاریزم هاتووەتە نێو ماڵەکانەوە و پێویستە بە کردەوەیەکی یەکگرتووانە و بە بیر و ئەندێشەیەکی ئەمرۆییانە و زانستیانە لە ماڵەکان وەدەر بنرێ.

**١٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# سەرکۆماری داهاتووی ڕێژیم کێیە؟



شەماڵ تەرغیبی

لە ماوەکانی ڕابردوودا و پاش مردنی گوماناوی ئیبراهیم ڕەییسی سەرکۆماری پێشووی ڕێژیم وەک هەموو لایەک ئاگادارن، بڕیار درا بەناو هەڵبژاردنێکی دیکە بۆ دیاریکردنی سەرکۆمار لە ئێراندا بەڕێوە بچێ؛ کە بەپێی ئەزموونی شانۆگەریی ١١ی ڕەشەمە و ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو پێشبینی ئەوەیکە خەڵک بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەشداری ئەم شانۆگەرییە دەبن، کارێکی ئەستەم نەبوو؛ بەهەرحاڵ بەناو هەڵبژاردنەکان لە ٨ی پووشپەڕ واتە هەینی ڕابردوو بەڕێوە چوو و خەڵک لەو جوغرافیا سیاسییەی بە ئێران دەناسرێ بەتایبەت لەو هەرێم و ناوچانەی کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی تێدا دەژین و لەو نێوانەشدا کوردستان کە پشکی شێری بەر کەوت، حەماسەی بایکۆتیان خوڵقاند.

ڕێژیمی دۆشداماو دیسانەوە بە ساختەکاری و خستنەڕووی هەندێ ئاماری ناڕاست ڕایگەیاند کە بەربژێرەکان ڕادەی پێویستیان لە دەنگەکان بۆ سەرکۆماری وەدەست نەهێناوە و پێویستە لە خولێکی دیکەدا ئەم شانۆگەرییە درێژە پێ بدەن کە ئامانج لێی لەڕاستیدا دەتوانێ دوو هۆکار بێت: یەکەمیان ئەوەیکە ڕوو بە دنیای دەرەوە بڵێت ئەوەتا لە وڵاتی ئێمە و لە

سیستمی حوکمڕانیماندا دێموکراسی ئەوەندە بەهێزە کە ڕقابەت هەیە لە هەڵبژاردنەکانمان و ناچاریش دەبین بە دوو دەورە سەرکۆمارەکەمان هەڵبژێرین. دووهەمیش ڕەخساندنی هەلێکی دیکە بۆ ئەندازیاریکردن.

بەپێی هەندێک راپرسیی نافەرمی کە لە ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنەکان کراوە، دەرکەوتووە کە ٥٥ لەسەدی خەڵکانی ئێران نایانهەوێ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن و رایانگەیاندووە کە دەنگ نادەن، ١٨ لەسەدیش هێشتا دوودڵن لەوەی کە ئایا بەشداری بکەن یان نا و تەنیا ٢٧ لەسەد باسیان لە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە.

پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا وەک هەمیشە، ناوی دوو باڵی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازی ڕێژیمی هێناوەتە گۆڕ و هەموو میدیا و دەنگەبەر و ڕۆژنامەکانی ئێرانیش بۆ گەرمکردنی زیاتری بازاڕی بەناوهەڵبژاردنەکان و چەواشەکاریی زیاتر کە گوایە هەبوونی ئەم دوو باڵە لە ئێراندا، زیندوویی بە بازاڕی بەناو هەڵبژاردنەکانی ئێران داوە، لە هەوڵدان تاکوو بە نیشاندانی دژایەتیی نێوان ئەم دوو باڵە، سەرنج و لە ئاکامیشدا دەنگی خەڵک بۆ لای سندووقەکانی دەنگدان ڕاکێشن، بەلام ئەوەی کە وەکوو کەتوارێکی حاشاهەڵنەگر لەبەرچاوە و نکۆڵی لێ ناکرێ، نەبوونی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو باڵەدایە.

چ بناژۆخوازەکان و چ ڕیفۆرمخوازەکانیش، هەردووکیان سەرچاوەگرتوو لە خودی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و هیچ جیاوازییەکیان نییە، لە ڕاستیدا بە هاتنە سەرکاری هەرکام لەم دوو لایەنە، دۆخی ئێران هەروا بەرەو خراپتربوون دەچێت.

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خۆی لە هیچ هەوڵێکی دزێو پاشگەز نابێتەوە ڕاستییەکی ڕوونە بەڵام، خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە هاتنەسەرکاری هەر کەس، لە هەر دەستە و تاقم و گرووپێک، ئەتوانێ چی لە دۆخی خەڵکانی ئێران بگۆڕێ؟ ئایا بە هاتنەسەرکاری هەر کام لە کاندیداکان، کۆماری ئیسلامی نییە کە حوکم دەکات؟ ئایا ئەو دەسەڵاتە نییە کە ڕێوشوێن دیاری دەکات و ئایا عەلی خامنەیی نییە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و جێگرەوەی خودا لە سەر زەوییە و بە بێ ئیزنی ئەو تەنانەت خەڵکانی ئێران مافی هەناسەکێشانیشیان نییە؟

وڵامی هەمو ئەو پرسیارانە ڕوونە و ڕەنگە پێویستی بە شیکاری و شرۆڤەی ورد نەبێت و تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

مێژووی دەسەڵاتداریی هەر دوو جیناحەکەی نێو دەسەڵات دەری دەخات کە هیچ کامیان لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خەڵک و خاکی ئێراندا نەجوڵاونەتەوە و ناجوڵێنەوە؛ بەپێچەوانەوە هەموو هەوڵی ئەوان پاراستنی "نیزام" لە شکڵی ئێستەی خۆیەتی؛ کە ئەم ڕاستییەش لە نێو قسە و کرداری هەموویانەوە دیارە؛ هەر لە خاتەمییەوە بگرە تا دەگاتە ڕوحانی و نوێترین بوکەڵەکانیان کە خۆیان بەشێکی ئەساسی بوون لە سەرخستن و ڕاگرتنی نیزام.

کەواتە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنەکان، شانۆیەکی تەواو بەرنامەبۆدارێژراوە، هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ دەستێوەردانی تێدا بکات چونکە هەموو هەوڵەکە ڕاگرتنی هەیمەنەی کۆماری ئیسلامییە، ئەویش بە هەر نرخێک بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین گرینگترین ئەرک کە دەکەوێتە سەر شانی هەر تاکێکی نیشتەجێ لە ئێران و بەتایبەتیش لە کوردستان ئەوەیە کە لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا بەشدار نەبێت، چونکە هەر دەنگێک کە دەچێتە سندووقەکانی دەنگدانەوە، دەنگێکە بۆ بەردەوامیی ستەمی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی ئاخوندی، هەر بۆیە دەبێ قسەی هەمووومان بە یەک دەنگ ئەمە بێت: من دەنگ نادەم بە بەردەوامیی ستەم...

١٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# وەهمی دیکتاتۆر



**عەلی بداغی**

دیکتاتۆڕ دوو ڕۆژ پێش دەوری دووهەمی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری جارێکی دیکەش وەقسە هات. ئەو کە سەرەڕای هەموو فرتوفێڵەکانی لە هێنانەوەی دووبارەی ئیسلاحتەڵەبەکانڕا بگرە هەتا دووجەمسەریکردنەوەی کەشی سیاسی و ڕکابەریی هەڵبژارنەکان ئاکامی دڵخوازی لە شانۆگەرییەکەی ڕۆژی ٨ی پووشپەڕ وەرنەگرتبوو و بەشداریی کەمی خەڵک ڕیسەکانی لێ کردبووە خوری، دوو قسەی سەرەکیی هەبوو. یەکەم، ئەو زیاتر لە سەتا ٦٠ی خەڵک کە لە سێ هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵی ڕابردوودا دەنگیان نەداوە، دژبەری نیزام نین، بەڵکوو کات و تاقەتی چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدانیان نەبووە. دووهەم، پێداگری کردنەوە لەسەر ئەوەی بەشداریی خەڵک شەرعییەتدان بە نیزام و کڕینەوەی ئابڕوو بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی لە هاوکێشە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکانە.

لەوەدا کە دیکتاتۆڕ زەبوونیی خۆی و ڕێژیمەکەی و دارمانی متمانەی خەڵک بە نیزامی سیاسیی وڵات بە هەندێ هۆکاری وەک گلەیی خەڵک و نەبوونی کات و تاقەتی پێویست بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئەویش لە ڕۆژی پشووی

حەوتـوودا پاسـاو دەدات هیچ لەو ڕاستییە نـاگۆڕێ، کە بۆخـۆی زیـاتر و باشتر لە هەر کەس و لایەنێک قسە و پەیـام و نیازی دڵی خەڵکی وەرگرتوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەندێ ڕاستیی دیکەش وەبیر جەنابیان بێنینەوە.

**یەکەم،** کاتێک بۆخۆی ئیدیعا دەکا هەر دەنگێک بچێتە نێو سندووقەکانەوە جـا بە هەر کەس و لایەنێک بـدرێت ئەوە دەنگ بە تەواوەتیـی نیزامـی ویلایەتـی فەقـیهە، کەواتە هەر بەو مەنتـیقە هەر دەنگێکـیش نەدرابـێ و هەمـوو دەنـگە سـووتـاو و چرووککردووەکانی نێو سندووقەکانیش "نا" بە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمەیە.

**دووهەم،** خەڵـک لەبیریـانە کاتێـک بـاس لە ڕاپرسی بـۆ یەکلاکـردنەوەی هەنـدێ پـرس و بـابەتی چارەنووسسـازی سیاسی لەسەر ژیـان و داهاتووی وڵات دەکرا، جەنـابیان بەتوندی دژی دەنـگ و ئیرادەی گشـتی هەڵوێستی گـرت و ڕایگەیـاند خەڵـک خۆ هەموو توانای لێکدانەوە و ناسینی چاکە لە خراپەی نییە، ئەدی چۆنە ئێستا کۆکردنەوەی حەیـای تکـاوی ڕێـژیمەکەی دەستەوداوێنی ئەو خەڵکە بـۆتەوە کە ئەوکـات بە کاڵفـام و نەزانینـی دادەنـا؟ پێچەوانەی بۆچوونەکـانی جەنـابی دیکتـاتۆر ئەکتـی سیاسیی خەڵـک لە ڕۆژی هەینـی ڕابـردوودا کە بێگومـان ڕۆژی هەینیـی ١٥ی پووشپەڕیش پێـی لەسـەر دادەگـرنەوە، نیشانەی ئەوپەڕی ژیری، وشیاری و پێگەیشتوویی سیاسیی خەڵکی ئێرانە.

**سێهەم،** سەیرە دەسەڵاتێکی سیاسی هەموو مـاف و ئـازادییەکی لە خەڵـک زەوت کردبێت، وەڵامی داخـوازیی ڕەوای خەڵـک بە گرتن و کوشتن و ئـاور و ئـاسن وەڵام دابێـتەوە، لەسەر دەرکەوتنـی تـاڵەقژێک ژیـانی لە کچێکی شـایی‌بەخۆ ئەستـاندبێت و دواتـر لەسـەر شەقام خەڵکی بەر ڕەهێڵەی فیشەک دابێت، یـان بە هەژاری و بێکـاری و گرانـی تـاڵاوی دۆزەخـی لە قـوڕگی خەڵک کردبێت، سیاسـەت و ڕەفتـاری لەگەڵ وڵاتـانی دی هەمـووی لەسـەر بنەمـای ستراتیـژی و ئـایـدۆلۆژییەک بێت کە هـیچ بەرژەوەنـدییەکی خەڵکی وڵاتـی تێدا نییە؛ بەڵام لە تەنگانەکانـدا داوا هەر لەو خەڵـکە بکـات شـەرعییەتی پـێ بـدەن و پێگەی دەسەڵاتەکەی بەهێزتر بکەن؟

**چوارەم،** مەگەر جەنابیان لەوە دڵنیا نییە ئەو خەڵکەش کە دەنگیان نەداوە لایەنگری ڕێژیم و نیزامی سیاسیی وڵاتن؟ دەی بـا هەر بەپێی یاسای بنەڕەتیـی ڕێـژیمەکەی خـۆی ڕاپرسییەک بکـات بـۆوەی بەتەواوی دڵنیـا بێت ئـاخۆ خەڵـک ویلایەتـی فەقیهی دەوێ؟ سیاسەت و نەخشەڕێیەکانی ئەم نیزامەی قبـووڵە؟ دەنگی متمـانە بە حـاکمییەتی سیاسیی وڵات دەدات؟ جـا ئەوکات بـا ئاکامی ئەو ڕاپرسییە سەنگی مەحەک بێت و دەمی دژبەران و نەیارانی ڕێژیمەکەشی بەستبێت. ئەدی بۆ نایکـات و بۆچی لە باسی ڕێفراندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و وڵاتدا پێی‌وایە خەڵک بەسیرەت و پێگەیشتوویی ئەوەیان

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

نییە بڕیار لە ژیان و چارەنووس و داهاتووی خۆیان بدەن؟

**پێنجەم**، جەنابی دیکتاتۆریش باش دەزانێت خەڵکی ئێران هەموو دەرفەتێکیان بە ڕێژیم بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی دا. لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا ئەو هەلەیان بۆ هەموو باڵە سیاسی و مۆرە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێژیمە ڕەخساند بۆوەی هەنگاوێک بەرەوباشبوونی دۆخی خەڵک و وڵات هەڵگرن، بەڵام کاتێک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ نەهامەتی و نەگبەتییەکانیان زیاتر بووە و لەسۆنگەی قەیرانە کەڵەکەبووەکانەوە بڕستیان لێ بڕاوە، بایکۆت و "نا"گوتن لە ئێستادا تەنیا چەکێکە بەرەنگاری دیکتاترۆڕ و نیزامە سەرکوتگەرەکەی ببنەوە.

بەڵێ. پێچەوانەی بیرکردنەوەی دیکتاتۆڕ خەڵکی ئێران لەوپەڕی وشیاری و پێگەیشتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتیدان. دەزانن بەشداریی ئەوان لە هەڵبژاردنەکاندا هیچ لە دۆخ و چارەنووسی ئەوان ناگۆڕێت، چونکی ئەساسەن ئەوەی دەبێتە سەرکۆمار - خۆ ئەگەر بیشیهەوێ- لەو پێگەیەدا نییە بتوانێ بە قازانجی خەڵک هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات. بۆ مەگەر سەرکۆمار دەتوانێت بەبێ ئیزنی دیکتاتۆڕ سیاسەتی دەرەکی داڕێژێتەوە و پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ئاسایی بکاتەوە؟ بۆ مەگەر دەتوانێ ڕێگری لە پێدان میلیارد میلیارد دۆلار دارایی خەڵکی ئێران بە میلیشیاکانی ئێران لە ناوچە بگرێت و ئەو سامانە بۆ بووژانەوەی ژیان و کۆمەڵگەی ئێران بگێڕێتەوە؟ بۆ بەبێ ڕەزامەندیی جەنابیان دەتوانێ کار بۆ کرانەوەی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەتی لە کۆمەڵگەدا بکات؟ مەگەر چەند جار تەرح و لایحەکان لە بەرژەوەندیی خەڵک تەنانەت لە مەجلیسی دەستچنکراوی ڕێژیمدا بە بڕیاری خودی جەنابیان وەک ئەمری حکوومەتی وەلانەنراوە؟ مەگەر بە دانانی جەوادی زەریف هەر بە بڕیاری جەنابیان کڕین و هێنانی واکسەن لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی قەدەغە نەکرا و بەو هۆیەوە هەزاران کەس لەو خەڵکە گیانیان لێ نەستێندرا؟ ئەوە نییە ئێستاش بە عالەم ئاشکرا دەڵێ هەر کەس ببێتە سەرکۆمار سیاسەت و ستراتیژییەکانی نیزام کە هەر جەنابیان دیاریی دەکا لەجێی خۆیانن؟

بێگومان خەڵکی ئێران لە ئێستادا باشترین هەڵوێستیان لەهەمبەر جەنابی دیکتاتۆر و ڕێژیمەکەی گرتووە، کە ئەویش بایکۆت و "نا"گوتنەوەیە، بەڵام ئەم ڕەوتە هەر بەوەندە ناوەستێ و دیکتاتۆر دەبێ چاوەڕوانی وەرگەڕانی لە سەر تەختی خونکاریی بێت. ئەو ڕۆژەش زۆر دوور نییە.

١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت




**دیمانە: عەلی بداغی**

## ئاماژە:

**کوردکاناڵ" لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و بارودۆخی حیزب پاش ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی ئێران و عێراق لەگەڵ بەڕێزیان وتووێژێکی کردبوو. "کوردستان" ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفا پێش ئەوەی تایبەت باس لە پرسی هەڵبژاردنەکان بکەین، پێم باشە جەنابت خوێندنەوەیەکی گشتی لە وەزعی سیاسیی ئێستای ئێران بکەن.**

**مستەفا هیجری: لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی ئێران دەبێ بڵێم کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە**

هەتاکوو ئێستا سیاسەتەکەی بەپێی ئێدئۆلۆژییەکەی داڕشت بۆ ئیدارەکردنی وڵات. ئەو سیاسەتە ڕۆژ بە ڕۆژ و هەنگاو بە هەنگاو بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر گیرو گرفت و قەیران و ناڕەزایەتی لەنێو خەڵکیدا پێک بێت تاکوو گەیشتۆتە بارودۆخێک کە ئێستا خەڵکی ئێران تێیدایە. بارودۆخێکە نە سیاسەتەکانی لە نێوخۆی وڵات سەرکەوتوو بووە نە لە دەرەوە، بەڵکوو تەنیا لە چوارچێوەی پاراستنی نیزام و ئیدئۆلۆژییەکەیدا چووەتە پێش. لەبیرمانە لە سەرەتادا خەڵک هیوا و هۆمێدی بە کۆماری ئیسلامی بەستبوو، پێیان وابوو بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچاو ڕێژیمی پێشوو باشتر لە خزمەتی خەڵکدا دەبێ. لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا کە ئەودەم لە واقعدا مەسەلەی بەرەی چەپ و سۆسیالیزم بە سەرۆکایەتیی شۆرەوی لە ئارادا بوو، ئەوانیش دڵیان بەوە خۆش بوو ئەو ڕێژیمەی تازە هاتۆتە سەرکار لەبەر ئەوەی دژی ئەمریکا قسە دەکا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەوان بێت. تەنانەت ئورووپا و ئەمریکاش کیسەی گەورەیان بۆ هەڵدووریبوو بۆ ئەوەی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئێران دامەزرێنن و ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە پارێزراو بێت. بەڵام دیتمان کە هەنگاو بە هەنگاو هەموو ئەوانە پێچەوانەکەی دەرچوو. ئێستا ئێرانێک دەبینین خەڵکەکەی لە برسیەتی و لە نەداری و لە نەهامەتی قەیرانی زۆر و بەرفراوان دەناڵێنێ. بێجگە لەوە کەرامەت، ویستی ئازادیخوازی، نەتەوەخوازی و هەموو ئەو ماف و داخوازییانەی خەڵک هەیانە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەڕەسمی ناسراوە، هەمووی لەلایەن ڕێژیمەوە پێشێل دەکرێن. لەو سۆنگەیەوە زۆر کەس ناچار بووە بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و بۆ ئەوەیکە بتوانێ ژیانێکی باشتر بەدەست بێنێ ڕوو بکەنە وڵاتانی دیکە. هەرچەند ڕۆژ لەوە پێش بینیمان ژمارەیەک لەو کۆچبەرانە لە کەناراوەکانی ئیتالیادا بەلەمەکەیان وەرەگەڕا و ژمارەیەکی زۆریان تێدا چوون. ئەوە بارودۆخێکە بەگشتی خەڵکی ئێران تووشی بووە.

لە سیاسەتی دەرەوەشدا کۆماری ئیسلامی خۆی بە ڕووسیە و چینەوە هەڵواسیوە، ئەگینا بە هۆی سیاسەتەکانیەوە مایەپووچ هاتووەتەوە و هیچ کوێ نییە ڕووی تێ بکا، ئەوانیش لەو پەڕی ئیستفادەکردندان لەو ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی جۆرەها ئیمتیازاتیان دەداتێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی ئەم دوو وڵاتەی هەبێت. لەو ساڵانەی پێشوودا کۆماری ئیسلامی بە عەرەبستانی سعودی دەگوت "مانگای شیر بدە بۆ ئەمریکا"، بەڵام ئێستا بۆ خۆی بووەتە مانگای شیر بدە بۆ ڕووسیە و چین، لە حاڵێکدا ئەوانیش کۆماری ئیسلامی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیانی نازانن و تەنیا دەیدۆشن. هەر نموونەی زۆر زیندوو هەڵوێستی ئەمدواییانە چین و ڕووسیە لە پێوەندی لەگەڵ سێ جەزیرەی تونبی گەورە، تونبی چووکە و ئەبوومووسادا بوو کە نەک هەر پشتیوانیی لە کۆماری ئیسلامی نەکرد، بەڵکوو دژی ئەو ڕایان دا. ئەوەیکە ئێستا لە دەرەوەی ئێران بە دەست ڕێژیمەوە ماوە کۆمەڵێک گرووپ و میلیشیان کە کۆماری ئیسلامی لە ڕوی ماددی، چەکوچۆڵ و ڕاهێناوە کۆکوپۆشتەی کردوون و ئەوانن ئێستا لە واقعدا بەرگری لە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بۆیە بە قەوڵی فارسەکان "علی مانده و حوضش."
شەڕی غەززە و پەلهاویشتنی بۆ لوبنانیش کۆماری ئیسلامی دەخاتە نێوان دوو بەرداش کە ئایا بەشداری دەکا لە شەڕ دژی

ئیسڕائیل بە پشتیوانی حیزبوڵڵا کە بێتوو ئەمە ڕوو بدا تووشی زەربەی زۆر گەورە دەبێ. خۆ ئەگەر پشتیوانی لە لوبنانیش نەکا ئەوجار میلیشیاکانیشی نامێنێ. لە ڕاستیدا چەندی لە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بڕوا هەر ئەوەندەش زیاتر نەگبەتی و بەدبەختی بۆ خەڵکی ئێران بە دی دێ و نائارامی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بەربڵاوتر دەبێت.

**عەلی بداغی**: ڕێژیم لە بارودۆخەدا بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییەوە سەرقاڵە. ڕاستە ئەم هەڵبژاردنە بەهۆی مەرگی ڕەئیسییەوە پێشوەختەیە و نیزیک ساڵێک زووتر بەڕێوە دەچێ، بەڵام جیاواز لەوە، تایبەتمەندی یان جیاوازییەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە چاو هەڵبژاردنەکانی دیکە چییە؟

**مستەفا هیجری**: سەرفی‌نەزەر لە ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان هەروەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەڵام لە هێندێک شتدا دەتوانم بڵێم جیاوازیی هەیە، ئەویش بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی ناوچە و دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی. یەکێک لەوانە پرسی هەڵکشانی تەمەنی وەلی فەقیهـ و جێنشینیی ئەوە کە دوای نەمانی خامنەیی کێ جێی دەگرێتەوە و وزعی ئێران چی لێ دێتەوە؟ بابەتێکی دیکە ناکۆکیی نێو قۆڵەکانی ڕێژیم تەنانەت ئوسولگەراکانیش لەگەڵ یەکترییە، ئەوەیکە ڕۆژانە لە کاناڵە جۆراجۆرەکان دەبیستین. دیارە ئەوە بۆ ئەوە نییە کیسەی بۆ هەڵدوورین و پێمان وابێ ئەوانە شەڕەکەیان لەسەر بەرژەوەندیی خەڵک و خزمەتگوزاری، ئازادی و بەراوەردەکردنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکە؛ بەڵکوو کێشەکەیان لەسەر دەسەڵاتی پتر لەو نیزامە سیاسییە گەندەڵە بۆ تاڵانیی زیاترە. ئەگەر خامنەیی نەمێنێ ئەو کێشە نێوخۆییانە بێگومان زیاتر سەر هەڵ دەدەن، چ لەنێو لایەنە سیاسییەکان، چ لەنێو دامودەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم، ئەرتەش و سپای پاسدارانیش.

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە ئێمە بە ماوەیەکی نیزیکی چەند مانگ لەوەپێش لە ١١ی ڕەشەمەدا دو هەڵبژاردنی دیکەی ڕێژیممان بەڕێ کرد و بینیمان بەشداریی کەمی خەڵک ڕێژیمی تاساند. لە شارێکی وەکوو تاران کە هەشت مێلیون کەس مافی دەنگدانی هەیە، کەمتر لە ٢٥٪ بەشداریان کرد و ژمارەی دەنگی بەشێک لەو نوێنەرانەی تاران ئەوەندە کەم بوو کە لە دەوری یەکەم هەڵنەبژێردران و لە دەوری دووهەمدا دەنگەکانیان لە دەوری ٣٪ و ٤٪ بوو. مەجلیسێک کە بە ناوی نوێنەری خەڵک دەبێ بڕیار بدات و یاسا دابنێ بە دەنگی ٣٪ و ٤٪ ناتوانێ نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە بکا بۆیە ئەو مەجلیسە بەتەواوی نامەشرووعە. بێجگە لەوە ئەو هەلومەرجەی چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا بێتە پێشێ و ئێران تووشی هێندێک گیروگرفتی تازە ببێتەوە، ئەوانە هەموویان ئەو جیاوازییانەن کە دەتوانم بڵێم ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا دیاردەی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردنە ڕێگەپێدان بە هاتنی مەسعوود پزیشکیان کاندیدایەکی بەناو ڕیفۆرمخوازە. بە بڕوای جەنابت پزیشکیان چی دەوێ؟ پەیام و گوتارەکەی چییە؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامی باشتر لە هەموو لایەک دەزانێت ئاستی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکان چەندە دابەزیوە و خەڵک ئەو حکوومەتەی ناوێت. بۆیە زۆر نیگەرانە لەوەی ئەمجارەش بەشداریی خەڵک لەوەش کەمتر بێت، بۆیە پێویستیان بە کەسێک بوو بتوانێ هەژانێک و گەرموگوڕییەک بخاتە هەڵبژاردنەکانەوە. بۆ ئەوەش کەسێکیان دیاری کردووە کە پشتیوانیی ئیسلاحتەڵەبەکانی هەبێت. هەرچەند بۆخۆی دەڵێ من ئوسوولگەرایەکی ئیسلاحتەڵەبم بەڵام ئەویش ساڵانێکی دووروودرێژ بە پشتیوانیی خامنەیی بەرپرسایەتیی گەورەی پێ سپێردراوە و هەر لە سایەی ئەو پشتیوانییەشدا ئێستا هاتۆتە ڕیزی بەربژێرەکان. ڕێژیم بەو هۆمێدە هێناویەتی بتوانێ قەیرانەکانی ئێستای پێ تێپەڕێنێ. دیارە کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا نییە ئیجازە بدا کەسێکی بە مانای ڕاستی ئیسلاحتەڵەب ببێتە سەرۆککۆمار، چونکە کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە چوار پێنج ساڵی ڕابردوودا کە هێرەمی دەسەڵات بەردەوام لاوازتر بووە و لێی هەڵ دەوەرێ، بەرەورووی زۆر کێشە و قەیرانی دیکە بووەتەوە. بۆیە ڕێژیم هەموو هەوڵ و تەقالای ئەوەیە حکوومەت پتر یەکدەست بێت و چ ئەندام پارلمان یان سەرۆککۆمار یا بەرپرسەکانی باڵای سپای پاسداران و ئیتلاعات هیچ زاوییەیکی فکرییان لەگەڵ وەلی فەقیهـ نەبێت.

**عەلی بداغی**: واتە ئەرکی پزشکیان تەنیا بۆ بردنەسەری ئاستی بەشداریی خەڵکە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، پزیشکیان بۆخۆشی ئەوە دەزانێ، بۆیە دەڵێ ئەمن هاتووم بۆ ئەوەی ئاستی بەشداریی خەڵک بەرمە سەرێ. بەشێکی دیکەی قسەکەی پزشکیان ئەوەیە دەڵێ ئەمن لەژێر مەنوییاتی وەلی فەقیهـ و یاسا و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا کار دەکەم. دەی باشە خۆ ئەوانەیکە تا ئێستا هاتوونەتە سەر کار هەر لە ژێر مەنویاتی ڕێبەردا کاریان کردوە، وەکوو ڕەئیسی. کەوابوو بۆ خەڵک چە دەگۆڕێ، هەر ئەو سیاسەتەیە کە درێژەی ئەوانەی پێشوویە. ئێمە ئەزموونی ئەوەشمان هەیە ئەو سەرۆککۆمارانەی لەگەڵ وەلی فەقیهـ بە قەوڵی خۆیان زاوییە و جیاوازیی زۆر بچووکیان هەبووە چارەنووسەکەیان دیارە. هەر لە "بەنی سەدر"ەوە بگرە هەتا "کەڕووبی" و "مووسەوی". ڕەفسەنجانی گوتیان مەلەی نەزانیوە و لە حەوزی ئاودا خنکاوە! ئەوانەی دیکەش چ خاتەمی، چ ڕووحانی، تەنانەت ئەحمەدینژادێک کە کاتی خۆی خامنەیی گوتی ڕای وی لە هەموو سەرۆککۆمارەکانی دیکە بە من نزیکترە! بۆیە ئەگەر قەرار بێ پزیشکیان یا هەر کەسێکی دیکەش ببێتە سەرۆککۆمار و کەمترین جیاوازیی لەگەڵ بووچونی وەلی فەقیهـ هەبێت، ئیمکانی نییە ئیجازە بدەن بێتە سەر کار. لە

منازرەکانیشدا بینیمان کە پزشکیان هیچ ڕەخنەیەکی لە سیاسەتی سەرەکیی ڕێژیم نەگرتوە، بەڵکوو لەسەر میکانیزمەکان کێشەی کردوە.

**عەلی بداغی**: پزیشکیان سەردانی سنەی کرد. لەوێ باسی ئەوەی کرد کورد بۆ ناتوانێ ببێتە ئۆستاندار؟ بۆ سوونییەک ناتوانێ ببێتە وەزیر یا ناتوانێ ببێتە کار بەدەستێکی پایەبەرز لەو وڵاتەدا؟ ئایا ئەوە ڕخنەیەکی جیددی بوو لە ساختاری کۆماری ئیسلامی، یان بە جۆرێک دابەزاندنی ئاستی مافخوازی خەڵکی کوردستان بە سوونە مەزهەب و بە غیرە سوونییەکانیشەوە؟

**مستەفا هیجری**: لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ بڵێم ئەو قسانەی کە پزیشکیان و باقی کاندیداتۆرەکان دەیکەن لە واقعدا من بە گاڵتەکردن بە شعووری خەڵکی ئێرانی دەبینم، چونکە هەمووی ئەوانە هەرکامیان چەندین دەورە لە پۆست و بەرپرسایەتیی باڵادا بوون و هەتا ئێستاش بەتەواوی شەریکن لە هەموو ئەو نەهامەتی و بەدبەختیانەی تووشی خەڵکی ئێرانیان کردوە. ئەوان پێیان وایە ئەو خەڵکە حافزەی نییە و ئەوە فەقەت چاوی لە دەمی ئەوانە بزانێ دەڵێن چی و خەڵکیش بە قسەی ئەوان بکات. دیارە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووشدا ئەوە بووە، بە تایبەت لەو هەڵبژاردنەشدا پزیشکیان خۆی بە پێشکەتووتر دەزانێ لەوانی دیکە و باس لەوە دەکا لەنێو سوونییەکاندا خەڵکی باش هەیە و لەنێو نەتەوەکاندا خەڵکی هەڵکەوتوو هەیە و دەبێ ئەوانە بخوێنینەوە و بەرپرسایەتیان بدرێتێ. پزشکیان دەیەوێ وا نیشان بدا نەتەوەکانی ئێران بە تایبەت کورد تەنیا دەغدەغە و کێشەیان ئەوەیە کوردێک ببێتە بەرپرس، لە بەلووچەکان کەسێک ببێتە بەرپرس و دەیهەوێ خواستی خەڵک دابەزێنێ بۆ ئەو چوارچێوەیە. لە حاڵێکدا خۆ ئێمە وەکوو کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە کێشەکەمان ئەوە نەبووە کورد ببێتە بەرپرس یا کورد نەبێتە بەرپرس، ئەمە لە ڕابردوودا و لە ئێستاش لە حکوومەتی ئێستادا بەلووچی تێدا هەیە، عەرەبی تێدا هەیە، تورکی تێدا هەیە و هەموو نەتەوەکانی تێدا هەیە. بەڵام ئەوانە کەسانێکن مەیدانیان پێ دراوە و کەسانێکن لە ویلایەتی فەقیهدا تواونەتەوە بەشێکن لەو حکوومەتە جەهەنەمییەی بەسەر خەڵکدا زاڵە. ئەوانەی لەو ڕێژیمەدا بەرپرسایەتی وەردەگرن نوێنەری خەڵک نین، نوێنەری حکوومەتن و حکوومەت هەڵیبژاردوون، بۆیە ئەمن پێم وایە خەڵکی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەیان ئەوەندە بەرزە ئامادە نابن لە مەیدانێکدا گەمە بکەن لە کۆماری ئیسلامی بۆی ئامادە کردوون. ئەو شێوە هەڵبژاردنە مەیدانێکە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە و خەڵک دەبێ لە مەیدانی خۆیاندا گەمە بکەن، مەیدانی خەڵکیش بە تایبەتی مەیدانی هاونیشتمانانی کورد ئەو مەیدانەیە بۆ خۆیان خۆڵقاندوویانە و بە یەکگری خەباتەکەیان بۆ هاوپێوەندیی لەگەڵ یەکتری دژی ڕێژیم دەبەنە پێشێ. بۆیە ئەمن داوا و چاوەڕوانی ئەوەم هەیە خەڵک لە مەیدانی

بایکۆتکردندا بەرەوڕووی ڕێژیم ببنەوە و جارێکی دیکە "نا"یەکی گەورە بەو ڕێژیمە بڵێنەوە و ڕیسوای نێوخۆ و دەرەوەی بکەن.

**عەلی بداغی**: بۆچی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە ئاستی ئێران، بەتایبەت لە کوردستان گرینگە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو بایکۆتکردنە لەم ڕووەوە گرنگە خەڵک نیشان بدا ئەو ڕێژیمەیان ناوێت، نەک بێن لەنێو ئەو نوێنەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆیانی دەستچن کردوە، بە قەولێک بێن لەنێوان خراپ و خراپتردا هەڵبژێرن. ئەوان ئەوەی هەڵیانبژاردوە ئەوەیە ئەو ڕێژیمەیان لە تەواویەتیی خۆیدا ناوێ، کەوابوو لە هەڵبژاردنەکەشیدا بەشداری ناکەن؛ هەروەها لە مەیدانێکدا کە ئەو ڕێژیمە دروستی دەکات ئەوان کاری تێدا ناکەن. لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە بە دنیای نیشان بدەین خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکەش سەلماندوویەتی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حکوومەتی وان نییە، بەڵکوو بەسەریاندا سەپاوە.

**عەلی بداغی**: لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە دوای بزووتنەوەی ژینا چەندین ڕووداوی گرنگ لە کوردستان ڕوویان دا کە ئەگەر ئێمە لانیکەم دووانیان بە نموونە وەربگرین یەکیان هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەی ڕابردوو و دووهەمینیان نەورۆز بوو. بینیمان کە لە کوردستان بەڕاستی ئەم دوو ڕووداوە چەندە توانییان تەعبیر لە مافخوازی و شوناسخوازیی کورد لە ئێراندا بکەن. جەنابت ڕۆڵ و سەنگی حیزبی دێموکرات کە لەوانیشدا بەڕاستی دەرکەوت لە ئێستادا چۆن دەبینی. بە تایبەت دوای ئەم ڕووداوانەی دوو ساڵی ڕابردوو کە بە نیسبەتی حیزبی دێموکرات ڕوویان داوە، واتە چۆن باس لە پێگەی و سەنگ و قورسایی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی ڕووداوەکان لە نێوخۆیی وڵاتدا دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: مەسەلەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەسەلەیەکی گرینگن. زۆرتر لەو بارەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی هاتنەسەرکاریدا بە زۆر پیلان ویستوویەتی جووڵانەوەی کورد و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەین بەرێ یان لاوازی بکا. بۆ ئەوەش هەرچی لە دەستی هاتوە کردوویەتی، بە تایبەتی لە دوای بزووتنەوەی ژینا کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە گەیشت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بزووتنەوەیەدا چەندە شوێندانەر بوو، ئیدی دەستی کرد بە موشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەرێمی کوردستان. ئەو دۆخە لە ڕاستیدا کێشە و گرفتی بۆ ئێمە دروست کرد و خەڵکەکەمان بۆ ماوەیەک ناچار بوون شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بە جێ بێڵن، شەهید و بریندارمان دا و ئەو گیروگرفتانەمان هەبوو کە

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێم وابێ ئەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاساییە. چونکی کاتێک ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک لە بەربەرەکانی داین و بۆ مافی خەڵکەکەمان تێدەکۆشین کە ئەو مافانە ڕێک لە ڕاستای دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، دەی ئەویش چی لە دەست دێ لەدژی ئێمە دەیکا و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەوانە زیاد دەکات. کەوابوو ئێمە دەبێ خۆمان بۆ هەموو کێشە و گوشارێک ئامادە بکەین ئەوە بەشێکیەتی کە ڕەنگە هێندێک کەس ئەو بەشە ببینێ و زەقی بکاتەوە بۆ ئەوەیکە بڵێ وەزعی حیزبی دێموکرات و وەزعی جووڵانەوەی کورد خراپە. لە حاڵێکدا ئەمن بەپێچەوانەی دەبینم. ئەمن پێم‌وایە لە ئێستادا جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باشترین دۆخی سیاسی خۆیدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانێک کە بەو هەموو پیلانەی لەدژی گێڕاویانە و هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەری هاتوون خۆی ڕاگرتوە بە پشتیوانی خەڵک و بە توانای خەڵک حیزبی دێموکراتێکە کۆماری ئیسلامی ئەوەندە لە بەر دەستی زەلیلە کە پەنا دەباتە بەر بەغدا بۆ ئەوەی بە دژی ئەو حیزبە ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی لەگەڵی ئیمزا بکات. ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو حیزبی دێموکراتە بەهێزە. بێگومان هەتا ئەوکاتەش دژی ئەو ڕێژیمە لە خەباتداین ئاساییە ئەو ڕێژیمە چی لە دەستی بێت دژی ئێمە دەیکات، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە دەگەڵ هەمووی ئەوانەدا جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا چۆنە، ئایا بەهێز بووە؟ یا لاواز بووە؟ ئەمن لام‌وایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هەمیشە جێگەی ئێعتماد و باوەڕی خەڵکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتدا و لەنێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیشدا گوێی لێ دەگرن و گرینگی پێ دەدن و لە دنیاشدا ئێعتباری تایبەتیی خۆیی هەیە. بۆیە ئەمن بە داهاتووی خەباتی حیزبەکەمان هیوادارم. بەڵام ئەوە لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکی ئێمە و ئەرکی کورد لە ڕۆژهەڵات قورستر دەکات کە مادام ئەو چاوەڕوانییە لە کورد و حیزبی دێموکرات هەیە، ئێمە دەبێ زیاتر وشیارتر و ئاگاهانەتر هەنگاو هەڵێنین لەپێناو درێژەدانی خەباتەکەماندا. ئێستاش هەر ئەوەیکە توانیومانە لە بەرانبەر ئەو هەموو هێرشانەدا خۆمان ڕابگرین نیشانەی ئەوەیە حیزبێکی بەهێزین، حیزبێکی بە توانایین و ئەو فشارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر کۆسپی نەخستۆتە سەر خەبات و تێکۆشان و سیاسەت و بیروبڕواکەمان، بەڵکوو ئێمەی پێداگرتر کردوە لە خەبات و بەرگری و خۆڕاگریدا.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**مستەفا هیجری**: ئێوەش ماندوو نەبن

١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

## سەرۆککۆمارێک بە دەنگی ٢٥٪ی خەڵکی وڵات




**هەردی سەلیمی**

خولی دووەمی دەنگوەرگرتنەکان بۆ سەرۆککۆماریی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوێنێ، هەینی ١٥ی جۆزەردان بەڕێوە چوو، کە لەوێدا و بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نێوخۆی ئێران نزیکەی ٥٠٪ی ئەوانەی دەیانتوانی دەنگ بدەن، دەنگیان داوە و "پزشکیان" لە کێبەرکێ لەگەڵ "جەلیلی"دا براوەی ئەم دەنگوەرگرتنانە بووە. ئەو ڤیدیۆ و وێنە و ڕاپۆرتە خەڵکییانەی دوێنێ کەوا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا بڵاو دەبوونەوە، دەرخەری درێژەی بایکۆتی حەوتووی پێشوو بوون، بەو حاڵەشەوە ڕێژیم کە دەستێکی باڵای لە بەراوەژووکردنی ڕاستییەکاندا هەیە، لەدوای قسەکانی دوێنێ بەیانیی "عەلی خامنەیی" کە وتی: "بیستوومە ڕێژەی بەشداری هەڵکشاوە" ئەم بەشدارییە کزەشیان بە ناوی بەشدارییەکی بەناو حەماسەیی دەرخواردی خەڵک دا و خۆیان لێ بەخاوەن کرد.

هەر لەو کاتەوەی سەرۆککۆماری پێشوو بە شێوەیەکی گوماناوی نەما، هەتا ئەو کاتەی وا بەناو ئابڕووی دەسەڵاتەکەی گرێ دایەوە بە ڕێژەی بەشداریی خەڵک، کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەموویانەوە "عەلی خامنەیی" ڕیسکێکی

پڕمەترسیی کرد. ئەو کە لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا بەردەوام شایەدی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی خەڵکی نارازیی ئێران بووە و بە سەدان جار دروشمی مەرگ و نەمانی دژبە خۆی و دەسەڵاتەکەی بیستووە، عەوداڵی گەڕاندنەوەی ڕەوایییەک بوو کە لەمێژ بوو لەدەست چووبوو؛ ڕووهەڵماڵراوییەکەیان لەبەرچاو نەگیریّ، سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان دەستەبەر نەکرد.

بە هەرحاڵ لەم سنووقی دەنگدانە نائازاد و ناسالمەدا مەسعوودی پزشکیان هاتە دەر. مەسعوودی پزشکیان یەکێک لەو بەربژێرانە بووە کە هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراو و وردی نییە، بە دەیان جار لە دیبەیتەکانی‌دا ئەم بێ‌بەرنامەیییەی دەرکەوت، بە پێچەوانەی "خاتەمی" و "ڕۆحانی" کە هەندێک بەڵێنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەدا، پزشکیان لە هەموو سات و لەسەر هەموو پرسە هەستیارەکان‌دا دەگەڕاوە بۆ عەلی خامنەیی و دەیکوت: "ئەو بابەتە پێوەندیی بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە هەیە".

بەڵام بۆچی پزشکیان؛ هەرچەند پێشبینیی ئەم بابەتە ئاسان نەبوو و چاودێرانی سیاسیی ئێران زۆر لە ناوی سەرۆککۆماری داهاتووی کۆماری ئیسلامی دڵنیا نەبوون، بەڵام ناوکی دەسەڵاتی ڕێژیم لەدوای ئەوەی لە ئاستی نێوخۆیی‌دا لە دوو ساڵی ڕابردوودا گەورەترین ناڕەزایەتیی بەدژیان بەڕێوە چوبوو و ئاسەوارەکانیشی هەر ماوە، پێویستیان بە گەرمکردنی هەڵبژاردن بوو، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەکەوە کەسێکیان هێنابوو کە درێژەدەری سیاسەتەکانی "ڕەییسی"یەک بێ کە لە کاتی دەوڵەتی ئەودا بەرینترین ناڕەزایەتیی مێژووی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا و بەدوای ئەوەدا سەرکوتێکی توند و دڕندانە – کە ئەم بەشە بۆ ترساندن بوو، لەلایەکی تریشەوە مەسعوودی پزشکیان وەک کەسێک کە سەر بە کەمینەیەکی نەتەوەیییە و کوردییش دەزانێ و خۆشی بە داکۆکیکاری مافەکانی ئەو کەمینانە ناساندبوو، بۆ ئەوەی ئەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینزایییانە بگێڕێتەوە بۆ لای پرۆسەی دەنگدان، جگە لەوە وەک ئیسڵاحخوازێک ناسێنرا.

بۆ دەرچوواندنەکەشی دەکرێ بوترێ پزشکیان کەسێک بووە کە هەرگیز دەسەڵاتێکی بەهێزی پشتەوەی پەردەی لە کۆماری ئیسلامی‌دا نەبووە و کونترۆڵ و چاودێری‌کردنی لەلایەن بەیتی عەلی خامنەیییەوە ئاسانترە لەچاو کەسێکی وەک جەلیلی کە لە "جبهەی پایداری"دا خاوەنی پێگەیە. سەرەڕای ئەوەش پشتیوانیی خەڵکیشی لەگەڵ نییە و لە گەشبینانەترین حاڵەتی خۆی‌دا و بە وەرگرتنی ئامارەکانی ڕێژیم، ئێستا ئەو سەرۆککۆمارێکە کە تەنیا ٪٢٥ی خەڵکی ئەو وڵاتە دەنگی پێ‌داوە و ناتوانێ خۆی بە نوێنەری ڕەهای خەڵک بزانێ. جگە لەم هۆکارانە، بێ‌گومان یەکێک لە سەرەکیترین ئاسۆکانی ڕوانینیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم بووە، هەرچەند وەک هەمووان دەزانن و پزشکیانیش بە دەیان جار دانی پێ‌دا نا، ئەم بەشە و زۆر بەشی تریش لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی خامنەیی‌دایە، بەو حاڵەشەوە پێیان خراپ نییە دەورێکی تریش بچنەوە بەرەو

## پووشپه‌ڕی: ۲۷۲٤

وتوویژ له‌گه‌ڵ وڵاتانی زلهیز له ڕێگه‌ی ده‌وڵه‌تێکی به‌ناو میانه‌ڕه‌وه‌وه. وا وێده‌چێ و ده‌كرێ له ئاستی ئامازه‌یه‌كیشدا بووبێ بڵێین چاوێكیشیان له پرۆسه‌ی ده‌نگوه‌رگرتنی خولی داهاتووی مه‌جلیس هه‌یه و ئه‌مجار به‌و بیانووه‌ی ده‌بێ مه‌جلیسێک هه‌ڵبژێررێ كه میانه‌ڕه‌و بێ بۆ ئه‌وه‌ی هاوكاریكی باشتر بن بۆ سه‌رۆككۆمارێكی میانه‌ڕه‌و، له ئێستاوه ته‌نووری ئه‌و به‌ناو هه‌ڵبژاردنه‌ش گه‌رم بكه‌ن.

هه‌موو ئه‌وانه‌شی كه كه‌مینه‌یه‌ک بوون، هاتن و به شێوه‌ی كۆن و هه‌میشه‌یی و سیاسه‌تی دێو و په‌ری ویستیان خه‌ڵک فریو بده‌ن كه سه‌ركه‌وتوو نه‌بوون، له داهاتوویه‌كی زۆر نزیكدا هه‌موو پاساویان ئه‌وه ده‌بێ كه گه‌ر جه‌لیلی ده‌نگی هێنابا‌وه دۆخه‌كه زۆر له‌وه‌ی ئێستا هه‌یه خراپتر ده‌بوو! جگه له‌وه‌ش له‌گه‌ڵ مه‌جلیسێک كه هاوكار نه‌بێ ناكرێ سیاسه‌ته‌كان پیاده بكرێن! ئه‌مه سیكلی ئه‌و پرۆسه‌یه وا له ئێرانی كۆماری ئیسلامی‌دا به‌ناوی هه‌ڵبژاردن ده‌رخواردی خه‌ڵک ده‌درێ و له كۆتاییدا هیچ كه‌سێک له به‌رامبه‌ر خه‌ڵكدا وڵامده‌ر نه‌بووه و نابێ.

له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئه‌م هه‌ڵبژاردنانه و هه‌ڵوێستی خه‌ڵكی كوردستاندا، ده‌بێ بڵێین كوردستان به كه‌مترین به‌شداریی له سه‌ر ئاستی ئێران، وه‌ک هه‌میشه په‌یامی خۆی ڕاشكاوانه به ته‌واوی‌ه‌تی ئه‌م ڕێژیمه و ماهییه‌ته ئیدئۆلۆژیكه دژیگه‌لییه‌كه‌یدا. خه‌ڵک له كوردستان به نه‌چوونه سه‌ر سندوقه‌كانی ده‌نگدان و بایكۆتی هه‌ڵبژاردنه‌كانی ڕێژیم بۆ جارێكی دیكه و ئه‌مجاره‌یان یه‌كگرتووانه و لێبراوانه‌تر له هه‌میشه په‌یامی سیاسیی خۆی كه "نا" وتن به سیاسه‌تی سه‌ركوت و حاشالێكردنی ڕێژیم و به‌رده‌وامبوونی شێلگیرانه‌ی له خه‌بات بۆ ده‌سته‌به‌ركردنی ماف و ئازادییه‌كانیه‌تی گه‌یاند، كه جێی شانازی و ئافه‌رین پێ وتنه .

۱٦ی پووشپه‌ڕی ۲۷۲٤

# هەڵاواردنەکان لە ئێران (هەڵبژاردنەکان بۆ نموونە)



**حەسەن قارەمانی**

هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئێران یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی هەڵاواردن لە ئێران لە سەردەمی هاوچەرخدا پێشان دەدات. ئەم هەڵاواردنە بە تایبەتی لە بەرامبەر نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە ئایینزای جیاواز لە ئایینزامی ڕەسمیی وڵات کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا دەژین، دیارە. ئەم گرووپانە کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی وڵات پێکدەهێنن، ڕووبەڕووی سنووردارکردنی جددی دەبنەوە بۆ مافە مەدەنییەکانیان، بەتایبەتی سەبارەت بە توانای خۆیان بۆ کاندیدکردن بۆ سەرۆکایەتیی وڵات.

یاسای بنەڕەتیی ئێران و پەیڕەوی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئێران دەڵێ دەبێ کاندیدەکانی سەرۆککۆماری شوێنکەوتووی دڵسۆزی ئایینی شیعەی چواردە ئیمامی بن. ئەمەش موسڵمانانی سوننە، مەسیحی، جوولەکە، بەهایی، زەردەشتی و تەنانەت شیعەکانی غەیری دوازدە ئیمامی و کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکە لەو مافە بێبەش دەکات. تەنانەت کەمینە نەتەوەییەکانی وەک کورد و بەلووچ سەرەڕای هاوبەشی ئایینزایی شیعەبوونیشیان، بەڵام بەهۆی پێشینەی نەتەوەیی

و خەباتگێڕیی خۆیانەوە پەراوێز دەخرێن.

لەو وڵاتەدا بۆ ئەم گرووپە ئێتنیکی و ئایینزانییانە تەنیا دەنگدان وەک ئامرازێک بۆ بەشداریی سیاسی دەمێنێتەوە، بەڵام زۆرێک وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە سروشتی جیاکاریی سیستەمەکە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان وەک هەڵوێست هەڵدەبژێرن. ئەم بایکۆتە شێوازێکە بۆ پرسیارکردن لە شەرعییەتی سیستەمێک کە بانگەشەی دێموکراسی دەکا، بەڵام بەکردەوە فڕی بەسەر دێموکراسییەوە نییە.
ئەم جیاوازی و نادێموکراتیکبوونە بە بەراوردکردنێکی سادە لەگەڵ وڵاتانی دیکە پتر دەردەکەوێ. بۆ نموونە لە دێموکراسییە ڕاستەقینەکاندا هەموو هاووڵاتیان مافی یەکسانیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکان دەستەبەر دەکرێت ، بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ ئایین و ئێتنیک یان ئایینزایەک بن. تەنانەت ئەفریقای باشوور دوای زاڵبوون بەسەر ئاپارتایددا، یاساگەلێکی خستەڕوو کە مافی سیاسی و مەدەنیی یەکسانی بۆ هەموو هاووڵاتییان گەرەنتی کردوە.

ئەو بێبەشکردنە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران تەنیا تەکنیکێک بۆ لەپاڵوێنەدان و قۆرخکردنی دەسەڵات لە دەستی بازنەیەکی بچووکدا نییە، بەڵکوو تەعبیر لە هەڵاواردنێکی قووڵتر و سیستماتیک دەکات کە ڕەگ و ڕیشەی لە شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٣٥٧دا هەیە. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و لە فەزای هەستەکیی ئەوکاتدا یاسای بنەڕەتیی نوێ پەسەند کرا کە بەردی بناغەکەی لەسەر هەڵاواردن و دابەشکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە داڕشتبوو. ئەم چوارچێوە یاساییە لەو کاتەوە بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئەم وڵاتەی ناچار کردوە لە نوێنەرایەتی سیاسی و هابەشی دەسەڵات وەلابنرێن.
ئەم جیاکارییە سیستماتیکییە نەک تەنیا کەمینە ئایینییەکان، یان ئایینزای غەیرە شیعەی گرتووەتەوە، بەڵکوو پێوەرە ئێتنیکییەکانیش سەرەڕای هاوبەشیی ئایینزایی دەتوانن ببنە کۆسپ لە بەردەم ئەوەی بۆ نموونە کوردێکی شیعەش بتوانێ خۆی لەو بازنەیەدا ببینێتەوە. ڕەگەز و جنسییەتیش وەک هۆکارێکی دیکەی پەراوێزخران و بێبەشکران لەو مافە سیاسییە لەجێی خۆی کە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لە ژنان وەک نیوەی کۆمەڵگەی ئێران زەوت کراوە.
ئەو بنەما یاساییە فۆرمێکی دەگمەنی بە دامەزراوەیی کردوە کە زۆر لە پەیوەندییەکی سیاسیی سادە تێدەپەڕێت و بەشێکە لە سیستەمێکی فراوانتر کە تێیدا یەکسانیی ئایینی و نەتەوەیی و فرەچەشنی و گشتگیری تێک دەدات. ئەم سیستەمە ژێنگەیەکی دروست کردوە کە زۆرێک لە هاووڵاتیان نەک هەر هەست بە پەراوێزخران دەکەن، بەڵکوو دەبینن شانسی بەشداریکردنی سیاسیی ماناداریان بۆ نزیکەی سفر کەم دەبێتەوە.
ڕێبەرانی شۆڕشی ئیسلامی ئایینزای شیعەیان وەک هێزێکی یەکگرتوو لەدژی نیزامی پێشوو دەبینی، بەڵام ئەم یەکگرتنە لەسەر حسێبی مافی کەمینەکان هاتۆتە ئاراوە و ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەک هەست بە نامۆبوون و

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

بێدەنگبوونی بکات. سروشتییە لەو بارودۆخە سیاسییەدا بایکۆتکردنی هەڵبژاردن ببێتە ستراتیژییەکی گرنگ بۆ ئەم گرووپانە بۆ ئەوەی دژی ئەو هەڵاواردنە ڕەگداکوتاوانە بوەستنەوە کە بەسەریاندا سەپاون. بەمجۆرە زۆرینە خەڵک وێڕای ئەوەی لە دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە نارازین، بە خۆبەدوورگرتن لە دەنگدان، نارەزایەتیی خۆیان بە تەواوەتیی سیستەمی یاسایی ولات دەردەبڕن و شەرعییەتی سیستەمێک دەخەنە ژێر پرسیارەوە کە بانگەشەی دیموکراتبوون دەکات، بەڵام لە پراکتیکدا دوگم و داخراو و نادێموکراتیکە. ئەم فۆرمەی نافەرمانی مەدەنی تیشک دەخاتە سەر نادادپەروەرییە پێکهاتەییەکان و وەک ئەکتێکی بەهێز ئەم ڕاستییە دەخاتەڕوو کە سیستەمی سیاسیی ئێستا نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بکات.

هەروەها بایکۆت جۆرێکە لە هاودەنگی و هاخەباتی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کە ژانی هاوبەش و داخوازی وەک یەکیان هەیە. بەمجۆرە بە گرتنەبەری ستارتیژیی بایکۆت بە یەکگری بەرەیەکی هاوبەش لەدژی ئەو نادادپەروەرییە سیستماتیکە پێک دێنن. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی دەنگی بەکۆمەڵیان و زیادکردنی فشار لەسەر حکومەت بۆ ئەگەری چاکسازیی یان تێپەڕین لە تەواوەتیی ئەم دەسەڵاتە.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانی ڕاستەقینە، پێویستە ئەو بایکۆتانە گوشاری نێودەوڵەتی و کۆدەنگی و ئیجماعی سیاسیی نێوخۆی لەگەڵدا بێت. جیهانی دەرەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی گتینگی هەبێت لە پشتیوانیکردنی ئەم گرووپانە و ئیدانەکردنی پراکتیزەبوونی جیاکاری و هەڵاواردنەکان. لە نیوخۆی ئێرانیشدا خەڵک دەبێ بەردەوام بن لە ڕێکخستن و پێشخستنی داواکارییەکانیان بۆ یەکسانی ماف و نوێنەرایەتی و بەو قەناعەتە بکەن کە تەنیا لە ڕێگەی هەوڵی یەکگرتووەوە دەتوانرێت بەگژی ئەو هەڵاواردنە ڕەگداکوتاوەدا بچنەوە کە لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا بەرەوڕووی کەمایەتییەکان دەکرێت.

بارودۆخی ئێران تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن ئاستەنگە سیستماتیکییەکان دەتوانن هەستێکی قووڵی نامۆبوون و پەراوێزخستن لە نێوان چین و توێژە گەورەکانی دانیشتوواندا دروست بکەن. تاکەڕێگای بەرەو پێشەوە بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و دادپەروەری ڕاستەقینە لە ئێراندا، شۆڕش یان چاکسازی لە یاساکاندایە بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتییان، بەبێ گوێدانە ئایین و نژاد و ڕەگەز. ئەمەش بە مانای نەهێشتنی مەرجە جیاکارییەکان بۆ هاوبەشیی سیاسی و دروستکردنی پرۆسەیەکی سیاسی گشتگیرتر.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

## پروپاگاندە بۆ هیچ!



**ڕەزا دانشجوو**

شانۆی گاڵتەجاڕانەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری نوێی کۆماری ئیسلامی، وەک پێشبینی دەکرا، بەپێی ئاماری میدیاکانی خودی ڕێژیم، کەمترین ڕێژەی بەشداریی تۆمار کرد و کۆماری ولایەتی فەقیهـ دیسان ڕێکۆردێکی تازەی بەدەست هێنا! ڕێژەی بەشداریی ئەوندە کەم بوو تەنانەت کاربەدەستانی ڕێژیمی سەرسام کرد.

کۆماری ئیسلامی دوای تۆمارکردنی بەشداریی ٣٠٪ لە دوایین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی و ٧٪ لە دەوری دووەم لە تاران، هیوادار بوو بە دووبارەکردنەوەی سیناریۆی دووجەمسەریکردن و دووانەی ئیسلاحات و بناژۆخوازی ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری زیاد بکات. بەڵام دەسکەوتی ڕێژیم لەم هەڵبژاردنە جگە لە بێئابڕوویی زیاتر نەبوو. بڵاوبوونەوەی وتارێکی کۆنی چەند ساڵ لەمەوبەر خامنەیی کە تێیدا ڕێژەی بەشداریی ٤٠٪ لە هەندێک وڵاتی ڕۆژئاوا بە شەرمەزاری و پەڵەیەک لەسەر دێموکراسی لەو وڵاتانە دەزانێت، لەم ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن خەڵکانی بێزار لە کۆماری ئیسلامییەوە پێشوازی لێ کرا.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

شێوازی ئامادەبوونی خەڵک و بەشداری نەکردنیان لە نمایشی هەڵبژاردن کۆمەڵێک خاڵی زۆر گرینگ و بنەڕەتی لەخۆدەگرێت:

**یەکەم،** ٢ی خورداد و ڕەوتی بەناو ئیسلاحات جگە لە جەستەیەکی مردوو و نێژراو لە باوەڕی خەڵک مانایەکی دیکەی نییە، و کەس ئیتر گرینگی بە فێڵ و تەڵەکەکانی ڕێژیم نادات. تەنانەت کەسێکی وەک پزیشکانیش بە کارنامەیەکی کەمتر تێکەڵاوی جنایەت و بەرەچەڵەک تورک و لەدایکبووی مەهاباد و شارەزا لە زمانی کوردی بۆ ورووژاندن و هەڵخڕاندنی خەڵک ناتوانێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەشداریی خەڵک هەبێت. دەرکەوتنی دووبارە ڕێویی پیریش -سەید محەم،ەد خاتەمی- هیچ شتێک ناگۆڕێت.

**دووەم** خاڵی گرنگی ئەم هەڵبژاردنە دابەشبوونی دەنگەکان بوو لە نێوان کاندیدەکاندا. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت دواجار هەندێک کەسی بێهەڵوێست، لەژێر کاریگەری کەشی ڕاگەیاندن و لێکدانەوەی هەڵە بە هیوای باشتربوونی ژیان، تەنانەت تا ڕادەیەکی سنوورداریش بەشداریی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد و لە ڕاستیدا ئەوانیش دژی بارودۆخی ئێستان. بە واتایەکی تر لە باشترین حاڵەتدا لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت ٢٠٪یش نین! واتە کەمینەیەکی زۆر سنووردار!

ئەم شانۆی گاڵتەجاڕانە نمایشی هەموو سەروەت و سامانی کۆماری ئیسلامی بوو! لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی وەک تەلەفیزیۆنی ڕێژیم ناتوانا لە سازکردنی بەرنامە و درامای نوێ و ورووژێنەر بۆ سەرقاڵکردنی بینەرانی، ساڵانێکە خەریکی دووپاتکردنەوەی زنجیرە کۆنەکانە! ئەم فیلم و زنجیرەیەی ساڵانێکە خەڵک دەیبینن و کۆتاییەکەی باش دەزانن!

**خاڵێکی دیکەی** ئەم هەڵبژاردنە، جگە لە دوورخستنەوەی کەسانی وەک ئەحمەدینژاد و لاریجانی، کەمیی دەنگەکانی محەممەد باقر قالیباف، دۆستی نزیکی موجتەبا خامنەیی بوو. لە کتێبی "خۆفێرکاری دیکتاتۆر"دا لە نووسینی "ڕاندال وود" و "کارمینە دولوکا" دەخوێنینەوە: "نابێت هیچ وەزیر و بەرپرسێک وا بیر بکاتەوە کە پێگەی ئەو هەمیشەییە". بەردەوام بە لە گۆڕینی بەرپرس و وەزیر. لەم حاڵەتەدا پەرلەمان وەک مۆرێکی پلاستیکی وایە کە هەموو بڕیارەکانت پەسەند دەکات و ڕوویەکی یاساییان پێدەبەخشێت"!

سەبارەت بە قۆناخی دووهەمی هەڵبژاردن و لە ڕاستیدا گەورەکردنەوەی ساختەکاری و بەئانقەستی ڕکابەریی نێوان ڕەوتی بەناو ئیسلاحات و بناژۆخواز، ڕێژیم هەوڵ دەدات لە خولی دووەمدا قەرەبووی شکستی ئابڕووبەرانەی خۆی بکاتەوە! ڕیکلامە

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

دووبارەبووەکانی ڕەوتی ئیسلاحاتی ڕێژیم بۆ هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان لە ڕێگەی تۆقاندنی خەڵک لە ئەگەری هاتنەسەرکاری توندڕەوەکان و جەختکردنەوەی دووبارەی پزیشکان لەسەر زمان و کولتووره جیاوازەکانی ئێران، بەشێک لە هەوڵەکانی ڕێژیمن بۆ ڕادیکاڵکردنی ئەم ڕکابەرییە ساختەکارییە لە ڕۆژانی پێش خولی دووەمدا بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بچنە سندوقی دەنگدان.

میدیاکانی ڕێژیم کە دوای شکستی قۆناغی یەکەمی شانۆی هەڵبژاردن زۆر هەوڵیان دا ڕێژەی ٤٠٪ی بەشداریکردن وەک پێناسەیەکی گرنگی هاوڕێیەتی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات بەکار بهێنن ئێستا خەریکی ئامادەکاری بۆ بەشی دووهەمی ئەم شانۆ گاڵتەجاڕییەن. قۆرخکاریی میدیایی و سانسۆر و فیلتێرکردنی میدیایی ئازاد، بەشێکی سەرەکیی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە، بە تایبەت لە کاتی ڕووداوە گرنگەکاندا. ئەمە شێوەی هەڵسوکەوتی هەموو حکومەتە دیکتاتۆرەکانە. لە کتێبی "خۆفێرکاری دیکتاتۆر"دا دێت: ڕاگەیاندن بکە بە هی خۆت و سوود لە خزمەتەکانیان وەربگرە و هەر درۆ و فێڵێک کە حەزت لێیە خۆراک بدە بە میللەتەکەت. ڕۆژنامەنووسی ڕووسی یاکۆڤ سمیرنۆڤ سەبارەت بە قۆرخکاری مێدیا لە سەردەمی سۆڤیەت دەنووسێت: لە ڕووسیەی سۆڤیەت تەنیا دوو کەناڵی تەلەفزیۆنیمان هەبووە. یەکەم کەناڵ پڕوپاگەندە بوو. لە کەناڵی دووەمدا ئەفسەرێکی KGB خەریکی قسەکردن بوو و دوای تەواو بوونی قسەکانی دەیگووت: باشە! ئێستا بڕۆن سەیری کەناڵی یەک بکەن."

لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا دەخوێنینەوە: "کۆنترۆڵی نێوەڕۆکی ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن بکە، بەڵام با خەڵک چەند دەیانەوێت سەیری بەرنامەی کات بەسەربردنی ناشرین و بەرنامەی بێمانا و پێشبڕکێی تەلەفزیۆنی بێمانا و پێشبڕکێی وەرزشی و فیلمی دابەزێنراو بکەن. "وا لە خەڵک بکە لەسەر قەنەفە گەرم و نەرمەکانیان پاڵ بکەون و چاویان لە شاشەی تەلەفزیۆن یان مۆبایلەکانیان بێت و بە تامەزرۆییەوە سەیری یارییە وەرزشییەکان بکەن، لەبری ئەوەی بڕژێنە سەر شەقامەکان"...

بێگومان دەبێ بگوترێ بە هاوکاریی میدیایی هەمەچەشنی ئەمڕۆ و سەرەڕای هەموو سانسۆر و فیلتێرێک، ڕەوتی ئازادیی زانین توانیویەتی زۆر باشتر سروشتی ڕووداوەکان بۆ خەڵک بگوازێتەوە و ئێستا ڕێژیم ناتوانێت بە قۆرخکردنی میدیا پێش بە بڵاوبوونەوەی ڕاستیەکان بگرێت. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا لای خەڵک بێبایەخ و باوەڕپێنەکراوە، خودی میدیای دەسەڵاتە! ساڵانێکە خەڵک هەموو ئەو شتانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی میدیاکانیەوە دەیڵێت بە درۆ ۆ ناڕاست دەزانن.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

سیرکی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا خۆی بۆ نمایشی دووەم ئامادە دەکات، کە لە نمایشی یەکەمدا هیچ کام لە ویست و داخوازییەکانی ڕێکخەرانی بەدی نەهات! ئەو سیرکە کە بە هیوای دۆزینەوەی بینەری تازە بۆ ئەم نمایشە گاڵتەجاڕییە بە ڕیکلام و خەرجییەکی زۆرەوە، تەنانەت دەست بە داوێنی ڕێویی پیریش بوو, بەڵام خەڵکی ئاگادار بەبێ گوێدان بە دروشم و بەڵێنی پووچی تاقمێک هەلپەرەست نەبوونە کاربەرێکەری بێدەسەڵاتی ڕێکخەرانی ئەم شانۆ گاڵتەجاڕییە. سیرکێک کە بەپێچەوانەی هەموو سیرکەکان, زیاتر لەو کەسانەی لە ساحەکە نمایش دەدەن، ئەوانەی چوونەتە تەماشای ئەم سیرکە بوونە مەلعەبەی دەستی ساحێب سیرک.


مەلعەبەی دەستی دیکتاتۆرێکی پیر! دیکتاتۆرێک کە ئێستا لە لێواری هەڵدێردا، خەریکی نمایشدانی بە ڕێویی پیرە تا ڕەنگە بتوانێت ماوەیەکی زیاتر تاج و تەختەکەی ڕابگرێت!

کۆتایی قۆناغی یەکەمی ئەم سێرکە گاڵتەجاڕییە شکستێکی ڕەها بوو! ئیتر هیچ کەس پارە سەرفی تەماشای جاکل(شغال) و ڕێویی کۆماری ئیسلامی ناکات!

هیچ شتێک قەرەبووی بێ ئابڕووبوونی کۆماری ئیسلامی ناکاتەوە! کۆتایی و ئاکامی ئەم شانۆ پڕخەرج و گاڵتەجاڕییە و ئەم هەموو ڕێکلام و خۆنواندنە، هیچ بوو! هیچ!

**١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# کوێخای نوێ



مەنسوور مروەتی

لە دوای ئەم چەند مانگە پڕ ڕەمز و ڕازەی دوای کوژرانی برایمی ڕەئیسی و هەڵپەهەڵپی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و هەوڵدانی زۆری کۆماری ئیسلامی بۆ هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان، سەرنجام بە ڕێژەیەکی زۆر کەمی بەشداریی خەڵک، ناوی مەسعوودی پزشکیان کاندیدای بەناو ئیسلاحخوازەکان لە سندووق هێنرایە دەرێ. ڕێگەدانی ڕێژیم بە هاتنی بەناو ئیسلاحخوازەکانی نێو دەسەڵات و وەڕێخستنی شانۆی ئوسوڵگەرا و ئیسلاحتەڵەب بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن لە حاڵێکدایە کە خەڵکی ئێران لەمێژە لەم دوو ڕەوتە تێپەڕیون و ئەمجارە بە کەمترین ڕێژەی دەنگدان بەشدارییان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماردا کرد و تەنانەت بە ئامارسازیی درۆیینی کۆماری ئیسلامییش بێ سەتا شەستی ئەوەی کە مافی دەنگدانی هەبوو دەنگیان نەدا و بەشدارییان لە هەڵبژاردندا نەکرد.

ئەوەی چاوەدێری بارودۆخی سیاسیی ئێران دەکا دەزانێ عەلی خامنەیی و ئاڵقەی دەوروبەرەکەی لەمێژە بڕیاریان داوە ڕیفورمخوازەکان لە گۆڕەپانەکە وەدەرنێن و ئەوەشیان تا ئاستی زیندانیکردنی میرحوسەین مووسەوی و مەهدی کەڕووبی و

قەدەغەکردنی دەرکەوتنی محەممەدی خاتەمی جێبەجێ کردوە. لە لایەکی دیکەشەوە تەنانەت محەممەدی خاتەمییش چەند مانگ لەوەپێش و پێش هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی بێهیوا لە ئاڵوگۆڕ لە کۆماری ئیسلامی،بەشداریی هەڵبژاردنی نەکرد و گوتی خەریکین لە خۆڕووخاندن نزیک دەبینەوە. واتە ئەویش بەو ڕاستییە گەیشتبوو کە بەهەر جۆرێک بێ تەمەنی کۆماری ئیسلامی خەریکە لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. بەڵام ئەی چی بوو ئەمجارە ڕێگەیان پێدان کە بەربژێریان هەبێ و تەنانەت براوەش لە ئاو دەربچێ؟

وڵامەکە ڕوونە، دۆخی کۆماری ئیسلامی و دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر وڵاتدا ڕێک وەهایە کە تەنانەت خاتەمیش دانی پێدا نا. واتە کۆماری ئیسلامی بەرەو ڕووخانی یەکجاری دەچێ و هەموو ترسیان ڕێ نیشتوە و بۆ مانەوەی خۆیان و دەربازبوون لە ڕووخان پەنا بۆ هەموو سیناریۆییک دەبەن، دەنا ئەگەر وانەبا بێ گومان لە جیاتی پزشکیان، سەعیدی جەلیلی لە سندووقی هەڵبژاردن دەهێنرایە دەرێ و زۆرێک لە خەڵک و چاوەدێرانی سیاسیش هەر چاوەڕێی ئەوە بوون.

کۆماری ئیسلامی ئێران چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا چەندین ساڵە قەیران بە قەیران تێپەڕ دەکا. بێزراوی و نەبوونی شەرعیەتی نێوخۆیی و خەڵکی لە لایەک و لە دەستدانی متمانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وای لە ڕێژیم کردوە کە بیر لەوە بکەنەوە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە و مەترسییەکانی سەریان لەگەڵ ڕێفورمخوازەکان بگەنە ڕێککەوتنێک و پێکەوە خەمێک لە ڕووخان و لەبەینچوونی خۆیان بخۆن. بۆیە هێنانی پزشکیان وەکوو کاندیدای ڕێفورمخوازەکان لە هەردوو باری ناوخۆیی و دەرەکیدا کەڵکی بۆ ڕێژیم دەبێ.

لە ئاستی نێوخۆیی پزشکیان بە ڕەخنەگرتن لە دۆخی وڵات هەندێ وادە و بەڵێنیی جۆراوجۆری بە خەڵک دا، هەوڵی دا لەو ڕێگایەوە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی و سندووقەکانی هەڵبژاردن ڕابکێشێ و بۆ کۆی سیستمیش کەڵکی ئەوەیە لەیەگەری بەشداریی خەڵکدا ئەوە بە دنیای دەرەوە نیشان بدەن و بڵێن ڕەوایەتیمان لە نێو خەڵکی خۆماندا هەیە.

لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا شەڕەنگێزی و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە تێکدانی دۆخی نێوخۆیی وڵاتانی دەوروبەر و دابەزینی متمانە و ئاستی ئیعتباری ڕژیم بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ژینا و سەرکوتی خوێناویی خەڵک، وا دەخوازێ ڕووبەدەرەوە پزشکیان وەک نوێنەری ڕێفورمخوازەکان و کەسێکی میانەڕەو نیشانی دنیا بدەن و لەو ڕێگایەوە هەوڵ بدەن ڕواڵەتێکی دیکە وەکوو دەورانی خاتەمی لەم سەرکۆمارە و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی پیشان بدەن.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە کاندیداکانی سەرکۆماری و یەک لەوان سەرکۆماری تازە لە کاتی بانگەشەکاندا هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆیان بۆ داهاتوو و بوون بە سەرکۆمار نەخستە ڕوو و هەوڵی هەموویان ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان بوو.

سەرکۆماری تازەش بە پێچەوانەی هاوبیرەکانی خۆی لە بەرەی ئیسلاح تەڵەبی لەو ماوەیەدا تەنانەت ناڕاستەوخۆش بووبێ چکۆلەترین ڕەخنەی لە ڕێبەر و دامودەزگای ڕێبەری نەگرت کە هیچ، بەڵکوو بەردەوام گوێڕایەڵیی خۆی بۆ خامنەیی دووپاتە دەکردەوە و پاساویشی بۆ کاروکردەوەکانی خامنەیی دەهێنایەوە. بەجۆرێک کە بەڕاستی بۆ خەڵک ڕوون نەبوو، ئەریێ ئەمە ئوسوڵگەرایەکی ئاڵوگۆڕخوازە یا ئیسلاح تەڵەبێکی گوێڕایەڵ.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی باس کرا و بەم وەزعەی ئێستای ئێران، بەم داڕووخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە لە سایە سەری ئەم ڕژیم و حکوومەتەوە برستی لە خەڵکی ئێران بڕیوە، چاوەڕوان ناکرێ هیچ ئاڵوگۆڕێک لە وەزعی خەڵکدا بەرەو چاک بوون بکرێ. لە ماوەیەکی نزیکدا بەرەبەرە مافیا سیاسی و ئابوورییەکانی نێو ڕێژیم وەها قورگی پزشکیان دەگوشن، وادە و بەڵێنییەکانی وەکوو سەرکۆمارەکانی پێش خۆی هەمووی دەبنە دەسمایەی گاڵتە و گەپی تەنز تاڵی خەڵک.

لەگەڵ هەموو پلان و پیلانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەرباز بوون لە ڕووخان و تێکوەپێچانی ئەم دەسەڵاتە مافیاییە، زۆر ناخایەنێ تەپوتۆزی ئەم هەڵبژاردنەش دەنیشێتەوە و ئەوەی لەلای خەڵک ئەسڵێکی نەگۆڕە ئەوەیە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە درێژەدانی خەباتی بێوچانی خۆیانە تا ڕۆژی ڕزگاری. چارەنووسی مەسعوود پزشکیانیش لە کۆماری ئیسلامیدا هەر بە دەردی نەقڵەکەی کوێخای کۆن دەچێت.

**١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# هێرۆ قەدیمی: شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ ڕامالینی تەواوی بەربەستەکانی کۆمەڵگە لە بەردەم ژنانە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

لە دوای شەهیدکردنی ژینا لە کوردستان و سەرهەڵدانی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی" ڕێژیم هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ تاکوو دەنگی ئازادی و مافخوازانەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و بەتایبەت کوردستان کپ بکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە هیچ کردوەیەکی نامرۆڤانە دەستی نەپاراست و بە گرتن، ئەشکەنجە، ڕفاندن، کوشتن، ئێعدام و ... دژی خەڵکی مافخواز و وەزاڵەهاتووی کوردستان وەستایەوە.

هێرۆ قەدیمی، چالاکی سیاسی و یەکێک لە دەستبەسەرکراوەکانی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا گێڕانەوەی خۆی لەم دۆخە لەگەڵ "کوردستان" باس دەکات:

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو هێرۆ، سەرەتا ئەگەر کورتەیەک لە ژیانی خۆتان بۆ خوێنەرانی ئێمە باس بکەن.

**هێرۆ قەدیمی**: سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ بەڕێزتان و سپاس بۆ ئەوەیکە ئەم دەرفەتەتان بە من دا تا بتوانم بپرژێمە سەر ئەو ڕۆژانەی ئەمرۆ بوونەتە بەشێک لە بیرەوەرییە ناخەهژێنەکانی ژیانی من. من هێرۆ قەدیمی لە ڕێکەوتی ٢٤ - ١٢ - ٥٩ لە شاری بۆکانم لە دایک بووم. لە دوای لە دایک بوونم هەتا سەرەتای چوون بۆ قوتابخانە لە تەورێز بووم. کاتێک وەختی خوێندنم هات هاتمەوە بۆکان و دیپلۆمم وەرگرت و هەر لە بۆکان مامەوە. بە بۆنەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیم ماڵم چووە سەقز.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا پەیوەست بوونی بەڕێزتان بە کار و چالاکی سیاسی تەنیا بۆ ساڵوەگەڕی شەهید بوونی ژینا دەگەڕێتەوە یان پێشتریش چالاکیتان هەبووە؟

**هێرۆ قەدیمی**: چالاکی من زۆرتر مەدەنی بووە تا سیاسی و چالاکییەکانی من دەگەڕێتەوە بۆ پێش شەهیدبوونی ژیناش. بەڵام لە ئێران سنووری نێوان چالاکی سیاسی و مەدەنی زۆر نادیارە چونکە ڕێژیمی ئێران ترسێکی زۆری لە چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەیە و لەگەڵ چالاکانی مەدەنییش هەروەک چالاکانی سیاسی دەجووڵێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بەڕێزتان وەک یەکێک لە دەستبەسەرکراوانی ساڵوەگەڕی شۆڕشی " ژن، ژیان، ئازادی" چۆن باس لە دەستبەسەرکردن و ڕفاندنی لاوانی کوردستان لەو بزووتنەوەیەدا دەکەن؟

**هێرۆ قەدیمی**: شۆڕشی ژینا یەکێک لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێران لە دوای شۆڕشی ٥٧ بووە کە سەرچاوەکەی ئەو شۆڕشە کوردستان بوو، دواتر بۆ هەموو ئێران پەرەی سەند. قووڵایی دروشمی شۆڕشەکەش قورساییەکی زۆری خستبووە سەر ڕێژیم و ترسێکی یەکجار زۆریشی خستبووە دڵیان. ئەوان دەیانزانی چالاکی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان بە شێوەی سیستماتیک دەڕواتە پێشەوە و هەر سەر هەڵدانێک لە کوردستانەوە بە شێوەی تایبەت چاوی لێدەکرێ. هەڵسوکەوتێک کە خەڵکی سەقز لەگەڵ چلەی ژینا کردیان ڕێژیمی خستە ترسێکی قووڵترەوە. ڕێژیم ئاگادار بوو کە لە ساڵوەگەڕی کوشتنی ژینادا خەڵکی سەقز دووبارە حەماسەیەکی دیکە دەخوڵقێنن و ئاگری شۆڕشەکە دووبارە دەگەشێنەوە. هەر بۆیە لە دوای چلەی ژیناوە بەرنامەکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پرۆگرامی ساڵیادی ژینا ئامادە کردبوو کە یەکێک لەوانە دەستبەسەرکردنی تەواوی چالاکە سیاسی و مەدەنییەکان بوو.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**شەهرام سوبحانی**: ئێوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ دەستبەسەر بوون؟ کەش و هەوای زیندان و ئەشکەنجەکان لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی چۆن بوون؟

**هێرۆ قەدیمی**: مەئموورانی ئیتلاعاتی ڕێژیم میراتی "ساواک"ی دەورەی پاشایەتی و تەجروبەی زیاتر لە چل ساڵ کار لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان هەیە. ئەوان بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ شێوەی جۆراوجۆر بەکار دینن. کە لەژێر ناوی ئەشکەنجەدا باسی دەکرێ. ئەشکەنجەش بۆ خۆی بە دوو شێوە دابەش دەکرێ، یەکەم ئەشکەنجەی ڕۆحی و دووهەم ئەشکەنجەی لەش. ئەوان بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک لەو دوو شێوە ئەشکەنجە کەڵک وەردەگرن. نوور، تاریکی، گەرما، سەرما، ترساندن، شکاندن، شک و دڵەڕاوکێ خستنە دڵت لە دۆست و خزم و کەس و کارت، هەڕەشە لە بنەماڵە(بەتایبەت منداڵەکانت)، لێدان، دەستدرێژی و ... هتد. ئەمانە بە گشتی دەتوانینن بێژین ئامرازی کارەکانیانە، من بۆ ماوەی سی و شەش ڕۆژ لەو دۆخەدا بووم. هەموو ڕۆژێک چەندین سەعات لێپرسینەوەم بووە و دوایش لە زیندانی تاکەکەسیدا دەمامەوە. چەند حەوتووی ئاخر چوومە بەندی عموومی کە ئەویش چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە. ٢٤سەعاتە گڵۆپێکی گەورەت لە سەر هەڵکراوە و پشوودانت بە سەختییە. لە هاو بەندیەکانت لە شک و دوودڵی دای و نازانی چکارەن. چکۆلەترین هەڵسوکەوتت دەچێتەوە ئیتلاعات. تەنانت بۆ کتێبێکیش کە لە کتێبخانەی خۆیان وەرم گرتبوو لێپرسینەوەم لێکرا.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئەو ڕۆژەی کە دەستبەسەرکران کەسانی دیکەش لەگەڵت بوون بە تایبەت کەسانێک کە بیانناسی؟

**هێرۆ قەدیمی**: من کەسێکم نەدی کە لەگەڵ من دەستبەسەر کرابێ، بەڵام دوایی زانیم کە تەنیا نەبووم و تەنانەت چەند ڕۆژ پێش دەستبەسەرکرانی من و دوای ئەویش کەسانێکی دیکە گیران.

**شەهرام سوبحانی**: لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا چ دەگوزەرێت؟

**هێرۆ قەدیمی**: ئەوان بە هەر جۆرێک بێت دەبێ دانپێدانانێکی زۆرەملێ وەرگرن. ئەو دانپێدانانە دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ بازجووەکان. جاری وایە دەستبەسەرکراو بێتاوانە، بەڵام زۆر جار دەبێ دان بە شتێک دابنێ تا خەلاسی بێت. شەڕی و قورسی دەستبەسەرکراو و بازجوو ئەوەیە کە ئیعتراف بە شتێک کە نەبووە چ سوودێکی هەیە؟ بەڵام ئەوان بە دوای شتێکەوەن کە خۆیان لە لای بەرپرسەکانی سەرەوە کارامە نیشان بدەن. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی کە هەیانە ڕەحم و

بەزەیی لە دڵی ئەواندا کوشتوە و تەنیا چاویان لە گرتنی خاڵێکی ئەرێنییە بۆ وەرگرتنی ئەو خاڵە لە هیچ کارێک چاوپۆشی ناکەن. لە پاڵ ئەوەشدا ئەوانەی لە سازمانە ئیتلاعاتییەکان کار دەکەن لە باری دینییەوە زۆر توند ئاژۆن. دەستبەسەرکراوان وەک دوژمنی ئیسلام و ئیمامەت و حکوومەتی ئیمامی زەمان دەبینن و خاوەنی بیرێکی زۆر ئیدئۆلۆژیکن. کەسێک کە لە بەرانبەر ئیدئۆلۆژیکەیان ڕاوەستی دوژمنە و دەبێ لەنێو بچێ. تەواوی ئەوانەی دەستبەسەر دەکرێن لەگەڵ ئەو دوو وەزعییەتە ڕووبەڕوو دەبنەوە و دیارە لە گرتنگەکاندا چی دەگوزەرێ.

**شەهرام سوبحانی**: پێیان گوتی بەڕوونی لەسەرچی گرتوویانی؟ داوای بازجووەکان چی بوو؟

**هێرۆ قەدیمی**: من پێش دەستبەسەرکرانم دوو جار بانگ کرا بووم بەڵام دەستبەسەرکرانی من لە ڕۆژی ٢١خەرمانان‌دا بە بۆنەی کەرەسەی ئیستارلینک بوو. لەگەڵ گرتنم دوو موبالیشم لێگیرا. لە یەکیاندا فایلی یارمەتییەکان بە بریندار و خیزانە کوژراوەکانی شۆڕشی ژینا و هەروەها یارمەتی بۆ گروپە ژینگەپارێزەکانیشی تیا بوو و ئەوە حوکمەکەی منی زۆر قورستر کردەوە. ئەوان دەیانگوت تۆ یارمەتیی کەسانێکت داوە کە لە شۆڕشی ژینادا بەشدار بوون و خەڵک هان دەدەی کە زۆرتر بێنە سەر شەقام و هەروەها یارمەتی ژینگەپارێزەکان ئەرکی تۆ نییە و با ژینگە لەنێو بچێ.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن بوو بڕیارت دا وڵات جێ بهێڵی؟

**هێرۆ قەدیمی**: من لە دوایی هاتنەدەرەوەم لە گرتنگە دەمزانی حوکمی زیندانیم بۆ دەبڕنەوە و بە ئەزموونێک کە لە گرتنگە بووم دەمزانی ئەوان تەنیا بە زیندانیکردنم ڕازی نابن و بە چڕی لە ژێر چاوەدێریدا دەبم و ژیانی واش بەڕاستی ژیانێکی زۆر ئەستەمە و بە تەنیا کچەکەشم دەیان ترساندم و ئەوە سەختترین گوشاری دەرونی بۆ دروست کرد بووم .هەر بەو بۆنەوە بڕیارمدا وڵات جێ بێڵم و بڕیارێکی زۆر سەخت و گران بوو بۆ من.

**شەهرام سوبحانی**: لە ئێستادا چۆن باس لە دەور و پێگەی کچان و ژنان لە ناڕەزایەتییەکانی و خەباتی جەماوەری لە ئێران و کوردستان دەکەن؟

**هێرۆ قەدیمی**: ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی بەهێزترین کچانە. ئەوان لە شۆڕشی ژینادا گەورەترین حەماسەیان خوڵقاند. چەندەها کچی تەمەن لاو گیانی خۆیان لە پێناو ئەو شۆڕشەدا لە دەست دا. ئەوان بۆ بە دەستهێنانی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**تۆزێک ئازادی ڕێگایەکی دوور و سەختیان بڕیوە. شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمێک نەبوو کە تەنیا ڕوو بە ڕێژیم بێت بەڵکوو دروشمی ڕامانێینی تەواوی بەربەستەکانی کۆمەڵگەیە کە بۆ ژنان دروستبووە. شۆڕشی ژینا کەم ڕەنگ بووە بەڵام نەخەوتووە. هەموو جووڵانەوەیەک کەوتن و هەستانەوەی هەیە، نەورۆزی ٢٧٢٤ یەکێک لە هێماکانی زیندووبوونی شۆڕشەکە بوو. هیوادارم بەشەکان و میللەتەکانی دیکەی ئێرانیش بە قووڵایی ئەو دروشمە بگەن چونکە هاوڕێ و هاو هەنگاوبوون لەگەڵ کورد لەم شۆڕشە ئازادی و دێموکراسی بۆ داهاتوومان مسۆگەر دەکات.**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو هێرۆ سپاس بۆ بەشداریتان و ماندووش نەبن**

**هێرۆ قەدیمی: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.**

**١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

---

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

## خۆی بە برینیاندا مەکەن!




**ئاسۆ مینبەری**

پرسی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامیدا پرسێکی چەواشەکارانەیە و هەموو جومگەکانی ئەو دەسەڵاتە بە جۆرێک لە جۆرەکان ناتەباییان لەگەڵ ئەم پرسە هەیە. ئەزموونی ساڵانی ڕابردووش بە باشی ئەم ڕاستییەی دەرخستوە کە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا، تەنیا شانۆیەکی گاڵتەئامێز بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان و لە ڕاستای ئاکامگیرییەک لە قازانجی دەسەڵاتدا بووە.

ئەگەرچی لە مێژووی ئەم ڕێژیمەدا یاریی نێوان باڵەکانی ڕێژیم لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدا، توانیویەتی جاروبار ڕەنگوبۆنێکی دیکە بەم پرسە ببەخشی، بەڵام لە ڕاستیدا چییەتیی ئەم ڕێژیمە و شانۆبوونی ئەم پرسە هیچکات لای خەڵکانی وەزاڵەهاتووی ئێران شاراوە نەبووە. ئەوەی کە بە درێژایی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوو لەم شانۆیەدا بۆ ڕێژیم گرینگ بووە، نیشاندانی ڕێژەی حەشیمەت و لە کۆتاییشدا دەرهێنانی ناوی ئەو مۆرەیە لە سندووقەکان بووە کە زیاتر لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێندا هەنگاو هەڵدەگرێ؛ هەر بۆیە لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا، گۆڕەپانی

هەڵبژاردنەکان، گرینگترین دەرفەت بۆ خەڵک، بۆ "نا" گوتن بەم ڕێژیمە و تەواویەتی ئەم ڕێژیمە بووە.

لە ماوەی ڕابردوودا و دوای مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی کە بڕیار درا لە ٨ی پووشپەڕدا ڕێژیم شانۆیەکی دیکە بۆ دیاریکردنی سەرۆککۆماری نوێ بەڕێوە ببات، شەپۆلێک لە داواکارییەکان بۆ بایکۆتی ئەم شانۆیە دەستیان پێ کرد. ئەگەرچی لە کاتی بەڕێوەچوونی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا خەڵک بە بایکۆتی ئەم شانۆیە، پەیامی گرینگی نەویستنیان بە ڕێژیم دا بەڵام، بێگومان ئەم دەسەڵاتە بۆ مانەوەی خۆی هەر دەبێ دوا پەلەقاژەکانی بکات و لەم ڕاستایەشدا، بەڕێوەبردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری بە هێنانە بەر باسی کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرینگی وەک پرسی ژنان و هەڵاوسان و گەمارۆ ئابوورییەکان دەکرێ وەکوو ڕێگەچارەیەک لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و درێژەدان بە شانۆگەرییەی چاوی لێ بکرێت.

ئەوەی کە لە شانۆی ئەمجارەدا گرینگ بوو، داواکارییە بەربڵاوەکان بۆ بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکان بوو، هەر لە کاتی تەئیدی سەڵاحییەتی بەربژێرەکانەوە کە جۆرێک لە چنینی مۆرەکانی ڕێژیم بە بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازی بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو پێوە دیار بوو چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە مافی مرۆییەکان، بنەماڵە مافخوازەکان، حیزب و لایەنە سیاسییەکان و گرینگتر لە هەمووی دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراو و بەیاننامە، داوایان لە خەڵک کرد کە تێکەڵ بەم یارییەی ڕێژیم نەبن و بەشداری لەم شانۆیەدا نەکەن.

دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژانی پێش بەڕێوەچوونی گاڵتەجارییەکەی ٨ی پووشپەڕدا، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕوو لە خەڵک وێڕای بایکۆتی ئەم شانۆیە، ڕایانگەیاند کە بەربژێرەکانی ڕێژیم خۆیان بەرپرس و هاوبەشی جینایەت و کوشتنەکان لەلایەن ڕێژیمەوەن. ئەم دایکانە هەر لەم بەیاننامەیەدا ڕایانگەیاند: ئێمە هەتا کاتێک کە بکوژانی منداڵەکانمان دادگایی نەکرێن و سزا نەدرێن، واز لە مافخوازی ناهێنین و تەواویەتی ڕێژیم مەحکووم دەکەین و بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردندا ناکەین. ئەم دایکە جەرگسووتاوانەی کوردستان لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا جارێکی دیکە بە بڵاوکردنەوەی وێنەی لەخوێنگەوزاوی منداڵەکانیان بۆ جارێکی دیکە وێڕای بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، داوایان لە خەڵک کرد کە خوێ بە برینیاندا نەکەن و ئەم ئینتساباتە بایکۆت بکەن.

ئەم دایکانە لە بەشێک لەم بەیاننامەیەدا لەوپەڕی وشیاریدا باسیان لەوە کرد کە جیاوازییەک لە نێوان بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازدا نییە و ڕایانگەیاند: ئامانجی هەردووکیان پاراستنی نیزامی لاوکوژ و ژنکوژی خۆیانە و ئەگەر منداڵەکانمان

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

سەبارەت بە دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و مافی مرۆیی نارەزایەتی دەربڕین بە شێوەی سەروو یاسایی لەسێدارەیان دەدەن. بە هەر دەنگێک گوللەکان سینگی منداڵەکانمان هەڵدەدڕن و هاوبەشی کوشتنی منداڵەکانمان دەبین.

دوابەدوای بایکۆتی بەربڵاو و سەرکەوتووانەی شانۆی هەڵبژاردنەکان لەلایەن خەڵکەوە لە چواردەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماریی ڕێژیمی ئێراندا، دیسانەوە کۆمەڵێک لە دایکانی مافخوازی کوردستان کۆ بوونەوە و ڕایانگەیاند کە قەت لەگەڵ بکوژان و ئەوانەی کە درۆ دەکەن نابینە هاوپەیمان.

دایە مینا، دایکی شەهریار محەممەدی لە شەهیدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە بۆکان، بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەک لە دایکانی مافخواز لە ئینستاگرامەکەی خۆیدا نووسی؛ "ڕێزمان بۆ خوێنی پاکی منداڵەکانمان هەیە و بە حورمەتی خوێنی پاکی منداڵەکانمان و باقی منداڵەکان، قەت لەگەڵ بکوژان و فێڵبازان و ئەوانەی کە درۆ دەکەن نابینە هاوپەیمان". ئەم وشیاری و مەیدانداریيە لەلایەن دایکی شەهیدانەوە، ئەویش لە کاتێکدا کە گوشارەکان لەلایەن ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدان و بەتایبەت دایکە مافخوازەکان زۆر بووەتەوە، شیاوی پێزانینە.

دایکی شەهیدان جیا لەوەی کە لە کاتی شۆڕشەکەدا بە ورە و هێزەوە و سەرەڕای زامداربوونی دڵیان و لەدەستدانی ئازیزەکانیان پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشەیان کرد، لە هەموو دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی هاواری مافخوازیی خۆیان کەڵک وەردەگرن و بە مەیدانداریی بزووتنەوەکە هەوڵ بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەدەن، هەر بۆیە ئەرکی ئەخلاقیی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیش ئەوەیە کە خۆیان بە برینیاندا نەکەن و بە فرتوفێڵی مۆرە و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم نەکەونە نێو بازنەی یارییە بێ ئاکامەکەی کۆماری ئیسلامییەوە.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

## د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: هەمیشە ئەو سەرکردانەی کورد کراونەتە ئامانج کە مەترسییان بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەبووە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

**مێژووی دەسکەوتی نەتەوەیی و هەروەها کارەساتەکان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بۆ فێربوون و ئەزموون وەرگرتنە. بەو پێیە خوێندنەوەی مێژوو ئەرکە، بەتایبەت بۆ سیاسییەکان لەپێناو دووپاتنەبوونەوەی کارەساتەکان و بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ دەخستنی دەسکەوتی زیاتر و دەستەبەرکردنیان. ڕۆژی ٣١ی جۆزەردان بیرهێنەرەوەی تێرۆری سەرکردەی نەمر "سمکۆخانی شکاک"ە. سمکۆخانی شکاک چ پێگەیەکی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا هەیە؟ بۆچی بە باوکی ناسیۆنالیزمی کورد ناسراوە؟ شۆڕشی سمکۆ بۆچی شکستی هێنا؟ ئەم پرسیارانە و چەند بابەتێکی تر لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی مێژوو تاوتوێ دەکەین.**

**شەهرام سوبحانی: د. کەیوان بەم پرسیارە وتووێژەکەمان دەست پێ دەکەین کە سمکۆخانی شکاک بۆچی وەک باوکی**

**ناسیۆنالیزمی کورد ناسراوە؟**

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: لەڕاستیدا ئەمن ناتوانم بڵێم کە "سمکۆی شکاک" باوکی ناسیۆنالیزمی کوردە، بەڵکوو سمکۆ یەکێک بووە لە ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قۆناغێکی مێژووییدا. لەم بارەوە هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆک نین "سمکۆی شکاک" باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت، بەڵکوو ئەوە بۆچوونی هەندێک مێژوونووس و کەسایەتیی سیاسی و نووسەر و خەمخۆری نەتەوەی کوردە کە ئەویان وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی ناساندوە. بۆ؟ چونکی ئەو یەکێک بووە لەو سەرکردانەی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورد کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ناسیۆنالیزمی کوردی تێکۆشاوە و هەوڵی داوە نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست بگەیەنێتە سەربەخۆیی و مافەکانی خۆی. دیارە کە دەڵێن: باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە، ئەوە لە گەورەیی "سمکۆی شکاک" کەم ناکاتەوە، چونکی مێژوو پێمان دەڵێ سمکۆ یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕێبازە و سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی کورد بووە کە کاری بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی کرد، وەگەرنا یەکەم کەس نەبوو، وە باوکی ئەو ڕەوتەش نەبوو، بەڵکو وەک ئاماژەمان پێدا یەکێک بوو لەو ڕەوتە سیاسی و مێژووییەی نەتەوەی کورد. سەرکردەیەک کە هەتا دوا هەناسەی ژیانی، خەباتی بۆ نەتەوە و خاکەکەی کرد و لە هێز و دڵڕەقی و توندڕەوی دوژمنەکانیشی سڵی نەکردەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دەکرێ ئاماژە بەو کەسایەتییانە بکەن کە لەو ڕێبازەدا لە "سمکۆخانی شکاک" لەپێشتر بوون؟

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: لە مێژوویی ئێمەی کورددا، زۆرینەی سەرکردەکانمان، بەتوانا و دڵسۆز بوون. واتە هەڵەیە یەکێکیان بە گەورەتر و یەکێکی دیکەیان بە بچووکتر بزانین. واتە "سمکۆ خانی شکاک" لە "شێخ مەحموودی نەمر" گەورەتر و بچووکتریش نەبوو. لە "ئیحسان نووری پاشا" کەمتر و گەورەتر نەبوو. لە "سەید ڕەزای دەرسیم" گەورەتر و بچووکتر نەبوو. ڕاستە ئاستی توانا و کەسایەتییەکان وەک یەک نەبووە، بەڵام لە یەکیش دوور نەبوون. ئەمەش بەو مانایە نا کە تاقیکردنەوەیەک بێت و مامۆستای وانەکە، (١٠٠) بداتە "سمکۆی شکاک" و (٩٧) بداتە "شێخ مەحموودی نەمر" و (٩٠) بداتە "ئیحسان نووری پاشا" و (٨٥ (بداتە سەید ڕەزای دەرسیم. هۆیەکەش ئەوە بووە هەریەک لەوان و ئەوانەی تریش خوێندکار نەبوون تا لە وانەیەک ئەوەندە وەربگرن، بەڵکوو ئەوان شۆڕشگێڕ بوون و لە سەردەم و کات و پێگەی جوغرافیی خۆیان خەباتیان بۆ نەتەوەکەیان کرد. ئەوەندەی لە توانایان بوو، بە خۆیان و هۆزە و ناوچەکەیان دژی داگیرکەرانی کوردستان وەستان. ئەمە لەلایەک. لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش نادیدە بگرین، کە هێز و توانای هەر سەرکردەیەک یا بەند بوو بە کەسایەتیی خۆی و هۆز و خێڵ و تیرە و بنەماڵەکەی تا بە ناوچەکەی دەگات، لەپاڵ ئەو هێزە داگیرکارییەی بەرامبەری

وەستا. ئەمەو جگە لە بەرەنگاری هۆز و خێڵ و تیرە و بنەماڵە کوردە نەیارەکانی بۆی، تا بە هێزە ئەورووپایی و ڕووسەکان دەگات. لەم بارەوە "سمکۆی شکاک"یش وەک سەرۆک هۆزی شکاک و سەرکردەیەکی کورد لە قۆناغێکی مێژووییدا شۆڕشی کرد و کۆی شۆڕشەکەی نزیک بە (١٢) ساڵی خایاند، بەڵام بەراورد بە "شێخ مەحموودی نەمر"، کە تەمەنی کۆی شۆڕشەکەی لەکاتی شۆڕشەکەی "سمکۆی شکاک"دا، نەگەیشتە (٦) ساڵ، واتە نیوەی تەمەنی شۆڕشەکەی "سمکۆی شکاک"، کەچی بەرهەمەکەی زیاتر بوو، بەوەی "شێخ مەحموودی نەمر" لە ساڵی (١٩١٨ز) کرایە حکوومەتداری باشووری کوردستان و نزیک بە (٨) مانگ لە حوکمڕانیی بەشێکی باشووری کوردستان مایەوە. لە (١٠ی تشرینی یەکەمی١٩٢٢ز) کرایە مەلیکی باشووری کوردستان و شاری "سولەیمانی" بووە پایتەختی دەسەڵاتەکەی و بۆ ماوەی "پێنج" مانگ لەو پۆستەی مایەوە. تەنانەت دواتریش هەر وەک "مەلیک مەحموود" سەیر کرا. لەم بوارەدا بەرهەمی خەباتەکەی "شێخ مەحموودی نەمر" لەوەی "سمکۆی شکاک" زیاتر بوو، ئەگەرچی کەم ماوە بوو. "ئیحسان نووری پاشا" لە ساڵی (١٩٢٧ز) کۆماری ئاراراتی لە بەشی باکووری کوردستان ڕاگەیاند، لەکاتێکدا "سمکۆی شکاک" ئەو کارەی نەکرد. هەموو ئەوانەش پێمان دەڵێن: کە لەسەر خاکی کوردستان و لای نەتەوەی کورد، زۆری هاوشێوەی "سمکۆی شکاک" و زیاتریش هەبوون. هەر وەک ئەوەی کەمتریش لەو هەبوون. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشتریش ئەوا "بەدرخان پاشا" لەنێوان ساڵانی (١٨٢١-١٨٤٧ز) میر و ڕێبەرایەتیی ناوچەی بۆتانی کرد و وەک ناسیۆنالیزمێکی گەورەی کوردیش ناسرا. "شێخ عوبەیدوڵلای نەهری"ش لەنێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٨٨٢ز) ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی گەورەی کرد و وەک ناسیۆنالیستێکی تری کوردی ناسرا. ناوەکان زۆرن و نووسین و باسکردنی مێژوویان و کەسایەتییان و شۆڕش و هەوڵە سەربەخۆیی خوازییەکانیان زۆری دەوێت. هەربۆیە هەڵەیە چاکە و گەورەیی یەکێکیان بەسەر ئەوەی تریاندا بدەین. لایەنێکی تری وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزتان ئەوەیە کە ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو، سەرکردەیەکی وەک "بیسمارک" یان" گاریباڵدی" یان "گاندی"مان نەبووە، تا خاکەکەمان بەرەو قەوارەیەکی سیاسی ببەن و هێز و هۆزە پەرتەوازە و دژ بە یەکەکان یەک بخەن. خۆ ئەگەر ئێمەی کورد، ئەوەمان بوایە ئێستا کوردستان دەوڵەت و کورد سەربەخۆ بوو. خۆ ئەگەر ئەو کارە بە "سمکۆی شکاک"ی بکرایە، ئەوا دەکرا ناوبراو بە باوک و ڕێبەری نەتەوەیی کورد دابنێین، بەڵام کە بۆی نەکرا ئیتر چۆن ئەو ناوەی لێ بنێین؟

**شەهرام سوبحانی**: بەڵام بەڕێزتان چۆن باس لە کاریگەریی سمکۆخانی شکاک لەسەر گەشەسەندنی بیری ناسیۆنالیزمی کورد دەکەن؟

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: "سمکۆی شکاک" کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی ناسراوی کورد بوو. ئەو سەرباری ئەوەی سەرۆکی هۆزی شکاک بوو، لە ناوچەی شکاک و هاوسێی ناوچەی ئازەربایجان و نەتەوەی ئازەری بوو، لە کۆمەڵگەیەکدا شۆڕش وەڕێ خست

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

کە زمانی فارسی زمانی فەرمی ناوچەکە و کۆی دەوڵەتی ئێران بوو. تارانی پایتەختی ئەو دەوڵەتەش، بەراورد بە زۆربەی ناوچەکانی تری ئێران و کوردستان، دوور نەبوو. "سمکۆی شکاک" لەو پێگەیەدا شۆڕشەکەی وەڕێ خست کە ئەوکات خاکی ئێران بەدەست بنەماڵەی قاجارەوە بوو. بنەماڵەی قاجاریش بە بنەماڵە و دەسەڵاتێکی توندڕەو و دڵڕەق ناسرابوون. بەتایبەت بەرامبەر بە کورد. تەنانەت بەهۆی لێدان و دوورخستنەوەی "بنەماڵەی کوردی زەند" لە لووتکەی دەسەڵاتی ئێران، گەیشتنە پایەی پادشایەتی. هەر بۆیە لەو سەردەم و پێگەیەدا هەڵایسانی شۆڕشێک بە ڕابەرایەتیی "سمکۆی شکاک"و لەو ناوچە هەستیارەدا کارێکی ئاسان و بێ مەترسی نەبوو. ئەوە لەکاتێکدا قاجارەکان وەک ئازەرییەکان نەک هەر تورک، بەڵکوو شیعەش بوون، لەکاتێکدا کوردەکان، نە لە نەتەوەی تورک و ئازەری بوون، نە زۆرینەشیان شیعە بوون، بەڵکوو زۆرینەی کورد سووننی مەزهەب بوون. هەربۆیە خەبات لەو سەردەمەدا بۆ ئازادی ئایین و ئایینزایی و زمان و مافی نەتەوەیی و کولتووری لە دەوڵەتێکی وەهادا، کارێکی قورس و خەباتێکی سەختی پێویست بوو. "سمکۆی شکاک" لەو سەردەم و ڕووبەڕە جوغرافیایە و لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا لە ساڵی (١٩١٨ز) دەستی دایە شۆڕش و تا ساڵی (١٩٢٢ز) ڕووبەڕووی دەوڵەتی قاجاری وەستا. ئەوە قۆناغی یەکەمی خەباتی بوو، بەڵام بەهۆی بەرتەسکبوونی ناوچەی شۆڕشەکەی و کەمیی پشتیوانی نێوخۆیی و نەبوونی پشتیوانی دەرەکی لەو کاتەدا، تا بە کەمی توانای سەربازی و بنەمای ئابووری بۆ درێژەدان بە شۆڕش دوچاری شکست هات. بەتایبەت دوای ئەوەی بەشێکی هۆزە کوردییەکانی سنووری دەسەڵات و ناوچەکەی و دەورووبەری لەبری ئەوەی ببنە هاوپەیمانی "سمکۆی شکاک"، لە دژی وەستان. ئەوەش خەباتەکەی قورس کرد و لە شکست نزیکی کردەوە، بۆیە پەنای بۆ باشووری کوردستان هێنا. کاتێکش "سمکۆی شکاک" قۆناغی دووهەمی شۆڕشەکەی وەڕێ خست، "ڕەزا شا" پادشای ئێران و توندتر لە بنەماڵەی قاجاری دژی کورد وەستا و پشتیوانیی بریتانیا و فەڕانسە و تەنانەت "یەکیەتیی سۆڤییەت"یشێ هەبوو. هەربۆیە کاتێک "سمکۆی شکاک" بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو نادادییانە، دەستی دایەوە شۆڕش و بەرامبەر دەوڵەتی نوێی پەهلەوی وەستا. دیار بوو خەباتەکەی بەرامبەر ئەو دەوڵەتە نوێیە، ئاسان نابێت، ئەگەر پشتیوانی نێوخۆیی هەموو کوردی لەگەڵ نەبێت کە لەگەڵی نەبوو. هەربۆیە شۆڕشەکەی لەو دۆخەدا کەم نەبوو، بەتایبەت کاتێک کاری بۆ خوێندن بە زمانی کوردی کرد و هەوڵی بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی فەرهەنگ و کولتووری کوردی دا. لێرەوە هەوڵەکانی "سمکۆی شکاک" بۆ زیندووکردنەوە و کارکردن بە زمانی کوردی و پۆشینی پۆشاکی کوردی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان، وەک هەنگاوی زیندووکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی سەیر دەکرێ، ئەوە بەدەر لەوەی سەلماندی کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ و ئازادە و خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی ئەدات.

**شەهرام سوبحانی: تێرۆرکردنی کەسایەتییەکانی کورد دەتوانێ چ هۆکارێکی بێ کە دەستبەجێ لە هەموو قۆناغێکی مێژوودا هەوڵ و بژاردەی یەکەمی داگیرکەران بووە؟**

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: بە گەڕانەوە بۆ مێژوویی شۆڕشی "سمکۆی شکاک" و بە گەڕانەوە بۆ مێژوویی شۆڕشەکانی تری کورد، لە پێش "سمکۆ" و دوای ئەویش، دەگەینە ئەوەی هەمیشە ئەو سەرکردانەی کورد کراونەتە ئامانج کە مەترسییان بۆ لایەنی بەرامبەر واتە داگیرکەرانی کوردستان هەبووە. ئەو سەرکردانە بە زاراوە و قەناعەتی ئێمە شەهید کراون و لە دیدگای بەرانبەرەکانیان تیرۆر کراون. دیارە ئەگەر چاوێک بە مێژوویی کورددا بگێڕین و لەنێو مێژووی کوردیشدا، بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان لەنەزەر بگرین، ئەم بەشەی خۆرهەڵات، کە لەژێر دەسەڵات و هەژموونی دەوڵەتی ئێراندا بووە، بەردەوام چەندین سەرکردەی کورد لەو بەشەی خاکی کوردستاندا خەباتیان کردوە. خۆ ئەگەر قۆناغی مێژوویی هاوچەرخ بە نموونە وەربگرین، ئەوا چەندین سەرکردەی کورد لەو بەشەی کوردستان، بەدەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئێران شەهید کراون، وەک "سمکۆی شکاک، قەدەمخێر، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، دوکتور سادقی شەرەفکەندی" و کەسایەتیی تر. ئەوانەی شەهید کران، مەترسی بوون بۆ سەر دەوڵەتی ئێران. بۆ؟ چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران لەو ماوەیەدا باش بەوە گەیشتوون ئەگەر ئەو سەرکردانە نەمێنن، ئەوە خەڵکی کوردستان بێ سەرکردە ئەمێنێت و ئەوکات ناتوانن لە دەوری یەک کۆببنەوە. بەوەش پەرتەوازە ئەبن و لێدان و جڵەکردنیان ئاسان دەبێت. کاتێکیش ئەوە ڕووی دا، ناچار دەبن چۆک بۆ دەوڵەت دابدەن و ملکەچی هەموو بڕیار و داواکانیان بن. لەلایەکی دیکەوە بیری ئێرانیزم وای زانیوە و وای ڕوانیوە، کە ئەگەر سەرکردەکان لەنێو چوون، ئیتر شۆڕشەکان، کۆتاییان دێت و دەوڵەت ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەی نێوخۆیی نابێتەوە. ڕاستییەکەشی وابووە، بە شەهیدبوونی "سمکۆی شکاک" شۆڕشەکەی کۆتایی هات. بە شەهیدبوونی (پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستان کۆتایی پێ هات. سەرنج بدەن ئەوە بووە ڕۆانگەیەک بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران، کە لە لێدانی سەرکردەی شۆڕشەکان، یان ڕێبەرانی بزووتنەوە چەکدارییەکان، بگەنە ئەو ئەنجامەی، کە ئیتر ئەو شۆڕش و بزووتنەوەیە کۆتایی دێت. واتە هۆکارێکی سەرەکی لاوازبوون و دواتر لێدان و ڕووخانی شۆڕش و بزووتنەوەکە دەبێت. ئەوەش ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو بەدرێژایی مێژوو و لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا، بە ناوچە کوردستانییەکانەوە.

**شەهرام سوبحانی: لە تەنیشت تیرۆری ڕێبەران هەمیشە هەوڵی چەواشەکردنی مێژووی کورد و ناساندنی ڕێبەرانی کورد وەک پیاوکوژ دراوە؟ بۆ؟**

ئەو هۆکارانەی مێژووی کوردییان چەواشە کردووە و دواجار سەرکردەکانی ئێمەی کوردیین لە بەرامبەر ڕای گشتی و نەیارانماندا ناشیرین و خراپ کردوە، زۆرن. گەیشتۆتە ئەوەی، سەرکردەکانمان بە (تیرۆریست، یاخی، گێرەشێوێن) بناسێنرێن. ئەوەش لە بەهێزی و بەتوانایی دەسەڵاتدارانی ئێران، سەرچاوەی گرتوە. کاتێک وەک دەوڵەت و لە چەندین

لاوە و بە چەندین کەرەسە و پلانی ورد، کار بۆ شێواندنی ئەو مێژووی کورد و شۆڕش و سەرکردەکانی بکرێت. خۆ ئەگەر بە واقیعی لە کاری ئەوان ورد ببینەوە، بۆمان دەرئەکەوێت ئەوان وەک دەوڵەتی سەردەست مافی خۆیان بوو، ئەو کارە بکەن، چونکە ئەگەر ئەوان مێژووی کوردیان چەواشە نەکردایە، چۆن ئەیانتوانی ڕەوایەتی بە کارەکانی خۆیان بدەن؟ واتە چۆن لە لێدان و شکست پێهێنانی شۆڕش و هەوڵە ڕزگاریخوازەکانی کورددا سەرکەوتوو بن؟ دیارە ئەگەر ئەوان، سەرکردەکانی کوردییان نەکردایەتە یاخی و گێرەشێوێن، چۆن لەبەردەم خەڵکی خۆیان و ڕای گشتیدا، ڕەوابییەتیان بە کارەکەی خۆیان ئەدا؟ لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەوڵیان ئەدا کوشتنی سەربازەکانیان گەورە بکەن و بە شێواندنی تەرمەکانیان لەلایەن خودی خۆیانەوە، ڕووی شۆڕشەکانی کورد و سەرکردەکانی ناشیرین بکەن. ئەوەش لە ڕێگای میدیا گەورەکانیان بە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و تۆڕە میدیاییەکانی ترەوە. وەک ئەوەی "سمکۆی شکاک"و شۆڕشەکەی پێ عەیبدار کرا، کاتێک هەندێک حاڵەتی تاڵانی و کوشتنی لابەلا بەسەر شۆڕشەکەیدا ساغکرایەوە. گەیشتە ئەوەی بەشێک لە کوردەکانیش باوەڕ بەوە بکەن، کە "سمکۆی شکاک" و هۆزەکەی بۆ کاری تاڵانچی و گەیشتن بە زەوی و سامانی زیاتر، دەستی داوەتە چەک! هەربۆیە ئەو دیدگا شێواوە، نەک وای لە بەرپرسانی ئێران و هێزە چەکدارەکان کرد، توندتر دژ بە شۆڕشەکەی بوەستن، بەڵکوو لەنێو کوردیش چەندین سەرۆک هۆز و سەرۆک خێڵ و سەرۆکی بنەماڵەکان، چوونە پاڵ دەوڵەتی ئێران و لە دژی "سمکۆی شکاک" شۆڕشەکەی وەستان. دیارە هەموو ئەوانە و زۆر کاری تریش، لەو هۆکارانە بوون، دواجار ڕەوایەتیان بە لێدانی شۆڕشەکەدا. لەم بوارەشدا دەوڵەتی ئێران، سوودی لە بوونی سەدان زانکۆ و سەدان ناوەندی فەرهەنگی و هەزاران خوێندکار و ئاکادیمی زانکۆکانی وەرگرت، تا لە ڕێگای ئەوانەوە، هەزاران توێژینەوە و بەرهەم و کتێبی تایبەت لە سەرجەم بوارەکانی "مێژوو، ڕیشەی کورد، جوغرافیا، کۆمەڵگەی کوردی و ئێرانی، زمان و ئەدەبی کوردی" و دەیان بواری تر ئامادە بکەن، تا ڕووی ڕاستەقینەی مێژووی کورد و شۆڕشەکانی بشێوێنن. وەک ئەوەی دواتر "سمکۆی شکاک"یان بە سەرۆک هۆزێکی نەخوێندەوار و دواکەوتوو ناساند، کە لەلایەن نەیارانی دەوڵەتی ئێرانەوە خەڵەتێنراوە و ئامانجیان لێدانی ئارامی ئێران و خەڵکەکەی و تێکدانی پەیوەندی نێوان کورد و خاک و پێکهاتەکانی ئێران بووە. دواتر ئەو کارانەیان و دەیان کاری دروستکراوی لەو جۆرەیان بە زمانی فارسی بەچاپ گەیاند. دواتر ئەو بەرهەمانەشیان هەر بە کەسانی خۆیان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهانیان وەرگێڕا، تا واقیعی مێژووی کورد و شۆڕشەکانیان بشێوێنن و سیمایەکی تری دواکەوتوویی و پاشکۆیی ئێرانی بە کورد و شۆڕشەکەیانەوە بنێن.

**شەهرام سوبحانی**: **ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سمکۆخانی شکاک، بۆچی شۆڕشی سمکۆخانی شکاک شکستی هێنا؟**

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: کۆمەڵێک هۆکار لەپشت شکستی شۆڕشەکانی کوردەوە بوون بە شکستی شۆڕشەکەی سمکۆشەوە. لەوانە

ڕێبەرایەتی زۆرینەی ڕەهای شۆڕشەکانی کورد، لەلایەن سەرۆک هۆزێک یان مامۆستایەکی ئایینی، هۆکارێک بووە. واتە شۆڕشەکانی ئێمەی کورد، شۆڕشی جووتیاران، کرێکاران، کاسبکاران نەبووە، تا هەموو بە ویستی خۆیان بەشداری تێدا بکەن. تەنانەت شۆڕشێکی فەرهەنگی یان پیشەییش نەبووە، تا ڕوویەکی شارستانی بە بەر شۆڕشەکەماندا بنرێت، بەڵکوو شۆڕشێک بوون، لەلایەن سەرۆک هۆزێک یان سەرۆکی خێڵ و بنەماڵەیەک یان کەسایەتییەکی ئایینی دەست پێ کراوە. بەو پێیەشی سەرۆک خێڵەکە یان سەرۆک هۆزەکە، سەرۆکی ناوچەیەک بووە، ئاسایی سەرۆکی هۆزێکی تر نەیاری بووە. بەوەی سەرۆک هۆزە نەیارەکە، بە خۆی و هۆزەکەیەوە لە دژی وەستاوە، یان لە قۆناغێکی خەباتی سەرۆک هۆزە شۆڕشگێڕەکەدا، چۆتە پاڵ دوژمنەکەی و لە شۆڕشەکەی داوە. ئاسایی کاتێک هۆزی شکاک بە سەرۆکایەتیی "ئیسماعیل خانی سمکۆ"ی سەرۆک هۆز،ڕێبەرایەتی شۆڕشێکی کرد، هەر لە ناوخۆی کورددا هۆزە نەیارەکانی شکاک، دژایەتییان کرد، بۆیە دواجار ئەم هۆزە نەیارانە لەلایەن دەوڵەتانی سەر دەستەوە بۆ لێدان و شکستی شۆڕشەکە بەکارهێنران. هۆکەش ئەوە بووە، ئەگەر هۆزی شکاک بە ڕێبەرایەتی "سمکۆ" سەرکەوتوو بوایە لە هەوڵەکەیدا، بوون و گەورەیەکەی جێگای قبوڵی هۆزەکانی تری کورد نەبوو. لەم بوارەشدا نەیارانی کورد لە خودی کورد زیرەکتر و وریاتر بوون، بەوەی هۆزە نەیارەکانیان لە دژی هۆزە شۆڕشگێڕەکان بەکار هێنا. ئەمەو حەز و ویستی هۆزە نەیارەکانیش زۆر بوو، تا لە ڕێگای داوای دەوڵەتی سەردەست و داگیرکەرانی خاکی کوردستانەوە بە زیاتر بگەن. هەربۆیە کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئێرانەوە داوای یارمەتیان بۆ لێدانی هۆزە شۆڕشگێڕەکە و شۆڕشەکەی لێکرا، بەدەم داواکەوە چوون، تا لەلایەک هۆزە نەیارەکەیان بە سەرکەوتن نەگات، لەلایەکی دیکەوە ڕەزامەندی دەسەڵاتداران بەدەست بهێنن بۆ پشتیوانی لە خۆیان و هۆزەکەیان. دواجار بەم هۆیە هۆزە شۆڕشگێڕەکە لێدراو و تێکشکاو کۆتایی بە شۆڕشەکەی هاتوە. هەر بۆیە کاتێک لە مێژوویی ئێمەی کورددا، سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆز و سەرۆکی بنەماڵەیەک ڕێبەرایەتی شۆڕشێک یان ڕاپەڕین و جووڵانەوەیەکی کرد، هۆز و خێڵ و بنەماڵە نەیارەکانی، بەرامبەری وەستان. واتە لەبری ئەوەی هەمووان خەمی کۆی نەتەوە و خاکەکەیان بێت، خەمی مانەوە و هێز و دەسەڵاتی خۆیان بوو. ئەوەش بە زیانی کۆی خەباتی کورد کۆتایی هات. بە هەمان شێوە کاتێک مامۆستا یان پێشەوایەکی ئایینی ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی کوردییان کرد، بەو پێیەی سەرچاوەی ئایینی ئیسلام یان ڕێبازێکی ئایینی خاکی کوردستان نەبوو، هەربۆیە لەلایەن پێشەوا و پێگە ئایینییەکانی دەرەوەی کوردستان لێدران. ئەوانەشی سەرچاوەیان خاکی کوردستان بوو، ئەوەندەی خەمی کۆی ئایینەکەیان بوو، خەمی خاک و نەتەوەکەیان نەبوو. بۆ نموونە کاتێک فارسەکان و دەوڵەتی ئێران، خۆیان بە خاوەنی ئایینزای شیعە زانی، هەمیشە لەنێو کورددا پێکهاتەی شیعەی کوردییان لە دژی ئایین و پەیڕەوە ئایینییە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی بەکارهێنا. هەروەها بۆ ئایینزای سوننە و کۆی ئایین و ئایینزاکانی تری کوردستان، هەر وابوو. وەک ئەوەی سەردەمانێک لە شاری "ئیستانبۆڵ"ی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، کە پێگەی سولتانی عوسمانی و خۆی بە ڕێبەری ئایینزای سوننە دەزانی، فتوای لێدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد درا.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**شەهرام سوبحانی: ئەگەر باسێكیش دەسكەوتەكانی شۆڕشی سمكۆخانی شكاك بكەین. كورد چەندە توانیویە لەو دەسكەوتانە بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیی کەڵک وەربگرێ؟**

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: ئەگەر بە عەقڵانی لەم بابەتە بڕوانین شۆڕشی سمكۆی شكاك ئەو دەسكەوتانەی بەدی نەهێنا كە پێویست بوون. با هەر یەكێك لە ئێمە چاو لە مێژوویی شۆڕشەكەی سمكۆ بكات و بزانێت، توانی شارێك ئاوەدان بكاتەوە؟ پردێكی گەورە دروست بكات؟ بنەمای شارستانییەت لە نێو شۆڕشەكەیدا بنیات بنێت؟ زمانی كوردی سنوورەكەی یەك بخات؟ یان فەرهەنگێك بۆ زمانی كوردی دابنێت؟ خوێندنگەیەك یان زانكۆیەك بكاتەوە، تا ببێتە بەرهەمی داهاتووی نەتەوەكەی؟ یان باڵەخانەیەك وەك كۆشكی سەرۆكایەتی شۆڕشەكەی بنیات بنێت، تا دواتر وەك شوێنەوارێكی گەورەی خۆی و شۆڕشەكەی بمێنێتەوە و پێشانمان بدات، كە ئەو لە وەها شوێنێكدا بۆ ماوەیەك شۆڕش و حكوومەتداری كرد؟ دیارە ئەوەش بۆ "شۆڕشەكەی سمكۆی شكاك" هەر وانییە، بۆ زۆربەی هەر زۆری شۆڕش و دەسەڵاتەكانی مێژووی كورد هەر وابووە. وەك ئەوەی كوان ئەو باڵەخانانەی كە میر و سەركردە شۆڕشگێڕەكانی كوردی تێدا ژیان و فەرمانڕەوایەتیان تێدا كرد؟ لە هەمووی مێژووی ئێمەدا تەنیا هەر دوو شاری "سولەیمانی و ڕەواندز"مان وەك (دوو) شاكاری كوردی بۆ ماوەتەوە كە لەلایەن میرەكانی كوردەوە دروست كرابێت. بەدەر لەوە، كوا ئەو دەسكەوتە ماددییە گەورانەی نەك هەر شۆڕشەكانی كورد، بگرە دەسەڵاتە كوردییەكانیشمان بەرهەمیان هێنا؟ جیاواز لەوەو بەدەر لە دەسكەوتی ماددی، شۆڕشەكانی كورد بە شۆڕشەكەی "سمكۆی شكاك"ەوە، دەسكەوتی مەعنەوی هەبووە. وەك ئەوەی شۆڕشێكی كوردانەی بۆ نەتەوە و خاكەكەی كرد. تەمەنی بۆ خەبات و قوربانیدان دانا و لەو پێناوەشدا شەهید بوو. ئەوەش كردی بە توانایی خۆی كردی و بۆ ماوەی (١٢) ساڵ بەرامبەر نەیارەكانی وەستا. لەو ماوەیەش لە پێكهێنانی چەند ئەنجومەنێكی نێوخۆیی بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری ئەو گوند و شارانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوون ئەگەر بۆ ماوەیەكیش بووبێت، كاریكرد. هەروەها كاری بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی زمانی كوردی و خوێندی كوردی كرد كە ئەوەش هەوڵێكی كەم نەبوو.

**شەهرام سوبحانی: كاك كەیوان سپاس بۆ بەشداریتان و ماندوو نەبن**

**د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

**١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# هەی بە هەرمێ بە هەرمێ، دەچم هەرمێت بۆ دێنم



## دارسمە

دو چەمكی "مێدیا" و "ڕاگەیاندن" وەک دووانەیەكن لە شانان، بۆ خوارەوەیان بەیەكەوە نووساوە و سەر و دەستیان جودایە. بەڵام سەر و پۆتەڕاكی "ڕاگەیاندن" زۆر لە هی مێدیا زەبەلاحترە. ئەگەر ڕووبەڕوو سەیری هەردووكیان بكەی، هەردوویان دەبینی، بەڵام چاوێک زۆر وردبین نەبێت ناتوانێت هێندێک شت ببینێت.

بۆ ئەوەی ئەم دووە لە یەكتر جودا بكەینەوە، سەیری ئەم دوو "سەردێڕ" یان "مانشێت"ەی دوو هەواڵی خوارە بكەن. یەكیان بەرهەمی مێدیایە و ئەوەی دیكەیان هی ڕاگەیاندن.

١- كوژران و برینداربوونی ١٠ كۆڵبەر لە ماوەی مانگی ژوئەنی ٢٠٢٤

٢- لە كێشەی كۆڵبەران، خانەنشیان، فەرمانبەران، پارسانان و كرێكارن دەپرسینەوە

لێرەدا تەنیا و تەنیا دەمانهەوێت جودایی مێدیا و ڕاگەیاندنتان بۆ لێكبدەینەوە. ئەگەر مەبەستم شتی لەمە زیاتر بێت. ڕەببی مووم لە چەقەنەی ڕدێنی بێت. نانا ڕدێن نا مووم لە پشتی لێوی سەرەوە بێت. ئەویش نە موویەک و نە دوو موو و

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

نە سێ موو... پشتی لێوی سەرەوەم ئەگەر من هەڵە نەبم پاش ئەوەی مووی زۆری لێدێت ناوی دەنێن سمێڵ. سمێڵش هەر لە یارسان و کاکەییان جوانە. ئەو مووانە ئەوندە جوان و چینچین دەکەونە سەریەک، هەر جوانە بە شانەی ورد دایان بهێنی. کێشەی ئەم سمێڵانەش تەنیا کاتی فڕکردنی ماستاو دروست دەبێت. کاتێک ماستاو سەر بە قەزوان بێت و گوڵ و شویتی لەسەر بێت، سمێڵی یارسانان بەر بە فڕکردنی قەزوان و گوڵ و شویتەکە دەگرێت و تەنیا ماستاوەکە بە سادەیی بە هەناواندا دەچێت.

ئێستا ئەم پێشاندانەی دۆخی سمێڵە بە کاری مێدیایی دەناسرێت. ئەم چەند ڕستەیەی سەرەوە دۆخی سمێڵمان بێ لایەنگریکردن و دژایەتیکردن پێ نیشان دەدات و ڕاستەوخۆ پێمان ناڵێت سمێڵ باشە یان خراپە، بەڵام بە جۆرێکی ڕانەگەیەندراو دەڵێت سمێڵت بێت لە بەشێک لە سەرتوێژی ماستاو بێبەش دەبی. دیارە بە درێژایی ساڵ و زەمانان ماستاوکردنیش وەک پیشەیەکی سەرکەوتوو و بە سوودی ماستاوکەران هەر بەردەوام بووە.

هەواڵی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانیش هەر ئەوایە و ناڵێت ئەم کوژران و برینداربوونە باش یان خراپە. بەڵام باشنەبوونی کوژرانی کۆڵبەران لە هەناوی هەواڵەکەدا خۆی حەشار داوە. زۆر سەیرە باشی و خراپیش دەتوانیت. لە هەناوی هەواڵ و لێدوانانـدا خۆی حەشار بدات، یانی باشی و خراپیش گەمەی چاوشارکێ دەزانن.

سەرنج بدنە ئەم سەربەندی گۆرانیەی دەڵێت: "هەی بە هەرمێ، بە هەرمێ، دەچم هەرمێت بۆ دێنم / لە تاران و تەورێزان کراسی کرێمت بۆ دێنم". هیچ گومانی تێدا نیە ئەمەیان هەواڵ نییە و ڕاگەیاندنە و ڕاگەیاندنێکی ناڕاستیشە. بۆیە گوتم ناڕاست، هەتا دوو لە ڕووی ئێوە و پەرژینی بەگوڵی لە دەورە بێت، نامهەوێت وشەی "درۆ"م بە دەمدا بێت. ئەم بە هەرمێ بە هەرمێیە نەک هەر لە کاری مێدیایی بەدوورە و ڕاگەیاندنە، بەڵکوو لە نێو ڕاگەیاندنیشدا بەلای "بانگەشە"دا دەشکێتەوە. بۆ زیاتر تێگەیاندن پێویستە "بە هەرمێ، بە هەرمێیەکە" زیاتر شی بکرێتەوە.

مەبەستی دەستەواژەی "هەی بە هەرمێ، بە هەرمێ" زۆر ئاشکرایە و بێژەر خەریکە بە هەرمێ، تەماح بخاتە بەرمان و فریومان بدات. ئەی ئەوە نییە یەکسەر دوای بە هەرمێ بە هەرمێیەکە دەڵێت دەچم هەرمێت بۆ دێنم؟ خۆی خێرا لە بەڵێنییەکەی پاشگەز دەبێتەوە یان بەڵێنییەکەی لە هەرمێوە بۆ کراسی کرێم دەگۆڕێت و دەڵێت لە تاران و تەورێز بۆتان دێنم.

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

له کاری هەواڵنێریدا مێدیا بێلایەنانه باسی ڕووداوان دەکات، بەڵام ڕاگەیاندن هینی خۆی ڕادەگەیەنێت.

جیاوازییەک لە نێوان مێدیا و ڕاگەیاندندایە، ئەویش ئەمەیە کاری مێدیا کەمتر گومانی لێدەکرێت، بەڵام ئەوەی ڕاگەیاندنە گومانی بەردەوام گومانی لەسەرە. هەموو کەس دوای بیستنی هەواڵی بوونی سمێڵ لە پشت لێوی سەرەوەی مرۆڤ گومانیان نامێنێت ئەم سمێڵە چۆن پێشی سەر تووێژی ماستاو دەگرێت. بەڵام کێ دەڵێت ئەوەی دەڵێت بە هەرمێ بە هەرمێ ڕاست دەڵێت؟ چۆن دەکرێت بڕوامان بە ئەو کەسە بێت بچێت، ئەگەر بچێت تۆ بڵێی هەرمێمان بۆ بهێنێت؟ ئەمانەش بە جێگەی خۆیان، ئەدەی هەرمێ و کراس ئەویش لە تاران و تەورێز کوجا مەرحەبا؟

با یەکێک لە دوایین هەواڵەکانی پێڤاژۆی هەڵبژاردنی دووهەمین قۆناخی ئەم خولەی سەرۆککۆماریی ئێرانتان مێدیاکارانە بۆ بگێڕمەوە:

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕ دوو بەربژێری کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێران لە یەک ڕۆژدا سەردانی شاری کرماشانیان کرد و هەردوو بەربژێرەکە بە هێندێک جیاوازییەوە باسی" کۆڵبەر" و یارسان"یان کرد.

شیاوی ئاماژەیە شاری کرماشان یەکێک لە شارە هەرەگەورەکانی کوردستانە و بە نزیکەی یەک ملیۆن دانیشتووانەوە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان و خۆرئاوای ئێران و بەشی زۆری دانشیتووانی مسوڵمانی شیعە و سوننی و یارسانن و وەک یەکێک لە شارانی هەژارنشین و بێ داهات ناسراوە.

زانیاریی زیاتر: حەسەن زیرەک دەڵێت: "کرماشان جێگەی ئەژدادم جێگەی شیرین جێی فەرهادم/ قەت قەت تۆناچی لەیادم/ خۆشم دەوێی کچە جیران." هەندێک کەسی دیکەش لەجیات خۆشەویستیی "کچە جیران" گوتوویانە "خۆشم دەوێت نیشتمانم."

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# ئەستێرەی گەشی هەرمان (شەهید فەقێ ڕەسووڵی بێشاسب)




**برایم چووکەڵی**

نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی بندەستە بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانی و بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لەو ژیانە پڕ لە ژانەی بەسەریدا سەپێنراوە، ناچار بووە دەست بۆ چەک بەرێ و لە بەرامبەر چەوسێنەراندا ڕابوەستێ. ئەم نەتەوەیە بۆ ئەوەی پێ بنێتە گۆڕەپانی خەبات پێویستی بەو مرۆڤە گیان لەسەر دەستانەیە کە بوون و ژیانی خۆیان فیدای بەرژەوەندیی گشتی دەکەن و لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک ناپرینگێنەوە بۆ ئەوەی داهاتووی گەلەکەیان ڕوون بکەنەوە. ئەو مرۆڤانە ناویان"پێشمەرگە"یە. ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بۆ دابینکردنی ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بۆ نەتەوە زۆرلێکراوەکەیان، بەرانبەر بە هارترین دوژمنی ئازادیدا بەربەرەکانی دەکەن و بێ پشوودان و حەسانەوە ڕێگای خەباتی ڕەوایان دەپێون. لەو ڕێبازەدا بە هەزاران ڕۆڵەی ئەمەگناسی ئەو نەتەوە مافخوازە بوونەتە قوربانی و مێژووی خەباتیان بە خوێنی گەشی خۆیان نووسیوەتەوە. یەکێک لەو ڕۆڵە ئازادیخوازانەی گەلەکەمان کە باشترین ساتەکانی تەمەنی خۆی لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیدا بەخت کرد و لەگەڵ دوو ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا بەربەرەکانی کرد و هەر لەو ڕێگایەشدا سەری بەرزی دانا، شەهید ڕەسووڵ ئیبراهیمپوور، ناسراو بە فەقێ ڕەسووڵە.

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

شەهید ڕەسووڵ ئیبراهیم‌پوور ساڵی ١٣١٥ لە گوندی "بێشاسب" لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە دایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو ڕووی لە قوتابخانەی ئایینی کرد، بەڵام پاش ماوەیەک بۆ دابینکردنی ژیانی بنەماڵە وازی لە خوێندنی مەلایەتی هێنا و ڕووی لە کاروکاسبی کرد. کاتێک خەباتی پێشمەرگانەی ساڵەکانی ٤٦و٤٧ دژی ڕێژیمی پاشایەتی بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات وەڕێ کەوت، فەقێ ڕەسووڵ پێوەندی بە تێکۆشەرانی دێموکراتەوە گرت و بە ئەندامی حیزبی دێموکرات. لە ماوەی ١٨ مانگ خەباتی چەکدارانداە، فەقێ ڕەسوول پشت و پەنای ڕۆڵەکانی دێموکرات بوو و زۆر دڵسۆزانە ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. هەر مەئموورییەتێک کە بۆیان دیاری کردبایە بە گیان و دڵ بەڕێوەی دەبرد. بەردەوام لەگەڵ خەڵکی باوەڕپێکراو باسی چەوسانەوەی گەلەکەی و زوڵم و زۆریی ڕێژیمی پاشایەتی دەکرد و ڕێگای ڕزگاربوون لەم ژیانە پڕ لە ئازارەی لەگەڵ دێنانە گۆڕێ.

ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی دوای تێکەوەپێچانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەسپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، فەقێ ڕەسووڵ بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لە ڕیزی تێکۆشەرانی هێزی موعینیدا تێکۆشانی خۆی دەست پێ کردەوە. ئەو لە ماوەیەکی کەمدا بە کردەوە سەداقەت و دڵسۆزی و ڕاستی و پاکیی خۆی نیشان دا و دەریخست کە ڕۆڵەی وەفاداری حیزبەکەیەتی. پاش ماوەیەک لەلایەن کومیتە شارستانی سەردەشت و هێزەوە بە بەرپرسی بەشی ماڵیی هێزی موعینی دیاری کرا و سادقانە و لێبراوانە درێژەی بە بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی دا.

شەهید فەقێ ڕەسووڵ ڕۆژ لە گەل ڕۆژ زیاتر ئۆگری ژیانی پێشمەرگایەتی دەبوو. بەردەوام هەوڵی دەدا زیاتر لە خەباتی ڕەوای گەلەکەی تێ بگا و پتر پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەرێ، لە بواری نیزامی‌دا پێشمەرگەیەکی ئازا و دوژمن‌بەزێن و کوڕێکی هەتا بڵێی بەنەزم دیسیپلین بوو. ئەو کردەوانە و زۆر کردەوەی شۆڕشگێڕانەی دیکە بوونە هۆی ئەوەی پلەکانی نیزامیی یەک لە دوای یەک ببڕێ و سەرئەنجام وەک جێگری هێزی شەهید موعینی دیاری کرا.

فەقێ ڕەسووڵ لە کاری پێشمەرگایەتییدا ڕێکوپێک و لەخۆبوردوو بوو. بەمشوور و لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕوو خۆش و بەئەخلاق بوو. خەڵک ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست و وەک کەسێکی خۆشناو و جێی متمانەی تەواو چاویان لێ دەکرد. لە شەڕە حەماسیەکانی مەلبەندی سەردەشتی سەرسەوز ئازایەتیی نواند و وەک فەرماندەیەک ڕۆڵی سەرەکی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزەکانی ڕێژیمدا بوو. فەقێ ڕەسووڵ هەتا کاتی شەهیدبوونی لە دەیان مەئمورییەتی حیزبی و دەیان شەڕ و بەربەرەکانیدا بەشداریی کرد و لە عەمەلیاتەکانی جادەی سەردەشت-پیرانشاردا لێوەشاوەیی و هونەری فەرماندەیی خۆی دەرخست. بەتایبەتی لە شەڕی پردی بریسوێ ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا.

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

شەهید فەقێ ڕەسووڵ بە کردەوە نیشانی دا ئیمانی بە حەقانییەتی خەباتەکەی هەیە، هەربۆیە دڵسۆزانە و هەڵسوڕاوانە بۆ ناساندنی سیاسەتی حیزبەکەی بۆ خەڵکی کوردستان تێدەکۆشا و لەم ڕێبازەدا لە هیچ هەوڵێک درێخی نەدەکرد. ئەو بە بەردەوامی کاری سیاسی و نیزامی تێکەڵاو کردبوو و لەهەر شوێنێک بە پێویستی زانیبا دەستی بە تەبلیغاتی حیزبی و ڕوونکردنەوەی خەڵکی دەکرد.

بە داخەوە ئەو فەرماندە بەوەجە و ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕەی حیزب و نەتەوەکەمان ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ لە ناوچەی سەردەشت لە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵەدا شەهید بوو و گیانی پێشکەش بە خاکی پاکی نیشتمان کرد.

ئاشی شۆڕش لەگەڕی خوێنینە
کوردە چالاکی حەماسەی ژینە

کوانێ چالاکی دڵی دارساوێن؟
قارەمانی بە ورەی دڵ لاوێن؟

ڕێی دێموکراتی نەبەز ڕێی ژینە
لەش لەپێناوی شەڕەف خوێنینە

پڕ لە ئەستێرەی گەشی هەرمانە
بەرزە ئەستێرەیەکی کوردستانە

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# تیئۆرییەکانی ڕێبەری و پێداویستییەکانی دۆخی ئێستا



ئەلبورز ڕۆئین‌تەن

## ئاماژە

لە شارستانییەتەکانی کەونارەوە تا بە ئەمڕۆ ڕێبەر، قارەمان، بەڕێوەبەر، فەرماندە، سەرکردە بە شێوازی جیاواز باسی لێدەکرێت. لە دووتوێی هەموو ئەو باسانەدا ڕێبەر و ڕێبەری وەک باسێکی سەرنج ڕاکێش بەردەوام جێگای مشتومڕ بووە، بەڵام لە سەدەی بیستەمەوە باسی ڕێبەری کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی زانکو و ئاکادمیستەکان، وەک زۆربەی دیاردەکانی دیکەی زانستی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی تیئۆرییەکان هەوڵی تێگەیشتنی درا. لە داڕشتنی ئەو تیئۆرییانەدا لێکۆڵینەوەی زۆر لە مەڕ ڕێبەری تا بە ئەمڕۆ دەکرێ. ئەمڕۆ وێڕای ئەوەی کە لە دونیا ڕۆژئاوا هەوڵی بە دامەزراوەکردن وگرینگی دان بە دامەزراوە و یاسا و سیستەم باسی ڕێبەر کۆتایی نەهاتوە، بەڵکوو بە شێوەی جیاواز هەوڵێ لێوردبوونەوەی دەدرێ، بێگومان ئەو دیاردەیەش وەک زۆربەی دیاردەکانی دیکە بەدەر نییە لە شوێندانەری گۆڕانکارییەکانی سەردەم و هەوڵ دەدرێت بەگوێرەی ئەو پێداویستییانەی سەردەم چەمکی ڕێبەری شروڤە بکرێت، هەروەها ورووژاندنی ئەم پرسیارە کە ئاخۆ

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

سەردەمی کاریزما ماوە یان نا؟ لەو وتارەدا وێرای ئاوردانەوەیەک لە تیئۆرییەکانی ڕێبەری و گەشەیان لە سەدەی بیستەم دەرگای وروژاندنی باسی ڕێبەری لە هەرێمی شۆڕش بۆ ئازادییەکان واتە وڵاتەکانی خۆمان دەکەین.

## پێناسەی ڕێبەری

وەک هەموو دیاردەکانی زانستە مرۆییەکان ڕێبەرییەش خاوەنی سەدان پێناسەیە کە لەلایەن لێکۆڵەران و ڕێبەران و نووسەرانەوە کراون و کۆکبوون لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر ناموومکینە. بەڵام ئەوەی لە زۆربەی هەرەزۆری پێناسەکاندا هاوبەشە و کەم و زۆر دەبیندرێ ئەوەیە کەسێک کە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵە کەسێک هەبێ و بەرەو ئامانجی دیاریکراوی ئاراستەیان بکات. واتە پرۆسەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵ بۆ ئاراستەکردنی بەرەو ئامانج گرینگی باسی ڕێبەری و چۆنیەتی ئەو پرۆسەیە باس و خواسی چەمک و تیئۆرییەکانی ڕێبەرییە. بابەتێکی دیکەی جێگای باس لێرە ئەوەیە ڕێبەری "leadership"لە وشەی ڕێبەر "leader" هاتوە کە ئەویش لە وشەی "lead" بە مانای ڕۆیشتن دێت جیاوازە لە چەمکی بەڕێوەبەر ."management" لەوانەیە زۆر جار ڕێبەری و بەڕێوەبەری یەکتر ببڕن و لە یەک کەسدا کۆ ببێتەوە، بەڵام ئەوەی لە باسی بەڕێوەبەری باسی لێدەکرێ خۆی لە چوار قوناغی پلاندانان، ڕێکخستن، دامەزراندنی کارمەند (ئیدارە) و کۆنترۆڵکردن دەبینێتەوە کە لە باسی بەڕێوەبەریدا بە بەرفراوانی باسی لێدەکرێ و لە هەر سێکتەردا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی لە ژێر چەمکی ڕێبەردا ئێمە باسی دەکەین ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەوە لە مێژوودا لەلایەن کۆمەڵێکی خەڵک پەیرەوەییان لێکراوە، ئەوانیش کاریگەرییان بە سەر چارەنووسی کۆمەڵ یا وڵاتەکەیاندا هەبووە و زۆرجار لە چاخێکەوە بەرەو چاخێکی دیکەیان دەبات، کە بە درێژایی مێژوو بە شێوازی جیاواز باسی لێکراوە. بۆ نمونە حاکمەکانی شارستانییەتەکانی کەونار وەک بابل و میسر یا ڕێبەرانی سیاسی یۆنانی کەونار، فەرماندەکانی لەشکری، ڕێبەرانی ئایینی یا سەرکردەی سیاسی کە لە نووسینەکانی مێژووناسان یا فەیلەسوفانی وەک ئەرەستو، تالیس، ئەفلاتون، هەروەها لە سەردەمی ڕێنسانس لە نووسینەکانی مایکیاڤیلیدا دەردەکەوێت.

## تیئۆرییەکانی ڕێبەری

تیئۆرییەکانی پیاوی گەورە "the great men theory" یا تیئۆریی تایبەتمەندی"The trait approach " لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ یەکەم جار چەمکی ڕێبەری لە چوارچێوەی تیئۆری پیاوی گەورە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە ساڵەکانی ١٩٣٠ بە دوا باسی لێ کرا کە جەختی لەسەر کەسایەتیی ڕێبەر کە خاوەن تایبەتمەندیی دیاریکراوە دەکرد و

لە ڕێگەی ئەو تایبەتمەندییانەوە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵانی خەڵک دادەنێت. ئەو تیئۆرییە لە نووسینەکانی Ralph" "Stogdill وەک باسێک لە سەر تایبەتمەندییەکانی ڕێبەر دەردەکەوێت. بەگوێرەی ئەو تیئۆرییە ڕێبەر دروست نابێ بەڵکوو لە دایک دەبێت، هەر بۆیەش کەسایەتی ڕێبەر جیاوازە لە کەسانی دیکە بە هەر ئەوەش وا دەکات کە کەسانی دیکە پەیڕەوی لە ئەو بکەن. ئەو تیئۆرییە کە لە سەرەتادا بە ناوی پیاوی گەورە دەرکەوت بە حوکمی ناوەکەی کە باس لە پیاو دەکات و جیاوازیی ڕەگەزییەوە گۆڕا و دواتر لەژێر چەتری تیئۆریی تایبەتمەندییەکان باس کرا. بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا کەموکورتییەکانی ئەو تیئۆرییە دەرکەوت، ئەوەش وای کرد تیئۆریی دیکە بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە لە ڕێبەری دەربکەون.

## تیئۆریی کارامەیی "The skills approach"

ئەو تیئۆرییە جەخت لەسەر لێهاتوویی یا کارامەیی کەسایەتیی ڕێبەر لە ئاستی جیاوازدا دەکات و لە کارەکانی "Robert Katz" دەرکەوت کە باس لە لێهاتوویی و شێوازی ڕیبەریی دەکرد. ئەو تیئۆرییە بە هاوکاریی کەسانی وەک مومفورد مودێلی جیاواز بۆ شرۆڤەی شێوازی ڕێبەری دەستنیشان دەکات. لە مودێلی کاتزدا سێ کارامەیی وەک تەکنیکی، مرۆڤی، داهێنانی چەمک وەک پێوانە بە کار دەهێنرێت و ڕێژەی هەبوونی هەر یەک لەو لێهاتووییانە دەتوانێ شێواز یا ئاستی ڕێبەری دیاری دەکات.

## تیئۆریی هەڵسوکەوت "The behavioral approach"

بە پێچەوانەی تیئۆرییەکانی پێشتر کە گرینگیان لە سەر ئەو بابەتە بوو کێ ڕێبەرە، ئەو تیئۆرییە باس لەوە دەکات کە ڕێبەرەکان چی دەکەن، هەر بۆیەش لە دوای ئەو تیئۆرییە هەڵسوکەوتی ڕیبەری کەوتە بەر باس و شرۆڤەی کردەوەکان کرا، ئەو تیئۆرییە زیادتر ئەو لایەنی ڕێبەریی هێنا بەر باس کە کە دەکرێ بە فێربوون و پراکتیکی هەندێ هەڵسوکەوت بەرەو ڕیبەرییەکی سەرکەوتوو گەشە بکرێت. بەگوێرەی ئەو تیئۆرییە ڕێبەرەکان هەڵسوکەوتیان بە هۆی ئەو ئەرکانەی هەیانە و هەروەها چۆنیەتیی پەیوەندییەکانیان تێکەڵ بە یەک دەکەن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دروست بکەن. یەکێک لە کارە ناوازەکانی ئەو بوارە شرۆڤەی شێوازی ڕێبەری لە لایەن "Kurt Lewin"ە، کە ڕێبەری بە سەر سێ شێوازی "authoritarian, democratic and laissez-faire" ئۆتۆریتەر، دێموکراتیک و لایسز فایردا دابەش کرد. لە شێوازی ئۆتۆریتەر یەک کەس هەموو بڕیارەکان دەدات، لە دێموکراتیکدا ڕیبەر بە ڕاوێژ لە گەڵ زۆر کەس بڕیار

دەدات و لە سێەمین شێواز، لایسز فایردا ڕیبەر پەیرەوەانی ئازاد دەکات لە بڕیار دان.

## تێئۆریی بارودۆخ "Situational Leadership"

بەگوێرەی تێئۆری ڕێبەرایەتیی بارودۆخ باس لەسەر چۆنیەتیی کاریگەربوونی ڕێبەرەکان لە ڕێکخراوە جیاوازەکاندا بە گونجاندنی ڕەفتارەکانیان دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ دۆخە تایبەتەکاندا بگونجێت. ئەو تێئۆرییە ڕێبەرایەتی بە سەر شێوازی جیاوازدا دابەش دەکات و هەوڵ دەدات بەو شێوازە جیاوازانە چۆنیەتی دابینکردنی ئامانجی ڕێکخراو لە دۆخێکی تایبەتدا دەستنیشان بکات.

جیا لەو تێئۆرییە گشتییانەی کە لە سەرەوە باس کران، کارەکانی زانکۆکانی جیاواز لە سەر ڕیبەری یا ڕێبازی دیکەی لێکۆلینەوە لە بابەتی ڕێبەری وەک کارەکانی فرید فیدلر لە چوارچێوەی ڕێبەری لە کاتی ڕووداوەکان، یا ڕێبازی ڕیگا-ئامانج یا گۆڕانکاری لە نێوان ئەندام و ڕیبەر لە ئاستی جیاوازدا باس لە چەمکی ڕێبەر دەکات و هەوڵ دەدات لە لێنزی ئەو ڕیباز یا تێئۆرییانە دیاردەی ڕێبەری ببینین بۆ ئەوەی چەمکی ڕێبەر کە چەمکێکی کاریگەری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە و چەندین بواری وەک سیاسی، سایکۆلۆژی، بەڕێوەبەری ...هتد لە خۆ دەگرێت زیادتر شی بکرێتەوە. هەروەها لە ڕیگەی ئەو شیکردنەوانەوە تێبگەین ڕیبەری چییە. ئەو هەوڵانە لە سەدەی بیست و یەکەم نەک کۆتاییان نەهاتوە بەڵکوو بە شێوازی جیدی بەردەوامە. پێم وایە ئەو لایەنەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کتێبخانەی کوردیدا کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە و لە کاتێکدا کە بە هەبوونی ئەو هەموو ڕێکخراوە هەبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەی زیندووی بەردەوام پێدوایستی شیکردنەوەی ئەو بوارە زیاتر بەرچاو دەکرێت.

لە سی ساڵی ڕابردوودا بە پێشکەوتنە جۆراوجورەکانی مرۆڤایەتی لە بواری جیا جیا ڕێبەریش زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو پێشکەوتنانە و بەردەوام خوێندنەوەی نوێی بۆی دەکرێ. لەو خوێندنەوانە چەند تایبەتمەندیی گرینگ لەوانە کاریزماتیک لەسەر بنەمای بەهاکان، ڕێبەریی بەکۆمەڵ و پێکەوە، ڕێبەری بە بەشداری ئەوانی دیکە، لە سەر بنەمای هێزی مرۆیی، سەربەخۆ، و ڕێبەری خۆپارێز کە ڕەنگدانەوەی گروپە کولتوورییە جیاوازەکانە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. شایانی باسە توێژەران لە لێکۆلینەوەی پرۆفایلی ڕێبەرەکاندا پۆلینبەندی جیاوازیان کردوە، لەوانە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی ڕێبەری کە بە شێوەیەکی گشتگیر پشتگیری دەکرێن بریتین لە یەکگرتوویی، کاریزماتیکبووب و لێهاتوویی لە بواری جیاوازدا، لە کاتێکدا تایبەتمەندییە نەرێنییەکان وەکوو گۆشەگیربوونی ڕێبەر، نەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی،

دەمارگرژی و توندتیژی؛ هەروەها ئەوان بەردەوام خۆیان لە ناوەند دادەنێن و ئوتۆریتەرن.

## ئایا سەردەمی ڕێبەری تەواو بووە؟

هێنری کسینجر "Henry Kissinger" وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریکا و پسپۆری پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان لە دوایین کتێبی بە ناوبانگی بە ناوی "ڕێبەری" کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دەرچوو دەڵێ "ئەگەر ڕێبەری نەبێ ڕێکخراوەکان بەلاڕێدا دەچن و نەتەوەکان لە دەرەوەی کایە دەمێننەوە و لە کۆتاییدا بەرەو نەمان دەچن." لە دونیای بەدامەزراوەی ڕۆژئاوا دەربڕینێکی لەو شێوە لەسەر ڕێبەرایەتیی زۆر بەهێز و ئازایانەیە چونکە تەواوی هەوڵەکانی دو سەدەی ڕابردووی ڕۆژئاوا یا لانیکەم لە ئەمریکا لە دەوری بەدامەزراوەیی کردن بە یەکێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتن دەزانرێت. بە هەبوونی ئەو مێژووە دەربرینێکی لەو شێوەیە کێسیجێر ئەو پرسیارە لەلای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دروست دەکات کە پێویستە بە تێروانینکی دیکە سەیری بواری ڕێبەری بکەین. کێسینجێر بە هۆی پسپۆرییەکەی لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە لە کارەکەیدا شەش ستراتیژیی ڕیبەریکردن کە لەلایەن شەش ڕێبەرەوە ڕەچاو کراوە و دۆخی وڵاتەکەیان لە چاخێکەوە بەرەو چاخێکی دیکە بردووە دەخاتە بەر باس. ئەو لەو باوەڕەدایە ڕێبەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە دۆخی وڵات و نەتەوەکەی لە چاخێکەوە بەرەو چاخێکی دیکە ببات، ئەگەر نا ئەو، ئەو دەوڵەتمەدارانەی تەنیا کاری ئاسایی ڕۆژانە بەڕێوە دەبەن بە ڕێبەر دانانی، لە هەمووشی گرینگتر لەو باوەڕەدایە کە ڕێبەر پێویستە ڕەگی لە مێژوودا بێ، لە فەلسەفە بزانێ و هەروەها ئەوەی زۆر گرینگە بۆ ڕێبەرێکێ ڕاستەقینە خاوەنی ویزیونێکی دیاریکراو بێ و کۆمەڵ و وڵات و نەتەوەکەی بەرەو ئەو ویزیونە ئاراستە بکات.

بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە کێسینجێر باسی دەکات لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی خۆمان زیاتر هەست بە هەبوونی زانستی ڕێبەرایەتی دەکرێت. چونکە ئێمە خاوەنی بزووتنەوەیەکی زیندووین کە ڕەگی لە مێژووی نەک نزیک بەڵکوو لە هەزاران ساڵەی ئێمەدا هەیە و لە ویزیونی داهاتووشیدا بەدیهێنانی ئازادی بۆ نەتەوە و وڵاتەکەی دانراوە. لە دۆزێکی وەهادا گەلێک هۆکار بە سەر دۆخەکە شوێندانەریی ڕاستەوخۆیان هەیە کە ڕێبەرایەتی یەکێک و لەوانەیە گرینگترینیان بێت.

ئێستا لە کاتێکدا باسی ڕێبەری لە ڕۆژەڤدایە شۆڕشێکی بەرفراوانی وەک شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە دەنگدانەوەی جیهانی هەبوو لە وڵاتی خاوەنی ئەو بزووتنەوەیە سەری هەڵدا کە جێگای سەرنج و بایەخە. ئەوە ڕاستە کە گۆڕانکاری لە ئاستی

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

جیاوازدا شوێندانەرییان لە سەر ڕێبەرایەتیی نوێ و سەردەمیانە دەبێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێبەرایەتی کۆتایی هاتبێ و کۆمەڵگە بتوانێ لەو پەڕی ئانارشیزمدا بەرەو ئامانجی دیاریکراو، هەماهەنگ و یەکگرتوو هەنگاو هەڵ بگرێت. بەتایبەتی کە ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەوە بەڕێوە دەبردرێت کە لە کۆتاییدا کاریگەریی بە سەر کۆمەڵ بە گشتی هەیە. واتە زانستی بەڕێوەبەری ڕیکخراو لە لایەک گرینگی هەیە بۆ ئەوەی ڕێکخراو سەرکەوتوو بێت و لە ئەویش گرینگتر ڕێبەرایەتیی گشتی بۆ ئەوەی شۆڕش هەرچی زۆرتر بە جەماوەریتر بێت. هەر وەک کێسینجێر دەڵێ "سەرکردە ئاساییەکان هەوڵی بەڕێوەبردنی ئەمڕۆ دەدەن بەڵام ڕێبەرە ڕاستەقینەکان هەوڵی بەدیهێنانی خەیاڵ و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکان دەدەن."

## سەرچاوەکان:


- Northouse Peter, (2016). Leadershop : theory and practice/Western Michigan University.—Seventh Edition.
- Antonakis john, Cianciolo Anna, Sternberg Robert, (2004), The nature of leadership.
- LİDERLİK Dünya Stratejisiyle İlgili Altı Ders Henry Kissinger Çeviren: Ebru Kılıç 2023.


١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
## (بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)



**سمایل شەرەفی**

قسەکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆچوون و ڕوانگەی جۆراوجۆر و جیاوازی لە سەرە. بە جۆرێک کە تەنانەت بەپێی ماهییەتی نیزامی زاڵ بە سەر ئێران و ڕەوتی گەشەنەسەندووی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، قسە لە بوون یان نەبوونی وەها کۆمەڵگەیەک دەکرێت. هەر کات قسە لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان دەکرێ، کۆمەڵێک تەعبیر و دەستەواژەی وەک "نافەرمانی مەدەنی"، "خەباتی مەدەنی"، "جموجۆڵی فەرهەنگی" و "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی" دێنە کار کە دەرخەری جۆرێک لە ئاڵۆزی و لێڵیی باسەکەیە. بەو مانایە کە پێناسە و بۆچوونێکی یەکدەست و ساغبووەوە لەسەر خەباتی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لە ئارادا نییە و خۆبواردنێک لەو باسە لەنێو بۆچوونەکاندا (ئەوانەی تایبەتی بۆ ئەم نامەیە وتووێژم لە گەڵ کردوون) بەتەواوەتی هەست پێ دەکرێ.

ئەو چالاکی و تێکۆشانانەی لە دەرەوەی خەباتی حیزبەکان (ڕێکخراوی سیاسی) لە لایەن چالاکانی فەرهەنگی، ئەدەبی،

ژینگەپارێزی، خوێندکاری، فێرکاریی زمانی کوردی و...لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە ئارادان چ پێناسەیەک هەڵدەگرن و لە چ چوارچێوەیەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا جێ دەگرن؟ خالید تەوەکوللی، بە گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە گەڵ خسڵەتی بەردەوامبوونیان، خاوەنی سازمان، دیسپلین، ئامانج و بەرنامەی ڕوونن، پێی وایە ئەوەی لە کوردستان لە ئارا دایە "کۆمەڵێک جموجۆڵن لە بواری جۆراوجۆردا". تەوەکوللی دەڵێ "دیارە ئەو جووڵانەوانەی لە کورستاندا دەبیندرێن یان پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە، بەشێک لەو تایبەتمەندیانەیان هەیە و جاروبار وای لێدێ وەکوو بزووتنەوەیەک چاویان لێ بکرێ، بەڵام بە گشتی لە بەر ئەوەی کە بەردەوامبوون و سازمان و یاسا و ڕێسای پەسەندکراویان نییە، نەیانتوانیوە وشیاری و شوناسێکی دیاریکراو درووست بکەن و لەم ڕوانگەوە لە بزووتنەوە دوور دەکەونەوە."

کەم نین ئەو کەسانەی پێیان وایە چالاکیی مەدەنی لە کوردستان لاواز و پرش و بڵاو و کورت ماوەیە و بنەمایەکی تێئۆری نییە. بۆیە ناکرێ ناوی بزاڤی لەسەر دابندرێ و لە ڕاستیدا بزاڤی مەدەنی لە کوردستاندا ڕێ نەکەوتوە. لە ڕووی ڕەفتارییەوە کاری مەدەنی لە کوردستان نەبۆتە کەلتوور و بە گشتی دەرکێکی درووست لە چالاکیی مەدەنی بوونی نییە. کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی سیاسەت لێدراوە کە هەروا بە ئاسانی چالاکیی مەدەنی و چالاکانی ئەم بوارە ناتوانن متمانەی خەڵک وەدەست بێنن.

هەر لەم پێوەندییەدا "ئارسان"، لەو بڕوایە دایە کە ئەو چالاکیانەی لە بواری ئەدەبی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی، خوێندکاری و...دا دەکرێن و لە ئارا دان، هێندێک چالاکین کە دەکرێ لە ژێر ناونیشانی هەوڵی مەدەنیدا پۆلێنبەندی بکرێن. چونکی بە هۆکاری یەک دەست نەبوون و هاوئامانج نەبوونیان کە زۆریش لێک تەریکن و پێوەندیی ئۆرگانیکیان پێکەوە نییە، ناتوانن بزاڤ بن. "ئەمانە هەر کامەیان مێژوو و بەستێنی کۆمەڵایەتیی خۆیان هەیە و ڕەنگە باشتر ئەوە بێت کە جیاجیا بۆ هەر کامەیان خوێندنەوەی جیاواز بکرێت."

لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانەدا کە بە پشتبەستن بە باسە تێئۆرییەکان لە سەر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەڕوانن "جموجۆڵە مەدەنییەکان"ی کوردستان و بە هۆکاری ئەوەیکە ئەم چالاکیانە بە دوای لێکهەڵوەشانەوەی نیزامی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نین لە خانەی بزووتنەوەی مەدەنیدا نابیندرێن، بۆچوون هەیە کە پێی وایە ناکرێ کۆنتێکستی شوێن (جوغرافیا) و سەردەمەکان لەم باسانەدا لە بەرچاو نەگیردرێن. هیچ مەرجیش نییە هەموو جووڵەیەکی جڤاکی بەدوای هەڵتەشێلان و داڕشتنەوەی سەرجەم بنەماکانی سیستم و کۆمەڵگەوە بێ. "هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستە ڕەهەندێکی

جەماوەری و ڕێکخراوەیی هەبێ.

لە ڕووی مێتۆد و شێوازی تێکۆشانەوە، بزوتنەوەی مەدەنی ئامانجەکانی ڕادیکاڵ بن یان ڕیفۆرمخواز، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بن یان سیاسی و شوناسخوازی، تەنیا لە میتۆدی غەیرە چەکداری و ئاشتییانە - کە هێندێک جار دێموکراتیکیشی پێ دەڵێن - کەڵک وەردەگرێ. دەکرێ لەگەڵ بزووتنەوەیەکی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانە لەپێوەندیی کار و کارکرد یان ڕکابەری و تەواوکەریدا بێ، بەڵام بۆخۆی تەنیا دەبێ میتۆدی ئاشتییانە بەکار ببا، جا ئەو میتۆدە ئاشتییانە قانوونی بن یا قانوونی نەبن (چونکە هێندێک میتۆد لەگەڵ ئەوەی ئاشتیخوازانەن بەڵام لە ڕوانگەی سیستمی مەوجوودەوە ناقانوونین و ڕێگەپێدراو نین). سێهەم و سەرەنجام، مەبەست و ئامانجەکانی بزووتنەوە کە چەندە ڕادیکاڵن یان سروشتیان چیە و چ بوار یان بوارگەلێک دەگرنەوە کاریگەریی لەسەر تێرمینۆلۆژی نییە. دیسان هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە کۆنتێکستی کات و شوێنی وەڕێکەوتن و بەڕێوەچوونی بزووتنەوەکە.

ڕەهبەر مەحموودزادە بە پشتبەستن بە دوو فاکتەری کۆمەڵناسانە کە وەک دوو هۆکار بۆ بوون یان نەبوونی بزووتنەوە مەدەنییەکان ناویان دێنێ، باس لە پێکهاتنی دیاردەیەکی نوێ بە ناوی "بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان" لە کوردستان دەکات کە بزووتنەوەی مەدەنی، بە بەشێک لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دەزانێ. ناوبراو لەم پێوەندییەدا دەڵێ؛ " ئەو دوو سازدەرە گرینگەی بزووتنەوە مەدەنییەکان لە هەناوی ئەوانەوە سەر هەڵدەدەن یەکیان "شار"ە و یەکیشیان "چینی مام ناوەندی" یان (طبقه متوسط)ە. ئەگەر بمانەوێ زۆر وردتر بۆ بابەتەکە بڕوانین تەنانەت دەتوانین یەکێک لەم سازدەرانە بۆ سازدەرەکەی تر کورت بکەینەوە، چونکە ناکرێ شاری مۆدێرن بەبێ چینی مام ناوەندی و چینی مام ناوەندیش بە بێ شار بیریان لێ بکرێتەوە. هەندێک لە شارەکانی کوردستان، نەختێک بەر لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕوویان لە مۆدێرنبوونەوە کرد. لە شارەکانی وەک کرماشان و سنە و مەهابادا وردە وردە چینی مام ناوەندی خۆی گرت. سەرهەڵدانی چینی بورژوا و وردە بورژوا بەرەبەرە سروشتی شارەکانی کوردستانی گۆڕی. بەستێنێک ساز بوو کە پێکهاتنی دیاردەیەکی نوێ بەناوی "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی" لەو بەستێنەدا وەک شتێکی گونجاو و ڕەخساو چاوی لێ دەکرا."

ئەگەر کۆنتێکستی شوێن و هەر دوو سازدەرەکە (شار و چینی مامناوەندی) بە پێوانە بۆ بوون یان نەبوونی بزووتنەوەی مەدەنی وەربگرین، "بێگومان ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە بە شێوەی یەکدەست لە سەرجەم جۆغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئارادا نییە و تەنانەت لە هەندێ جێگاش هێشتا ئاسەواری چالاکییەکی مەدەنیانەی تۆکمە و جیددی نابیندرێت کە دیارە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە و دەشتوانێ لە داهاتوودا و لە ژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکاندا، ئاقارەکەی بگۆڕێت."

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

سازدەری سێیەم کە کار دەکاتە سەر ڕەوت و خێرایی بزووتنەوە مەدەنییەکان، ڕادەی دێموکراتیزەبوونی کۆمەڵگەیە. دێموکراتبوونی کۆمەڵگەش دوو لایەنی هەیە: یەکەمیان سیستەم و نیزامێکی دێموکراتیزەی سیاسییە و دووهەمیان، دێموکراتیزەبوونی فەرهەنگی جەماوەریی خەڵکە. ئەگەرچی سازدەری سێیەم لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهۆی ئەوەی سیستەمە سیاسییە زاڵەکان زۆرتر سیستەمی نادێموکراتیک بوونە، کەمتر بەستێنی گەشەی هەبووە بەڵام ئەم فاکتەرە کار دەکاتە سەر خێرایی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

لە پێوەندی لەگەڵ بوون یا نەبوونی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان و پێناسە و دەستەواژەکانی پێوەندیدار، باسێک بەردەوام دێتە ئاراوە کە ئەویش لە لایەک پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنییە و ئەوی دیکەشیان شوێن و پێگەی بزووتنەوەی مەدەنی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە.

بەپێی پێناسەیەکی گشتگیر کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە؛ دەگوترێ کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بەدەر لە دەسەڵاتی سیاسی و سەربەخۆ لەم دەسەڵاتە پێداگر لە سەر هێندێک پرەنسیپ ژیان بەسەر دەبا. کۆمەڵگەی مەدەنی کە وەکوو "بواری سێیەم" ئاماژەی پێ دەکرێت، دیاردەیەکە کە دەبێ بە تەواوی جیا لە حکومەت و بازاڕ و بەرژەوەندییەکانی ئەوان، بوونی هەبێت. بەپێی ئەم پێناسەیە، مەودای چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بنەماڵە و حەوزەی تایبەتیش لە خۆی دەگرێت. بە واتایەکی گشتی، کۆمەڵگەی مەدەنی سەرجەم ڕێکخراو و دامەزراوە ناحوکمی لە لایەک و کۆی ویست و بەرژەوەندیی تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەکی دیکەوە لە خۆی دەگرێ و داکۆکییان لێ دەکات، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەم ڕێکخراو و تاکانە گرێدراوی حکومەت نەبن و بە بەرژەوەندییەکانی ئەوەوە نەبەسترابێتنەوە.

هێندێک ڕوانگە پێیان وایە، کە تەنانەت ئازادیی ڕادەربڕین و دادوەریی سەربەخۆ کە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتن، ئەوانیش وەک کۆمەڵێک بایەخی نۆڕماتیڤ دەکەونە خانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوراچێوەی ئەم تەعریفە گشتگیرەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە گرووپ و تاقمە کۆمەڵایەتییەکان، حیزبە سیاسییەکان، بزووتنە کۆمەڵایەتیەکان، ڕێکخراوە و ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان، سەندیکا و پێکهاتە تایبەتەکانی پێوەندیدار بە ژیان و کاری چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەوە. ئەم کۆمەڵگەیە لە دەرەوەی دەسەڵات دوو ئامانج دەپێکێ؛ یەکەم، پردی پێوەندیی نێوان کۆمەڵانی خەڵک و حکومەتە و لە ڕێی دامەزراوە تایبەتیەکانەوە و بە نوێنەرایەتیی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات لە پێوەندی دایە و دووهەم، وەک ڕەخنەگری دەسەڵات لە مەیدانادایە و بەردەوام هەوڵ دەدا حکومەت و لاڕێییەکانی بداتە بەر ڕەخنە و هەوڵ بۆ ئەوە دەدا دەسەڵات ناچار بە قبووڵکردنی ویستی خەڵک بکات. لە بنەمادا کۆمەڵگەی مەدەنی ئیمکانێکی گونجاوە بۆ هاووڵاتیانی ئەو

کۆمەڵگەیە تا لە ڕێی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانەوە قسەی خۆیان بکەن و بە گوێی بەردەنگ و دەسەلاتی سیاسی بگەیەنن. کاتێک حکومەتەکان گوێ بۆ ویست و داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕاناگرن و پێمل بە خواستی گشتی نابن کۆمەڵگەی مەدەنی نە تەنیا وەک ڕەخنەگری دەسەڵات، بەڵکوو وەک لایەنی بەرانبەری دەسەڵات دەکەوێتە تێکۆشان، لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە مەیدانی بزووتنەوەیەکی گشتی کە بزووتنەوەی مەدەنییە، جۆرێک لە تێکۆشانی بەردەوام کە ئاراستەکەی دوو ئامانجی گشتییە: ١. ڕێکخستنی کۆمەڵگە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ، جیاواز و جۆراوجۆر و ٢. پێملکردنی دەسەڵات بە ویست و داواکارییەکانی کۆمەڵگە.

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی مەدەنی لە سەر دەستی کۆمەڵگەی مەدەنی شکڵ دەگرێ کە هێندێک تایبەتمەندی هەیە کە بریتین لە:

١- توندوتیژیخواز نین
٢- خۆڕسک و سەربەخۆن
٣- ڕەخنەگر و زۆر جار دژبەری سیاسەتەکانی حکومەتن.
٤- پێکهاتەیەکی ئازادیبەخشیان هەیە. لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانین لێکدانەوەیەکی گشتیمان هەبێ لەسەر ئەو شتەی کە ئێستا لە کوردستان لە ئارا دایە و وەک کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەی مەدەنی باسی دەکەن. هیچ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی نییە چەندین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەپێی تایبەتمەندی و کەلێنە کۆمەلایەتییەکان لەخۆ نەگرێ. کە کۆمەڵگەی کوردیش بەدەر لەو ڕاستیە کۆمەڵایەتییە نییە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی بەرهەمهێنی بزووتنەوەی مەدەنییە. وێڕای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی جاری وایە ئەم کۆمەڵگەیە کەڵکەڵەیەکی گشتیتری هەیە، جا ڕەنگە ئەو کەڵکەڵەیە گەیشتن بە دێموکراسی و...هتد بێ، یا وەک کورد، گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکان بێ. کەواتە لە کوردستان لەسەر دەستی ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە ساوایە بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە ئارادایە کە پێناسەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی هەیە. ئەگەر بڕوانینە ئاراستەی دامەزراوە مەدەنییەکان و تەنانەت ناڕەزایەتییە پیشەییەکانی دوو دەیەی ڕابردوو، کە تازەترینیان ناڕەزایەتیی مامۆستایانە، دەبینین ئاراستەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە دەگرێ و داواکارییەکان لەو چوارچێوەیەدا شکڵ دەگرن. کەواتە بزووتنەوەی مەدەنی کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی شوناسخوازانە لە ئارادایە.

بە گشتی سەرەڕای ئاڵۆزیی دیاردەکە و ناڕوونیی پێناسە و چەمکەکان، بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەساسی کۆمەڵێک جموجۆڵ و چالاکیی ناتوندوتیژ کە داکۆکی لە گوتاری پەراوێزخراوی کەمینەکراو دەکات، بوونی هەیە و بەشێک لە بزوتنەوەی کوردستانە، واتە خۆی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەو مانایە کە ئامانجی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵکوو لە ئامانجدا و تەنانەت لە ڕووی بنەمایی مافیشەوە بەشێک لە بزووتنەوەی کوردستانە، بەڵام ڕێکاری جیاواز دەگرێتە بەر هەتا ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە بێنێتە دی. "لە ڕۆژهەڵات ڕەوتێکی سیاسی هەیە کە دەیهەوێ بزووتنەوەی کوردستان بەرەو ئاراستەیەکی ناتوندوتیژ بەرێ، هاوکات لەگەڵ ئەوە بەربەرەکانێ (مقاومت)ی ناتوندوتیژیش هەیە کە هەوڵدەدات بەهاکانی گوتاری پەڕاوێزخراوی کەمینەکراو وەک زمان، فەرهەنگ و هتد لە فەوتان ڕزگار بکات و پەرەی پێبدات، بەڵام بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بەشێک لە بزووتنەوەی کوردستانە، چونکە ئامانج و بەهاکانی هەمان ئامانج و بەهایە."

***

**تێبینیی:** سەرچاوەکانی بەکارهاتوو بۆ ئەو زنجیرە نووسینە لەسەر "کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە ئەرشیڤی "کوردستان"دان.

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# د. ئارەزوو نەستانی: کێشەی گەورەی پرسی مافی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا نەبوونی زەمانەتی جێبەجێکردن و سزادانی لایەنی پێشێلکارە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی خۆسەپێنی خۆی بە جینایەتخوڵقێنی لە کوردستان دەست پێ کرد. بناغەی دەسەڵاتەکەی بە کوشتاری بە کۆمەڵ لە کوردستان و ئێعدامی زیندانییانی سیاسی و جیابیران و سەپاندنی کەشی سەرکوت قایم کرد. سیاسەتە دژی مافی مرۆڤییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا درێژەی بووە. هەربۆیەش بە بەردەوامی لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە. هەر لەو ماوەیەشدا جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتەری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە کۆبوونەوەیەکی شوڕادا باسی لە کۆمەڵکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ لە ناوچە ئێتنیکییەکان ئێران کرد و ئەو کارەی بە ژێنۆساید و هەروەها کوشتاری زیندانییانی سیاسی و تاوانی دژە مرۆڤایەتی ناو بردوە. بۆ تاوتوێکردنی زیاتری ئەم بابەتە وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز د. ئارزەوو نەستانی، مافناس، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**شەهرام سوبحانی**: **خاتوو ئارەزوو زۆر سپاس بۆ بەشداریتان سەرەتا لەم پرسیارەڕا وتووێژەکەمان دەست پێ دەکەم. جاوید ڕەحمان لە ماوەی ڕابردوودا باسی لەوە کرد کۆمەڵکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ لە ناوچە ئیتنیکییەکان ئێران دەکرێ ژێنۆساید بووبێ و کوشتاری زیندانییانی سیاسی تاوانی دژە مرۆڤایەتی بووە. گرینگی و بایەخی ئەو باسە لە چیدا دەبینن؟**

**د. ئارەزوو نەستانی**: ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا وەک گەورەترین نارەزایەتیی پاش شۆڕشی ٥٧، چ لە ئاستی ناوخۆی ئێراندا و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لێکەوتە و کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. هەرچەند قورسایی ئەو بزووتنەوەیە زیاتر لە ناوچە پەراوێزییەکانی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستان بوو، بەڵام لە گشتییەتی خۆیدا توانی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا بەشێوەیەکی جیددی تووشی ئاڵەنگاری بکاتەوە. گشتگیری و بەرفراوانی ڕاپەڕینەکە لە لایەک و سەرکوتی سیستماتیک و توندی دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە پرسیاری گەورەی لە سەر مەشروعیەتی ڕێژیم دروست کردوە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا وێنەی نەبووە. ئەوەی لە ناوخۆ و دەرەوە مەشروعیەت دەداتە ڕێژیمێکی سیاسی، بەرپرسیار بوونێتی بەرامبەر بەهاکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دەروەست بوون بەرامبەر بەرپرسیارەتییە نێودەوڵەتییەکان کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانیان پێدانراوە.

هاوسۆزی بەربڵاوی ڕای گشتی لەگەڵ ئەو نارەزایەتی دەربڕینانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی بەرەوڕووی بەرپرسیارەتی کردۆتەوە سەبارەت بەو پێشێلکارییە فراوانەی لە ناوچە جیاوازەکانی ئێراندا ئەنجام دران و لەڕێگەی سۆشیال میدیا و هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە گەیشتنە چوارگۆشەی جیهان. لەلایەکی دیکەوە و هاوکات لەگەڵ خۆپێشاندانەکان لە ناوخۆی ئێراندا، ڕەوەندی ئێرانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان چالاکی و ئاکسیۆنی گەورە و بەرچاوی ئەنجامدا و دەتوانین بڵێین نەخشی لۆبی دژی کۆماری ئیسلامی گێڕا. هەموو ئەوانە لە پەنای سروشتی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی لاسار لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وێنایەکی لە دەسەڵات لە ئێراندا دروست کردوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرەو گرتنە بەری میکانیزمێک بۆ کۆنترۆڵی ئەو ڕێژیمە پاڵ پێوەناوە. دانانی ڕیپۆرتەرێکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا هەوڵێکە بەو ئاراستەیەدا. ڕاپۆرتەکە کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەی چەند ساڵەی جاوید ڕەحمانە، باس لە پێشێلی بەربڵاو و سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە دەیەی ٦٠دا دەکا و ئیدعا دەکا کە تاوانی دژەمرۆیی و تاوانی ژینۆساید دژی زیندانیانی سیاسی و بەهاییەکان و هەروەها ناوچە ئیتنیکییەکان کراوە. ئەو دوو تاوانە بە تاوانە هەرە مەترسیدارەکانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ ئەژمار دەکرێن و لە چوارچێوەی سەڵاحیەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا پێناسە کراون. گرینگیی هەوڵەکانی لە شێوەی ئەو ڕاپۆرتە لەوە دایە کە لە

لایەک ڕای گشتیی نێودەوڵەتی وشیار دەکاتەوە لەو تاوانانەی ئەنجام دراون و یارمەتی ئەوە دەدا کە هەوڵەکانی گۆشەگیر کردنی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا خێراتر بکرێن و لەلایەکی دیکەو ئەو نیگەرانییە لای تاوانباران دروست دەکا کە ڕووبەڕووی سزا ببنەوە .

**شەهرام سوبحانی:** بە نیسبەت ئێرانەوە چ شتێک ڕووی داوە کە ئەمڕۆ "جاوید ڕەحمان" لە "ژنێڤ" داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکا لەهەمبەر ئەم جینایەتانەی کۆماری ئیسلامیدا ڕێوشوێنی تایبەت بگرنە بەر؟

**د. ئارەزوو ئەستانی:** جاوید ڕەحمان ڕیپۆرتەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێراندا، دامەزراوەیەکە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا و دەبێ سەرنج بدەینە ئەو واقعیەتە کە سیاسەت دیوەکەی تری یاسای نێودەوڵەتییە و ناتوانرێ کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان لە دۆخە یاساییەکان بسڕدرێتەوە. ڕاپۆرتی ئەوساڵی جاوید ڕەحمان ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی بە سەرەوەیە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەلێن و دوورکەوتنەوەی نێوان خەڵک و دەسەڵات هاتۆتە ئاراوە. مەبەستم ئەوەیە جەخت لەوە بکەمەوە کە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەگشتی یاسای نێودەوڵەتیدا ناتوانین تێگەیشتنی تەواومان لەسەر ئەو ڕاپۆرتە هەبێ و زەمینەی سیاسیی ڕاپۆرتەکە لەبەرچاو نەگرین. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحماندا باسکراوە پێشێلکاریی بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکردوە و تا ئێستاش درێژەی هەیە، واتە ئەو پێشێلکارییانە بە فەرمانی حکومی و ئیداری و بەشێوەی پلانمەند ئەنجام دراون و ئەنجام دەدرێن، واتە پەیوەندی بە گرژی و هەڵچوون لە قۆناغێکی دیاریکراودا نییە و بۆتە بەشێک لە سروشت و نەریتی دەسەڵات. جاوید ڕەحمان لە ڕاپۆرتەکەیدا کە پێشکەشی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردوە ئاماژە بەوە دەکا کە هێزی کوشندە دژی خۆپێشاندەران بەکار هاتووە کە لە دوای ڕووداوی کوشتنی "ژینا ئەمینی" ڕاپەڕیون و هێزە ئەمنییەکان پێچەوانەی ئەوەی دەسەڵاتی ئێران بانگەشەی بۆ دەکات بەپێی پێویست و تەنیا بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە هێزیان بەکارهێناوە، واتە هێزی لەڕادەبەدەریان بەکارهێناوە بە ئامانجی کوشتنی خۆپێشاندەران و بە ئاراستەی کۆتایی هێنان بە ناڕەزایەتییەکان کە پێچەوانەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانە. هەروەها بەکارهێنانی هێز لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە فەرمان و بڕیاری دەسەڵاتی باڵا بووە، بۆ نموونە سپای پاسداران خۆپێشاندەران بە داردەستی دوژمنی دەرەکی ناو دێنێ کە ئەوەش دەستی هێزە ئەمنییەکانی لە دەست بردن بۆ چەک ئاوەڵاتر کردوە. لە کاتێکدا خۆپێشاندەران چەکیان پێ نەبووە و بەشێوەیەکی ئاشتیانە ناڕەزایەتییەکانیان دەربڕیوە. ڕاپۆرتەکە بەو ئەنجامە دەگا کە تاوانەکانی کوشتن و بریندارکردن و ئەشکەنجەدان لەو ناڕەزایەتییانەدا دەچنە چوارچێوەی تاوانی دژە مرۆیی. ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە ژمارەیەکی

بەرچاو لە بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیدا جەختیان لێکراوەتەوە، بۆ نموونە: ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها ڕێککەوتننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بەوردی ئەرکی دەوڵەتانی لە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دەستنیشان کردوە و ئێرانیش یەک لەو وڵاتانەیە کە ئەو ڕێککەوتننامەیەی ئیمزا کردوە و پابەندیی خۆی بە جێبەجێ کردنی ڕاگەیاندوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە کێشەی گەورەی پرسی مافی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا نەبوونی زەمانەتی جێبەجێ کردن و ئۆرگانی تایبەتمەندی نێودەوڵەتییە بۆ سەپاندنی ئەو مافانە یان سزادانی لایەنی پێشێلکار. بەتایبەت کاتێک پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دژی خەڵکەکەی خۆی ئەنجام دەدرێت، لەو حاڵەتەدا دەوڵەت بانگەشەی ئەوە دەکا کە پرسەکە ناوخۆییە و لە چوارچێوەی سەروەری و حاکمیەتی دەوڵەت دایە کە بەپێی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک دەرفەت و مەجال هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. دامەزرانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەنگاوێک بوو بۆ دەرهێنانی پرسی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە پرسێکی نێوخۆییەوە بۆ پرسێکی نێودەوڵەتی. هەندێ جار پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایشی لێکەوتۆتەوە لەژێر ناوی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. بۆ نموونە: دانانی هێڵی دژەفڕین لە عێراق بۆ پاراستنی کورد و شیعەکان لە دەسەڵاتی بەعس بە یەکەم دەستێوەردانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکاریی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها دەستێوەردانی سەربازی لە کۆزۆڤۆ لە ١٩٩٩ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ. جاوید ڕەحمان بە بەڵگەمەند کردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژی گەلانی نارازیی ئێران و سەلماندنی ئەوەی تاوانی مەترسیداری دژەمرۆیی و تەنانەت ژینۆساید لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەنجام دراون و هەروەها ئاگاداربوون لە لاوازیی پێگەی ڕێژیم لە ناوخۆ و دەرەوە، هەوڵ دەدا لە لایەک سەرنجی ڕای گشتی بۆ تاوانەکان ڕابکێشێ و تێچووی ئەو پێشێلکارییانە بەرێتە سەر و لەلایەکی دیکەوە زەرفییەتە دادوەرییەکانی وەک دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و سەلاحیەتی جیهانیی قەزایی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ دادگایی کردن و سزادانی تاوانباران بخاتەڕوو. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە ڕاپۆرتەکەیدا سەرنجی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ بۆ دادگای حەمیدی نووری و هەروەها دادگای خەڵکیی ئابان ڕادەکێشێ.

**شەهرام سوبحانی: بۆچی کورد و بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەتا ئێستا نەیتوانیوە پەروەندەی ئەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا وەگەڕ بخات؟**

**د. ئارەزوو نەستانی:** بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ لەو زەرفیەتە یاساییانە کەڵک وەرگرێ بۆ بەرپرسیار

كردنی كۆماری ئیسلامی یان بەرپرسان و ڕێبەرانی بەشدار و بڕیاردەر لەو تاوانانەدا، پێویستە تێگەیشتنێكی دروستی هەم لە دەرفەتە دادوەرییەكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەم لە پێگەی یاسایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەبێ و هەروەها تاوانەكانی كۆماری ئیسلامی لە كوردستان بەشێوەیەكی بەڵگەمەند كۆبكاتەوە. كەموكووڕی لە نەزمی نێودەوڵەتیدا و باڵادەستیی نەخش و ڕۆڵی دەوڵەت لە داڕشتن و جێبەجێ كردنی یاسا نێودەوڵەتییەكاندا بوونەتە هۆی ئەوەی یاریكەرانی نادەوڵەتی و یەك لەوان بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكان بكەونە پەراوێزی ڕووداوەكانەوە و دەنگیان نەبیسترێ یان بە زەحمەت ببیسترێ. كە دەڵێم نەبیسترێ مەبەستم ئەوەیە تەعامولی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی كوردیان بەسەردا دابەش كراوە و یەك لەوان ئێران لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری و ئایدۆلۆژییەكانە نەك لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەهاكانی مافی مرۆڤ.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو باس و گۆڕانكارییانە چ ئەركێك دەخاتە سەر شانی وڵاتان و ڕێكخراوە جیهانییەكان؟

**د. ئارەزوو نەستانی**: هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشتر ئاماژەم پێكرد، ئەگەر قەرارە ئەو هەوڵانەی لەلایەن دامەزراوە فەرمییە نێودەوڵەتییەكانی وەك ڕیپۆرتەری تایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ئێران دەدرێن دەرەنجامێكی لێبكەوێتەوە، ئەوا پێویستە زەرفیەتەكانی یاسای نێودەوڵەتی بخرێنە گەڕ. لەكاتێكدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان و بلۆكبەندییە سیاسییەكان كاریگەریی بێ ئەملا و ئەولایان هەیە لە سەر ئاراستەی هەوڵ و دەرەنجامەكان. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر یاسا بە تەنیا حوكم بكا و بەدەر بێ لەو باندۆرە سیاسییانەی ئاماژەمان پێكردن، هیوای دادخوازی و سزادانی پێشێلكارانی مافەكانی مرۆڤ بەدی دەكرێ. جاوید ڕەحمان لە ڕاپۆرتەكەیدا دەڵێ تاوانەكانی دژەمرۆیی و ژینۆساید دژی ناوچە ئێتنیكییەكان كراوە، ڕێچكەی باوی نێودەوڵەتی لە حاڵەتی هاوشێوەدا ڕوودانی ئەو تاوانانە بە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەزانێ وەك ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بڕیاری ١٩٧٣ی ساڵی ٢٠١١، دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی قەزافی لە یەمەن پەسند كرد. بەڵام ئەو دۆخە بە كردەوە كاتێك ڕوو دەدا كە مەشروعیەتی ڕێژیمی سیاسی لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بە شێوەی بەرچاو درزی تێكەوتبێ.

سەبارەت بە ئێران سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ تەریك كەوتنەوەی نێودەوڵەتی بەرەوڕوو بۆتەوە، وەك دەوڵەتێكی نابەرپرس لەئاست بەرپرسیارەتییە نێودەوڵەتییەكان دەركەوتووە و زۆربەی ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بە مافی مرۆڤی پێشێل كردوە و هەروەها بە دنەدانی گرووپە جیهادییە توندڕەوەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بنەمای دەستێوەرنەدان لەكاروباری ناوخۆیی وڵاتان وەك بنەمایەكی جێگرتووی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل كردوە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

قەناعەتێکی نێودەوڵەتی بۆ هێنانەڕۆژەڤی ئەو پرسانە لە گۆڕێ نییە کە بتوانێ ڕێژیم ڕووبەڕووی بەرپرسیارەتی بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو جەمسەربەندییەی کە لە ئەنجومەنی ئاسایش وەک تاقە ئۆرگانی جێبەجێ کردنی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، ئەنجومەنی ئاسایش لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بە سەر دوو بەرەی ناکۆک و دژیەکدا دابەش بووە و بە کردەوە هەر چەشنە هەوڵێکی بۆ پەنابردن بۆ فەسڵی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان نەزۆک کردوە. ئەستەمە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر سزادانی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو میساقە ڕێک بکەوێ، وەک ئەوەی بەرامبەر ڕێژیمی سەددام کرا لە ساڵی ١٩٩١ بۆ پاراستنی کورد.

**شەهرام سوبحانی**: بزووتنەوەی سیاسیی کورد چۆن دەتوانێ ئەمە بکا بە دەرفەت بۆ دادخوازی و کردنەوەیەکی بەرەیەکی دیکەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی؟

**د. ئارەزوو نەستانی**: پرسی کورد لە ئێراندا پرسێکی سیاسی و یاساییە، هەر بۆیە پێویستە لە هەر دوو ڕەهەندەکەوە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خەبات بکا. ئەوەندەی بزووتنەوەی کورد گرینگی بە لایەنی سیاسیی پرسی کورد داوە، لایەنەی یاسایی تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خستوە. کاتێک باس لە ڕەهەندی یاسایی پرسی کورد دەکەم مەبەستم ئەوەیە مافی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا پرەنسیپێکی دانپیانراوی نێودەوڵەتییە کە لە ژمارەیەک لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی لە سەر کراوەتەوە و تەنانەت وەک عورفێکی نێودەوڵەتی سیفەتی ئیلزامی وەرگرتوە و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ نکۆڵی لێ بکا. لە لایەکی دیکەوە کورد دەتوانێ بە سەلماندنی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ڕێگەی بەڵگاندنیان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتیوانییەکی یاسایی بۆ پرسەکەی دەستەبەر بکا. کەواتە کورد دەبێ هەموو دەرفەت و لەمپەرەکانی دادخوازی لە پرسی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا لەبەر چاو بێ و تیمێک پارێزەری شارەزا بە شێوەیەکی پرۆفێشناڵ بکەوێتە کار بەردەوام بۆ بەڵگاندنی تاوانەکان ڕێژیم لە کوردستان و گەیاندنیان بەو سیستەمە دادوەرییانەی سەڵاحیەتێکی جیهانی بۆ تاوانە مەترسیدارەکانی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ قەبووڵ کردوە، جا چ دادگا نێودەوڵەتییەکان بێ یان دادگای ئەو وڵاتانەی ئەو سەڵاحیەتەیان قەبووڵ کردوە. کەیسی حەمیدی نووری نموونەیەکی سەرکەوتووە لەو بوارەدا و دەتوانێ یارمەتیمان بکا بۆ دۆزینەوەی دەرفەتەکان.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو ئارەزوو سپاس بۆ بەشداریت و ماندوو نەبی

**د. ئارەزوو نەستانی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## بەیاننامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی تێپەڕینی ٣٥ساڵ بە سەر تیرۆری د. قاسملوودا




**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**هاونیشتمانانی ئازادیخواز!**

**هۆگرانی هزر و کەسایەتیی بەرزی د.قاسملووی ڕێبەر!**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ (١٣ی ژوئیەی ٢٠٢٤) ، ٣٥ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا ڕادەبرێت کە نێردراوانی ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبمان و د.فازڵ ڕەسووڵ، دۆستی حیزبی دێموکرات و شەهید د.قاسملوویان لە شاری ڤییەن لەسەر مێزی وتوویژ تێرۆر کرد.

تێرۆری دەوڵەتیی د.قاسملوو بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەو ڕووداوانەیە کە بە تێپەڕینی ساڵەکان لەبیر حیزبی

دێموکرات و خەڵکی کوردستان ناچنەوە. لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکار بکەین کە وایان کردوە یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بە زیندوویی بمێنێتەوە و حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان لە زۆر بۆنەدا و بە تایبەتی لە ٢٢ی پووشپەڕدا، یادی بکەنەوە.

**یەکەم هۆکار**، بریتییە لە گرنگیی ڕۆڵی کاریگەریی د.قاسملوو لە ساخکردنەوە و زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکراتدا. د.قاسملوو لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینیدا، بە هاوکاریی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی نەک هەر لە پەرشوبڵاوی دەرباز کرد، بەڵکوو لە رووی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەییەوە، کردی بە حیزبێکی سەربەخۆی خاوەن بەرنامە و پرستیژ و ڕێبازی تایبەت بەخۆی؛ حیزبێک کە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، ئەو ئێعتیبار و توانایییەی پەیدا کرد خاوەنداره‌تی لە میراتی کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦-١٣٤٧ و زیاتر لە سێ دەیە تێکۆشان و خەبات و قوربانیدانی کادرەکان و ئەندامانی لە سەردەمی دیکتاتۆریی ڕێژیمی شایەتیدا بکات.

**دووهەم هۆکار** بۆ مانەوەی یادی د. قاسملوو بەزیندوویی لەنێو نەتەوەکەی و ئازادیخوازانی ئێراندا، ئەو ڕۆڵە بوو کە ئەو کەسایەتییە لە ڕێبەریکردنی حیزبی دێموکرات بەدوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەیبوو. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی تازە، نەک هەر تەسلیمی هەڕەشە و ریاکاریی تاقمی دەسەڵاتداری نوێ بە ڕێبەریی خومەینی نەبوو و فریوی دروشم و بەڵێنەکانی ئەوانی نەخوارد، بەڵکوو ویستە نەتەوەیی و دێموکراتییەکانی خۆی خستە بەردەم دەسەڵاتدارانی تاران و لەسەر داواکردنیان شێلگیر بوو. پێگەی بەرینی ئایینی و سیاسیی ئەوکاتی خومەینی، هەڵخەڵەتانی دەیان میلیۆنیی خەڵکی ئێران و زۆربەی ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییەکان بە دروشمەکانی ناوبراو دژی ئەمریکا، هەروەها هەڕەشە و هێرشی نیزامیی تاران بۆ سەر کوردستان، ئەمانە هیچیان خەڵکی کوردستانیان چاوترسێن نەکرد و دەستیان پێ لەداواکردنی مافەکانی هەڵنەگرت. د. قاسملوو و حیزبەکەی، وێڕای ئەوەی هەوڵێکی زۆریان دا بە ڕێگای ئاشتیخوازانەدا داواکانی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی تازە چارەسەر بکەن، بەڵام ئامادە نەبوون مل بۆ دیکتاتۆریی ڕێژیمی تازە ڕابکێشن و لەبەرامبەر سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێراندا، ڕێگای خۆڕاگری و خەباتیان گرتەبەر.

هەڵوێستی سەردانەنواندن بۆ دیکتاتۆریی نوێ لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە جگە لە نێوەرۆکی خەباتگێڕانە و دووربینیی سیاسیی ئەم حیزبە، ڕیشەی لە تێگەیشتن و ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا بەگشتی هەبوو. خەڵکی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

کوردستان لە خەبات بەدژی دیکتاتۆریی پەهلەوی و تێکۆشان بۆ مافە نەتەوەییەکانیاندا خاوەنی ڕابردوویەکی درێژ بوون؛ جگە لەمەش شێلگیرانە لە ڕاپەڕینەکانی سەرانسەریی ساڵی ١٣٥٧دا بەشدار بوون و قوربانییان دابوو. شانازییەک کە لەم نێوەدا بۆ د.قاسملوو و حیزبەکەی دەگەڕێتەوە، بەئەستۆگرتنی زۆرترین ڕۆڵ لە ڕێکخستنی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرانبەر لەشکرکێشیی ڕێژیمی تازە لەلایەک و بەرجەستەکردنەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی و دێموکراتیک لە خۆڕاگری و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستاندا بوو. د. قاسملوو وێڕای پێداگری لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، خوازیاری سیستەمێکی دێموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی ئێران و ئازادییە دێموکراتییەکان و، داواکاری ژیانی ئازادانە بۆ هاونیشتمانان بوو؛ بەڕاشکاوی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەکی ڕەت دەکردەوە و بەرگریی لە پلۆرالیزمی سیاسی، فرەحیزبی و فرەدەنگی دەکرد.

**سێهەم هۆکاری** بەرزمانەوەی ناو و یادی دکتور قاسملوو لەنێو نەتەوەکەی و ئازادیخوازانی ئێراندا، پێوەندیی بە ڕوانگە و بۆچوونە واقیعبینانەکانی ئەو ڕێبەرە بۆ پێکەوەژیانی جۆراوجۆرییەکانی نێو ئێران و هاوپێوەندیی بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو بوو. د. قاسملوو دژی هەر ئایدۆلۆژیا و بیر و باوەڕێک بوو کە ئێران تەنیا بە ملکی یەک نەتەوە و یەک ئایین بزانێت و خەڵکی ئەو وڵاتە بە سەر هاونیشتمانیی پلە یەک و پلە دوو و پلە سێدا دابەش بکات. ئەو، بە پێچەوانەی کاربەدەستان و ئیدئۆلۆگ و بەناو ڕووناکبیرانی هەر دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران، داننانی دەسەڵات و یاسای وڵات بە جۆراوجۆریی خەڵکی ئەو وڵاتە و ڕێزلێگرتن و دابینکردنیانی، بە دەستەبەری یەکپارچەیی ئێران و بەردەوامیی هاوژیانی و پێکەوەمانەوەی دانیشتووانی دەزانی؛ لە بەرامبەریشدا دیکتاتۆری و سەپاندنی سیستەمێکی ناوەندگەرا، دابەشنەکردنی دەسەڵات و بەشدارنەکردنی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتەدا و هەڵاواردنی نەتەوەیی، زمانی، دینی و ڕەگەزیی وەک هۆکاری لاوازیی یەکپارچەیی ئێران و مەترسی بۆ سەر یەکیەتی و تەبایی دانیشتووانی چاو لێدەکرد. خاڵی جێگەی تێڕامان و لێفێربوون لەبارەی واقیعی ئێرانیبوون و کوردستانیبوون لە ڕوانینی د. قاسملوودا، ئەوەیە کە هیچکام لەم دوو ڕاستییە نەدەبوونە هۆی بایەخنەدان و لەبیربردنەوەی ئەوی دیکە. د.قاسملوو لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و لە چاوپێکەوتنەکانی لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەتان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕاگەیەنەکاندا، لەیەک کاتدا هەم بەرگریی لە پرسی ڕەوای نەتەوە دابەشکراوەکەی و پێویستیی پشتیوانیی جیهانییەکان لەم پرسە دەکرد، هەم دەبووە دەنگ و نوێنەر و داکۆکیکاری بزووتنەوە دێموکراتی و پێشکەوتنخوازەکان و خەباتی ڕەوای چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێران.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی د. قاسملوو، بایەخدانی بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بوو. ئەو لەگەڵ ئەوەی

ئاشتیخواز بوو و لە هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەری پرسی کوردستان بە ڕێگای هێمنانە خۆی نەبوارد، بەڵام بەرگریی چەکدارانە لە نەتەوەکەی لە بەرامبەر شەڕفرۆشی و هێرشی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بۆ هێزی پێشمەرگەی بە ڕەوا دەزانی. لەکاتێکدا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی خاوەن هەزاران پێشمەرگەی ڕێبەرایەتیی دەکرد، لە گرنگیی شێوەکانی دیکەی خەبات لەنێوخۆی ئێران غافڵ نەبوو. هەر بەو ڕادەیەی بایەخی بە خەباتی شێلگیرانەی دژ بە ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی کوردستان دەدا، تێکۆشانی دیپلۆماسی بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ ئەو خەباتەی لە دەرەوەی وڵات بەرەوپێش دەبرد.

قاسملوو خەباتی تەنیا لە پێشمەرگایەتی و چەکهەڵگرتن بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نەدەدیت. گرنگیی مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕینی کرێکاران لە ڕێوشوێنی چەوسێنەرانەی دامودەزگا حکوومەتییەکان و خاوەنکارەکان، دژایەتیی لاوان لەگەڵ ئەو فۆرمە لە ژیان کە ڕێژیم دەیهەوێ بەسەریاندا بسەپێنێ؛ خۆڕاگریی هونەرمەندان و نووسەران لە بەرامبەر کولتووری کۆنەپەرستانە و ڕێوشوێنە داسەپاوەکانی حکوومەتی و هەوڵدانیان بۆ پەرەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتی پێشکەوتنخوازانە، هیچیان لە بەرچاوی وردبینی ئەو ڕێبەرە ون نەبوون. یەک لە شێوەکانی خەبات و بەربەرەکانی کە د.قاسملوو کاتی خۆی بە دیاریکراوی ناوی هێناون و بە گرنگی زانیون، ملنەدانی ژنانی ئێران بۆ حیجابی زۆرەملی و ڕاوەستانیان بەرامبەر یاسا و گوشارەکانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدایە. وەک دیتمان پرسی ژنان و بێزاریی ئەوان لە نێوەرۆکی دژەژن و دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی، لە دەیەی پێنجەمی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا بە هەڵگرتنی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، گەورەترین ڕاپەڕینی جەماوەری لە کوردستان و هەموو ئێرانی لێکەوتەوە. ئەوە کە زایەڵەی دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپێشاندانەکانی ماوەی ئەو ڕاپەڕینەدا، لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەنگ دەداتەوە، زیندوویی و ئەمڕۆیی بوونی ئەندێشە و باوەڕەکانی ئەو ڕێبەرە و نزیکبوونی لە ڕۆحی سەردەم و نەوەکانی ئێستا دەگەیەنن.

لە ٣٥ ساڵەی تێرۆری دەوڵەتیی ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر و د.فازڵ ڕەسووڵدا، بەجێیە ئاورێکیش لە ڕەفتار و بڕیاری دەوڵەتی ئوتریش لە پێوەندی لەگەڵ ئەم تێرۆرەدا بدەینەوە. دەوڵەتی ئەو وڵاتە، کاتێک تێرۆرەکە ڕووی دا، تێرۆریستەکانی- لەجیاتی لێکۆڵینەوە و سپاردنیان بە دادگا و سزادانیان- لە ساتوسەودایەکی نهێنی و شەرماویدا، ڕەوانەی تاران کردەوە. لەو کات بە دواوەش هەموو دەرگاکانی خۆی لەسەر کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو داخستوە. بێگومان ئەگەر دەوڵەتی ئەو وڵاتە، تێرۆریستەکانی بۆ تاران نەناردباوە و ڕێگریی لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی سیستەمی قەزایی خۆی لەم تێرۆرە نەکردبا و، وەک وڵاتی ئەڵمان ڕێگای دابا تێرۆریستەکان دادگایی بکرێن، لانی کەمی دادپەروەردی لەبارەی بکوژان بەڕێوە دەچوو و بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تاران وەک سەرچاوەی سەرەکیی ئەم تاوانە

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

زیاتر و ڕوونتر بە جیهانییەکان دەناسێندران. لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تێرۆری مێکۆنووسدا دیتمان شێلگیربوون لەسەر لێکۆڵینەوە و دادگایی تێرۆریستەکان و ناوبردنی سەرانی پلە یەکی ڕێژیمی تاران وەک سەرچاوەی ئەم تێرۆرە، دواتریش بڕیاری یەکگرتووانەی ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا لە بانگکردنەوەی سەفیرەکانی خۆیان لە تاران، ئەو ڕێژیمەی ناچار کرد بۆ ماوەی چەندین ساڵ، لە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی لە نێو وڵاتانی ئەندامی ئەو یەکێتییە، خۆبپارێزێت. بەداخەوە لەم چەند سالەی دواییدا جارێکی دیکە شایەدی نەرمینواندنی وڵاتانی ڕۆژاوا و ساتوسەودای شەرماویی ئەوان لە گەڵ ڕێژیمی تێرۆریستی تارانین. ئەم سیاسەتەی ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژاوایی گرتوویانەتە بەر، هاندەری ئەو ڕێژیمە بووە کە زیاتر لە پێشوو ڕوو بکاتە بەبارمتەگرتنی ڕۆژاواییەکان بۆ ساتوسەودا و گۆڕینەوە لەگەڵ تێرۆریستە بەندکراوەکانی.

ئێمە لەم بۆنەیەدا وەبیر دەوڵەتانی ڕۆژاوایی دێنینەوە کە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، خوازیاری تەریکهێشتنەوەی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێرانن، داواکاری ئەوەن سوپای پاسداران لە لایەن ئەوانەوە بە تێرۆریست بناسرێت و ڕێوشوێنی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانە تێرۆریستی و کۆمەڵکوژییەکانی ڕێبەران و کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەو ڕێژیمە دیاری بکرێت. خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بڕیاریان داوە بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە فیداکردنی باشترین ڕۆڵەکانیان، کۆتایی بە تەمەنی ڕێژیمێک بێنن کە جگە لەوەی ئێرانی لەوان کردوە بە دۆزەخ، بووە بە هەڕەشەیەکی جیدیی بۆ سەر ئاشتی و هێمنیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچەکانی دیکەی جیهانیش. لەم پێوەندییەشدا چاوەڕوانییان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی ئەوەیە، سیاسەتێکی شێلگیرانەتر بەرامبەر ئەو ڕێژیمە تێرۆریست و ئاژاوەگێڕە بگرنەبەر و پشتیوانی لە خەباتی ئەوان بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو دیکتاتۆرییە بکەن.

**لە سی و پێنجەمین ساڵەی تێرۆری ڕێبەری لێهاتوومان د.قاسملوودا، بە پێزانینەوە ئاوڕ لە خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیی کوردستان دەدەینەوە، شانازی بە ئەندێشە و باوەڕەکانی دەکەین و وەک چرای ڕێگەی تێکۆشانمان، ڕووناکییان لێوەردەگرین. بەڵێنیش نوێ دەکەینەوە کە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی ئەو، ژیان و گیانی خۆی لەپێناویاندا بەخت کرد، بە لێبڕاوییەوە درێژە پێبدەین.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

١٩ی پووشپەڕی ١٤٠٣ - ٩ی ژوئیەی ٢٠٢٤

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# سیمای دێموکرات، دڵەڕاوکێیەکانی ڕێبەرێک




**کەریم پەرویزی**

گرنگترین خاڵی کەسایەتیی ڕێبەرێک چ ڕێبەری سیاسی یان چ ڕێبەرێک لە بوارەکانی دیکەدا بریتییە لەوەی کە مرۆڤەکان بە دڵنیابوون لە دەروونی ئەو و بەواتایەکی دیکە بە ئەرخایەنییەوە گوێی لێ دەگرن و بە گوێی دەکەن و ئەو ڕێبەرەش مرۆڤەکانی دەوروبەری وەکوو مرۆڤ دەبینێ، نەک وەکوو پردەباز و یان بەرهەڵێخ!

ڕێبەر لە خەباتی نەتەوەیەکدا، دەنگێکی دەروونییە کە تاکەکان لە ناخی خۆیاندا دەیبیسنەوە و لە هزریاندا زایەڵەی وتەکانی دەنگ دەداتەوە. هەر بۆیە ڕێبەری نەتەوەیی لەسەر ئەساسی کاریگەریی مێژوویی وشەکانی هەڵدەبژێرێ و بە هەست بە بەرپرساریەتی بەرامبەر بە وشەوە دەیانهێنێتە سەر زار و گۆ. وشە لای ڕێبەری سیاسیی خەباتێکی پڕلە گیانفیدایی نەتەوەیەک، دەنگێکی کاتی و هەستێکی لاوەکی نیە، بەڵکوو دەروەست بوونە بەرامبەر بە زەمان و داهاتووش، بۆیە لە بیری گشتیدا دەمێنێتەوە و وتەکانی دەبنە ڕێساکانی خەباتی چەندین نەوە.

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

دوکتور قاسملوو چ وەکوو ڕێبەرێکی سیاسی کە دەبوو سیاسەتی شۆڕشێک دابڕێژێ و چ وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی کە دەبوو تانوپۆی نەتەوەیەکی بێبەش لە نیشتمانێکی ئازاد گرێ بداتەوە و هیوای خاوەنداریەتی لە نیشتمانەکەی تێدا بەهێز بکاتەوە، دەدوا و کاری دەکرد و هزری بە نێو کۆمەڵدا بڵاو دەکردەوە.

جیا لەو ڕەهەندانەش، دوکتور قاسملوو هەرگیز لایەنی تاکی و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی پشتگوێ نەدەخست و لە دڵەخورپەکانیدا بەردەوام ڕەنگی دەدایەوە ودەیهێنایە سەر زمان و دەیگووت کە ئێمە چ وەک نەتەوە خەباتێکی قورسمان لە بەردەمە و چ وەک تاک ئەرکی ڕۆژانە و کردەوەی چرکە بەچرکەمان لە بەر چاوی کامێراکانی مێژوو و نەوەی داهاتوویە کە بزانین چییان بۆ بە میرات بەجێ دێڵین!

کاتێک باسی لە نەوە جیاوازەکانی نێو شۆڕش دەکرد، دەیگووت ئەرکی نەوەی یەکەمی خەبات ئەوە بوو و ئاوایان کرد و ئەرکی نەوەی دووهەم وەها بوو و خۆی بە نەوەی سێهەم دەزانی و ئەرکەکانی نەوەی سێهەمی باس دەکرد و دەیگووت ئێمە دەبێ ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنین تاکوو نەوەی داهاتوو شەهیدی نەبێ! ئەمە دڵەخورپەیەکی گەورەیە لای دوکتور قسملووی نەمر کە بەختەوەریی دواڕۆژ گرێ دەداتەوە بە کردەوە و هەڵسوکەتی ئەمڕۆی تاکەکان.

ڕەنگە گەڕان بە دوای هەموو ئەو ڕستە و وشە پڕ واتایانە و دیاریکەری ڕێبازی ژیانەدا دژوار بێ و کاری گران بێتە پێش چاو بەڵام لە یەکێک لە بەڵگە گرنگەکاندا دوکتور قاسملووی نەمر ڕیزێک لەو دڵەڕاوکێ گەورانەی تۆمار کردوون کە بەوانەوە تاکێکی خەباتکاری خاوەنی هزر و هەڵوێست دەناسرێنەوە.

"دێموکرات لە بەستراوەیی بێزارە؛ دێموکرات لایەنگری ئازادی و دێموکراسیە؛ دێموکرات دژی هەر چەشنە چەوسانەوەی ئینسانە؛ دێموکرات لایەنگری بەرابەریی تەواوی مافی ژن و پیاوە؛ دێموکرات بەشەردۆستە"...

ئەمانە هەندێ لەو خاڵانەن کە دوکتور قاسملوو لە پێناسەی بەناوبانگی بەناوی سیمای دێموکراتدا دەیانهێنێتەوە.

کاتێک باس لە سیمای دێموکرات دەکا، لە ڕاستیدا باس لەو مرۆڤە بەهەڵوێستە دەکا کە لە کونجێکی کاتو شوێندا، بەپێوە ڕاوەستاوە و بارێکی گرانی "سیزیف" ئاسایی لەسەر شانە و بەپێچەوانەی ئەفسانەکان، ئەم مرۆڤە خاوەن ئیرادەیە نەک شکست ناهێنێ، بەڵکوو بە کردەوەکانی ژیانێکی نوێ دەخولقێنێ.

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

یەکێک لە ڕەهەندەکانی سیمای دێموکراتێک کە دوکتور قاسملوو دەیەوێ بیکا بە ئولگوو، بریتییە لە هاوسەنگیی ئازادی و بەرابەری لای مرۆڤێک کە بە دێموکرات پێناسە دەکرێ. دوکتور قاسملوو دەڵێ ئازادی نرخ و کەرامەت دەدا بە مرۆڤ و هەر لە هەمان کاتیشدا دەڵێ، بەرابەری ئەو کەرامەتە دەپارێزێ و شۆرشگێڕبوونی دژی شکاندنەوەی ئەو کەرامەتە قورس و پتەوی ڕادەگرێ.

ئەوەی لای دوکتور قاسملووی ڕێبەر گرنگە و دڵەخورپەیەکی ڕۆژانەیەتی، بریتییە لەوەی کە چ جۆر مرۆڤێک و لە ڕاستیدا چ جۆر ڕواڵەت و کردەوەیەک دەکا بە سەرباشقە و ئەوانەی کە دەڵێن لە ڕێبازی قاسملوودا هەنگاو هەڵ دەگرین، خاوەنی چ سیمایەکن. دێموکراتبوون لای دوکتور قاسملوو تەنیا ناوێک و حیزبێکی سیاسی نییە، بەڵکوو ئەکتێکی ڕۆژانەیە کە گرێی دەداتەوە بە ئەرکە نیشتمانییەکان و لە تانوپۆی کۆمەڵگەیەکی خاوەن هەڵوێستدا جێ دەگرێ و لە کۆی گشتیدا، سیمای دێموکرات ئەو ڕواڵەت و لە هەمانکاتدا نێوەڕۆکەیە کە ئازادی و بەختەوەری هەم دەکا بە ڕەنگڕێژی ئەمڕۆ و هەم دیاری بۆ نەوەی دوارۆژ.

**٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

---

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

## چۆن میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملوو بەرینە پێش؟
## لە سیوپێنجەمین ساڵی شەهیدبوونی د. عەبدولڕەحمان قاسملوودا:




**برایم لاجانی**

پووشپەڕی ئەمساڵ، سیوپێنج ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، تێکۆشەری ڕێگای دێموکراسی و ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێدەپەڕێ. بەوحاڵەش میراتی سیاسی و خەباتگێرانەی دوکتور قاسملوو، لە ئیلهامبەخشین بە تێکۆشەرانی کورد و داکۆکیکارانی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا، هەروا کاریگەر ماوەتەوە.

ڕۆڵی گرینگی دوکتور قاسملوو لە خەباتی گەلی کورددا، بەهیچ جۆر حاشای لێناکرێ. ناوبراو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات نەخشێکی سەرەکیی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بینی. بەڵام تێکۆشانی ئەو تەنیا هەر لە پیناو ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستاندا نەبوو؛ ئامانجی سەرەکیی ناوبراو بریتی بوو لە دامەزراندنی

سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێراندا، سیستەمێک کە لەودا کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە، مافەکانیان دەستەبەر کراین و دەرفەتی ئەوەشیان هەبێت لە دامەزراوە دەوڵەتی و میللی و سەرانسەرییەکاندا نوێنەرایەتییەکی عادڵانەیان هەبێت.

لە فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوودا، باوەڕبوون بە ئۆتۆنۆمی و دەستەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و دڵنیابوون لە دابینبوونی مافەکانیان. قاسملوو لەوە تێگەیشتبوو کە دێموکراسیی ڕاستەقینە تەنها کاتێک دەتوانێت گەشە بکات کە دەسەڵات بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بکرێ و ڕێگە بە حوکمڕانیی نێوخۆیی بدرێت. بەجۆرێک کە پێداویستی و خواستەکانی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات وەبەرچاو بگیردرێن.

دوکتور قاسملوو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی کەمایەتییەکان، نەک تەنیا هەر کوردەکان، بەڵکو هەموو گرووپە پەراوێزخراوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران بوو. ئەو خەونی بە دامەزرانی کۆمەڵگەیەکەوە لە ئێراندا دەبینی، کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتووره جیاوازەکان، بتوانن بە هاوئاهەنگی و دوور لە جیاکاری و هەڵاواردن، لە پێکەوەژیانێکی پڕ لە ئاشتی و تۆڵێرانسدا بەسەربەرن.

دوکتور قاسملوو جگە لە هەوڵەکانی لەپێناو مافەکانی گەلی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پێشخستنی دۆزی کورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا هەبوو. ئەو بەردەوام کاری بۆ وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتی دونیا، سەبارەت بەدۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرد. لە هەموو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسیی بۆ خەباتی گەلی کورد و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کەڵکی وەردەگرت.

دووربینیی سیاسی و پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دیموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێرانیش هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی سێکۆلار و دێموکرات بەتوندی دژایەتیی ڕێژێمی ئیسلامیی ئایەتوڵلاکانی دەکرد. ئەو ڕێژیمی ئاخوندیی بە مەترسیی بۆ سەر ئازادی، پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و مافەکانی مرۆڤ دادەنا. بۆیە بەردەوام بۆ یەکخستنی ئێرانییەکان بە هەموو پێشینە و ڕوانگە سیاسیە جیاوازەکانیانەوە بۆ ڕاوەستان لەدژی نیزامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا و جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار دەکردەوە.

**پووشپەڕی: ۲۷۲٤**

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یاد لە میراتی سیاسی و فکریی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە، زۆر گرنگە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و سوننەتی خەباتگێڕانەی ئەو پێ دابگرینەوە. ئاخر لە ئێراندا کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پڕۆژەی سیاسیی قاسملوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوور، لەسەر بنەمای دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی مرۆڤ، هەروەک جاران ئاکتوێلە. بۆیە ئەرکی سەرشانمانە، چ کوردەکان و چ خەڵکانی دیکەی ئێران، وەک یەک چالاکانە بۆ بەرزڕاگرتنی ئایدیاڵ و ئارمانج و پرەنسیپە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو کار بکەین. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگای بردنەپێشی خەبات، پەروەردە و بەشداریکردنی چالاکانە لە تێکۆشانی سیاسیدا جێبەجێ بکرێ. پێویستە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە میللی و دێموکراتەکان، لەپێناو پێشخستنی دۆزی دێموکراسی و مافی کەمایەتییەکان لە ئێراندا تێبکۆشین.

جگە لەوەش دەبێت بەردەوام بین لەسەر بردنەپێشی ڕوانگە و بۆچوونەکانی دکتۆر قاسملوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بە وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا سەبارەت بە بەرحەقبوونی خەباتی گەلی کورد، سەبارەت بە پێویستی دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، دەتوانین ئەمڕۆش پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پڕۆژەیە ڕاکێشین کە د. قاسملوو کاری لەسەر دەکرد. پڕۆژەیەک کە ڕێگا چارەی هەموو ئەو گیروگرفتانەیە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بەدەستیانەوە گیرۆدەیە.

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتۆر قاسملوو بپارێزین، دەوڵەمەندتری بکەین و تێبکۆشین لەگەڵ فاکتەر و ئاڵوگۆڕە تازەکان هاوئاهەنگی بکەین. ڕۆڵی قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خەباتگێر و شێلگیربوونی ناوبراو لەسەر بردنەپێشی دۆزی کورد، وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو چاوی لێ دەکرێت. لە ڕێگەی یادکردنەوەی بەردەوامی، لەڕێگەی دەستپێشخەریی پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگی سیاسی قاسملوو، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی ناوبراو هەمیشە لە دڵماندا زیندووە و ئایدیاڵەکانی لە ڕێنماییکردنی خەباتی ئێمە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی عادڵانەتر، ڕێنیشاندەرمانن.

لە ۳٥مین ساڵی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو دا، جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تەنیا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو ژیان و گیانی خۆی بۆ بردنەپێشیان تەرخان کرد -دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی کەمینەکان- دەتوانین وەفاداری و ئەمەگناسی خۆمان بەرانبەر خەبات و تێکۆشانی ئەو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی نیشان بدەین. تەنیا ئەوکاتە دەتوانین بەڕاستی ئاوات و ئارەزووەکانی قاسملووی


## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

ئەمر بەدی بهێنین کە سیستەمێکی دێموکڕاتیک لە ئێراندا دامەزرابێ، بەجۆرێک کە هەموو هاووڵاتییان بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەیشتبن.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

---

# قاسملوو، ڕێنسانسێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد




**شاڕوخ حەسەنزادە**

ڕێنسانس وەک بزووتنەوەیەکی هزری و ئاوەزمەندی لە کۆتاییەکانی سەدەی چاردە لە ئیتالیا سەری هەڵدا، خێرا بەشی هەرە زۆری ئورووپای تەنی و نەریتە کۆنەکانی کردە بڵقی سەرئاو و چەمکگەلی وەک مرۆڤتەوەریی خوڵقاند، بایەخی بۆ هونەر و وێژە گەڕاندەوە، پێناسەی نوێی بۆ ئۆل و ئایین دوای وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز، دەستەبەر کرد، زانستی جۆراوجۆری داهێنا و بیروبۆچوونی فرەی هێنایە کایەوە.

لەو سەردەمدا کەسایەتییەکی وەک "ماکیاڤێلی Niccolò di Bernardo dei Machiavelli" لەنێو میرنشینەکانی ئیتالیا(میدیچی) سەری هەڵدا و کتێبێکی لەسەر زانستی سیاسەت بەناوی "شالیار" نووسی. ناوبراو لەو کتێبەدا، سەرجەم میرنشینەکانی هان دا بۆ دەستەبەرکردنی هێزێکی یەکگرتوو و دامەزراندنی نیشتمانێکی یەکپارچەی سەربەخۆ. ئەو پێی وابوو "تەنیا ڕێگای چارەسەری کێشەکان و گەیشتن بە ڕێگاچارەی کۆتایی بۆیان، یەکگرتوویی سەرتاسەری میرنشینەکانیی

ئیتالیایە کە تەنیا بە سەرۆکایەتی "شالیار"ێک بووز دەخوا کە لەم ڕێگەیەدا شێلگیرانە هەوڵ بدا هیچ جۆرە لەبەرچاو گرتنێکی دۆستانە، ئەخلاقی، ئایینیی نەبێت، چوونکە ئەمانە دەبنە لەمپەر و زی!"

چەند دەیە دوای ڕێنسانیی ڕۆژئاوا، لەبەر نزیکایەتیی جوغرافی لەتەک بەشی باکووری نیشتمانی کوردستان، شنەی فێنکی ئەو گۆڕانکاریی و نوێبوونەوەیە لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانلی هەڵدەکا، کەسایەتییە کوردەکانیش وەخۆ دەکەون و دەست بە نووسین دەکەن، بەو جیاوازییە کورد بەپێچەوانە؛ گرنگی و بایەخی زیاتر بە وێژە و ئەدەب دەدا و نەهامەتییەکانی وەک قوربانییەکیی مێژوویی لەدەست "ئەوانیتر"دا دەبینێتەوە. ئەحمەدی خانی وەک کەسایەتییەکی ناوداری کورد لە سەردەمی هەڕەتی میرنشینە کوردەکان، هەموو کوڵ و زوخاوی خۆی لە "مەم و زین" وەک یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی وێژەی کلاسیکی زمانی کوردیدا هەڵدەڕێژێت کە چیرۆکی ژینی کورد بە درێژایی دیرۆک لەو هۆنراوەیەدا بە شێوەی نیشانەناسانە دەخوێنییەوە. خانی لە 'مەم و زین"دا ویستی ئەوە بووە بیروڕای خۆی لەهەمبەر پرسگەلی جۆراوجۆری دۆزی کورد بەو شێوازە هێماییە دەرببڕێت و مەم و زین وەک پاساو و بیانوو بۆی بێنیتەوە:

"شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە
زین و مەمێ بکەم بەهانە"...

ئەو چیرۆکە تراژێدیکە کە نووسەرەکەی هەوڵی داوە لە زۆربەی زاراوەکانی کوردی کەڵک وەربگرێ، بە نەورۆز وەک هێمای جێژنێکی نەتەوەیی دەست پێدەکات، ئەویندارى و سرووشتی خەمتاوێنی نیشتمان دوو دیاردەی هەرمانی ژینی کوردانەن، هەروەها نیشانەی "بەکر" وەک هێمای شۆڤار و گوێبەل لە بەرامبەر "تاژددین" وەک نیشانەیەک لە مێرخاسی، ئەمەگناس و خەباتکار لە تاکی کورد. خانی لە مەم و زیندا هانی کوردی داوە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژ بە داگیرکەران ڕاپەڕن و بجووڵێن. لە شێعرێکی ناوازەشدا وەک یەکەم شاعیری نەتەوەپەرەستی کورد باسی یەکیەتی و یەکگرتووی و لەهەمان کاتدا زەبوونیی گەلانی داگیرکەر دەکا و دەڵێ:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک

ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە ڕا دکر غولامی

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

**تەکمیل دکر مه دین و دەولەت**
**تەحسیل دکر مه عیلم و حیکمەت"**

دوای خانی گەلێک کەسایەتی و مێرخاسی کورد چ وەک تاک و چ وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستیان بە چالاکی کردووە و تێچووەکەشیان بە دانانی گیانی خۆیان داوە. سەدەی بیستەم دەستپێکی شۆڕشە جدییەکانی نەتەوەی کوردە. لەو سەدەیەدا بە تایبەت دوای شەڕی یەکەمی جیهانی؛ گەلێک شۆڕش و ڕابوون بە شێوازی چەکداری و تەنانەت مەدەنی و سیاسی و کاری دیپلۆماسییش هەوڵ دەدەن لە دامەزراندنی حکوومەتە نوێیەکان بە پاڵپشتی ڕۆژئاوا کورد سەری بێ کڵاو نەمێنێتەوە. بەڵام هەموو هەوڵەکانییان لەبەر ئەوەیکە "کورد لە ئاوابەندیی سیاسیی ڕۆژئاواییەکان هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکرابوو"، و لەلایەک دیکەشەوە بەهۆی "پەرتەوازەیی و پێکەوە نەحاوانەوە"، کوردستان تەریک کەوتەوە.

دوای نوشست و شکستەکانی بزووتنەوەی کورد لەهەرکام لە پارچەکانی کوردستان، لە دەیەی ٤٠ی زایینی سەدەی بیستەم بە دامەزرانی یەکەم حیزبە مۆدێرنەکان لە ڕۆژهەڵات و دیاریکردنی ستراتیژیی ڕوون، ئەو بەرنامەیەش وەدی دەهات کە بۆ گەیشتن بە ئامانج کورد دەبێ پێنج خاڵی سەرەکی لەبەرچاو بگرێ: دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی پێشکەوتوو، میدیا و ڕاگەیاندن، ستراتیژیی دیاریکراو، هەبوونی سەرکردایەتییەکی ژیر و بوونی هێز(پێشمەرگە).

تەمەنی یەکەم کۆماری کوردستان و سەرۆککۆمارەکەی کورت بوو، بەڵام بناغەی ئەو ئایدیایەی بە میرات بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بەجێ هێشت کە دواتر، کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو توانی لاپەڕەیەکی زێڕینی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردیی پێ بخەملێنیت. کاک دکتور وەک کەسایەتییەکی سیاسی، زانستی، ئاکادێمیک، دیپلۆمات و پێشکەوتوو لە قۆناغێکدا لە مێژووی قەیراناویی کورد و حیزبی دێموکرات هاتە مەیدان کە بزووتنەوەی کورد پێویستی بەو جۆرە لە کەسایەتییە کاریزماتیکە زۆرزانە هەبوو، هەتا خۆی لە شێوە ڕوانینی خەباتی کلاسیک و چاولێکەری و پاشماو جیا بکاتەوە و گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ئایدیا و تێڕوانینەکان بۆ دەستەبەر بوونی مافی کورددا بێنێت.

لە ڕوانگەی ماکس ڤێبەرەوە کە وەک یەکەم کۆمەڵناس لە وشەی سەرۆک و ڕێبەریی کاریزماتیک لە تیۆری بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەییدا کەڵکی وەرگرتووە، کەسایەتیی کاریزماتیک کەسێکە هێزی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی هەبێ و بە زانایی و تایبەتمەندیی بەرزی ئەخلاقی وەدیهێنەری لەخۆبوردوویی و هەستی پشتبەخۆبەستن لەنێو ئەو کەسانەی بڕوایان پێکردووە بەرز بکاتەوە. بە ڕوانینی ڤێبەر، سەرکردەی کاریزماتیک خاوەن توانستی مەزن، لێزانیی تایبەت و تەیار بە تایبەتمەندی بەرزی کەسێتییە. دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە، بەشی هەرەزۆری ئەو سەرکردە ناوازانە بەرهەمی قەیرانی ئاراییین و وەک

ڕزگاریدەرێکن کە خەڵکەکەیان لەو قەیران و گرفتانە قوتار دەکەن.

قاسملوو بەو تایبەتمەندییانەی هەیبوو وەک ڕێبەرێکی لێوەشاوەی کاریزماتیک لە هەموو دەرفەتەکانی خەبات (وتووێژ، خەبات و بەرگریی چەکداری، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، میدیایی و...) کەڵکی وەردەگرت. بە واتایەکی دیکە هێزی پێشمەرگەی بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی حیزب لە چوارچێوەی مەیدانیی دیپلۆماسی و بانگەشەی گوڕوتین خستنی کۆمەڵگە بە هەرماویی خەبات ئاراستە دەکرد. قاسملوو لە سەردەمی ڕێبەری حیزبی دێموکراتدا توانیی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی بانخۆزاو پەرە پێ بدا و جگە لە خۆی، حیزبیش لەنێو خەڵکدا خۆشەویست و شیاوی متمانە بکات. ئەو جیا لە نووسینەوەی ئەساسنامە و ئامانج و ڕوانینی نوێ بۆ حیزب، توانی حیزب لە ژێردەستیی "تودە" و "پارتی دێموکرات" بکێشێتە دەر و سەربەخۆیی سیاسی بۆ گەڕاندەوە.

لە دەرەوەی بازنەی خەباتی دەروون تەشکیلاتی حیزبی، بە هێنانە ئارای تێرمی نوێ لە زانستی ئابووری سیاسی، بەرچاوی کۆمەڵگای دەستەبژێریی کوردی ڕوونتر کردەوە. لە قوتابخانەی فرانکفۆرت یان "ڕەخنەگرانە"، کە ئامانجی ئەو قوتابخانەیە ئەوە بووە بەئاشکرا ڕەخنە لە پێکهاتە و بنەمای دەستەڵات بگرێ، چوونکە پێیان وایە قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئاریشە و کێشەکانی، زیاتر بۆ قەوارەی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی کولتووری دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم هزرە لەسەر بنەمای ئایدیای نوێمارکسیستی هەڵچندراوە، بەڵام زۆرجار ڕوانینی ڕەخنەگرانەی پێوە دیارە و تەنانەت خودی مارکس و بیرۆکەکەیشی هەڵدەشێلێ. ئەو بیرمەندانە وێڕای ئەوەیکە سەر بە ڕێبازی مارکسن، بەڵام لە زۆر ڕووە قەدەرگەرێتی یان جەبرگەرایی (determinism)ئابووریی مارکس و سەرنجنەدان بە لایەنەکانی دیکەی کولتوور دەخەنە بەر ڕەخنە، د. قاسملووش وەک کەسێکی ڕەخنەگر لەم بوارە بە نووسینی کورتەباس ئەو باسە دێنێتە گۆڕ و لایەنی جێخستنی سۆسیالیزم لەنێو کولتووری کوردان بە ڕوانینی ئاوارتەی خۆی شی دەکاتەوە. ناوبراو ئاوابەندیی کۆمەڵایەتی، هزری و مێژوویی مارکس پەسند دەکات بەڵام بە شێوازی خۆی بناغەیەکی نوێ بۆ ئیدەئالی ڕێکخراوەیی لە دوارۆژی کۆمەڵگەی کوردی دادەمەزرێنێت کە وەڵامدەری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیشتمانەکەیەتی و بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ بەرژەوندیی نەتەوەیی دەگونجێ کە زۆر لایەنی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەیە.

"ئەگەر سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک بە پێناسەی کورتەباس (١٩٨٣) ڕێگەی سێیەم بوو لە نێوان سۆسیال دیمۆکراسی و کۆمۆنیزم (سۆسیالیزمی مەوجوود) واتە سنووربەندی هەم لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی هەبوو و هەم لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود و هەوڵێک بوو بۆ دابینکردنی سۆسیالیزمێکی ڕاستەقینە تێکەڵ بە دێموکراسییەکی حەقیقی. ئێمە لەم

خوێنـدنەوەیە نـوێیەدا لەنێـوان سۆسـیالیزمی دیمۆکراتیـک لە لایەک و نیـولیبرالێیزم و چەپـی ڕادیکـاڵ لەلایەکـی دیـکە سنووربەندی دەکەیـن. لە ڕاسـتیدا هەروەک لە نـامیلکەی "کورتەبـاس"دا بە ڕاشکاوی گـوتراوە «سۆسـیالیزمی دێموکراتیـک» لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی جیاوازیی هەیە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ئیددیعایە دەتوانین ئاماژە بەم ئیستدلالانە بکەین:

- سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پێناسەکراو لە کورتەباسدا، ئانالیز و لێکدانەوەی مارکسیزمی لەسەر سەرمایەداری پەسەندە.
- سیسـتەم (نظـام)ی سـەرمایەداری ڕەت دەکـاتەوە و دەڵـێ سـەرمایەداری وەک نیزامێکـی کـۆمەڵایەتی لەلایەن مێـژووەوە مەحکوومە.

- بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم وەک سیستمێکی ئابووری . کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدا کە تێیدا هەر کەس بەپێـی لێهـاتوویی کـاری پێ دەسپێردرێ و بەپێی کارەکەی حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.

- خاڵە جیاکەرەوەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی ڕووسی یان سۆسیالیزمی ئارایی
لەگەڵ ئەو پـاوانخوازی و تۆتالیتـاریزمەی کە کۆمـۆنیزمی ڕووسـی یـا سۆسـیالیزمی ئـارایی بەڕێـوەی دەبـا لەگەڵ سۆسـیال دیمۆکراسی هاودەنگە، هەر بۆیە جەخت لەسەر دێمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک دەکا.

- تێڕوانینی مارکسیستی لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر نە هەمووی بەڵام زۆر بنەمای لێنینیزم وەلانراوە و ستالینیزم بەتەواوی ماڵئاوایی لێکراوە.

- ئەم سۆسـیالیزمی دیمـۆکراتیکە شکڵێکە لە ئاکـامی دوو خەت یـان دوو نەریـت، واتە هەوڵـدانێکە بـۆ تێکهەڵکێش کردنـی حەرەکەتێکی واقیعی بەرەو سۆسیالیزم بە دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینە".(بـازیـار، ٢٠١٩)

کاک دوکتور، وێڕای ئەوەیکە چەپێکی دێموکرات بوو، لە هەمان کاتدا شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی بـوو. بەردەوام باسی لە پرسی کورد و چارەسەرکردنی بە شێوازی ئاشتیانە کردووە و بەر لە کوردسـتان، دێموکراسیی بـۆ ئێران خواستووە؛ چوونکە پێـی وابـووە بەبێ دێموکراسی لە ئێرانێکی دیکتاتۆریلێدراودا کە قەت دێموکراسی بەخـۆیەوە نەبینیـوە مافەکـانی گەلـی کـورد و

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

باقی گەلانی دیکەی نیشتەجێ لەم جوغرافیایە دەستەبەر نابن؛ جا بەپێی ئەزمونی خۆی لە دوو جۆر ڕێژیمی پاشایەتی و ئۆلی زۆر بەڕاشکاوی ڕای خۆی دەربڕیوە. هەر لەم پێوەندییەدا سنووربەندییەکی دەگەڵ جۆری حکوومەتەکان لە ئێران وێنا کردووە کە هەتا ئێستاش دوای چەند دەیە کاری پێ دەکرێ؛ قاسملوو لە دوامین وتووێژی خۆیدا دەگەڵ بەشی فارسیی "بی بی سی" وێڕای ئەوەیکە جەخت لە پلۆرالیزم و ئازادیی ڕا دەربڕین لەتەک ئازادیی زمانە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، باس لە نەبوونی هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەک دەکاتەوە و دەڵێ: دیکتاتۆری ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران دابین بکا، جا چ دیکتاتۆریی پاشایەتی بێ، چ دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی؛ تەنانەت باس لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش دەکا کە ئەو سەردەم ئەو چەمک و واژانە زۆر لە برەودا بوون و لایەنگری زۆر و تایبەتیان هەبوو.

دوکتور قاسملوو لە درێژەدا باسی ئەوە دەکات کە: ئێران پێویستی بە سیستەمێکی دێموکراتیک هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگ و مێژووی ئێمە و بە پاراستنی ڕێساکانی دێموکراسی، هەروەها جاڕنامەکانی جیهانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافەکان مرۆڤ، دەکرێ وڵات بەرێوە بچێ. هەربۆیە دوکتور قاسملوو دژایەتیی دەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە هەیە کە دەخوازن بەهەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ جۆرێک ڕێژیمی نادێموکراتیک دابمەزرێننەوە و پێی وایە: "هەر لایەنێک بیهەوێ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر دابمەزرێنێت دژایەتی دەکەین بۆیە دەگەڵ پاشاخوازەکان هەڵناکەین و ئامادەی هاوکاری دەگەڵ ئەو ڕەوتەمان نییە، چونکە بە ڕای ئێمە مێژوو سەلماندوویەتی کە سەڵتەنەت واتە چەوساندنەوە".

ئەو کاروچالاکی و بەرنامانە و شێوازانەی خەبات لە ماوەی ڕێبەری د. قاسملوودا بەڕێوە چوون و هەتا ئێستاش کەموزۆر ماون و حیزبی دێموکراتی وەک کولتوورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا جێگیر کردووە، بەرهەمی هزری کراوەی سەرکردەیەکی بلیمەت و هەڵکەوتووی کورد بوو کە توانی ڕێنسانسێک لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات خۆیا بکا، هێنانە ئارای چەمکگەلی مۆدێڕن و نوێ، پەرە بە دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی، شۆناسخوازی نەتەوەیی، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی و پلۆرالیزم، دژایەتی دەگەڵ تیرۆریزم، باوەڕمەند بوون بە پرسی ژنان، باوەڕمەند بوون بە ئەخلاقی سیاسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، فیداکاری و لەخۆبردوویی، باوەڕ بە ڕیفۆرم، سەداقەت و دەستپاکی و... بەشێک لەو چەمک و ئەزموونانەن کە لە سیاسەتی حیزبدا کاری پێ کرد و وەک بنەما و بناغەی کاری ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی بە تۆکمەیی هەتا ئیستاش هێشتووتەوە.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# حەسەن حاتەمی: لە شەڕی بەرفراوانی حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیلدا ئەگەری تێوەگەلانی کۆماری ئیسلامیی زۆرە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

گرژییەکانی ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان لە ناوچەکە هەر ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنن و ئەم گرژییانە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی گەورەی لە ناوچەکەدا بەهێز کردوە کە دەتوانێ کاریگەری زۆری لەسەر داهاتووی سیاسیی ئێران و ناوچەکەش هەبێت. لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کاک حەسەن حاتەمی، چاودێری سیاسی باس لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژەڤی ئێران و ناوچە دەکەین.

**شەهرام سوبحانی:** کاک حەسەن وەک دەبینین گرژییەکانی ئیسرائیل و حیزبوڵڵا لەم ماوەدا پەرەی سەندووە بە بڕوای بەڕێزتان ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە ئارادایە؟

**حەسەن حاتەمی:** وەزعییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی و شەڕی پڕ خوێن و پڕ تێچوو و تەژی لە ڕووداوگەلی زۆر ناخۆش، بەتایبەتی لە دوای کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣دا، وەزعێکی وای خوڵقاندووە، کە هەرئان و ساتێکی ئیمکانی کارەساتی زۆر لەوە گەورەتر لەو ناوچە ئاڵۆز و پڕ کێشەیە هەیە، کە ئەگەری شەڕی بەفراوانی نێوان حیزبوڵڵای

لوبنان بیخوێنەوە سپای پاسدارانی دووهەمی کۆماری ئیسلامی ئێران- و ئیسرائیل یەک لەوانە چونکە دامەزرانی حیزبوڵڵا و پەرەگرتن و بەرفراوانی لە لوبنان بە یارمەتی و هەوڵدانی ڕاستەخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چوارچێوەی بیری ئازادکردنی فەلەستین و لەنێوبردنی ئیسراییل دا، لە گەرمەی شەڕی ١٤ ساڵەی نێوخۆیی ئەو وڵاتە و لە ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) وە بوو بە گرینگترین و نیزیکترین خاڵ بۆ کێشەی ئیسراییل و فەلەستین لە چوارچێوەی شەڕی عەرەبەکان و ئیسراییل دا.

**شەهرام سوبحانی:** سەرهەڵدانی ئەو شەڕە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیشی تێوە بگلێ؟

**حەسەن حاتەمی:** کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی وڵامی پرسیاری یەکەم، بەردەوام کەم و زۆر دوور و نیزیک لەو شەڕەدا بەشدار بووە و هەیە. قسەکانی حەسەن نەسرۆڵڵا لەو بوارەدا، کە هەموو کەل و پەلە پێداویستییەکانی ڕێکخراوە تێرۆریستی و ئاژاوەگێڕانەی کە لە زنجیرەی «مقاومت» و قەرەبووی هەموو تێچووەکانی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دا، بە تایبەتی شەڕی ٣٣ ڕۆژەی ٢٠٠٦دا، تەنانەت خزمایەتیی پێکهێنان لە ڕێگەی ژیانی هاوبەشی کچان و ژنان ئێرانی ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان و پێچەوانەکەی لە لایەک و چەک و چۆڵی نیزامی و لۆجستیکی و بارهێنان و پەروردەی «ئەولادەکانی شەڕی بیری قاسم سولیمانی و سپای قودس» لەلایەکی دیکە، لە ئەگەری شەڕی بەرفراوانی حیزبوڵڵای لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل، تێوەگەلانی پتری کۆماری ئیسلامیی هەیە، کە نەتەنیا خۆی بەڵکوو هەموو گرووپە پرۆکسی (نیابەتی)یەکانی کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیەتی و بە ناوی «هلال شیعه» دەناسرێن لەو شەڕە دەگلێن.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا گۆڕانکاریی نوێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست لە ئارادایە؟ و ئەم گۆرانکارییە چەندە دەتوانێ بە قازانجی نەتەوەی کورد بێت؟

**حەسەن حاتەمی:** هەروەک دوای کارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ بەشێک لە سیمای جیهان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕا، کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ لە هێرشکردن بۆ ئیسراییل و قەتڵ و عام و کوشتاری بە کۆمەڵ و بارمتەگریی و تێکدانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هۆی «پیمان ابراهیم» بەرەو ڕەوتی گەورەتری ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەچوو کە لەوانە بوو بە کەمترین تێچوو دەوڵەتی لانیکەم دیفاکتۆی فەلەستینیشی لێ دروست بێ، بەرەو ئاقارێکی زۆر ناخۆش و شەڕ و وێرانی چووە. ئەو ڕووداوە کە پتر لە ٩ مانگ تێپەڕاندە و و تراژیدییەکی مرۆیی و وێرانی لێکەوتۆتەوە. گۆڕانکارییەکی زۆر پێویستی لەسەر میزەکانی بڕیارداندا، داناوە و لە ژوورە فیکرییەکانی ئەمنییەتی

ناوچەیی و جیهان باسەکانیان گەرمە. نەتەوەی کورد بەداخەوە لە سەدەی ٢٠ دا و لەگەرمەی شەڕی جیهانی یەکەم بە جۆرێک دابەشکرا، کە ماددەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ ی پەیمانی سێڤریش ئیمکانی پێکهێنانی کیانێکی نە تەنیا سەربەخۆ بەڵکوو خۆجێییشی بۆ نەڕەخسا. ئەو نەتەوە دابەشکراو و ماف پێشێلکراوە، پتر لەشەڕەکانی جیهانی و یا ناوچەیی کە دەسەڵاتی ناوەندیی لاواز بوون، توانای هەوڵدان و تێکۆشانی بەرجەستەتر و بەدەستکەوتتر بووە. بۆ وێنە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دروستبوونی حیزب و ڕێکخراوەکان پتر لەنێو کوردان و خەباتی دەیان ساڵەی کورد و کوردستانییەکان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەتا پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و ئازادیی ڕێژەیی و بەڕێوەبەریی خۆجێی لە ڕۆژئاوا، تا ئێستا ئەو بەرهەمانە بوون کە وەدەست هاتوون. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی مەدەنی ئازاد کرا. بەڵام بەداخەوە لە یەکەم بەهاری ئازادیدا، کە خوێناوی کرا، ململانێی ئازادی و گەیشتن بە مافەکان لە بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژەی هەیە. کەوابوو هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک کە دەسەڵاتی ناوەندی کە نیشتیمانی کوردانی تێدایە، لاواز بێ یا جۆرێک دێموکراسی و بەفەرمیی ناسینی مافەکان بە کردەوە ئیجرا کرێن، سوودی گەلی کوردی تێدا دەبێ.

**شەهرام سوبحانی: لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ئەگەری دروستبوونی فەزایەکی سیاسی و مەیدانی چۆن دەتوانن ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ نێوخۆیی وڵات؟**

**حەسەن حاتەمی**: لەنێوخۆی وڵات بەگشتیی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە خەرمانانی ١٤٠١ و شۆڕشی ژینا لە درێژەی خەباتی پتر لە ٤٠ ساڵە بە ڕەهەندی جۆراوجۆردا، بەرەو بزووتنەوی شۆڕشگێڕی هەنگاوی نا و هەموو گەلانی لە ئێران بەشێوەی ڕێژەیی، بۆ نەویستنی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی، سپایی، مافیایی، ئەمنییەتی زۆر بوێرانە و بە دروشمی "ژن، ،ژیان، ئازادی" لە کوردستان بەرەو هەموو ناوچەکانی جوغرافیای ئێران و بەشێکی زۆر لە جیهان چوو، کە ڕێژیمی هەتا لێواری نەمان برد. ئەو پتانسیلە سەرەڕای سەرکوتی بێ بەزییانە لە هەناوی کۆمەڵگەکان لە ئێران بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێک هەر هەیە. نیشانەکانی ئەو وەزعیەتە لە چوار جار لە بە ناو «انتخابات»تەکانی ڕێژیم بە باشی ڕەنگیان داوەتەوە، کە لە ١٦ی پووشپەڕی ١٤٠٣دا، وەلی موتڵەقەی فەقیهی دووهەم (عەلیی خامنەیی) ناچار بە پاشەکشە و جۆرێک لە «نرمش قهرمانە» بردوە. لەو بەستێنەدا، یەکێک لەگرینگترنیان شوێنەکانی جێی متمانەی گەلی کورد و کوردستانییەکان ناوەندی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵامی کۆمەڵگەی مەدەنی و ماف ویستان و کەرامەتخوازانی مرۆیی کە لە «قتل سیاسی حاکمیەتی» ژینا کچە کوردی بە مەهسا کراو، لە تاران بە یارمەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لاوەکان، ژنان و کچان و نەسڵی نوێی (زێد) بوێر و چاونەترس کە بە هاتنە مەیدان،

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

مێژوویەکی نوێیان تۆمار کرد، بە ڕوودانی هەر ئەگەرێک، زۆرترین ئامادەیی لەنێوخۆ دروست دەبێ، بەو مەرجەی هەم یەکگرتوویەکی پتەوی کورد و کوردستانی، لەلایەک و یەکڕێزی نەتەوەکانی نافارس و فارس بە هەست بە بەرپرسایەتی تاکوو کۆی دیکتاتۆر نەویستان و مافخوازتەوەرکان لە دنیای کلیک (کرتە) کان، لەلایەکی دیکە، هاوپێوەندی و هاوخەباتی بەرفراوان دەتوانێ لەنێوخۆ و دەرەوە جێبەجێ بێ.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو شەڕە چەندە کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری، و ... کۆماری ئیسلامی دەبێت؟

**حەسەن حاتەمی**: چ ئەو شەڕەی لەسەرەوە باسی کرا و چ شەڕی ڕووسییە و ئۆکراین، کە کۆماری ئیسلامی بە شێویەک خۆی تێوەگلاندوە و هەر شەڕ و تێکهەڵچوونێکی دیکە، کاریگەرییەکی فرەی لەسەر وەزعییەتی، ئابووری، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی گەلانی پێکهاتەی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ. هەرچەند بەداخەوە وەلی فەقیهی یەکەم (بە ئایەتۆڵلاکراوی مەزهەبی، خومەینی) بە دەنەدانی هەڵایسانی شەڕی ئێران و عێراق و ٨ ساڵ لەو شەڕە کە ٦ ساڵ و نیوی درێژی دروشمی زۆر نادروستی «شەڕ شەڕ هەتا تەواوبوونی فیتنە لە عالەم» بوو، کە بە خواردنەوەی «جامی ژەهر »ە، بەناوبانگ ئاگر بەست کرا. وەلی موتڵەقەی فەقیهی دووهەمی بە ئایەتۆڵڵای سیاسی کراو، عەلیی خامنەییش بە دروشمی «محور مقاومت» و پەرەپێدان بە شێعەگەریی لە جیهان لەژێر بیری «تمدن اسلامی»، بەردەوام لە شەڕی نهێنی و ئاشکرا دایە و بەرهەمەکەشی، هەڵاوسانی پتر لە ٥٠٪ ی، وەزعی شپرزەی ئابووریی گەلانی ئێران، بوونی بە میلیۆنان موعتاد، دابەزینی پووڵی نەتەوەیی بۆ نزمێکی سەر سووڕهێنەر، زۆرترین قاچاغی مادده هۆشبەرەکان و دروستکاری حەبە مەترسیدارەکانی جۆری دووهەمی هۆشبەری، سەرکوتی بەردەوامی ژنان لە شەقامەکان و گوشاری زۆر بۆ زیندانییە سیاسییەکان و چوونە سەری زۆری گیان لێئەستێندراوکان لە گرتووخانەکان و وڵامدەرنەبوون لە ژیانی کۆڵەمەرگی گەلان لە ئێران و گیان و ژیانی مرۆڤەکان بە هێند نەگرتن لە بەر بیری مەزنیی خوازیی و بناژۆیی(بنیادگرایی) کە بناخەکەی لە سەر شەڕ و ئاژاوەیە، کە ڕێژیم بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا و بە قەوڵی ڕەفسەنجانی: ئێران بە ڕادەی یەک قارە ئیمکاناتی هەیە...بەڵام ناکارامەترین دەسەڵاتی هەیە و وەزعی ناسەقامگیر و کارەسات بارە.


کاک حەسەن زۆر سپاس بۆ بەشداریت و ماندووش نەبی

**حەسەن حاتەمی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# چەمکی سەربەخۆییخوازی لە ئەندیشەی شەهید دوکتور قاسملوودا



ناسر باباخانی

## ئاماژە:

ئەم وتارە خوێندنەوەیەکی گشتی و بەپەلەیە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەندێ دەقەکانی شەهید دوکتور قاسملوو سەبارەت بە پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، وەک یەکێ لە ڕەهەندە فکرییەکانی دوکتور قاسملوو لە دەڤەری سیاسەتدا. واتە ئەم مافە وەک حەز و خولیا، وەک ئارەزوویەکی دوورەدەست لە زەینی سەرکردەیەکی سیاسیی کورددا چۆن لەگەڵ چەمکی ڕێئال پۆلیتیک واتە واقعبینیی سیاسی بە شێوەیەکی هاوتەریب بوونیان هەبووە. دەبێ ئەم خاڵە گرینگەمان لەبەر چاو بێ کە حەولی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافی سەربەخۆیی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە کزی دەدا - لانیکەم لەباری کردەییەوە - کە ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە سەر تەکوزیی نوێی نێونەتەوەیی، ساز بوونی دەوڵەتانی تر کە دەبنە لەمپەری سەربەخۆیی کورد، دۆخی ژێئۆپۆلیتیک و دابەشبوونەوەی کوردستان کە بە جۆرێ ئیزنی سازبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکا بە ئارەزوویەکی دوورەدەست!

هەروەها چۆن تێرمی "پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی" دەکا بە دەستەواژەیەکی کلیدی بە ناوی "یەکیەتیی نەتەوەیی" بۆ ئەوەی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراو وەک مافێکی سروشتی پێناسە بکا.

لەم وتارەدا ئاوڕ دراوەتەوە سەر ڕۆڵی شەهید دوکتور قاسملوو وەک کارگێڕێک کە ئاستی شوێندانەرییەکەی بۆ پرسی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" تا چ ڕادەیەک بووە، چ وەک بیردۆزێکی سیاسی، چ وەک ستراتژیستێکی سیاسی و چ وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک.

***

هەموو پرسێک لەدایکبووی سەردەمی خۆیەتی، واتە دەبێ بە پێوەری دووانەی کات – شوێن پرسەکە شرۆڤە و ئانالیز بکرێ. ئەگەر ئەمڕۆ نەغمەی سەربەخۆیی لە شەقامی کوردی دێتە بەر گوێ و، لە زەینەوە هاتووە بەرەو عەین و ئەم تابۆیە چی تر بڤە نییە، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا و لە گوتاری هیچ هێزێکی سیاسیدا ئەم پرسە بوونی نەبوو. تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەهەر چوار پارچەی کوردستان وەک دیسکۆرس نادیترێ. بۆیە زۆر گرینگە ئەگەر بکرێ بە فاکت و بەڵگەوە بتوانین پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس لە زەینی دوکتور قاسملوودا شەنوکەو کەین. پێداگری لەسەر ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە خوێنەری بەڕێز بۆ ماوەیەکی زەمەنیی نیزیک بە پەنجا ساڵ بۆ دواوە بگەڕێنمەوە و لە کەشوهەوای ئەو کاتدا سەیری بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو بکا. مەبەستم ئاوانگاردی زەینی شەهید دوکتور قاسملوویە، هەم بە نیسبەت پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، هەم بە نیسبەت کۆمەڵگای ئەوان سەردەمان.

***

لە ماوەی سەرکردایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەهۆی کەسایەتیی ناسراوی لە ئورووپا و هەروەها ناسیاویی لەگەڵ سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ببوو بە ڕۆژەڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە، وەک نموونە: گاردییەن (بریتانیا)، لۆمۆند (فەڕانسە)، دێیلی تێلێگراف (بریتانیا)، لوسوار (بلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بریتانیا)، هیراڵد تریبیۆن (ئەمریکا(، سەندەی تایمز (بریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمان)، نیوزویک (ئەمریکا)، فایناننشاڵ تایمز (بریتانیا)، فیگارۆ (فەڕانسە)، فرانکفۆرتر ئالگماینێ (ئاڵمان) و هتد، تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاو دەکاتەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین ڕۆژنامەی فەڕانسە لە کاتی لە لووتکەدابوونی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ:

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

**"ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ نەخشەیەک بوونی نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان ڕادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن..." فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: "نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق، سووریە و یەکیەتیی سۆڤییەتدا دابەش کراوە کە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان سەرکوت کراون".**

ئەمە واتە لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا، لە سەردەمی نەبوونی تۆڕی بەربڵاوی ئینتێرنێت تەنیا ستراتژیستێک دەتوانێ سەرنجی میدیای زەبەلاحی سەردەم بۆ پرسی کورد ڕابکێشێ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە باس لە وڵاتێکی لەتوکوتکراو بکرێ کە لەسەر نەخشە بوونیان نییە!

***

ئەگەر سەرجەم ئەو پێناسانەی بۆ ڕووناکبیران کراون بخەینە تای تەرازوویەکەوە، دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی و هاوبەشیان تێدا بەدی بکەین کە بریتین لە: داهێنان و شوێندانەری. ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان بەدی ناکرێن. دیارە داهێنانی فکری لە فەزایەکی تاکەکەسی و ئیزۆلەدا سازدەبێ، بەڵام شوێندانەری لە فەزایەکی گشتی و پەرەگیردا دواجار دێتەدی، واتە ئەگەر وەک پرۆسەیەک سەیری ئەم چەمکە بکرێ، دەتوانین بڵێین کە لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵ ڕێچکە دەبەستێ. بەدەر لەم ڕەوتە، ڕۆشنبیری دەبێتە پرۆسەیەکی سەقەت و ناتەواو! شوێندانەری دوکتور قاسملوو لە دوای خۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، حیزبی دێموکرات و تاکی کورد، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەر ئەوەی ئێستا ئێمە خەریکی خوێندنەوەی سەرلەنوێی چەمکی دیاریکردنی مافی چارەنووسین لە ڕوانگەی شەهید دوکتور قاسملووەوە، واتە شوێندانەریی ئەو لەسەر نەوەکانی دوای خۆی.

***

پەیمانی پیرۆز ڕووداوێکی گرینگە کە بە سەرپەرشتی و کارزانیی ئەمیر بەدرخان، میری بۆتان لەنێوان میرنشینەکانی بۆتان، وان، هەککاری، مووش، خێزان، سەعرەد، قارس و... واژۆ دەکرێ و تەنانەت پەلهاوێژی دەکا بۆ میرنشینی ئەردەڵان. واتە بەجۆرێ سنوورە دەسکردەکان و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەبڕێ و دەچێ بەرەو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوی. بڕینی ئەم سنوورە دەسکردانە لە ڕاستیدا پلانێکە بۆ داهاتوو بە مەبەستی سازکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ.

**بۆیە لێکۆڵەرە بیانییەکانیش ئەم حکوومەتە بەم دەستەواژەیە پێناسە دەکەن:**

Semi-Independent Emirate كه گوزاره له حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆ دەکا و به تەعبیری ئەمڕۆیی وەک بوونێکی دیفاکتۆ سەلمێندرابوو. ئەمه ئەو حەز و ئارەزوویەیه کە سەرکردەی کورد عەودالییەتی، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع میری کورد لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی دەکەوێته گفتوگۆ، هەمان ڕەچاوکردنی هاوسەنگیی هێز له ڕێئال پۆلیتیکی ئەمڕۆدا.

یان له سەردەمی کۆماری کوردستان، کە سەیری ڕۆژنامەی کوردستان دەکەی، بە ڕاشکاوی وشەی "ئیستقلال" دەبێته مۆتیڤی ڕۆژنامه. "ئیستقلال" واته سەربەخۆیی، قەزائەن(بەڕێکەوت) هەردوو وشەی سەربەخۆیی و ئیستقلال بەیەکەوە دەبنە مانشێت: جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان. تەنانەت لەوە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، پێشەوای نەمر له قسەکانیدا ئاماژه به مەنشووری ئاتلانتیک دەکا، مەنشوورێک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی پاش شەڕی جیهانی دووهەم! تۆ پێشەوای نەتەوەیەک بی و ئەوکات باس له پەیمانی ئاتلانتیک بکەی کە لەوێدا ئاماژه بەوە کراوه دەبێ مافی چارەنووسی گەلان ڕەچاو بکرێ، بە باوەڕی من نیشان لەوەیە کە لە زەینی پێشەوا قازی محەممەددا بیرۆکەی سەربەخۆیی بەتەواوی هەبووه. یان ئەو وێنەیەی کە خەریتەی کوردستانی گەوره، لە پشت سەری پێشەوا قازی محەممەد هەڵواسراوه (وێنەکه ئارچی ڕۆزڤێڵت گرتوویەتی) ئەوانه و زۆر هێمای تر، ئەوە دەسەلمێنن کە لە زەینی پێشەوادا چەمکی سەربەخۆیی بە تۆخی هەبووه. بەڵام دیسان لێرەدا دەگەڕێمه سەر ناوهاوسەنگیی هێز و چەمکێکی ژئۆپۆلیتیکی و دواجار سیاسەتی دانوستاندن با لەڕووی ناچاریشەوه بووبێ!

دیاره زۆر نموونەی هاوشێوەی تر هەیە بۆ باسکردن، بەڵام ئەم نموونانەم بۆیه هێنا گۆڕێ کە بڵێم بەردەوام ئەم حەز و خولیایه لە زەینی سەرکردەی کورددا هەبووه. بەڵام ڕێئال پۆلیتیک دواجار بەربەستی سەرکرده بووه بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەم خەونه بێنێتەدی. بەهەرحاڵ من پێم وایه هیچ کەس وەک شەهید دوکتور قاسملوو نەیتوانیوه ئەم پرسه هەم لە ڕوانگەی تیۆریکەوه هەم له ڕوانگەی پراکتیکییەوه شەنوکەو بکا و من بە پشت بەستن بە دەقەکانی خۆی وەک نووسراوەکان و قسەکانی، ئەوە دەسەلمێنم.

## با ئاوڕێک بدەینەوه سەر فاکتەکان:

شەهید دوکتور قاسملوو لە کەلێنی نێوان بۆچوونەکانی لێنین سەبارەت بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان و ڕۆزا لۆکزامبۆرگی سۆسیال دێموکراتدا، قسەکانی لێنین وەک بەڵگەی سەلماندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەخاته بەر باس بۆ کیشوماتکردنی چەپی ئێرانی لەسەر ئەم پرسه. چون ڕۆزا لۆکزامبۆرگ لەسەر ئەو باوەڕه بوو کە مافی دیاریکردنی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

چارەنووسی گەلان، بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی لاواز دەکا، کەچی لێنین ئەم بۆچوونە نەک بە بۆچوونێکی سۆسیالیستی دانانێ و تەنانەت وەک ئینتێرناسیۆنالیستیش (وەک ڕۆزا دەڵێ) پێناسەی ناکا، بەڵکوو دەڵێ ئەمە ڕێک شۆڤێنیزمە، بۆیە ئەم مافە و دواجار سازدانی دەوڵەتی سەربەخۆی گەلانی ژێردەستە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ!

کاتێ شەهید دوکتور قاسملوو واز لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم دێنێ، ئیتر لەبری کێشەی چینایەتی ئەوە پرسی نەتەوەیییە کە دەبێتە دڵەڕاوکێی قاسملوو. بۆیە زەقبوونەوەی کێشەکانی قاسملوو لەگەڵ حیزبی توودە دەبێ لەم ڕەهەندەوە سەیر بکرێن. تەنانەت شەهید دوکتور قاسملوو بۆخۆی دەڵێ ئەوان من بە ناسیۆنالیست و لادەر دەزانن، وەک نەمر کەریم حیسامی لە بیرەوەرییەکانیدا باس دەکا. ئیتر کار دەگاتە ئەوەی یەکێ وەک ئێحسانی تەبەری وەک لووتکەی چەپی ئێرانی بڵێ بۆ قاسملوو کوردی پێ ئێرانی نییە!

لە گرتەیەکی دەنگیدا دوکتور قاسملوو دەڵێ: "ئێمە داوای مافی دانانی چارەنووس دەکەین، "حق تعیین سرنوشت"، دیارە ئێمە ڕوونمان کردووەتەوە کە بۆ ئێمە مافی دانانی چارەنووس دەتوانێ چ شکڵی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەبێ، چ شکڵی فێدراتیوی هەبێ، چ شکڵی خودموختاری هەبێ".

یان لە شوێنێکی تر باس لەوە دەکا لەگەڵ داریووشی فروهەر لە کاتی وتوێژەکاندا مشتومڕمان هەبوو لەسەر وشەی قەوم و میللەت! قاسملوو دەڵێ قەوم هیچ مانایەکی نییە و ئەوان دەیانگوت "اقوام ایرانی"! بە ڕواڵەت قەوم واتە میللەت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە و قەوم وەک چەمکێکی نەژادییە، واتە ئەوانەی نەژادی ئێرانیان هەیە، قاسملوو لێرەدا زیرەکانە کورد لە ئێران دادەبڕێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە ئیستقلال و سەربەخۆیی دەکا، کە باس لەو خولیایە دەکا کە لە زەینی ئەم سەرکردەیەدا هەیە، بەڵام لەسەر بنەمای ڕێئال پۆلیتیک ئاماژە بەوەش دەکا کە هیچ دەوڵەتێک ئێمە بە ڕەسمی ناناسێ کە پشتیوانی لەوە بکا کە کورد حەقی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەیە و بە خشکە باس لە سەرهەنگ قەززافی دەکا کە چەند جارێک درکاندوویەتی کە کورد مافی خۆیانە سەربەخۆ بن.

لە کتێبی کوردستان و کورددا دەڵێ: "دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە عێراق، بە واتای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکوو بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراقە لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیا"...

سەیر کە، قاسملوو باس لە سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باس لە مافی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی پارچەکانی نەتەوەیەکی لەتوکوت کراو دەکا!

**یان دەڵێ:** "کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەیەکی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی تا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە و ئەو مافە بۆ نەتەوەی کورد بە مانای مافی یەکخستنەوەی نیشتمانەکەیەتی." لێرەدا قاسملوو ڕێک وەک بیردۆزێکی سیاسی خویا دەبێ، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەو تەنیا باسی سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باسی یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکا.

**یان لەو شوێنەی کە دەڵێ:** "پێکەوە یەکگرتن مافی جودابوونەوە نییە، مافی یەکگرتنەوە و جودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە، لە ڕاستیدا حەقی یەکگرتنەوە تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئەو مافەمان هەیە، چونکە دابەشبوونی کوردستان، لە ڕاستیدا دابەشبوونێکی دەسکردە و سروشتی نییە".

دیسان لێرەدا دوکتور قاسملوو وەک بیردۆز دەیەوێ زەینی تاکی کورد ئامادە بکا بۆ پێکەوە لکاندنی جوغرافیایی کورد، هەرچەند مەحاڵێش بێ. لێرەدا ئێمە باس لە ئەمری واقیع ناکەین، باس لەوە دەکەین کە سەرکردەیەک دەیەوێ سەرنجی تاکی کورد ڕابکێشێ بۆ ئەوەی کە بڵێ کوردستان وڵاتێکە کە دابەش کراوە.

ڕەنگە ناوی کتێبەکەی خۆیشی "کوردستان و کورد" لەبری کورد و کوردستان، باشتر بتوانێ ئامانجەکەی ئێمە لەم باسەدا بپێکێ.

مەنشوورە دەڵێن بۆ ئەوەی ببی بە دەوڵەت - نەتەوە، لە پێشدا ئیتالیا ساز بکە دواتر ئیتالیایی، هەر بۆیەش دوکتور قاسملوو خاک وەپێش مرۆڤ دەدا، واتە کوردستان و کورد.

قاسملوو لە زۆر شوێنی تر، ئەم چەمکە واتە پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی وەک "یەکیەتیی نەتەوەیی" پێناسە دەکا، بەڵام هەلومەرجی گونجاو و بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاتی شیاویشی بۆ ئەم تێزە دەربڕیوە. بۆیە لەگەڵ ئێران و چەمکی ئێرانیبووندا ڕەنگە هەندێ جار بەردەنگ تووشی چەشنێ دژوازی بێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتکردن لەسەر ئەرزی واقیع نەک دروشم و خەیاڵ!

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

تەنانەت هەر لە نامیلکەی کورتەباسدا سەبارەت بەو سۆسیالیزمەی مەبەستیەتی لە دۆخی عەینی و بەرهەستی وڵات خافڵ نییە و دەڵێ ئێمە دەمانەوێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکان ڕێک بکەوێ، واتە لێرەش لاقی تێزەکان لەسەر عەرزی ڕێئال‌پۆلیتیکە و وەک خۆی دەڵێ سیاسەت بە ڕەش و سپی نابینێ و بە هونەری مومکینی ناوزەد دەکا!

لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا، سەبارەت بە کۆماری کوردستان دەڵێ: "کوردستانی ئێران بوو بە جێی هیوا و ئومێدی هەموو ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی کوردستان." پێداگری لەسەر ئەوە کە هەوڵی دوکتور قاسملوو لەسەر ئەوە خول دەخوا کە بەشەکانی دیکەش، لە زەینی بەردەنگی خۆی کە تاکی کورد بێ، زۆر سەرنجڕاکێشە.

لە درێژەدا دیسان ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێ: "نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردییەکان، هەروەها شەخسییەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە، سووریە و عێراقەوە، پەیتاپەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد ببوو بە جێگای هیوا و قیبلەی ئازادیخوازانی کورد. هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بەدڵەوە ئاواتی ئەوە بوو، ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ. چونکە دەیانزانی ڕووناکاییی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان، لە داوڕۆژدا ڕوون دەکاتەوە".

لە وڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیەدا، کە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەک نووسیبووی: "ڕووناکاییی ئێرە لە داوڕۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە".

هەروەها لە کۆتاییی ئەم بەشەدا، ئاماژە بە هاتنی بارزانییەکان دەکا و دەڵێ: "هاتنی بارزانییەکان تێکەڵبوونی بەم شێوەیەیان لەگەڵ کۆماری کوردستان ئەم ڕاستییەی پتر دەرخست کە کۆماری کوردستان سیمبولی هاوکاری و تەنانەت یەکگرتنی هەموو نەتەوەی کورد بوو." دوکتور قاسملوو سازبوونی کۆماری کوردستان ئەوەندە بە دەسکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی دەزانێ کە کارتێکەری ئەم دەسەڵاتە کوردییە بۆ سەر پارچەکانی تر بە شتێکی حاشاهەڵنەگر دادەنێ و پێی وایە ئەمە جۆرێ یەکگرتنی هەمووی نەتەوەی کورد بووە.

لە کۆتاییی هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا، دوکتور قاسملوو سەفەرێک بۆ ئورووپا دەکا کە نزیکەی سێ مانگ دەخایەنێ، لەو سەفەرەدا لە ئیسپانیا لەسەر بانگهێشتی ئەنیستیتۆی هاوەردیی لەگەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، کۆنفرانسێک

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

لەسەر ئاگربەسی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم تەقەوەستانە، لەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد وتارێک پێشکەش دەکا، کە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەم:

**یەکەم**: "ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، جارێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە ڕێککەون (هەرچەند ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە)، کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، بۆ کوردەکان تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لەوە کە یەک بگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بەئاشکرا دەبێ ئەمجارە بڵێین کە باسی ئاشبەتاڵ و خۆبەدەستەوەدان لە گۆڕێدا نییە. بەربەرەکانێ و خۆڕاگریی گەلی کورد لە شار و لادێدا هەر درێژەی دەبێ و لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش دەبێ کەڵک وەرگیرێ".

**دووهەم**: "پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەرچاو. مەسەلەی ٢٠ تا ٢٥ میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێک دێنێ و مافی بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە خاوەنی ڕێژیمی سیاسی لێک جیاوازن." بەم شێوەیە دەست پێ دەکا و دواتر باسی تورکیە و عێراق دەکا.

لە میتینگی بۆکان لە ساڵی ١٣٥٨ لە کاتی ڕاگەیاندنی ٦ ئەسڵی خودموختاری لەلایەن د. قاسملووەوە، بە پێی ئەو پێناسانەی بۆ کوردستانی دەکا وەک یەکەیەکی سیاسی، واحیدێکی سیاسی لەسەر بنەمای مێژوو، جوغرافیا، ئابووری و ویستی زۆرینەی "میللەت"، دەکرێ بڵێین تەنیا "ئاهێک"ی ماوە کە کوردستان وەک وڵاتێکی سەربەخۆ دیاری بکا!

## دوا وتە

ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بوو بە کەڵک وەرگرتن لە ماتریاڵە کاڵەکانی بەردەست، وەک دەقی کتێب و نووسراوە و گرتەی ڤیدیۆیی و فایلە دەنگییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس. دیارە فاکت و بەڵگەکان زۆر لەوە زیاترن، بەڵام ڕەنگە هەر ئەوەندە لە تاقەتی وتارێکی ڕۆژنامەدا بگونجێ. لە سەرانسەری ئەم وتارەدا من کەڵکم لە وشەی "سەرکردە" وەرگرتووە و مەبەستم زیاتر سکرتێری حیزبێک بووە کە لە بازنەیەکی سنووردارادا وەک حیزب دەکرێ پێناسەی بۆ بکەین، بەڵام کە ورد دەبییەوە بۆ ناو ئەندیشە و بیروبۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو، سیمای "ڕێبەر"ی

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

نەتەوەیەک دەبینی کە لە زەمانی خۆی لە پێشتر بوو.

ڕەنگە ئەو چەند ڕستەیەی گاریبالدی فەرماندەی شەڕەکانی سەربەخۆیی ئیتالیا ڕوو لە هاوسەنگەرانی کە دەڵێ: ئەو ڕێبەرەی بەدووی سەربەخۆیی نەتەوە و وڵاتەکەیەوە بێ جگە لە چەک و جلوبەرگەکەی هیچی تری نییە، ئەوەی ئیدیعای سەربەخۆیی و ڕێبەری هەیە خۆی لە کۆشک و تەلار دانانیشێ و خەڵکەکەی کەپر و ساباتێکیان نەبێ... ئەم قسانە ئەگەر بگوازینەوە بۆ ئەمڕۆ بە پێوەرەکانی خەباتی سیاسی ئەم سەردەمە، ڕەنگە ئاوای لێکدەینەوە گرینگترین میراتی ڕێبەرێکی سیاسی بیروبۆچوونەکانییەتی و لە هەمان کاتیشدا هۆکاری بیرکردنەوە و لێکدانەوە لەسەر میراتە فکرییەکەیەتی، تایبەتمەندییەک کە جگە لە قاسملوو لانیکەم بۆ من هیچ کەسی تر نەیبووە.

**٢٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# ترسی ڕێژیم لە قاسملوو




**هەردی سەلیمی**

٣٥ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور "عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو"دا تێپەڕ دەبێ، بەداخەوە ئێستاش پەروەندەی ئەو تێرۆرە نەچووەتە دادگایەکی سەربەخۆی مونسیف و بڕیارێکی دادپەروەرانەی لەسەر نەدراوە، هەتا بۆ ڕای گشتیی جیهان ڕوون بێتەوە کە چی ڕووی داوە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ـی هەتاوی‌دا و لایەنی تاوانبار بە چ سزایەک گەیشتووە. ئەم پووش بەسەرداکردنە جگە لەوەی هاوکاریی ڕاستەوخۆی تێرۆر و تێرۆریزم بێ، هەڵگری هیچ واتا و ناوێکی تر نییە. ڕاگەیەنە گشتییەکان، داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان، بانگەشە و زاڵکردنی ڕوانگەکان هەمووی لە پاوانی دەوڵەتاندایە و ئەوان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دیاریی دەکەن، تێرۆر کامەیە و تێرۆریزم چییە و تێرۆریست کێیە.

لێرەدا با جارێکیش ئاوڕ لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو وەک یەکێک لە دیارترین قوربانییەکانی تێرۆریزم بدەینەوە وا لەسەر مێزی وتووێژدا تێرۆر کرا، دوکتور قاسملوو لە وتووێژ لەگەڵ "عاتفە گورگین"دا لەبارەی تێرۆریزمەوە دەڵێ: "ئێمە پێمانوایە تێرۆریزم هەنگاوێکە کە ژیان و ئازادیی خەڵکی بێدفاع دەخاتە مەترسییەوە. دەوڵەتانی ڕۆژاوایی پێیان خۆشە تێرۆریزم لە بەبارمتەگرتن و بۆمبنانەوە لە شارە گەورەکاندا کورت کەنەوە. ئەڵبەت ئێمەش ئەمانە بە کردەوەیەکی تێرۆریستی دەزانین و ئیدانەشی دەکەین. ماوەی حەوت ساڵە لەدژی ڕێژیمێکی جەنایەتکاری وەک ڕێژیمی خومەینی لە

شەڕداین، بەڵام هەمیشە خۆمان لەوە پاراستووە گیان و ئازادیی خەڵکی بێدفاع بخەینە مەترسییەوە. نەتەنیا هەرگیز پەنامان نەبردووەتە بەر بەبارمتەگرتن، تەنانەت یارمەتیمان بە ئازادیی چەندین بارمتەی ئورووپایی بەتایبەت فەڕانسەیی کردووە. بە ڕای ئێمە بۆمبنانەوە و بەبارمتەگرتن لە کورتماوەدا دەبێتە هۆی بانگەشە و تەبلیغاتێک بۆ ڕێکخراوەیەک، بەڵام لە درێژماوەدا زیان بەو بزووتنەوەیە دەگەیەنێ و لە ڕێی دروست و ئوسوولی لای دەدا و لە نێوەوە هەڵیدەتەکێنێ.

هەر لەم ڕووەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەر لە بنەڕەتڕا دژی بۆمبنانەوە و بەبارمتەگرتنە کە لەودا ژیان و ئازادیی کەسانێکی بێدفاع کەوا هیچ بەرپرسیارەتییەک نییە بکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی. بەڵام بە ڕای ئێمە دەوڵەتی "ئامریکا"ش هەر تێرۆریستە کە بەزۆر وڵاتی "گرانادا"ی داگیر کردووە و یارمەتی بە "کۆنتراکان" دەکات بۆ ئەوەی لە وڵاتی "نیکاراگووە" کردەوەی تێرۆریستی بکەن. دەوڵەتی "ئافریقای باشوور" کە خەباتکارانی دژی ئاپارتاید دەکوژێ هەر تێرۆریستە. ڕێژیمی خومەینی کەوا خەڵکی گوندەکانی کوردستان قەتڵوعام دەکات و تێرۆریزمی، بەکردەوە هەتا ئاستی سیاسەتی دەوڵەت هەڵکشاندووە، پێش لە هەمووان تێرۆریستە. لە ڕاستیدا ناساندنی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەت بزووتنەوە ڕزگاریخوازەلان وەک تێرۆریست، یەکێک لە شێوەکارەکانی سەرمایەدارییە. گەر فڵانە دەستەی "فەلەستین"ـی لە شارە گەورەکاندا بۆمب دادەنێتەوە، فڕۆکە دەڕفێنێ، تێرۆریستە، کەوایە دەبێ دەوڵەتی "ئیسرائیل"یش وا کەمپی پەنابەران بۆمباران دەکات، بە تێرۆریست بناسێنرێ. گەر بۆمبنانەوە لە "ستانبوڵ" کە بووەتە هۆی کوژرانی ٢٤ کەس، کردەوەیەکی تێرۆریستی دێتە ئەژمار و دەبێ ئیدانە بکرێت، دەبێ دەوڵەتی "تورکیە"ش بە تێرۆریست بزانن و ئیدانەی کەن کە بۆمبارانی خاکی باشووری کوردستان دەکات و دەبێتە هۆی کوژرانی ٢٥٠ کەسی بێدفاع و بێتاوان.
لەلایەکی تریشەوە نابێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو نەگیرێ کە تێرۆریزم لەنێو ناچێ هەتا ڕیشەکانی لەنێو نەچێ، تێرۆریزم مەعلوولە نەک عیللەت. هۆکارەکانیشی بۆ نادادپەروەری، قەیرانی کۆمەڵایەتی، ستەمی نەتەوەیی، هەڵاواردنی ئێتنیکی و... دەگەڕێتەوە. [...] دەبێ بۆ خەبات لەدژی تێرۆریزم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، نەتەنیا لەگەڵ گرووپ و تاقمەکاندا، بەڵکوو زیاتر بەدژی ئەو دەوڵەتانەی کە هاندەری تێرۆریزمن درێژە بە خەبات و بەربەرەکانێ بدرێ؛ گومانێک لەوەدا نییە ڕێژیمی خومەینی لە سەرەوەی هەموو ئەم دەوڵەتانەیە".
دوکتور قاسملوو لە ئاستێکی جیهانیدا خەمی لە نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری دەخوارد، بۆیە بەلایەوە گرنگ بوو کە دژی هەر چەشنە تێرۆریزمێک دەنگ هەڵێنێ و ئیدانەی بکات و هەڵوێستی هەبێ و بۆ نەهێشتنی هەوڵ بدات. سیاسەت و باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو بەپێی ئوسوول داڕێژرابوو و لە قازانجی هیچ کەس و لایەن و وڵاتێکدا لەو ئەسوولانە لاینەدەدا. لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی بۆ بووە ئامانجی تێرۆری کۆماری ئیسلامی، دیسان دەبێ ئاوڕ لە هەڵوێست

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤


و کردەوەکانی ئەو سەردەمەی بدەینەوە؛ هەر لەو وتوویژەدا ئاماژە بە چەن خاڵی گرنگ دەکات کە بۆ ئیستاش جێی سەرنجن و دەرخەری مەبەستی چەپەڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین بۆ ئەوەی بزانین بۆچی دوکتور قاسملوویان کردە ئامانجی تیرۆرەکەیان.

ولامەکەی دوکتور قاسملوو بەو پرسیارانە لێرەدا بەکورتی هاتووە کە دەڵێ: "من لەو سیاسییانە نیم کە لەپێشدا ڕێکەوتێکی دیاریکراو بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی دابنێم، زۆر کەس کاتیان دیاری کرد و بە تێپەڕبوونی کات زانیمان هەڵەیان کردووە. من لەسەر واقعیەت سیاسەت دەکەم نەک لەسەر خەیاڵ و پێخۆشبوون، لە ڕاستیدا ئەم ڕێژیمە بە دەرکردنی بەیاننامە لە دەرەوەی وڵات ناڕووخێ، بۆیە پێویستە و دەبێ بەرەیەک لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران پێک بێ، ئەوانەی کە دژی ڕێژیمی خومەینین و نایانەوێ هەوڵ بدەن بۆ هێنانەوەی سیستمی پاشایەتی، باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە و نایانەوێ دڵ بە دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە خۆش بکەن کە دواتر ملکەچیان بن، هەروەها باوەڕیان بە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی هەیە دەتوانن لەو بەرەیەدا بەشدار بن. ڕاستە ئێمە تەنیا حیزبی چالاکی مەیدانین و زیاترین گوشاریشمان بۆ ڕێژیم هێناوە، بەڵام دەبێ خەڵکانی تریش لە کاری سیاسییەوە بگلێن و مەرجیش نییە هەموو وەک ئێمە خەباتی چەکدارانە بەدژی ڕێژیم بکات، ئێمە تەنانەت لە شێوازی نەرێنیی خەباتیش پێشوازی دەکەین. ئەو ژنانەی ناچنە ژێر باری حیجابی زۆرەملییەوە، ئەو لاوانەی ئەو شێوازە لە ژیانیان پێخۆش نیە وا ڕێژیم بۆی دیاری کردوون و ناڕەزایەتی دەردەبڕن، تەنانەت ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان کە ناچن لە پشسەری پێشنوێژێکەوە کە حکوومەت داینــاوە نوێژ بکەن، هەموو ئەمانە بە چەشنێک لە خەبات دەبینین و بە ئاکامی ئەم هەوڵانە گەشبینین".

لە چاو و زەینی وردبینی دوکتور قاسملوو هیچکام لەمانە دوور نەبوون، شرۆڤەی ڕووداوەکان و ڕێکخستنی جەماوەر تێوەگلاندنی چینی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە لە کاری سیاسی و دیپلۆماسی و نزیککردنەوەی خەباتکاران لە دەوری یەکتر و لە هەموویان گرنگتر خەباتێکی پێداگرانە و بێڕاوەستان لەو تایبەتمەندییانە بوون کە دوکتور قاسملووی کردبووە گەورەترین لەمپەر بۆ گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجەکانی، دەکرێ زۆر سادە بڵێین کۆماری ئیسلامی حیسابی بۆ دوکتور قاسملوو دەکرد و لە هێزی دەترسا، بۆیە کردییە ئامانج و تیرۆری کرد، کە بەداخەوە ئێستاش ئەو سیستمە جیهانییەی کە لە پشتەوە یا ڕاستەخۆ پاڵپشتی تیرۆریزمە یا بە بێدەنگییەکەی پاڵپشتیەتی و هەنووکەش زیندانیی لەگەڵ دەگوێزێتەوە و دوکتور بەحەق ڕەخنەی لێ دەگرت و خەبات بەدژیشی وەک ئەرکێک دەزانی، هێشتا نایەوێ دەستی سووری جەنایەتکارانی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ بۆ هەمووان ئاشکرا بکات.

**٢٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

# چێشتی خۆش لە ئەنگۆریڕا دیارە



**مەنسوور مروەتی**

دوو حەوتوو لە بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی نوێ لە کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕی.

ئەم بەناو هەڵبژاردنە سەرەڕای ئامارسازییەکانی کۆماری ئیسلامی هەم کەمترین بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بوو، هەم تاکە پیاوی ئایینیی نێو کاندیدا پاڵێوراوەکان یەک لە پێنجی دەنگە سووتاوەکانیشی نەهێنایەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە خەڵک هیچ باوەڕ و متمانەیەکیان بەم سیستمە نەماوە و لە ئاڵوگوڕ لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە هیوابڕاو بوون. دوای ٤٥ ساڵ کۆی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە لەلایەن خەڵکەوە تاقی کراونەتەوە و دوای چل و پێنج ساڵ دۆخی خەڵک بەم ڕۆژە گەیشتوە کە دەیبینن.

لە چەند هەڵبژاردنی ڕابردوودا خەڵکی ئێران نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بەڕوونی ئەو پەیامەیان بە هەموو لایەک دا کە ئەم ڕێژیمە لە لایەن خەڵکەوە شەرعیەتی نییە و بە حکوومەت و نوێنگەی ئیرادەی خۆیانی نازانن.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و لە سەرووی هەموویانەوە عەلی خامنەیی زیاتر لە هەمووان ئەو پەیامەی وەرگرت. ئەو و ڕێژیمەکەی کە لە دوای کوژرانی برایمی ڕەئیسی هەوڵیان دەدا چەندی بکرێ کارێک بکەن خەڵک بهێننە سەر سندووقەکان و بە دنیا بڵێن خەڵک ئەم نیزامەیان دەوێ، چوونەوە سەر قەوانە کۆنەکەیان. وەڕێخستنی دووبارەی لەبەریەکڕاگرتنی ئیسلاحخواز و ئوسوولگەرا ئەو سیناریۆیە بوو کە ڕێژیم پەنای بۆ بردەوە و کاندیدای ئیسلاحخوازەکان سەرکەوت. هەرچەندە ئەم سەرکەوتنەش بە کەمترین ئاستی بەشداریی خەڵک و سەتا ٢٥ی دەنگی ئەوانە بوو کە دەنگیان دا، بەڵام ئایا ئەم کاندیدایەی ئیسلاحخوازەکان کە خۆی لەوانی دیکە پێ باشتر و بەرحەقتر بوو بۆ سەرکۆماری، پاشی دوو حەوتووە چیی لێ دەخوێنرێتەوە.

لێدوان و ڕەفتارەکانی ئەم دوو حەوتوویە سەرکۆماری نوێ پێمان دەڵێ مەسعوودی پزشکیان لەجیاتی ئەوەی باس لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕینی دۆخی خەڵک و وڵات بکا، زیاتر هەوڵ دەدا گوێڕایەڵیی خۆی بۆ عەلی خامنەیی بسەلمێنێ. ئەو پێش هەڵبژاردنەکان و لە کاتی وتار و مونازرەکاندا بەردەوام پاساوی بۆ کردەوەکانی خامنەیی دەهێنایەوە و گوێڕایەڵیی خۆی بۆ ناوبراو لە ئەگەری سەرکەوتندا دووپات دەکردەوە. دوای هەڵبژاردنیش لە سەرگۆڕی خومەینی و لە وتارەکەیدا گوتی ئەگەر ڕێبەر نەبایە ناوی ئەو لە سندووقەکان نەدەهاتە دەرێ. دواتریش کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ میدیاکانی لەبەر چاوپێکەتن و دیدار لەگەڵ خامنەیی هەڵوەشاندەوە.

نەهێشتنی فیلترینگ یەکێک لەو بابەتانە بوو کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا لە لایەن کاندیداکان و یەک لەوان پزشکیانەوە باسی لێوە دەکرا. پزشکیان دەیگوت ئەگەر ببێتە سەرکۆمار فیلترینگ لا دەبا، کەچی هەر چەند ڕۆژ دوای هەڵبژاردن یەکێک لە ڕاوێژکارانی ناوبراو ڕایگەیاند پزشکیان قەت بەڵێنیی وای نەداوە!

بابەتێکی گرینگی دیکە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە چارەنووسی خەڵکی ئێران و سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئێرانەوە هەیە، بابەتی پشتیوانی و تەیارکردنی گرووپە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دەوروبەردایە. ئەم گرووپانە کە بەرچاوترینیان حەماس لە فەلستین و حیزبوڵڵای لوبنان، حووسیەکانی یەمەن و گرووپە جۆربەجۆرەکانی لە سووریە و عێراقن و لە لایەن ئێرانەوە و بە سامانی گشتیی ئەو وڵاتە کۆک وپۆشتە و تەیار دەکرێن و، لە ڕاستیدا یەکێک لە سەرەکیترین بارگرانیەکانی سەر خەڵکی ئێرانن. کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی ئەو پارەیە بۆ خەڵکی خۆی و ئاوەدانی وڵات خەرج بکا، بە لێشاو بۆ ئەو گرووپانەی دەنێرێ و لەو ڕێگایەشەوە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری ئەو وڵاتانەدا دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لە


## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

گەڵ دنیا، تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە لە ڕێگای ئەم گرووپانەوەیە. بەڵام پزشکیان ڕایگەیاند کە سیاسەتی دەوڵەتەکەی ئەو لەهەمبەر بەرەی بەناو مقاوەمەت بە هەمان ڕێچکەی پێشوودا دەڕوات. لەم بوارەدا نامەی مەسعوودی پزشکیان بۆ حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی حیزبوڵڵا و ئیسماعیل هەنیە، بەرپرسی دەفتەری سیاسی حەماسسەرینی خاترجەمیی لە بن سەری خەڵکی ئێران نا و دەرکەوت کە ئەمیش لە جیاتی ئەوەی خەمی خەڵک و وڵاتەکەی بخوا، پتر لە خەمی ئەو گرووپانەدایە. پزشکیان لە جوابی نامەی پیرۆزبایی حەسەن نەسروڵڵادا ڕایگەیاند بە هەموو توانایانەوە و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە پشتیوانی لە گرووپەکانی بەرەی مقاوەمەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن. هەروەها لە وەڵامی ئیسماعیل هەنیەشدا ڕێک بە زمانێک کە زمانی سپای پاسدارانە گوتی، تا داگیرکردنی ئۆرشەلیم واتە ئازادکردنی قودس بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیتان لێ دەکەین.

کورد دەڵێ "چێشتی خۆش لە ئەنگۆڕێ‌ڕا دیارە". ئەمە و چەند بابەتێکی دیکە کە لەم ڕۆژانە و لە زمانی سەرکۆماری تازەوە باس دەکرێن پێمان دەڵێ کە خەریکە دەمامکەکان لە ڕوخساری پزشکیانیش دەکەونە خوارێ و جارێکی دیکەش ئەو بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە کە هەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران مابێت هیچ ئاڵوگۆڕێک بە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەم وڵاتەدا ڕوو نادات.

٢٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# پەیامی نوێ یان هەر پەیامە کۆنەکە!




شەماڵ تەرغیبی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و پاش ئەوەیکە مەسعود پزیشکیان کرایە سەرکۆماری نوێی ڕێژیم، ناوبراو وتارێکی بە ناوی "پەیامی من بۆ جیهانی نوێ" لە ڕۆژنامەی کەمترناسراوی "تهران تایمز"دا بڵاو کردەوە و تێیدا هەوڵی داوە بەرچاوڕوونییەک بدات بە دەستەوە سەبارەت بە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتەکەی و پلانەکانی بۆ داهاتوو کە جێگەی تێڕامانن!

ئەوەیکە ناوبراو باسی لێوە کردووە لەڕاستیدا بریتییە لە وێناکردنێکی ئاڵۆز، خەیاڵی و دوور لە لۆژیک کە بە هەندێ وشە و چەمکی قەبەقەبە جوانکاری بۆ کردووە؛ بۆ نموونە داکۆکی لە سیاسەتگەلێک کردووە کە دەوڵەتی پێشوو و دەوڵەتەکانی پێشووتریش ئەنجامیان دەدا و دواجار دەردەکەوت کە ڕێگەی هەڵەیان بڕیوە و هەر خەڵکی لێقەوماوی ئێران بوون کە زەرەرمەند دەبوون.

پزیشکیان بە شاگەشکەییەوە باس لە قەراردادی ٢٥ ساڵە لەگەڵ چین دەکات و پێداگرە لەسەر بەردەوامیی و ئووسوولیبوونی ئەو قەرارادە؛ هەروەها ناوبراو ڕووسیە بە هاوپەیمان و هاوبەشێکی ستراتیژیک و بایەخدار بۆ ئێران دەناسێنێ و باس لەوە دەکات کە لە هەوڵدایە ئاشتی لە نێوان ڕووسیە و ئۆکراین بێنێتە کایەوە! پێکەنیناویتر لەمانەش حەماس و حیزبوڵا و سووریە بە دۆست و هاوپەیمانی ناوچە ناو دەبات کە ئەم سێکوچکە لانیکەم لە چەند ساڵی ڕابردوودا

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

خۆیـان سەرچاوە و مـاکەی بشێوی و ئـاڵۆزی و خـوێن و قەتـڵ و کوشـتار بـوون. ئەمەش لەکاتێکـدایە کە تەنـانەت ئەگەر نەچینە نێواخن و نێوەڕۆکی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین و ڕووسیە و سووریە و باقی گرووپە میلیشیاییەکانی سەر بە تـاران، خۆ هەموو عەقڵێکی سەلیم ئەوە دەزانـێ کە هەر ئەو ڕووسیە و چینە لە هەستیارترین کاتەکانـدا پشتی کۆمـاری ئیسلامییان چۆڵ کرد و تەنـانەت لە گرفتە نـاوچەیی و جیهانییەکـانیش و لە کـاتی دانی بڕیـار، دژ بە تـاران وەستانەوە! نموونەشی دەتوانێ بڕیارەکانی شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت کە دوو هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی تـاران تێیـدا نەخش و دەوریـان هەبـوو؛ کەواتە ئەم پێـداهەڵکوتنـانە نەتەنیـا نـاچنە خـانەی سیاسیبوونی سەرکۆمارە نوێیەکەی ڕێـژیم بەڵکوو دەکرێ وەک خۆشیرینکردنێک بۆ پێکەن و مۆسکۆ لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ نیشـاندانی خۆشخزمەتییەک بە ڕێبەرەکەی واتە خامنەیی لێک بدرێتەوە. بە دیویکی تریدا ئەم پێداهەڵکوتنە دانی پەیامێکە بۆ خـامنەیی کە دەڵـێ خەمت نەبێ من هەر ئەو کەسەم کە دەتهەویست؛ گوێڕایەڵ و جێبەجێکاری بڕیار!

جودا لەوە، نابێ لە بیرمان بچێ کە پزیشکیان پۆپۆلیستییانە باس لە چارەسەرکردنی قەیرانی ڕووسیە و ئۆکراین دەکـات لەحاڵێکدا یان نـازانێ یـان لەبیـری چووەتەوە کە ئێـران بە پـانەوە بە دانی چەکوچۆڵ و درۆنی خۆتەقێن بە ڕووسیە بە کردەوە چووەتە نێـو شەڕی ئۆکراین و ڕووسیە کە لە ڕاستیدا شەڕی ڕووسیە و ئورووپـایە و بیهەوێ یـان نـا ئێستە ئەو پاڵپشتی بەردەوامیی ئاگری شەڕەکەیە؛ خۆ ئەگەر وەها گریمانە بکەیـن ئەوەی دەوتـرێ ناڕاسـتن و ئێـران هیچ ڕۆڵێکی لەم شـەڕەدا نییە بەڵام وادیـارە هێشـتا پزیشـکیان نەیزانیـوە کە تەنـانەت یەک وڵاتـی ڕۆژاوایـیش پیرۆزبـایی بە دەسـەڵات گەیشتنەکەی لێ نەکردووە! کەواتە بە پێی چ پێوەرێک دەیهەوێ ئاشتی لە نێوان ڕووسیە و ئۆکرایندا جێگیر بکات؟

ئەمانە تەنیـا چەنـد نموونەی بچووکن لەو بەنـاو وتـارەی پزیشکیان کە فڕیـان بەسـەر ڕاستییەوە نییە و دەری دەخـات کە ناوبراو بە پێی نوسخەیەکی لەپێشدا هەڵپێچراو خەریکی یـاریکردن بە هەست و شعوری خەڵکە؛ هەڵـبەت ئەو خەڵکەی کە بێئەزمون یـان کەمئەزموونن و هێشتا تۆزقاڵێک هیوایـان بە دەسەڵاتی ویلایەتـی هەیە و ڕەنگە پزیشکیان و ئەربـابەکەی بتوانن بۆ ماوەیەکی تریش دنیـایەکی ڕەنگاڵەیـان بـۆ وێنـا بکەن تـا لە خەون و خەیاڵـدا بـژین بەڵام دواجـار بـۆ ئەوانیش ڕوون دەبێتەوە کە دنیا و جیهانی نوێی پزیشکیان هەر ئەو دنیـا و جیهـانە ڕەشداگیرساوەی سەردەمی ڕەییسـی و ڕوحـانی و ئەحمەدی نژاد و خاتەمی و ڕەفسەنجانییە کە هەموویان لەژێر ئەمر و بڕیاری جەنابی وەلی فەقیە ژیان و کاریان کرد. جـا بۆیە ئەوە "پەیامێکی نوێ بۆ جیهانێکی نوێ" نەبوو کە دای بەڵکوو هەوڵێک بوو بـۆ بێگەرد و خەوش نیشـاندانی سیاسەتـی نێوخۆیی ڕێژیم و بەیعەت تازەکردنەوەیەک لەگەڵ ڕێبەرەکەی.

٢٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# تیرۆری شێخ ئازاد شەهابی و بەرپرسیارێتیی ڕێژیم




لە ڕۆژانی ڕابردودا و لە شاری سەقز سێ کەس لە پەیڕەوانی تەریقەت بە ناوەکانی؛ شێخ ئازاد شەهابی، پەیمان محەممەدی و پەرویز ڕەحیم‌پەنا لە لایەن کەسانێکی نەناسراو هێرشیان کرایە سەر و گیانیان لێ ئەستێندرا.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی ئەم سێ کەسە کە بێگومان لە شێوەی خۆیدا جۆرێک لە تێرۆر و تۆقاندنە، دەنگۆی جۆراوجۆر لەسەر خودی ڕووداوەکە و کەسانی تیرۆرکراو و ئەوانەی ئەم کردەوە تێرۆریستییەیان بەڕێوە بردوە بڵاوبوویەوە کە دواتر دەرکەوت سێ کەسی سەر بە لایەنێکی توندئاژۆ تیرۆرەکەیان بەڕیوە بردوە.

بە پێی ئەو گرتە ویدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەتەوە، دەردەکەوێ کە سێ کەس بە چەکی گەرمی کەمەرییەوە، دەچنە بەر ماڵ و تەکیەی شێخ ئازاد و دوای کوشتنی دوو کەس لە هاوڕێکانی، مامۆستا ئازادیش بریندار دەکەن کە دواتر بە هۆی قورسبوونی برینەکانی ناوبراویش گیان لەدەست دەدات.

هەر وەک ئاماژەی پێکرا ئەم کردەوەیە بەهەر هۆکار و لەژێر هەر پاساو و باوەڕێکدا ئەنجام درابێ، کردەوەیەکی

تێرۆریستییە. دەستبردنی بۆ توندوتیژی و سڕینەوەی فیزیکیی ئینسانەکان بۆ هەر مەرامێکی سیاسی یان ئایینی مەحکووم و ڕێگە پێنەدراوە. کۆمەڵگەی کوردستان کە لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەڵگەیەکی فرەجۆرە و لەمێژە کلتووری پێکەوەژیان تیایدا نەهادینە بە دامەزراوەیی کراوە، هەڵگری ئەم جۆرە کردەوە ناحەزانە نیە و نابێ. کوردستان کە زیاتر لە ٤٥ ساڵە لە ژێر دەسەڵاتێکی ڕەشی تیرۆریستییەوە دەستی بەسەردا گیراوە و هەموو هەوڵێکی توندڕەوانە و ئیدئۆلۆژیکی تێدا دراوە، دیسان شوێنی حەوانەوەی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی، مەزهەبی و کلتوورییەکان بووە و خەڵکی هوشیاری کوردستان ڕێگە بە توندڕەوی کە بەرهەمهێنەری تێرۆر و توقاندنە نادات.

ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری ئەم سێ کەسە ئاینییەی کوردستاندا جێی باس و قسەلەسەرکردنە، دەستئاوەڵا هێشتنەوەی ئەو باڵ و لایەنە توندڕەوە ئایینییانەیە کە لە چوارچێوەی بیری داعشیزمدا لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران دیار و چالاکن و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەرانبەریان بێدەنگە. چۆنە کۆماری ئیسلامی وەک خۆی ئیدیعا دەکات ئەگەر هیچ دەسکەوتێکی بۆ وڵات نەبووبێ، لانیکەم توانیویەتی ئاسایش و ئەمنیەتی خەڵک بپارێزێ — کە لەوەشیاندا درۆ دەکات — بەڵام ناتوانێ ڕێگە لەم جۆرە تێرۆرانە بگرێت. بە جۆرێک کە سێ کەس بە ڕۆژی ڕووناک و ئاوا بێپەروا بە چەکەوە هێرش دەکەنە سەر ماڵان و خەڵک دەکوژن؟! هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە لێشاو دەڕژێنە سەر شەقامەکان و بێبەزەییانە کچان و ژنانی وڵات بە هۆکاری "بد حجابی" دەدەنە بە لێدان و ڕوانەی گرتووخانەکانیان دەکەن، چۆنە لە جموجۆڵی بە ئاشکرای ئەم ڕەوت و لایەنە توندڕەوانە غافڵن؟!

بە پێی هەڵوێست و دەربڕینە نیشتمانی و ئایینییە درووستەکانی شێخ ئازاد کە لە چەندین بۆنەدا ڕاشکاوانە بەرگری لە خاک و نەتەوەکەی کردوە و بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم هەڵوێستی نواندوە، هیچ دوور نیە کە ئەم کردەوە تێرۆریستییە ڕاستەخۆ لە ژووره ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە داڕێژرابێ. بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە پێویست بە خۆماندووکردنێکی زۆر ناکات؛ لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ماموستایانی ئایینیی کوردستان زۆر دەروەستانە پشتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکیان گرت وسیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمیان بە توندی مەحکووم کرد و لەم پێوەندییەشدا کەم نەبوون ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە ڕق و قینی ڕێژیم گرتیانییەوە؛ بێڕێزییان پێکرا، ڕەوانی زیندانەکان کران و حوکمی قورس و گرانیان بەسەردا سەپێندرا. مامۆستا ئازادیش لە شاری سەقز یەکێک لەو مامۆستا ئایینیانە بوو کە هەم لە شۆڕشی ژینا و هەم پێش و دواتریش هەمیشە پشتیوانی میللەتەکەی بووە و وەک خۆی هەمیشە دەیگووت؛ "خۆی بە کوردێکی ئیماندار دەزانی". بۆیە هیچ گومانێکی تێدا نیە کە کردەوەیەکی لەم چەشنە، ناتوانێ ڕۆڵی ڕێژیمی تێدا نەبێت.

## پووشپەڕی: ۲۷۲٤


تیـرۆری مامۆسـتا ئـازاد و دوو کەس لە نزیکـانی نـاوبراو کە هەر لە سـەرەتای ڕووداوەکەوە دەسـتوپێوەندەکانی ڕێـژیم بە جۆرێک لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی دەمگۆی جۆراوجۆرەوە هەوڵیـان ئەوە بـوو کە بە کێشـەی نێـوان دوو تەریـقەت لە کوردسـتانی پێناسە بکەن، نابێ ببێتە هۆی دووبەرەکی لە نێوان ڕەوت و تەریقەتەکانی کوردستان. کوردسـتان کە زۆریـنەی خەڵکەکەی ئیمانـدار و باوەڕمەنـد بە ئـایین و ئـایینزای جۆراوجۆرن، دەبێ وریـای پیلانەکـانی ڕێـژیم بـن. کوردسـتان شوێنی حەوانە و پێکەوە ژیانی هەموو ئەم فرەییانەیە و کۆمەڵانی هوشیاری خەڵکی کوردستان ڕێگە بە هیچ ڕەوت و لایەنێکی تونـدڕەو - کە ئەگەر پشـتیوانیی ڕێژیمیمـان نەبێـت نـاتوانن بە ئاشکرا بجـووڵێن – نـادات کە نیشـتمانەکەیان بـکەنە شـوێنی کـردەوە قێزەونەکانیان و دەست لە کەسایەتییەکانی بوەشێنن.

لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێرۆری مامۆستا ئازاد شەهابی و هاوڕێیانی بە کـارێکی ترسەنۆکانە و قێزەونـانە دەزانـێ و مەحکـوومی دەکـات و هاوکـات وێـڕای سەرەخۆشـی لە بنەمـاڵەی کـوژراوان و کەس و کاریـان، بەرپرسـیارێتیی سـەرەکیی ئەم تیـرۆرە دەخـاتە ئەسـتۆی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران کە ڕاسـتەوخۆ داڵـدەی ڕەوت و لایەنە توندڕەوەکان دەدات و بۆ مەرامی دژێگەلیانەی خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

۳۰ی پووشپەڕی ۲۷۲٤

پووشپەڕی: ٢٧٢٤

# جینایەتەکەی شاری سەقز



جاقل موکریانی

لە ڕۆژانی ڕابردودا لە نێو شاری سەقز سێ کەس لە پەیڕەوانی تەریقەت بە ناوەکانی شێخ ئازاد شەهابی و دەروێش پەیمان موحەممەدی و دەروێش پەرویز ڕەحیم پەنا بە دەستی کەسانێکی نەناسراو ، زۆر بێبەزەییانە کوژران.

هەر لە یەکەم ساتەکانی بڵاو بوونەوەی هەواڵی کوژرانی ئەم کەسانەوە خەڵکێکی زۆر بەدواداچونیان بۆ بابەتەکە کرد. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری تایبەت؛ یەکەم بارودۆخی هەستیاری ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، دووهەم؛ بەناوبانگ بوون و بەرچاو بوونی کەسی یەکەمی کوژراوەکان و دواتریش هێرش بە چەکی گەرم و ڕێژەی زۆری کوژراوەکان و هەستیاربوونی شاری سەقز و ناوی سەقز لە میدیا و سۆشیال میدیادا بە تایبەتی لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بەدواوە.

لە گرتە ویدئۆکاندا کە لە سۆشیال میدیا بڵاو بووەتەوە وا دەردەکەوێ کە سێ کەس بە دەمانچە دەچنە پێش ماڵ و تەکیە و بارەگای مەرحومی شێخ ئازاد و دوای کوشتنی دەروێشەکان، شێخ ئازادیش بریندار دەکەن ، کە دواتر بە هۆی قورس بوونی

برینەکان ، ناوبراویش گیانی لە دەست دەدات. بکوژی یەکەم کە وا دەردەکەوێ تەمەنی مامناوەندی بێ و بەرپرسی دوو کەسە بکوژەکەی دیکە بێ کە بە ڕواڵەت گەنجتر دێنە پێش چاو، بە شێوەیێکی بێباکانە و وەک ئەوە کە تا ئێستا چەندین کاری لەو شێوەی کردبێ دەروێش پەیمان دەکوژێ و دواتر دەست دەکات بە کوشتن و بریندارکردنی ئەو کەسانەی دیکە.

نەتەوەی کورد بە گشتی نەتەوەیەکی دیندارە و ئایینگەل و مەزهەبی جۆراوجۆر لە کوردستاندا بوونیان هەیە. هەتا ئێستاش ئەگەر دەستی دەرەکی و نەیاری کورد لە نەتەوەی کورد گەڕابێ، ئەم ئایین و ئایینزایانە هیچ کێشەیێکی خوێناویان لە گەڵ یەکتری نەبووە، بەڵکو کوردستان شوێنی حەوانەوە و پێکەوەژیانی بیر و بۆچوون و ئایینگەلی جۆراوجۆر و جیاواز بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگر و پێشەنگی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەمیشە لە ڕابردو و ئێستا و داهاتوودا هەوڵی ئەوەیە وێڕای ڕێزگرتن لە هەموو جۆراوجۆرییە ئایینییەکانی کۆمەڵگە ئاسایش و ئەمنییەت بۆ پەیڕەوانی هەموو ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان دابین بکات. بەپێچەوانە کۆماری تیرۆریستی ئیسلامیی ئێران بە تەبیعەتی ناوەندگرایانە و زێدەخوازانەی خۆی سەلماندوویەتی نەکەهەت دەیهەوێ شەڕ و خوێن و بشێوی بخاتە ماڵی کوردەوە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دەتوانێ پێش بە جینایەتێک بگرێ، نایگرێ و کوژرانی کورد بە هەر شێوەیەک بێ بە قازانجی دەسەڵاتە توتالیتێر و تیرۆریستیەکەی خۆی دەزانێ.

لە هەنگاوی یەکەمدا زۆر ئاساییە کە لایەنە مەزهەبی و ئایینیە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە خوێندنەوەی مەزهەبی خۆیاندا یەکترینیان وەک ئەوەی کە هەیە قبوڵ نەبێ یان لە دژی هزر و بیر و بۆچوونی یەکتری قسە و ڕەخنەی تایبەت بە خۆیان ببێت. بەڵام ئەوە بە مانای کوشتن و سڕینەوەی یەکتری نەبووە و نییە. حیزبی دێموکرات هەمووی ئەو شتانە وەک واقعییەتێکی ژینگەی کوردستان قبوڵ دەکات و ڕێزیان لێ دەگرێ و هەوڵی تەواوی ئەوەیە کە بە سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانە و بەرحەقی خۆی ژینگەیێکی ئازاد بۆ پێکەوە ژیان دروست بکات. بێگومان تەنیا لە ڕێگای دابین وونی سەروەری نەتەوەیی و ئازادیەوەیە کە خەڵکی کوردستان دەتوانن هەست بە ئاسایش و ئەمنییەت بکەن.

زۆر جار تەکیە و خانەقا و مزگەوتەکانی کوردستان کەسانی ئازادیخوازیان پێشکەش بە بارەگای بەرزی ئازادی نەتەوەیی کردووە کە ناویان بۆ هەتا هەتایە بە زیندویی دەمێنێتەوە، بۆیە حیزبی دێموکرات پێش لەوە حوکمی ئەخلاقی لە بارەی ئایین و ئایینزاکانەوە دەربکات، بڕوای وایە کە دەبێ گیانی تەواوی پەیڕەوانی هەموو دین و مەزهەبەکانی کوردستان

## پووشپەڕی: ٢٧٢٤

پارێزراو بێت و هیچ کەس و لایەنێک حەقی هێرشی چەکدارانەی بۆ سەر لایەنێکی دیکە نیە.

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی و سکۆلار بڕوای وایە کۆماری ئیسلامی و ناوەندگرایی ئێرانی سەرچاوەی هەموو ماڵوێرانیەکانی کوردە و بێگومان دەستی چەپەڵی ناوەندە ئەمنییەتی و تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لە تاران لە زۆر جینایەتی گەورە و بچووکدا دەستی هەیە و خەڵکی کوردستان دەبێ زۆر وریا بن کە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردستان لە بەر یەک هەڵنەوەشێنێتەوە و کۆمەڵگەکەمان لەوە زیاتر ئەتۆمیزە نەکات.

وێنەکانی تەکیە و خانەقا و شێوەی بە خاکسپاردنی کوژراوەکان لە فەزایێکی شۆڕشگێڕانەدا جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی بە ناوچاوی ڕێژیمی مرۆڤکوژ و جینایەتکاری تاراندا دایەوە کە کۆمەڵگای کوردستان لە هەر دەرفەتێکی مومکین بۆ بەگژدا چوونەوەی داگیرکەر و زۆرداری کەڵک وەردەگرێ . جیلی نوێ لە هەر جل و بەرگێکی دینی یان جیهانبینییێکی ئازاد و فەلسەفیدا بێ هیچ کات پشت لە ئاڵا و بەها نەتەوەیی و ڕێبەرانی نەتەوەی خۆی ناکات.

حیزبی دێموکرات ئاوات دەخوازێ بکوژانی ئەو سێ کەسە و هەموو ڕۆڵەکانی کورد ببرێنە بەردەمی دادگا و لەبەرانبەر جینایەت و ڕەشەکوژیەکانیاندا وڵامدەر بکرێن و سزا بدرێن.

٣١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# ئێران، دۆزەخی پەنابەران



**هەردی سەلیمی**

مێژووی هاوچەرخی وڵاتی ئەفغانستان پڕە لە دەستاودەستبوونی توندوتیژانەی دەسەڵات و سەرهەڵدانی چەندین دیکتاتۆریی جۆراوجۆر. وڵاتی فرە نەتەوەی ئەفغانستان ساڵانێکی زۆرە لە شەڕ و ناسەقامگیرییەکی بەردەوامدا بەسەر دەبات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەم هێزە نێوخۆیییەکانی ئەو وڵاتە و هەمیش هێزە دەرەکی و تەنانەت دراوسێکانیشیان ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان لە شەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا بووبێ. لە نێو سەدەی ڕابردوودا هەردوو بلۆکەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات لەو وڵاتەدا تەراتێنیان کردووە و تووشی جەنایەتی جەنگی و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک بوون، لەگەڵ ئەوەش کودەتا سەربازییەکان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە، ئەو وڵاتەی گیرۆدەی شەڕێکی بەرواڵەت بەردەوام کردووە.

بەدەر لەوەی کێشە و شەڕی ئەم هێزە سیاسییانە بە کوێ گەیشتووە و چ ئاکامێکی سیاسیی لێکەوتووەتەوە، لەم نێوەدا ئەوەی دیارە ئەوەیە خەڵکی ئەو وڵاتە لە ڕاستیدا ڕووی ئاسایشیان بە خۆیانەوە نەبینیوە و بەردەوام یا لێیان کوژراوە یا

ئاوارە بوون. لەنێو ئەم ئاوارانەدا بەشێکی هەرە زۆریان بەتایبەت لەدوای کودەتای ساڵی ١٣٥٨ بۆ سەر ئەفغانستان، ڕێی وڵاتانی دراوسێ واتە ئێران و پاکستان و بەشێکیش تاجیکستانیان گرتە بەر و ئێستا ئەوە چەند وەچەیە لەو وڵاتانە دەژین. دواتریش بە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن تالەبانەوە لە دەیەی نەوەدی زایینی، ڕێژەی ئەو کۆچە نادڵخوازانەیە زیاتری کرد؛ بەڵام لەدوای ئەوەی تالەبان بۆ دووەم جار دەسەڵاتی سیاسیی ئەفغانستانی بەدەستەوە گرت، خەڵکی ئەفغانستان ڕووبەڕووی ئاوارەبوونێکی تر بوونەوە کە ئەمجار لەچاو جارانی پێشوو بەکۆمەڵتر بوو.

ئەو پەنابەرە ئاوارانە کە ساڵانێکی زۆرە لە ترسی شەڕ و ململانێی نێوخۆیی هێزە سیاسییەکانی ئەفغانستان پەنایان بردووەتە بەر وڵاتی ئێران، لە دژوارترین و نالەبارترین دۆخی پەنابەریدا بەسەر دەبەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیز میواندارێکی باش نەبووە بۆ ئەم ئاوارە پەنابەرانە. ئەفغانستانییەکان لە ئێراندا لە کەمترین مافی سەرەتاییی مرۆڤێک بێبەشن، مافی دیاریکردنی شوێنیان نییە، بۆیان نییە هاتوچۆیەکیان ببێ، مافی خوێندنیان نییە، ئێستاش کە زۆریەک لەوان پتر لە چل ساڵە لەو وڵاتەدا دەژین خاوەنی ناسنامەیەک نین، منداڵەکانیان ناتوانن بخوێنن و هەر لە تەمەنی کەمەوە دەچنە ڕیزی منداڵانی کار و بەرەورووی مەترسیگەلێکی وەک دەسدرێژیی سێکسی و دەیان تاوانی کۆمەڵایەتیی دیکە دەبنەوە، کۆماری ئیسلامی بەوەش نەوەستاوە و ئەو ستەمەی کە لێی کردوون پێی کەم بووە، بۆیە لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا لە بەرامبەر بەڵێنیی ناسنامەپێدان، ئەو ئەفغانستانییە بێناسنامە و بێشوناسانەی دەنارده بەرەی شەڕی سووریە؛ کە درندانەترین جۆری معامەلەیە لەگەڵ پەنابەرێک و ڕێک سەردەمی بەردەداری بیر دێنێتەوە. هەر ئەو بێناسنامەییە بووەتە هۆی ئەوەی لە هەر جۆرە مافێکی کۆمەڵایەتی و بیمە و دەرمان و لە کەمترین مافی تەندروستی و سلامەتیش بێبەش بن کە بەوتەی "مارتین لۆتێر کینگ" ئەم چەشنە لە ناعەدالەتی نامرۆڤانەترین جۆری ناعەدالەتی و نایەکسانییە.

لەگەڵ ئەم شێوە ژیانە ئەستەمەی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەسەریانیدا سەپاندووە، ئەوان لە کۆمەڵگەشدا بەرەورووی هەڵاواردنێکی زۆر قووڵ دەبنەوە، کە ئەوەش لە جێی خۆیدا هەر دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی دەسەڵات لەو بارەیەوە، بەڵام ئەرک و ڕۆڵی تاکیش لێرەدا گرنگە. نەتەوەی فارسی کۆمەڵگەی ئێران، کە لە ڕووی سیاسی و میدیایی و کولتووری و ئابوورییەوە نەتەوەی خۆسەپێنی باڵادەستە، بەرەو فاشیزمێکی ڕووت هەنگاو دەنێ و کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنەکەشی ئەم دەنگانەیان گوێ لێبووە و سیاسەتەکانیان بەو پێیە دادەڕێژن. ئێستا بەشێکی زۆر لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕوونیش نییە سەر بەکوێن! بەردەوام هاشتەگی "دەرکردنی ئەفغانستانییەکان وەک داواکارییەکی نیشتمانی"یان هەڵێناوە و گوشارێکی زۆریان خستووەتە سەر ئەو پەنابەرە بێمافانە؛ کەشی سیاسییەکەیان وا

**پووشپەڕی: ٢٧٢٤**

لێکردووە کە هەم فارسەکانی دیاسپۆرا و هەمیش کاندیداکانی سەرۆککۆماری ئاوڕیان لەم بابەتە داوەتەوە و دەیانهەوێ دەربکرێن.

گرنگترین کێشەکانی بەردەمیان کە ئاماژەی پێکرا، سەرەڕای ئەوەش لەلایەن خەڵکانێکەوە هەم لێیان دەکوژرێ و هەمیش ئازار دەدرێن و هیچ دادگایەکیش بەدواداچوونیان بۆ ناکات، زۆر جاریش لە ترسی دەرکردن و ئاشکرابوونیان لە هیچ حاڵەتێکدا ناچنە لای پۆلیس و دادگا. ئێستا جۆرێک هەستیاریی بێبنەما لەسەریان دروست بووە کە هێندەی دیکە ژیانیانی خستووەتە مەترسییەوە، بۆ نموونە ماوەیەک لەمەوبەر پۆستێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاو بووەوە کە لەوێدا بەشێوەیەکی بێبنەما باس لە گولی (جۆزام)ـی کەسانی ئەفغانستانی کرابوو و لە ماوەیەکی کورتدا دەستاودەست دەبوو و وایراڵ دەکرا، کە هیچ بنەمایەکی پزشکیی نەبوو و تەنیا بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ئاوریهەستیاریی زیاتر لەدژی ئەفغانستانییەکان بەکار هاتبوو و بەداخەوە کاریگەریش بوو.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەی ڕابردوودا بەپێی ئامارەکان ٨٦٠ هەزار ئەفغانستانی لە وڵاتەکانی ئێران و پاکستانەوە چوونەتەوە وڵاتی خۆیان کە لەم ئامارەدا ٥٦٪یان بەزۆری نێردراونەتەوە و ٣٥٪یکیشیان بە ویستی خۆیان و لە ئاکامی گوشاری ئابووری و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی ئەم بڕیارەیان داوە و لەوێش ژیانێکی ناڕوون و پڕمەترسی چاوەڕێیانە.

لەم سەردەمەدا کە ڕاستی توندئاژۆ دیسان کەوتووەتەوە سەر دەور، هەم کۆماری ئیسلامی هیوای لەسەر هەڵچنیوە و هەمیش بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنەکەی کە بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتانی ڕاست پێوەندی دەگرن و ئەم ڕاستخوازییەشیان لە دوژمنایەتیکردنی نەتەوە و کەمینەکاندا ڕەنگی داوەتەوە کە یەک لەوان پەنابەرانی ئەفغانستانیی نێو ئێرانن و لە ئێستادا دیواری هەڵکوتانە سەر ئەوانیان زۆر پێ کورتە. ئەوان دەیانەوێ ئێرانێک چێ بکەن نەتەوە نافارسەکانی نێو ئەو ئێرانەیان تواندبێتەوە و هەر پەنابەرێکی بیانییش لەوێ نەمێنێ و دەربکرێن.

**٣١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٤ی کوردی = جووڵای ٢٠٢٤ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، دیمانەو بابەتەکان.

دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

